جۆرج گلێن کامێرۆن

# ئێران
# لە بەرەبەیانی مێژوودا

وەرگێڕ

سەلاحەددین ئاشتی

پرۆژەی هاوبەش

**بەڕێوەبەری دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان: سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید**

زنجیرە: ٦٩

Tel: 0533202936 07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com
jamal erfan cultural foundation
www. jamalerfan.com

ناونیشان: شەقامی سالم، بەرامبەر بە ماکسیمۆڵ

---

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکەی ژین: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ١٨٢

کتێب: ئێران لە بەرەبەیانی مێژوودا، جۆرج گلێن کامێرۆن

وەرگێڕ: سەلاحەددین ئاشتی

پیتچن: پەروین پیرەبابی

بەرگ: ئاوات حەکیمزادە

ساڵ و شوێنی چاپ: تاران، ٢٠٢١

تیراژ: ٧٥٠

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٣٢٠ی ساڵی ٢٠١٩ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

سەرچاوەی سەرەکی: ایران در سپیده‌دم تاریخ، جورج گلن کمرون، ترجمەی حسن انوشە، چاپ پنجم ١٣٧٨ خورشیدی، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی

سەرچاوەی یارمەتیدەر (دەقی ئینگلیسی): History of early Iran, by George Glenn

تێبینی: رووبەرگ (سووران بەسەر شریتەی سەوزدا لە چەپەوە بۆ راست): کەوانداری سەکایی، وێنەگەریی ماننایی، گای زێوینی عیلامی، خودایەکی ئاشووری، شێرەداڵی سەردەمی مادەکان، پیاڵەی شەرابخواردنەوەی هەخامەنشی؛ پشتبەرگ: کێلەشینی دەوروبەری ناوچەی شنۆ

**بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین**

عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی، شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان

ئاسیا: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یان ٠٧٧٠١٥٢٢٨٩٦ س. پۆست: ١٤ بەختیاری

پێگە: www.zheen.org ناونیشان: zheen@zheen.org

## پێڕست


سەردەق ........................................................ ٥

پێشەکی ........................................................ ٩

**بەشی١**

خاک و خەڵکی ئێران ........................................... ١٣

**بەشی٢**

قۆناخە سەرەتایی‌یەکانی سەردەمی مێژوویی ........................ ٣١

**بەشی٣**

فەرمانڕەوایانی بابل و پادشایانی سیماش ........................ ٤٧

**بەشی ٤**

پێغەمبەرانی عیلام و سیماش و شووش ........................... ٦٥

**بەشی٥**

سەردەمی کەمخایەنی کاسییەکان ................................ ٨١

**بەشی٦**

پادشاکانی ئەنزان و شووش ..................................... ٨٧

**بەشی ٧**

شکۆی ئیمپراتۆریی عیلام ...................................... ٩٩

**بەشی ٨**

تۆرەمەی هیندوئێرانی لە چیاکانی زاگرۆس ....................... ١١٩

**بەشی ٩**

پادشایەتیی عیلامی نوێ ....................................... ١٣٣

**بەشی١٠**

سەرکردەکانی مادی و پارسی .................................... ١٤٣

**بەشی١١**

رۆژداگەڕانی عیلام ................................................................ ١٥٥

**بەشی١٢**

مادەکان و پارسەکان ................................................................ ١٧٧

خشتەکان ................................................................ ١٨٩

سەرچاوەکان ................................................................ ١٩٥

کورتەنیشانەکان ................................................................ ٢٣٧

لیزگەی ناوەکان ................................................................ ٢٤١

فەرهەنگۆک ................................................................ ٢٦٣

# سەردەق

جۆرج گڵێن کامێرۆن (١٩٠٥-١٩٧٨)، یەکێکە لە گەورەترین ڕۆژهەڵاتناسانی ئەمریکایی و بە مەزنترین شارەزای مێژووی عیلام دادەندرێ. کامێرۆن کە ئاوا کەوتۆتە ڕێزەی پسپۆڕانی دیرۆکی ئێرانی کۆن و لەمێژین، لە زانستگای شیکاگۆ خوێندوویەتی و پاش تەواوبوونی خوێندنی، لە ناوەندی زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی وانەی گوتۆتەوە و لە بەشی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە خۆرهەڵاتی نیزیک بۆتە مامۆستا و سەرۆکایەتیی ئەم بەشەی دراوەتە دەستی.

کامێرۆن بەشداری کەندەوکۆژەی شوێنەوارناسی بووە لە ئێران و بەتایبەت لە خوێندنەوەی سەرلەنوێی دەقی بەردەنووسی «بێستوون»دا دەوری سەرەکیی گێڕاوە و سەرەنجام ساڵی ١٩٦٠ تەواوی دەقە عیلامییەکەی بێستوونی بڵاو کردۆتەوە. دەیان تەتەڵەی «تەختیجەمشید»ی خوێندوونەوە و لە بڵاڤۆک و گۆڤارەکانی سەر بە زانستگای شیکاگۆدا بڵاوی کردوونەوە. ئەم لێزانەی زمانی عیلامی ڕێزمانێکی بۆ عیلامی نووسیوە و لەم ڕێبازەدا توانیویەتی یارمەتیدەری توێژەرانی هاوچەرخ و دوای خۆی بێ.

کامێرۆن ساڵی ١٩٣٦، یانی هەشتا ساڵێک لەمەوبەر ئەم کتێبەی نووسیوە و ناوی ناوە: «History of early Iran»، کە دەکرا بە چەند شێوەیەک کرابایە کوردی. دوکتۆر حەسەن ئەنووشە کە کردوویەتە فارسی دەڵێ دەمتوانی ئەم ناوانەی لێ بنێم: «مێژووی سەرەتای ئێران»، «مێژووی کۆنی ئێران» و «مێژووی ئێرانی کەونارا»، بەڵام هیچیانم بە دڵەوە نەنووسا و بۆ ئەوەی پڕ بە پێست بێ کردمە «ئێران لە بەرەبەیانی مێژوودا».

بۆ خوێندنەوەی کتێبێکی ئاوا، هەر درێژدادڕییەک بە ناپێویست دەزانم و لام وایە دەقی توێژینەوەکە لەوە ڕوونترە کە پێویستی بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکان و

لێدوانی بەرواڵەت ڕوونکــەرەوە بــێ. ڕەنگە کەسـانێک هەبـن کە ڕازی نەبـن بە ڕوانگە و بۆچوونەکـانی کـامێرۆن لەسـەر مێژووی ئێران و تەنـانەت لایـان وابـێ خوێنــدنەوەی دەقــی «بێســتوون» یــان تەتەڵە قورپینەکــانی «تەختیجەمشــید» وردبوونەوەی زیاتریان دەوێ، بـەڵام هــەتا ئێستا کەس نەیتوانیوە حاشا لە پسپۆڕ بوونی بکا و بە ڕێزانی نەزانێ.

بەگوێرەی جەغزی توێژینەوەکانی کـامێرۆن، بێشکـەی شارسـتانییەتی ئێرانـی کۆن و کەونارا لە خاکی کوردستانی دوێنێ و ئەمڕۆ ڕاژاوە و مەلۆتکەی ژیانی تێدا خـڕەکە بـووە. پاشـان ژیـانی ژیارمەنـدی لەو هەرێمەدا بە گـاگۆڵکە ڕۆیشـتووە و دارەدارەی کردووە و بۆتە پێڕۆکە و بە سەر باوخۆشـی و هەراشـیدا کەوتـووە و بای باڵی داوە و گۆپاڵی لە خیزی هاتۆتەدەر. نووسـەر داروپەردووی تەواوی ئەم قۆناخـانەی بـردوونەوە سـەر یەکتـر و خۆناسـینەوە بیـری ورد و چـاوی تیژبینـی دەوێ. بـۆ وەدیهـاتنی مەبەسـتێکی ئەوتـۆ، نووسـەری بەڕێـز کـاک مێهـردادی ڕامیدینیا، دەقی فارسیی ئەم کتێبەی بۆ هێنـام و پێشـنیاری پێکردم هەتـا بیکەمە کوردی. کتێبەکەم خوێندەوە و بۆم دەرکەوت هەقی بەدەسـتە، بـۆیە سـەلماندم و وەرمگێڕا و سپاسی دەکەم.

ئەم دەقەی کە من کردوومەتە کوردی، چاپی پێنجەمە و شەریکەی چاپەمەنیی عیلمی و فەرهەنگی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی (٢٠٠٨ی ز) بڵاوی کردۆتەوە. چاپەکانی پێشـــووم نەدیـون، بەڵام دەزانـم ئەگەر دوکتـۆر حەســەن ئەنووشــە ئەم شـێوە پێداچوونەوەیەی دیبـا، هەرگیز نەیدەهێشت بەرهەمەکەی بڵاو ببێتەوە. بەڕاسـتی وەختـایەک بە نـاخیدا ڕۆچـووم، کـزەم لە جەرگـی هـات و زانـیم ئەم ناوەنـدی چاپەمەنییەش بۆتە ناوی گەورە و شاری وێران.

هەرچـی بـێ و هەر چۆنێـک بـێ لە ڕووی دەقە ئینگلیســییەکەوە هەڵە زەق و بەرچاوەکـان چارەســەر کـران و لەم پێنـاوەدا وەک هەمیشــە بەڕێـز کـاک عەلـی مەیمەندی، مامۆستای بەرزەئاواتی زمـانی ئینگلیسـی بە هــانــامەوە هـات و بە دڵ تێکەوت و بە گیانی کەلامی یاریدەی دام. دەقە فارسی و ئینگلیسییەکەی پێکگرتن و ئەو شوێنانەی دیاریم کردبوون، تیشکەی ڕووناکیدەری خستنە سەری و هەڵەکانی

ڕاست کردنەوە و پەڵەکانی لابردن. لە قووڵاییی دڵمەوە سپاسی دەکەم کە بۆم بۆتە دوو چاوی ساغ.

هەروەک جاری‌جاران یای پەروین پیرەبابی پیت‌چنینی کەوتە ئەستۆی و دەست‌وچاوی خۆش بێ و خۆشەویستی ڕوح‌سووکم کاک ئاوات حەکیم‌زادە بەپێی پێویست خۆی بە بەرگی کتێبەکەوە ماندوو کرد، بۆیە هیوادارم دوا ڕۆژی ڕووناکتر بێ. لە ئاخری‌دا پێویستە بڵێم کە ئەم بەرهەمە تەنیا دوو کورتەنیشانەی بۆ وەبەرچاو گیراوە کە بریتین لە: پیتی «ح» لەبری «حەسەن ئەنووشە» و پیتی «و» لەبری «وەرگێڕ».

سەلاحەددین ئاشتی ١٣٩٣/١٠/٢٠
٢٠١٥/١/١٠

# پێشەکی

وەکوو باوە تەواوی ئەو دەقە دیرۆکییانەی کە سەبارەت بە ئێران نووسراون، بە کووروشی پارسی داگیرساون و تێکڕایان بە ئەسکەندەری مەقدوونی داکووژاون. هەتا ئێستا هیچ بەرهەمێکی تۆکمە و تاقانەی وا بەدەستەوە نییە کە دەربارەی مێژووی بانووی ئێرانی بەرلە زاڵبوونی کووروش بێ بە سەر ئەم خاکەدا. ئەم مەبەستە زۆر جێی داخە، چونکە هیچ توێژەرێکی موکوڕی دیرۆکی خۆرهەڵاتی نیزیکی کەونارا ناتوانێ مێژووی عیلام، کە بەشێکە لە بانووی ئێران، وەبەرچاو نەگرێ و تێی‌نەهێنێ. ئەم توێژینەوەیەی ئێستا هەوڵ دەدا هەتا کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بە دیرۆکی بەراییی عیلام و ئێران بخاتە بەردەست و کارێکی وا بکا کە هەم توێژەران بەهرەی لێ وەربگرن و هەم خوێنەرانی ئاساییش تێی‌بگەن و بەشی خۆیانی لێ هەڵگرێنن.

چەند ساڵێک لەمەوبەر منی نووسەر بوومە هۆگر و دڵبەستەی زێد و مێژووی مادەکانی ئێرانی. پاش وردبوونەوەیەکی کورت و ساکار، بۆم ڕوون بۆوە کە ئیمپراتۆریی مادەکان لەچاو ئەوەی کە گومانی لێ دەکرا، لە جەغزێکی بەربڵاوتری مێژوویی‌دا پەل‌وپۆی هاویشتووە و زێدی مادەکان و هەروەها پارسەکانیش ناکرێ لە دیرۆکی ئێرانی پێش خۆنواندنی ئێرانییەکان لە دیمەنگای مێژوودا، لێک‌هەڵاوێردرێن. هەڵسووڕان و تێکۆشان بۆ دۆزینەوە و هەڵێنانەوەی نەهێنییەکانی مێژوویەکی هەراوتر، خودبەخود دەکەوێتە سەر باری وردبوونەوە و پێداچوونەوەی ئەو کۆمەڵە زمانەی کە وەک دەزانین لەم خاکەدا پێی دواون و چونکە پادشایانی ئێرانی کۆن بەردەنووسەکانی خۆیان بە سێ زمانی پارسیی

کەونارا و بابلی و عیلامی دەنووسین، لە یەکەم هەنگاودا پێویستە وشە پارسییە کەوناراکان لەگەڵ دوو زمانەکەی دیکە پێکبگیرێن و بەراورد بکرێن. دوای سواربوونی تەواو بە سەر ئەم زمانەدا و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ زمانی ئەکەدی، دەکرێ ئەم زمانە عیلامییە بەرباسەی ئێستا تیشکی زانین و تێگەیشتنی بخرێتە سەر. پاشان دەبێ وشەنامەیەکی عیلامی بنووسرێتەوە کە تێکڕای شێوازەکانی بڵاوکرانەوەی تێدا ڕەچاو کرابێ. سەرەنجام بۆ ئەوەی کە دیمەنی دەسکەوتەکان ڕوون بێنە بەرچاو، دەبێ بەوردی لەو شوێنەوارە دۆزراوە شایان و شیاوانەی خاک و هەرێمی دووچۆمان بکۆڵدرێنەوە، هەتا ئەو زانیارییانەی ڕابردوو کە وەبەرچاو نەگیراون یان لایەکی وایان لێ نەکراوەتەوە، قۆڵیان لەسەر بکێشرێ.

نووسەر نالێ کە ئاکامی توێژینەوەکان تەواو جێی ڕەزامەندین و وەکوو ئاشکرایە هەتا ئەم چەند ساڵەی دوایی کەندەوە و کۆڕەوەیەکی وا لە ئێراندا بۆ هەڵدانەوەی گڵی سەر شوێنەوارەکان ئەنجام نەدرابوو. کەمبوونی توێژینەوەی شوێنەوارناسی لە ئێراندا هەتا ڕادەیەکی زۆر بۆتە کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێی تێگەیشتن و بەرچاوڕوونبوونەوەی مێژوویی. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر تەپۆڵکەی شووشی عیلام کراوە، کارێکی یەکجار بەبەرگوبەر و زانیاریدەر بووە. هیچ قسەی تێدا نییە کە زۆر شوێنی دیکە و تەنانەت سەرنجڕاکێشتریش لە بانووی ئێران هەن کە زانیاریی تازە دەخەنە سەر زانینەکانی پێشوومان. هەتا ئەو دەمەی کە زۆربەی ئەرک و باری [ڕوونبوونەوەی مێژوو] خرابێتە سەر شانی بواری شوێنەوارناسی، بەشی هەرە زۆری مێژووی ئێرانی گەورەتر لە ناخی ئەو گرد و تەپۆڵانەدا کە پاشماوەی هەرەسەڕووخاوی شارە کاولبووەکانی ڕابردوون، بە شاراوەیی دەمێننەوە. ئەوەی ڕاستی بێ توێژینەوەکانی داهاتوو لەگەڵ دیمەن و ڕوخساری مێژوویی ڕێک دەبن و یەکتر دەگرنەوە و دەبێ واش بێ هەتا دەگاتە ئەو شوێنەی کە ئاکامەکانی لەگەڵ مێژووی عیلام پێکەوە گرێ بدرێنەوە و ئەز بە هەوانتە وا نالێم. دەکرێ بە مسۆگەری دابنێین کە ئێستا شوێنەوارناسیی مێژووی عیلام لە جەغزێکی تەسک و تەنگەبەردا دەگاتە کۆمەڵێک ئاکامی یەکلاییکراوە و بنەمایەکی پتەو بۆ سەرلەبەری دیرۆکی داهاتووی بانووی ئێران دادەنێ و هەتا

هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین بڕ دەکا. وەکوو ئاشکرایە خەیاڵی نووسرانی ئەم کتێبە وێنەی لە بیرۆکەی سەیدا «ئالبێرت تێن ئایک ئۆڵمستێد» هەڵگیراوەتەوە، کە مامۆستای بەشی مێژووی ڕۆژهەڵاتە لە ناوەندی ڕۆژهەڵاتناسیی زانستگای شیکاگۆ. ئۆڵمستێد لەوەی کە جارجارە دەیخستنە سەر خەزێنەی پاشەکەوتی بێبڕانەوەی زانست و زانیاری، کوت‌ولەتی پرش‌وبڵاوی دۆزراوە مێژوویی‌یەکانی لە پەنا یەکتر دەچنین و بە تێکڕایان مەبەستێکی یەکپارچەی ساغ دەکردەوە. ئەو لەبەر لێوەشاوەیی و توانستی بێهاوتای، بە چاوی ڕوونەوە لە سەرتاپای هەموو ڕاستەقینەیەکی سەربەخۆی دەڕوانی و هیچی وەپاش نەدەدا. ئەم کارە هەلێکی وای بە ڕووی ئەم توێژینەوەیەی ئێمەدا کردەوە کە هەرگیز دەرووی لەوە باشتری بۆ دەستەبەر نەدەکرا. ئەوەندەم کەلک لە یادداشت و دەسنووسەکانی وەرگرتووە و لەوەش بترازێ لە هەر قۆناخێکی پێشوەچوونی نووسینی ئەم کتێبەدا، هێندەم گوێ بۆ وتە و ئامۆژگاری و ڕەخنە و پێشنیارەکانی شل کردووە، کە شوکرانەییم بۆ نابژێردرێ. لەو کات و ساتانەدا کە گیرۆدەی گێژاوی تێمان و تاسان بووم، ئەو تین و ورەی وەبەرناوم و بە یاریدەی بێدرێغی زۆری لە قورسایی کارەکەم کەم کردۆتەوە.

پرۆفسۆر «ئارنۆ پۆیبڵ» و مامۆستا «ئێف. دەبلیوو. گیرز» بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر کۆمەڵێک باس و بابەتی مێژوویی دەربڕیوە و وەرگێڕاوی هەڵەبڕکراوی چەندین بەڵگەنامەی مێژوویی خۆشیان خستۆتە بەردەستی من کە هەم قوتابییانم و هەم دۆستیان. پرۆفسۆر «گیرز» و دوکتۆر «ئای. جێیی. گێڵب» وێڕای خوێندنەوەی دەسنووسی ئەم کتێبە، گەلێک پێشنیاریان پێکردووم و زۆر چاکیان بەسەرکردوومەوە. تین و گوڕ و ئەوینی ژیانی کەمنەکەری پرۆفسۆر «ئێم. سپرێنگلینگ»، زۆرجاران لە کاتی ناهومێدیدا ورەیان وەبەرناوم. ئەندامانی دیکەی ناوەندی ڕۆژهەڵاتناسی و بەشی زمانەکان و وێژەی ڕۆژهەڵات چی وا کەمتریان بەسەرنەکردوومەوە. سپاسی ناوەندی ڕۆژهەڵاتناسی و پرۆفسۆر «جێیمز هێنری برەستێد»ی سەرۆکی و هەروەها دەزگای چاپەمەنیی زانستگای شیکاگۆ دەکەم، کە ڕێگایان بۆ بڵاوبوونەوەی شیاوی ئاکامی کارەکەم خۆش کرد.

گەلێک سپاسمەندی دوکتۆر «تی. جێیی. ئالن»ی هەڵەچنی چاپەمەنیی ناوەندی ڕۆژهەڵاتناسیم کە یەکجار بەوردی بەم بەرهەمەدا چۆتەوە و هەڵە و پەڵەی هەڵگرتوونەوە. پتر لە هەمووان سپاس بۆ یاریدەکانی هاوسەرم، کە ئەم کتێبەی پێشکەش کراوە.

**جۆرج گلێن کامێرۆن**

بەشی ١

# خاک و خەڵکی ئێران

ئێران بانوویەکی پڕ شیو و دۆڵی قووڵ و بەربڵاوی نێوان دوو زنجیرە چیایە کە بە شکۆمەندی لە بەرزاییەکانی هەزار لکەی ئەرمەنستان لە باکووری «هیلالی خەسیب»ەوە[1]داگەڕاون و جەللەیان بەستووە. یەکێک لەم دووانە زنجیرە چیای بەرزی «ئەلبورز»ە کە شانبەشانی کەناری باشووری دەریای خەزەر بەرەو خۆرهەڵات ملی ناوە و دوندی کێوی «دەماوەند»ی کڵاوی هەرە بەرزیی بە تیلاگی سەرییەوە ناوە و دەستی لە هەموو شاخ و کێوان ئەستاندووە. ئەم زنجیرە چیایە کە هەروا ملی ڕێی خۆرهەڵات دادەگرێ، بەرەبەرە لە دەشتەکانی خوراسان شانی دەنەوێ و سەرەنجام دەگاتە زنجیرە چیای هیندوکوش کە بەرەوڕووی دێ و لە شاخ و کێوەکانی «پامیر» یان «بانی دنیا» دادەبڕێ. لکی دووهەم کە زنجیرە چیای «زاگرۆس»ە، قیچێک بە لای باشووری خۆرهەڵاتیدا پێچ دەکاتەوە و هەر ئاوا کە ڕێ دادەگرێ زیاتر بەرەو باشوور دادەکشێ. ئەم چیایە دەبێتە کۆمەڵێک شاخ و بەندەنی شانبەشان و بە تەنیشت باڵی ڕۆژهەڵاتی سەرزەویی

١- هیلالی خەسیب (هیلالی بەرپێژەو)، ناوی ناوچەیەکی دیرۆکیی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە و ڕۆژهەڵاتی دەریای مەدیتەرانە و چەند ناوچەیەکی دیکە لەگەڵ هەرێمی دووچۆمان و میسری کۆن دەگرێتەوە. ڕووبارەکانی ئۆردۆن، نیل، دیجلە و فورات هیلالی خەسیب پاراو دەکەن. لە خۆرهەڵاتەوە دەچێتە سەر دەریای مەدیتەرانە و لە باکوورەوە هەتا بیابانی سووریا دەکشێ و تاکوو دورگەوالەی عەرەبستان و کەنداوی فارس دەڕوا. ئێستا وڵاتانی میسر، ئیسرائیل، لوبنان، کەناری ڕۆژهەڵاتی ئۆردۆن، کەرتی غەززە، چەند مەڵبەندێکی ئۆردۆن، سووریا، عێراق، باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا و خۆرنشین و باشووری خۆرنشینی ئێرانیش دەگرێتەوە. «جێیمز هێنری برەستێد» بۆ یەکەم جار ئەم ناوەی داهێنا.و.

بەرێژەوی بابلدا تێدەپەڕێ و لە لای لێواری خۆرهەڵاتی کەنداوی فارس هەڵدێر و هەڵەمووتێکی جوان و سەرنجڕاکێش و کەموزۆر ڕێتێنەچووی لێ دەکەوێتەوە. پاش ئەوەی کە بە ناوچە کەمجەماوەرەکانی پەنای مەزنەدەریای هیندا تێدەپەڕێ، زۆر توند لێ دەهاڵێتەوە و بە خاکی بلووچستان و ئەفغانستاندا بەرەو باکوور تێهەڵدەکشێ و سەرەنجام دەگاتە ئەو شاخانەی کە وەکوو هیندوکوش چەشنی پەرە یان نێودەڵەی چەرخێک لە تەوەرەی پامیر هەڵدەبرێن.

ئەم زنجیرە کێوانە کە بەو شانەوشانی بانوودا ڕاکشاون، هەر لە کۆنی کۆنەوە وەک خاڵی بەهێز و لاوازی ئێران خۆیان نواندووە. ئەم شاخوداخانە پڕن لە کانگای بەرد و کانزا، زێڕ و زێو، قورقوشم و مس، لاژوەرد و یاقیق. بەردەگڕکان و بەردەشووشە کە لە دنیای کەونارادا یەکجار بایەخدار بوون و لە جەنگەی هەڵچوونی گڕکانەکان و لە کلکەی چاخی «پلیۆسێن»دا[١] هەڵقوڵیبوون، کانگایان لێ دادەخرا و بەرهەمیان لێ هەڵدەگیرا. ئینجا ڕووبارەکانی ئێران کە تیژ و بەهەشتاو بە نێو دۆڵ و کەلی سامناکدا تێدەپەڕن و لە بەرزاییی چیاکانەوە ڕوو دەکەنە نشێو، هەزاران کیلۆمیتری چوارگۆشە لە خاکی ویشک و بەیار پاراو دەکەن بۆ کشتوکاڵ و هەزاران کیلۆمیتری چوارگۆشەی دیکەش بە شەپۆلی لافاویان خاپوور دەکەن. ئەو لیتە و قوڕوقاڵەی کە ئەم ڕووبارانە لە چاخی سەهۆڵبەندان و باراناویدا لەگەڵ خۆیان هێنایانن لە کەنداوێکی مەندی پانوبەرینی جەرگەی ئەم خاکەدا پەستوان و ئاویان وەسەر گەڕا و کاتێک با هووڵاندیان و ڕەڵم و خیزیان ڕاماڵین، ئەم ئاوەش بوو بە هەڵم و ویشکاوی هات. بەم پێیە ئەو شوێنەی کە

---

١- pliocen، خولی پێنجەم لە سێهەم چاخی چاخەکانی زەویناسی و خولی چوارەم ئەگەر چاخی پلیۆسێن بە چاخێکی بەجوێ دانەندرێ. لەم خولەدا دەریا بۆ دوایین جار لە گەلێک ناوچە و مەڵبەندی ئێران کشاوەتەوە و خشتەوخاڵی جۆری زیبکەبەردی لە پاش بەجێماوە کە لە باشووری خۆرنشینی ئێران بارستاییەکەی زۆر ئەستوورە و ناودێرە بە چینەکانی بەختیاری. بزووتنی زەوی بۆ بەدی هاتن و ڕسکانی چیاکان لەم چاخەدا زۆر بەگەرمە درێژەی کێشاوە و زۆربەی بەرزاییەکانی ئێران لەم چاخەدا بەدی هاتوون. گڕکانەکانی چەشنی دەماوەند، سەهەند، تەفتان و ڕایێن لەم چاخەدا هەڵچوون. بڕ: دایرەتولمەعاریفی فارسی.١/٥٥٦.ح.

ڕۆژگارێک دەریایەکی مەزن بوو، بوو بە خیزەڵانێکی ویشکارۆی بێبەرهەمی شۆرەکات. بەشی هەرە زۆری خاکی ئێران لە سەرتاسەری ساڵدا بیابانە و کاتێک هاوین دادێ، ناوچەیەکی بەربڵاو کە لە وەرزی بەهاردا سەرسەوز و گەش و بژوێن بوون، تاو دەیانبا و ویشک هەڵدەگەڕێن و دەبنە زەوییەسووتاو.

ئەگەر بێتوو بە تای تەرازووی ئەو قسانەی پێشوو هەلومەرجەکە هەڵسەنگێنین، بەڕاستی دەکرێ وای لێکبدەینەوە کە ئەم خاکە نەیتوانیوە دڵ و سەرنجی بێگانان بە لای خۆیدا ڕابکێشێ؛ بەڵام دیسانیش ئێران گەوی پێکەوەبەسترانەوەی ڕۆژهەڵاتی دوور و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. لە چەندین قۆناخی مێژوویی‌دا، جێگۆڕکە و کۆچاوکۆچی کۆچەران و هێرش و پەلاماری شەڕکەران زۆرجاران سنوورەکانی ئەم وڵاتەیان بەزاندووە و بێگومان ئەم ڕەوتە لە ڕۆژگارانی کۆن و لەمێژینی بەرلە مێژووڕا دەستی پێکردبوو؛ هەر بۆیە وا باشە چاکتر لەو ڕێ و ڕەوگانە ورد ببینەوە کە بۆ گەیشتنە ئەم سەرزەوییە گرێ و کۆسپێکی زۆریان وەبەر نایە.

پاش تێپەڕین لە قەفقازەوە دوو ڕێگا بە خاکی ئەرمەنستان‌دا دەگەنە ئاناتۆلی، بێجگە لەمانە ڕێگایەکی دیکەش هەیە کە هەتا لێوارەکانی دەریای خەزەر یان دەرە و دۆڵی شاخستانەکانی زاگرۆس ڕادەخوشێ و دەبێتە ڕەوگەیەک بۆ دەستپێڕاگەیشتن. ئەم ڕێگایە هەر ئەوە بوو کە سەکاکان لە سەدەی حەوتەمی پێش‌زایین‌دا پێیدا تێپەڕین و خۆیان گەیاندە جەرگەی ماد و پارس و بۆ ماوەیەک بوونە هەڕەشە بۆ سەر تێکدانی پێکهاتە و داروپەردووی سیاسیی ئاسیای خۆرنشین؛ بەڵام وەکوو دیارە دانیشتووانی ناوچەی دووچۆمان دەبوو بێپسانەوە چاویان بە سەر چیانشینانی بەرزایی‌یەکانی زاگرۆس و بانووی ئێرانەوە بێ و نەهێڵن ڕێگای بازرگانەتی لەگەڵ خۆرهەڵات بگیرێ. بەم پێیە شەڕکەرانی دەشتەکی جارجارە دەیانتوانی بە چەند ڕەوگەیەکی کەم و ئەستەم و دژواری زاگرۆس‌دا تێپەڕن. لەو سەردەمانیش‌دا وەکوو ئێستا پڕ هاموشۆترین ڕەوگەی بازرگانی و لەشکرکێشان ڕێگای نێوان بەغدا- کرماشان- هەمەدان بوو. بەپێی گاڵتەی چارەنووس ئەم ڕەوگەیە کە وەختی خۆی کەوتبوویە بەردڵی ئاشوورییەکان،

**ڕۆژایەک دوژمنانی مادەکان کە لە بڵیندانەوە شۆڕ بوونەوە، پێیدا تێپەڕین و دوولینەگەیان بە ملی یەزدانپەرستانی ئاشووردا هێنا و لێیان بوونە فەرمانڕەوا.**

**ئەوەی ڕاستی بێ لە باڵی باکووری ڕۆژهەڵاتەوە ئەگەرچی چەندین زنجیرە چیا شانبەشانی یەکتر ڕاکشابوون، بەڵام دزە کردن بۆ ئێران گرێ و کۆسپی کەمتری وەبەر دەهات. کۆمەڵێک ئادەمیزاد کە هەڵگری فەرهەنگی «مۆستری»[1]بوون بەم سنوورەدا تێدەپەڕین و دەچوونە تورکستان و ئاسیای نێوەڕاست یا لەوێوە دەهاتنە ئەم بەرەی سنوورەکە. بەم چەشنە توخم و تۆرەمەکانی هیندوئێرانی کە لە هەزارەی دووهەمی پێشزایینددا لەم ناوچەیە پاڵەوپاڵی یەکتر کۆببوونەوە، سەرەنجام یەکەمین ئیمپراتۆریی هیندوئێرانی، واتە پادشایەتییەکانی ماد و پارسیان دامەزراند. بەپێچەوانەی سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵات، سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات تەواوێک ڕێیان تێناچێ؛ بەڵام دیسانیش دەکرێ پەیوەندییە فەرهەنگییەکانی نێوان ئێران و هیند، تەنانەت لە ڕۆژگارانی بەرلە مێژووشدا دیاری بکرێن. وەکوو ئاشکرایە داریووشی ئێرانی بۆ ماوەیەک توانی کە دۆڵی سێند و پەنجاب بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.**

**سنووری باشووری ئێران وا لەناکاو بە سەر «مەزنەدەریای هیند»دا دەکەوێ کە خەڵکی ناوچەکە بێبەهرەن لە هەل و دەرفەتی کار و پیشەی دەریاوانی. لە باکووری خۆرنشینی ئەم ناوچەیەوە کۆمەڵێک زنجیرە چیا کە هەر درێژەی زنجیرەی زاگرۆسن، بە شێوەیەکی ڕێکوپێکی سەرنجڕاکێش لە باکووری خۆرنشینەوە، دەستیان تێکگرتووە و بە شانی باکووری خۆرهەڵاتیدا پێچ**

---

١- Mousterian، لە ناوی ئەشکەوتی مۆستییە (Moustier) لە هەرێمی «دۆردونی»ی باشووری خۆرنشینی فەرانسە وەرگیراوە. فەرهەنگی مۆستری بە پێشەنگی هەرە دیاری سەردەمی بەردینی نێوەڕاست دادەندرێ کە مرۆڤی نیئاندرتاڵی تێدا ژیاوە. لەم سەردەمەدا یەکەمین شوێنەواری نیشتەجێبوون، بەتایبەت ئەشکەوتنشینی وەبەرچاو دێ و ئاور لە نێو مرۆڤدا زۆر چاک جێی خۆی کردۆتەوە. نیئاندرتاڵەکان دەچوونە ڕاوی ئاژەڵانی مەمکداری کێوی و پاشماوەی فەرهەنگیان کە زیاتر لە ئورووپا دۆزراوەتەوە و گڵی لەسەر لادراوە، لە باکووری ئەفریقا و فەلەستین و سیبریاش وەبەرچاو هاتووە. بڕ: دایرەتولمەعاریفی فارسی. ١٧٣٩/٢.ح.

دەکەنەوە. ئەم کێوانە بە چەند ڕیزە دۆڵێک لێکدادەبڕێن و کەل و هەوراز و لێژی وایان وەبەر دێ کە تێپەڕین پێیاندا دژوارە و زۆر چاک بوونە کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگای گەشە و ڕمێنی کاروباری بازرگانی. تەنیا مەڵبەندێکی ئەم ناوچەیە ڕێگایەکی خۆشی بەرەو بانووی ئێران و کەنداوی فارس و ناوچەی بەرێژەوی لە کۆنەوە ژیارمەندی بابلی پێدا تێدەپەڕێ. ئەم بەشە، واتە پێدەشتی شووش بە باری هەڵکەوتی جوغرافیایی‌دا ڕەنگە بکرێ وەک بەشێک لە هەرێمی بابل دابندرێ، بەڵام باسکە و باوەشێکی بەربڵاوی زاگرۆس لەگەڵ کۆمەڵە زۆنگاوێکی کە هەر لە کۆنەوە بە دەورەی کلکەی کەنداوی فارس‌دا لێهاڵابوونەوە، هەمیشە ببوونە بەرهەڵستی هەڵپەی دەستپێ‌ڕاگەیشتنی ئەم ناوچەیە. لە باکوور و باکووری خۆرهەڵات چەند لقێکی چیای زاگرۆس کە لووتکەیان بەفری قورسی لێ دەبارێ، بوونە سەرچاوەی چەندین ڕووباری پڕئاو و زەوی‌وزاری ئەم بەشە تێراو و پاراو دەکەن. دوو لقی ئەم ڕووبارانە لە جەرگەی پێدەشتەکە لە ئانیشکەی ڕاستەگۆشەیەک لێکتر نیزیک دەبنەوە، بەڵام هەر چەند کیلۆمیترێک ئەولاتر دیسان لێکتر دوور دەکەونەوە. ئەم دوو ڕووبارە کە یەکیان «کەرخە»یە بە شانی باشووری خۆرنشین‌دا لێ دەهاڵێتەوە و بەرەو هەرێمی شووش دەڕوا. ڕووبارەکەی دیکە «دز»ە[1]و بە لای خۆرنشین‌دا دەخوشێ و خۆی دەکا بە ڕووبارێکی دیکەدا بە ناوی «کاروون».

لە ڕۆژگارانی لەمێژین‌دا، لەو شوێنەی کە کەرخە و دز گەیشتوونە نیزیکترین مەودای نێوانیان بناغەی شاری «شووش» داندراوە کە لە مێژووی بابل‌دا هەروەک مێژووی عیلام و ئێران زۆر چاکی ناوبانگ ڕۆیشتووە. ئەم شارە کە ئێستا تەنیا کۆمایەک کاول و هەرەسی لە پاش بەجێماوە، لە دوورەوە هاوار دەکا کە لە ڕۆژگارانی کۆن‌دا چەندە بەرز و بەشکۆ خۆی نواندووە. شاری بابل لە هەر لایەکەوە ٩١٠ گەزێک پەلی ڕاکێشاوە و بەرزترین شوێنی لەچاو دەشتەکەی دەوروبەری ٣٦/٥ گەز هەڵکشاوە و قوت بۆتەوە. لە زستانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی‌را وەزارەتی پەروەراندنی هەمووانی و هونەرە جوانەکانی فەرانسە، لەسەر

---

١- دێز، ئابدز، ئابدیز یان ڕووباری دزفوول.و.

ئیزنی دەوڵەتی ئەو وڵاتە کەوتۆتە هەڵکەندن و لادانی گڵ و خۆڵی ئەم شوێنە و هەر ساڵەی گۆشەیەکی تازەی لە پەردەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی سەردەمی کەونارا هەڵداوەتەوە یان چەندین ئاسەواری جوانی خستۆتە سەر گەنجینەی شکۆمەندی مووزەی لووڤر. ئەگەرچی هەتا ئێستا کەندەوەیەکی وا نەکراوە و گڵێکی وا هەڵنەدراوەتەوە، بەڵام دەبێ جەخت لەسەر ئەم ڕاستەقینەیە بکەینەوە کە شووشی نێو دەشتێکی بەپیت و ڕێژەو هەرگیز بەتەنیایی ناتوانێ پەردە لەسەر ڕاز و ڕەمزە سەربەمۆرەکانی مێژووی عیلام لابدا؛ چونکە ئەوەی ڕاستی بێ عیلامییەکان لە بنەڕەتدا جەماوەرێکی چیانشین بوون و لە ماوەی چەندین قۆناخی مێژووی شووشدا تەنیا دەورێکی کەم و کورتیان گێڕا و لە ڕاستیدا دەورگێڕی سەرەکیی ئەم شانۆیە «ئەنشان» بوو کە هەتا ئێستاش شوێنەکەی بەڕوونی دەستنیشان نەکراوە. بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازبوونی پێگەی سیاسیی شووش دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتیی کەشوهەوای ناوچەکە. لە نۆ مانگەی ساڵدا سەرتاسەری دەشتەکە بە تین و بڵێسەی خۆر دەبرژا و هەڵدەقرچا و دەبوو بە پووشوپاڵ. ئەم گەرمایە وا پەرەدەستێنێ قسەکەی سترابۆن وەڕاست دەگێڕێ کە دەڵێ مار و مارمێلکەش لە جەنگەی پەرینەوە لە شەقامان تینی خۆر دەیانئەنگێوێ و بەبێ تاوانگاز بوون قوتار نابن. ئەگەر لە تەواوی ئەم قسانەش لادەین، دەبێ بزانین کە پێویستە شووش زۆربەی کەرەسەی کار و بەڵگە بەردەستەکان بۆ سازدانەوەی مێژووی سیاسیی ئێران لە قۆناخی بەراییدا لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە، چونکە هەتا ئێستاش هیچ جێگایەکی دیکە کە سەبارەت بێ بە مێژووی عیلام گڵی لەسەر لانەدراوە.

کەوایە هەروەکوو باسی کرا، ئێران بەستێنێکی جوغرافیایی ئەوتۆ بۆ خۆ دان لە قەرەی کاری مەزن لە بواری مێژوودا نارەخسێنێ. ئەم سەرزەوییە بۆ «بژیوکۆکەرەوان» زۆر گونجاوتر بوو لەچاو «بەرهەمهێنەرانی بژیو»، چونکە خاکی ئێران لەبار بوو بۆ لەوەڕی ئاژەڵان نەک بۆ کشتوکاڵ. سەرەڕای ئەمانەش پێشینەی تەنینەوەی دەسەڵاتی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرلە دیرۆک و هەر ئەم ڕەوتەیە کە هانمان دەدا هەتا خۆمان لەم لێکۆڵینەوەیە خۆش بکەین.

چەند جۆرە ئامرازێکی بەردینی سەر بە سەردەمی بەردینی نێوەڕاست لە نێوپارەی ئێران، واتە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شیرازی ئێستا، لە نیزیک شوێنێک کە ڕەنگە لەوان سەردەمانەدا لێواری زرێبارێکی بەرینی ئاوی شیرین بووبێ، دۆزراوەتەوە. وای بۆ چوون کە مرۆڤی سەردەمی بەردینی کۆن بە ڕەوگەیەکی گشتیدا شانی باکووری خۆرنشینی گرتووە و دۆڵەکانی باکووری ئێرانی بڕیوە و بە کەل و ملە و ئاوکەندەکانی سولەیمانی و ڕەواندز و ناوچەکانی باکووریدا خۆی گەیاندۆتە کوردستان(١). لە ئەشکەوتەکانی نیزیک سولەیمانیش، وەکوو فەلەستین هەر ئەو جۆرە ئامرازانە دۆزراونەوە کە بە ئامرازی مرۆڤی مۆستری ناسراون(٢). ئەگەرچی بەڵگەی تەواویش بەدەستەوە نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین کە ئەم ئەشکەوتانە لە دوا قۆناخی پەرەی سەردەمی سەهۆڵبەنداندا ئاوەدان کراونەوە. تەنیا دەبێ شتێکی بەهەڵکەوت بێ کە هەتا ئێستا لە ناوچە و مەڵبەندەکانی دیکەی ئێران باسی دۆزرانەوەی ئامرازی مۆستری نەکراوە؛ چونکە ئەم ئامرازانە لە سەرتاسەری ئوورووپادا کە کەوتۆتە باڵی خۆرنشینی ئێران و لە ئەفریقا، فەلەستین، هیند و تەنانەت لە «مەنچووری»ش دۆزراونەوە. وادیارە مرۆڤی «ئوورێناکی»ش[1] کە ببوو بە جێگرەوەی مرۆڤی بەرەو بڕانەوەی مۆستری، لە چیاکانی زاگرۆس پەنا و پەسیوێکی دۆزیبۆوە؛ هەروەک چۆن لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کەوناراش جێپەنای ئەوتۆی بەدی کردبوون؛ بەڵام هیچ چەشنە بەردێکی دیکە نەدۆزراونەوە کە مرۆڤ لە سەردەمی بەردینی کۆندا وەکوو ئامراز کاری پێکردبێ.

ڕەنگە ئێران بە قۆناخی پێگەیشتنی نوێکوچکیدا تێپەڕیبێ،[2] بەڵام هەتا دوا پلەی بەرەژێری ئەم دابەشینە کە ناسراوە بە سەردەمی «کوچک و مس» و

١- Aurignacian، لە ناوی ئەشکەوتێکەوە وەرگیراوە لە «ئوورێناک»ی چیاکانی پیرنێ. فەرهەنگی ناسراو بە فەرهەنگی ئوورێناکی، سەبارەتە بە مرۆڤی سەردەمی بەردینی کۆنی بەرایی. ڕەنگە جەماوەری سەردەمی فەرهەنگی ئوورێناکی پاش ئەوەی کە فەرهەنگی تایبەتی خۆیان لە ناوچەیەکی دیکەی وەکوو ئاسیا پێگەیاند، بەرەو ئوورووپا کۆچیان کردبێ. (کورتە و پوختەیەک کە لە دایرەتولمەعاریفی فارسی وەرگیراوە. ١٧٣٩/٢.ح.)

٢- Neolithic period، دەبێتە دوابەشی سەردەمی کوچک کە لە کلکەی سەردەمی بەردینی نێوەڕاستەوە دەستی پێکردووە. تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمە بریتییە لە دەستەمۆکردنی بوونەوەران و گۆڕینی باری گیای خۆڕسک و هێنان و چاندنی و سازبوونی گوندان و←

مس بۆ سازکرانی خشڵ لە کانگایان دەردەهێندرا، ناکرێ بەرچاومان سەبارەت بە ڕابردووی ئێران ڕووناک بێ. پرۆفسۆر هێرتسفێڵد، دۆزرانەوەی گوندێکی لە نیزیک تەختیجەمشید ڕاگەیاندووە کە دەبێ بدرێتە پاڵ ئەم قۆناخە لە گۆڕانی مرۆڤ(٣). لەوبەرەوبەری شەقامی تەسکی ئەم گوندە خانووی قوڕینی یەک نهۆم پاڵیان بە پاڵی یەکترەوە داوە و ئێرە ئێستاش کەموزۆر هەروەک دەسکاری مرۆڤی سەرەتاکانی سەردەمی کوچک و مسی هەزاران ساڵ لێرەوبەر ماوەتەوە. کەلوپەل و ئامراز و کۆمەڵێک کاسە و پیاڵەی بەردین، یادگاری ژیانی درێژخایەنی بووە لەم شوێنە. ئەو هەوڕانەی لە پاشی بەجێماون، ڕوونی دەکەنەوە کە زۆر بەچاکی چەرخ و دەزگای هەوڕگەریی داهێناوە و ڕێکیخستووە و هێندە بەجوانی ڕەنگاندوونی کە دیارە هەر لە کۆنەوە ئەم داهێنانە گەشەی بە دەسکردی داوە. دوو دەنک خشڵی مسین کە گۆیا چەکوچکاریش کراون، لە نێو هەزاران کەلوپەلی بەردیندا زۆر کەم و ناچیزن، بەڵام دیسانیش دەردەکەوێ کە ئەم مرۆڤە لە بەرەبەیانی سەردەمی کانزادا ژیاوە، کەچی ئورووپا ئەو کاتە هێشتا هەر لە سەرەتای فەرهەنگی سەردەمی بەردینی کۆندا بووە. ئێران وەکوو ناوچە و هەرێمەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست تیژ بەرەو چاخی مەفرەق (مزقەڵایی) هەنگاوی دەنا. مرۆڤ کە توانیبووی کانزا بناسێ، زۆر بە دەستکراوەیی لە ژیانی ڕۆژانەی وەردەدا و دەیهێنایە بەر کار، بەڵام هەتا ئەو کاتەش کەلوپەل و ئامرازی بەردین بە شێوەیەکی بەربڵاو کاریان پێکراوە. هەر لەم جەنگەیەدا مرۆڤ کەوتە چاندنی دان و دانەوێڵەی خۆڕسکی کێوی و خۆی لە کەوی کردنی بوونەوەران خۆش کرد. لە «جێمدێت نەسر»ی خاکی بابل ئەوانەی کە سەرقاڵی توێژینەوە و هەڵدانەوەی شوێنەواران بوون، تووشی دەنکە گەنم و شێوەی بە ڕیز شینبوونی بوون(٤)، کە تەواو ڕێکە لەگەڵ دۆزرانەوەی گەنم و جۆ لە بنبنەوەی چینی «ئانائوو» لە تورکستانی سۆڤییەت کە ڕاست کەوتۆتە ئەوبەری سنووری باکووری خۆرهەڵاتی ئێران(٥). گەنمەسوورەی خۆڕسک کە لە کۆنەوە وەک ماکەی گەنمی

---

گەشەی پیشەی هەوڕگەری و تەونگەری. (کورتە و پوختەیەک کە لە دایرەتومەعاریفی فارسی وەرگیراوە.٢/١٧٣٨.ح.)

دەسچنراو و ڕەنێوهێندراو لە قەڵەم دراوە، لە نیزیک شاری «کرند»، لە قەراخ ڕێگای «بەغدا - کرماشان» لە چیاکانی زاگرۆس دۆزراوەتەوە(٦). دیمەنی مەڕ و گای شاخدرێژ لەسەر ڕووکاری ئەو دەفر و دیزە و گۆزە ڕەنگینانە خۆیان دەنوێنن کە لە سەرتاسەری ناوچەکانی ئێران دیتراونەوە. ئەم جۆرە دەفرانە کە وەکوو دیارترین یاریدەری مرۆڤی چاخی مس وان بۆ گەشەی شارستانییەتی ئادەمیزاد، ڕاستەوخۆ دەچنەوە سەر سواڵینە نەخشینەکانی ئێران لە سەرەتای سەردەمی «کوچک - مس»دا. ئەم چەشنە دەفرە لە شووش کە ناسراوە بە شووشی یەکەم وەبەرچاو دێ(٧). هەروەها لە ئاڵوگۆڕە نەپساوەکانی داهاتوودا(٨)، لە نەهاوەند و کرماشانی نێو چیاکانی زاگرۆس(٩)، لە بووشێهری لای باشوور(١٠)، لە نیزیک شارەکانی تاران (١١)، شیراز(١٢) لەگەڵ کاشانی لای جەرگەی بانووی ئێران(١٣)، هەروەها لە سیستان و بلووچستان (١٤) -(١٥)، لە خۆرهەڵاتی ئێران ئەم جۆرە دەفرانە وەدەست دەکەون.

بەپێی تەواوی بەڵگەنامەکان، وادیارە ئەو دەمەی کە ناوچەی دووچۆمان ڕەوتی ئاڵوگۆڕێکی دیار و بەرەبەرەی تێپەڕ کردووە، فەرهەنگی هەوری ڕەنگین زۆر چاک و پتەو توانیبووی لە ئێراندا خۆی ڕابگرێ. لێرەدا تەنیا شووش بوو کە لە لێواری بانووی ئێران ئەم ئاڵوگۆڕە نەیگرتبۆوە کە بە خۆرنشیندا تێدەپەڕی و تازەترین توێژینەوەکان و هەڵدانەوەکانی خاک ڕوونی کردۆتەوە کە دەفری شێوەی ناوچەی دووچۆمان لێرەش خۆی دەنوێنێ. بەم شێوەیە لە چینی سەرەوەی هەورەکانی شووشی یەکەمدا ئەو هەورانە وەبەرچاو دێن کە سەبارەتن بە کۆنترین چاخی شوێنەوارناسیی دووچۆمان، واتە چاخی «ئەلعوبەید». لە سەرەوەی ئەم توێژە خاکەش کۆمەڵێک شوێنەوار حەشار دراون کە دەکرێ بڵێی سەبارەتن بە سەردەمی ئوورووک و جێمدێت نەسر(١٦)؛ بەڵام دەستەیەک لەم هەورانە سەر بە کەلوپەلەکانی دووچۆمان نین، بەڵکوو شێوەی تەواویان لە هەرێم و ناوچە دوورەدەستەکانی سیستان و بلووچستان وەبەرچاو دێن(١٧). ئەم چەشنە دەفرانە کە زۆربەیان بریتین لە سواڵینەی یەکڕەنگ، بە شوێنەواری شووشی دووهەم ناودێر کراون، ئەگەرچی ڕەنگە هەورەکانی دەستەی شووشی دووهەم

هاوسەردەمی جێمدێت نەسر بن؛ بەڵام زۆر بەداخەوە هەتا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە کە لە کام چینی زەوی‌دا دۆزراونەوە. هەروا ماوەیەک دەبێ وایان پێشنیار کردووە کە دەکرێ شووشی دووهەم ڕەنگدانەوەی سەرهەڵدانی قۆناخێکی تایبەت بێ لە فەرهەنگی هەورە ڕەنگینەکانی پاشینی ئێراندا(١٨)؛ بەڵام ئێستا بۆچوونی یەکلاکەرەوە لەم بارەدا دەست نادا. هەروەها بەڕاستی جێی داخە کە ناکرێ مێژوویەکی ورد و بەجێ‌وڕێ بۆ ئەم دەفرانە دیاری بکەین، چونکە لەمێژینەترین دەقی نووسراوی سەر تەتەڵە قوڕینەکانی عیلام هاوکاتە لەگەڵ سازکرانی ئەم دەفرانە(١٩). لە دووچۆمان کۆمەڵێک تەتەڵەی قوڕین لە چینێکی زەوی‌دا دۆزراونەوە کە سەبارەتن بە چاخی ئوورووک(٢٠). ئەم تەتەڵانەی کە دیمەنی نووسینیان لەسەر شەقڵ کراوە و کۆمەڵێک وشە و نیشانەیان پێوە دیارە، بێ‌گومان لەچاو سەردەمی جێمدێت نەسر بە سوومێری نووسراون. ئیتر نیشانەکان ئاسۆیی نەنووسراون و شێوازی ژماردنی سەرەتایی کە وێدەچێ لە ڕووی ئەم دەقانە و بێ‌شک لە ڕووی دەقە سوومێرییەکانەوە ناسراون، لەسەر ژماردنی شێوەی شەستی داڕێژراون(٢١). ئەو بەڵگەنامانەی کە لە شووش دۆزراونەوە(٢٢)؛ هەروەها ئەوانەش کە لە جەرگەی ئێران کەوتوونە بەردەست(٢٣)، بە شێوە خەتێک نووسراون کە پتر بە ناوی بەرلە عیلامی ناسراون و لە ڕوخساردا تەنیا لەگەڵ ئەو بەڵگانە بۆ بەراورد دەشێن کە لە ناوچەی بابل دۆزراونەوە و نیشانەکان هەر بە شێوەی ئاسۆیی بە شوێن یەکتردا ڕیز کراون و لەسەر ئەم بارەیان نەترازاون و واوێدەچێ کە دەبێ بە«ئەندێشەنیگاری»[1]دابندرێن. وادیارە کە شێوەی داڕشتنی ژمارە لەسەر شێوەی دەیانی داڕێژراوە(٢٤)؛ ڕەنگە ئەم دوو شێوازی نووسینە بگەڕێنەوە سەر یەک سەرچاوە، کەچی دیسانیش دەکرێ وا دابندرێ کە نووسینی بەرلە عیلامی سەربەخۆ بووە. سەرەنجام خەڵکی عیلام سەریان وەبەر شێوەی نووسینی سوومێری هێنا و بۆ نووسینەوەی وشەکانی زمانی خۆیان کاریان پێکرد. هێما و نیشانەکانی ئەم شێوە نووسینە قۆناخ بە قۆناخ شوێنی ئەو وشانەیان

---

١- لە فارسیدا کراوەتە: «پندارنگاری = اندیشەنگاری». خەتی وێنەیی و نیشانەیی. دەربڕینی بیر بە کێشانەوەی وێنە یان دانانی نیشانە (ideograph) .و.

هەڵدەگرت کە لە هەرێمی بابل پێیان دەدوان و دەنووسین. بە هەڵسەنگاندنی ئەم هەلومەرج و بەستێنە، لە ڕووی ئەو دەقە دۆزراوەی بووشێهری لێواری کەنداوی فارسەوە[١]وا دەردەکەوێ کە شێوەی نووسینی سوومێری لە سەردەمێکدا کە هەتا ڕادەیەک دەکەوێتە پێش ڕۆژگاری «سارگۆن»ی فەرمانڕەوای «ئەکەد»[٢] لە عیلام کاری پێکراوە و تەنانەت ئەگەر ئاماژەیەکیش نەبێ بۆ هەبوونی ئیمپراتۆرییەک، خۆ لانیکەم نیشانەی هەبوونی فەرهەنگێکی بەربڵاوە(٢٥). لە پاش ئەم ڕۆژگارە، بەتایبەت لە سەدەی دوازدەهەمی پێشزایینەوە، کۆمەڵێک دەق، خاڵە سەرەکییەکانی زمانی عیلامی ڕوون دەکەنەوە(٢٦).

بە مەبەستی ڕوونبوونەوەی ئەم خاڵە سەرەکییانە و ڕێخۆشکردن بۆ وەرگێڕانی ورد و باریکی ئەو دەقانەی کە بە عیلامی نووسراون و بۆ وەدی هاتنی ئامانجی مێژوویی پێویستن، منی نووسەر چەند ساڵێک لێرەوبەر وشەنامەیەکی عیلامیم نووسیوە. وشەنامەی گەورەی ئاشووری کە لە ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسی نووسراوە، گەیشتۆتە دەستم و لەم کارەدا گەلێکی یارمەتی داوم. ئەم وشەنامەیە لەو کاتەوە کە ڕێکوپێک کراوە و داڕێژراوە، هەروەک وشەنامە ئاشوورییەکەی پێش خۆی بڵاو کراوەتەوە و لە نێو دەقە تەواوەکاندا ڕێگای بۆ پێداچوونەوە و بەراوردی وشەی نووسینە عیلامییەکان خۆش کردووە. بەبێ پێداچوونەوە بە وەرگێڕانەکانی ڕابردوودا کە وشەنامەی عیلامی ئەم هەلەی ڕەخساندووە، نە دەکرا ئەم دیرۆکە بنووسرێتەوە، نە تیشکەی ڕووناکیدەر دەکەوتە سەر گەلێک کەلێن و کاژێری گرنگی ڕستەسازی لە زمانی عیلامیدا.

ئەوەی ڕاستی بێ شێوەی دەربڕینی دەنگ لە کۆئەندامی دەنگ و دەربڕیندا جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ شێوەی نووسین. عیلامییەکان لە نووسیندا بەهەڵکەوت جیاوازییەکی ڕوونیان لە نێوان دەنگە هاوشێوە و بێفۆنیمەکان دانەدەنا. لە زمانی ئەواندا جیاوازییەک نەخراوەتە نێوان b و p ، d و t ، g و k ، هەروەها z و s (٢٧). دەنگدارە جوداکان لە ئاخاوتندا زۆرجاران بە گنبوونی

١- عیلامییەکان پێیان دەگوت «لیبیان».

٢- لە ڕاستیدا ئەککەد دروستە، بەڵام ئەکەد بۆتە باو.و.

دەنگەوە دەربڕدراون، بەڵام لە نووسیندا n،m یان ng کە سوار بن بە سەر دەنگێکی دیکەدا، زۆرجاران دەسوێن. لە لایەکی دیکەوە خەتی بزماری چەند شکڵی دەنگێکی تێدا نییە کە لە زمانی ئاخاوتندا دێنە سەر زمان و وەبەر گوێ دەکەون و دەبیسترێن. بەم چەشنە دەنگێکی کە بە شێوەی چەشناوچەشنی «t»، «L» یان «tL» دەبیسترێ، کارێکی وای کردووە هەتا ناوی خۆماڵییانەی عیلام کە عیلامییەکان پێیان دەگوت «حەلتەمتی»، بە شێوەی فرەچەشن دەربڕدرێ و ببێژرێ.

لە زمانی عیلامیدا هەروەک زمانی ئینگلیسی جیاوازییەک لە نێوان ناوی «نێر» و «مێ» داناندرێ [یانی خودی ناو نیشانەی نێربوون و مێبوونی پێوە نییە]، بەڵام زۆرجاران جیاوازی لە نێوان ناوی «مرۆڤ» و «شت» [یان شوێن]دا دیارە؛ بۆ وێنە «پادشا» و «وڵات». تایبەتمەندییەکی دیار و بەرچاوی زمانی عیلامی ئەوەیە کە پاشگری ناو [واتە ئەو «ی»یەی کە بە دوای ناوێکەوە دەلکێ]، لەگەڵ تێکرای دەستەواژەکە دووپات دەبێتەوە. بۆ وێنە بڕواننە ئەم دەستەواژەیە: «لە پەرستگای شیمووتتە، ئیزەدی عیلام»، کە لە زمانی عیلامیدا ئاوا دێتە سەر زمان: «پەرستگا، شیمووتتە، ئیزەد، عیلام، ی، ی، لە».

داڕێژرانی «کردار»ەکان و شێوەکانی گەلێک دژوارترن. جگە لەم ڕاستییەی کە مانای ڕەگی کردارەکان زۆرجاران بە نەناسراوی ماونەوە، بێدەسەڵاتی لە ڕەوتی دۆزینەوە و ناسینەوەی کرداری تەواوکەریشدا زەقتر خۆی دەنوێنێ و تەنانەت کاتێک کە مانای ڕەگی کرداریش بەڕوونی دەرکەوتووە، گەلێکجاران توێژەرانی زمانی تووشی وەرگێڕانێکی نەقوستان کردووە یان بە سەر گرێکوێرەی بێهیواییدا خستوونی. بەختەوەرانە کرداری تەواوکەر، زۆربەی هەرە زۆریان بێتەکولۆ دەناسرێنەوە و ئێستا گرێوگۆڵی سەرەکیی ئێمە هێنانە بەرباسی وردتری پێناسەی ڕەگی کردارەکانە.

گەلێک توخم و تۆوی دیار و پێکهێنەری زمانی عیلامی وادیارە لە نێو تاقمێکی زمانیدا کە ئێستا تەنیا لە ناوچەی قەفقاز ماون و بە بنەماڵەی زمانەکانی «قەفقازی» ناودێرن، سەروسۆراغیان دیارە. هەروەها چەند وێکچوونێکی دەنگ و

دەربڕین و ڕستەسازیش لەگەڵ شێوەزاری تامیلی لە زمانی «دراڤیدی»ی باشووری هیندیش‌دا دۆزراوەتەوە(٢٨). وادیارە زۆرێک لەم توخمانە پەڕیوەی ئاخاوتنی کاسییەکان(٢٩)، لوولووبییەکان و گووتییەکان(٣٠)-(٣١) بوون لە زاگرۆسی ناوەندی و خاوەنی هاوشێوە و هاوتای کەنداراش بوون. زمانی هاڵدییەکانی چیاکانی ئەرمەنستان(٣٢)، هووررییەکانی لای گەوەی گەورەی فورات(٣٣)، چەند هۆزێکی ئاسیای بچووک، وەکوو هیتتییەکان(٣٤)، لیکییەکان(٣٥)، لیدیاییەکان(٣٦)، هەروەها ڕەنگە ئێترۆیاییەکانی ئیتالیاش(٣٧) هەر بەم ڕەوتەدا تێپەڕیبووبن. ئەم نموونانەی کە نیشانەی وێکچوون و هاوشێوەبوونی نێوان زمانی عیلام و هەرکام لەم زمانانەی دیکەن، تەنیا ئاماژە دەکەنە سەر چەند وێکچوونێکی زمانی، نەک یەکبوونی زمان. ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر زۆر چاک و بەپارێز هەنگاو باوێین، دەکرێ بڵێین کە ئەم نموونە بەرباسانە ڕەنگە بگەڕێنەوە سەر چەشنێک خزمایەتیش.

مرۆڤناسی ئەمڕۆیی ئەگەر پێی وا نەبێ ناکرێ، بەڵام لانی‌کەم بە لایەوە دژوارە کە پێی وابێ دانیشتووانی ئەمڕۆی ئێران دەکرێ بە باری نەتەوەناسی‌دا وەکوو بنەماڵەیەک بخوێندرێنەوە. لە ڕۆژگارانی یەکجار کۆنەوە بانووی ئێران بۆتە مەیدانی تراتێن و گیروگازی دوو بالان، چونکە سەرەڕای هەبوونی کەند و کۆسپێکی زۆر بۆ دەستوێراگەیشتنی سنوورەکانی ئەم وڵاتە، دەبێ لە بیرمان بێ کە ئێران پردی نێوان ڕۆژهەڵاتی دوور و خاکی دووچۆمانە؛ هەروەک چۆن فەلەستین پردی مابەینی ئاسیا و ئەفریقایە. لە ئاکام‌دا ئەو هۆز و نەتەوانەی کە هەرکام لە شوێنێکەوە هاتبوون، لە ئێران‌دا چوونە ژێر داڵدەی میچ و بانێکی زمانی؛ هەر بۆیە بەشی باشووری ئێستای ئێران، هەروەک چۆن دەبێ لە سەردەمی کەنداراش‌دا وا بووبێ، بە باری هەستی نەتەوایەتی‌دا بەئاشکرا نایەکانگیر و فرەچەشنە.

کەم‌بوونی سەرچاوەی شوێنەوارناسی و مرۆڤناسی کارێکی وای کردووە کە بۆچوونێکی بێ‌ژمار سەبارەت بەو خەڵکە بێتەگۆڕ کە لە بەرەبەیانی مێژووی نووسراودا نیشتەجێی ئێران بوون. هێندێک لەم بۆچوونانە تەنیا لەسەر بنەمای

زماناسی هاتوونە ئارا و ئەمەش ڕچەیەکی مەترسیدار و زۆرجاران بە لاڕێدابەرە. بۆچوونەکانی دیکە لە کۆمەڵێک ڕوخساری فەرهەنگی وەرگیراون و زۆرجارانیش گوێ نادەنە ئەو فەرهەنگەی کە نەتەوەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیانی وەردەگرن و دەکەونە ژێر باندۆری و لا لەو ئاڵوگۆڕانە ناکەنەوە کە کۆچەرانی تازە لە پێشکەوتی فەرهەنگیی خەڵکی خۆجێیدا تووشی دەبن و کاریان تێدەکا. باشترین هیوای دڵخۆشکەرە لێرەدا ئەوەیە کاتێک دەگەینە سەر دەربڕینی کۆمەڵێک بابەتی وا کە ڕاست و ڕوون و سەلمێندراو دەنوێنن، خۆمان لە هەڵخلیسکان بۆ نێو تەڵە و داوی زۆر بەرچاو بپارێزین.

ئەو مرۆڤناسانەی کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی ئەندام و چواربەندەی قەڵافەتی نەتەوەکان، دڵنیان کە هەرێمی دووچۆمان بۆتە هێڵی جیاکەرەوەی سنووری سامیڕەگەزان. سامییەکان کە ئێمە بە ناوی نەتەوە ڕەنگمۆرەکانی مەدیتەرانەیی دەیانناسین و لە عەرەبستانەوە هەڵیانکوتابوویە سەر دووچۆمان، لە ڕۆژگارانی کۆنی بەسەرچوودا نەبوونە نیشتەجێی ئێران. لەسەر ئەم بنەمایە کاتێک نووسەری بەندی دەهەمی بەشی [یەکەمی تەورات][1]کە باسی چۆنیەتیی پەیدابوونی تیرە و تۆرەمە و هۆز و نەتەوەکان دەکا، عیلام بە کوڕی سام دادەنێ و دەڵێ سامییە و بە زاراوەی مرۆڤناسانە نادوێ، بەڵکوو بە کۆمەڵێک زاراوەی جوغرافیایی و فەرهەنگی دێتە ئاخاوتن. هۆز و نەتەوە نۆردیکەکانیش کە بە زمانی هیندوئێرانی دەئاخێون، لە ڕۆژگارانی زۆر کۆندا دانیشتووی ئێران نەبوون. کۆنترین بەڵگەنامە کە باسی چوونیان دەکا بۆ ئێران، سەرەتای هەزارەی دووهەمی پێشزایینی بۆ دیاری کراوە و ئەم بۆچوونە بناغەی لەسەر درکانی ناوی خودایانی هیندوئێرانی لە نێو ئێزەدانی کاسییەکاندا دامەزراوە.

بەشێک لە بەڵگەکان پاڵمان پێوەدەنێن هەتا لامان وابێ کە ڕۆژگارێک حەشامەتێک بەرلە ڕەشپێستانی هیندی وەڕێکەوتوون و بە لێواری کەنداوی فارسدا بەرەو خۆرنشین بزووتوون. واوێدەچێ کە پادشایەکی ئاشوور لە

---

[1] بەشی گووران، پەیدابوون، سەرهەڵدان (سفر پیدایش).

بەردەتاشەکانی خۆیدا دیمەن و قەڵافەتی چەند کەسێکی ئەم خەڵکەی داتاشیوە(٣٨). نووسەرانی یۆنانی باسی ئیتیووپیاییەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئێرانیان کردووە(٣٩)؛ جیاوازیی ئێستای ئەوان بریتییە لە ڕەنگی ڕەشوبرش و تاوبردە و قژی لووس و بێگرێ و سەری خڕیان(٤٠)؛ بەڵام بەبێ ترس لە هەڵە و هەتڵە بوون دەکرێ بڵێی ئەم خەڵکە هەرگیز پێکهاتەیەکی گرنگ یان گەورە نەبوون لە نێو کۆمای جەماوەری ئێراندا.

ئەوەندی بشێ ڕوونی بکەینەوە وا دەردەکەوێ کە لە ڕۆژگاری کۆن و کەونارادا کۆمەڵێک تیرە و تۆرەمەی سەردرێژ بەرلە هۆز و نەتەوەکانی نۆردیک لە ئێران دەژیان. هەبوونی شێوەیەک مرۆڤی ڕەنگمۆری ئورووپایی- ئەفریقایی هەل بۆ ئەم بۆچوونە دەڕەخسێنن کە لە هەرێمی دووچۆمان ژیاوە. بەڵگەکانی ئێمە سەبارەت بەم مرۆڤە کەم و کورت و پرشوبڵاوە، بەڵام بەڕواڵەت و قەڵافەت چەشنێک پەیوەندیی دوور لەگەڵ هیند دەخەنە بەر خەیاڵەوە(٤١). ڕەنگە ئەم جەماوەرە سەردرێژە سوومێری بووبن یان بە خزمایەتی یەکتریان گرتبێتەوە، چونکە گوتوویانە کە هەر ئێستاش کۆمەڵێک شێوە و نیشانەی ڕوخساری سوومێرییەکان لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی و لە نێو خەڵکی ئەفغانستان و بلووچستان و تەنانەت دۆڵی ڕووباری «سێند»یش شوێنی هەڵدەگیرێ و وەبەرچاو دێ(٤٢).

ئەوەی ڕاستی بێ واوێدەچێ کە جەماوەری سەرخڕ وەکوو گرنگترین پێکهاتەی جەماوەری دەوریان گێڕاوە. لە نێو حەشیمەتی ئێستای بانووی ئێراندا، لانیکەم لە بەشی خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە، کۆمەڵێکی یەکجار زۆر و بەرچاوی سەرخڕ دەژین کە زۆربەیان کەوتوونە ناوچەکانی شاخستانی و لە پێدەشتان کەمترن(٤٣). دەکرێ بەشێک لەم خەڵکە بەرینەوە سەر دراڤیدییەکانی هیند، بەتایبەت هۆزەکانی تامیلزمان کە لە نێویاندا تۆرەمەیەکی سەرخڕ بەڕوونی وەبەرچاو دێ(٤٤). خەڵکانی دیکە هێندێک باڵابەرزترن و زۆرجاران ئەم قەڵافەتە و ڕەنگی ڕوونی پێستیان پەیوەندی و لێکدانەبڕانی پێوە دیارە. بوونی ئەم ڕەنگ و ڕوخسارانە دەکرێ بگەڕێتەوە سەر هۆکاری زەماوەند و خزمایەتی لەگەڵ توخم و تۆرەمەکانی

نۆردیک؛ بەڵام کاتێک پێستی گەش و ڕوونی کۆمەڵێک لە ئوروپاییەکانی دەوروبەری چیاکانی ئالپ دێنینەوە بەرچاو، دەکرێ نوقڵانەی ئەوە لێ بدەین کە ئەم توخم و تۆرەمانە پاشماوەی ڕەگەزی پێش ئالپین. ئەگەر ئەم بۆچوونە بێباکانەیە بسەلمێنین کە «ئارمینۆید»ەکان ڕەگ و ڕیشەیان دەچێتەوە سەر تورکستان، ئەم گریمانەیە چاکتر خۆی دەگرێ کە دانیشتووانی بەرایی ئێران لە ڕاستیدا لەم تۆرەمەیە بوون(٤٥). ئەگەرچی ڕەنگە بەڵگەنامەکانی زمانناسی بە لاڕێماندا بەرن، بەڵام لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ڕەگەزی ئالپی یەکتر دەگرێتەوە و جارێ وای دەردەخا کە پەرەی پێکهاتەی زمانی «قەفقازی» لە خاکی دوورەدەستی هیندی باڵی ڕۆژهەڵاتەوە پەلی هاویشتۆتە ئاناتۆلی لە ڕۆژاوا و بە عیلام و زاگرۆسدا تێپەڕیوە و ڕەنگە ئەم بۆچوونەش بێبایەخ نەبێ.

سەرەڕای تەواوی ئەم باسانە، ئەم ڕوانگەیە ناکۆکە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە پێشتر هاتە ئارا و دەڵێ سەردرێژە ڕەنگمۆرەکانی ئوروپایی- ئەفریقایی لە هەرێمی دووچۆمانیشدا پێکهاتەی سەرەکیی ئێران بوون. بێتوو ئەم بۆچوونە بە ڕاست وەربگرین و بیسەلمێنین و کارێکی ئەستەمیش نییە، دەبێ لێمان سوور بێ کە وێکچوونەکانی زمانی «قەفقازی» لە ڕەگەز و نەتەوە واوەتر چووە و هەم سەرخڕەکانی بەرایی لە ئاسیای بچووکدا کە وەک گریمانەیەک کەوتوونە بەرباس پێی دواون، هەم جەماوەری سەردرێژی ئێرانی.

پلەی زانیاریی ئێمە سەبارەت بەم قۆناخەی مێژووی ئێران، تەواو دەمانخاتە نێو گێژاوی دەستەوستانی. هیچ بۆچوونێک باوەکوو ئەوەی کە هەستی تامەزرۆییش ببزوێنێ، بەڵام دیسانیش ناسەلمێندرێ و تەنیا لە ڕێی قەڵافەتناسیی مرۆڤەوە ئەم پرسە چارەسەر دەکرێ.

لەو شوێنەش کە تووشی بەڵگەنامەی نووسراو دەبین، دیسانیش هێنانە بەرباسی چۆنیەتیی دابونەریتی کۆمەڵایەتی کەموزۆر دژوارە. ئەم بەڵگانەی سەبارەت بە ئێران تەنیا لە عیلام و پاش سەدەی بیستوپێنجەمی پێشزایین وەبەرچاو دێن و تەنانەت لەم کاتەشدا بۆ دۆزینەوەی زۆرترین بەڵگە دەبێ بە

کەلێن و قوژبنی دێرەکانی ئەو تەتەڵە و بەردەنووسانەدا بگەڕێین کە هەتا ئێستا ماون.

لە عیلام، وەکوو سەرانسەری خاکی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژگارانی پێشوودا، کار و هەڵسووڕانی ژن تەنیا بە چوارچێوەی ماڵەوە نەبەسترابۆوە. ژنیش هەروەک پیاو دەیتوانی بەڵگەنامە واژۆ بکا و بە کاری کڕین و فرۆشتنەوە سەرقاڵ بێ. ژن میراتی وەبەردەکەوت و دەیتوانی وەسێت بکا بۆ ماڵ و سامان و میراتی پاش نەمانی و بۆی هەبوو کە داخوازنامەی سکاڵا بەرێ بۆ دادگا و هەروەها دەیتوانی کۆیلەش ڕابگرێ. هەتا زەمان زیاتر تێدەپەڕی ژن پتر بایەخی هەوراز دەچوو. لە بەڵگەنامەکانی عیلامی بەراییدا، زۆرجاران تووشی ناوی دایکی شا، خوشک یان کیژی پادشا دەبین. ئەم بەڵگەنامانەی کە ئێستا هەن و بەدەستەوەن وەک دیارە دەبێ سەبارەت بە سەردەمی بە ناو «کلاسیک» بن کە شێوازی بە میراتگەڕانی تاج و تەختی پادشایەتی لەسەر تەوەرەی مێوەجاخی هەڵسووڕاوە، یانی مافی بوون بە پادشا لە بەرەی دایکەوە ڕێپێدراو بووە. چەند نموونەیەک زەماوەندی نێوان خوشک و برا وەبەرچاو دێ و گۆیا ئەم چەشنە زەماوەندانە وەکوو ڕێسایەکی کۆمەڵایەتی بۆتە دابێکی هەمووانی و برەوی بووە. تەنانەت ڕەنگە زەماوەندی نێوان خوشک و برا کە لە نێو پادشاکانی هەخامەنشیی ئێراندا باو بووە لە عیلامییەکان خوازرابێتەوە، چونکە ئارییاییەکان پێیان وابوو زەماوەندی نێوان خوشک و برای بەروپشتی کارێکی دزێو و قێزەونە.

لەم کتێبەدا جاروبارە باسی تایبەتمەندییەکانی جێنشینایەتیی پادشایەتی دەکرێ؛ بەتایبەت ئەم ڕێوشوێن و ڕێسا سەیر و جێی سەرنجە شیاوی لێ وردبوونەوەیە کە شازادەیەک ئەگەر خاوەنی جێگە و پێگەیەکی بەرەژێریش بووبێ، توانیویەتی هەوڵ بدا و هەنگاوبەهەنگاو پلەی سەرکەوتنی هەوراز بچێ و بگاتە دەسەڵاتێکی بەرز و تەنانەت ببێتە پادشاش. جاری وایە دەسەڵاتی پادشایەتی لە باوکەوە نەگوێزراوەتەوە بۆ کوڕ، بەڵکوو برا جێی برای گرتۆتەوە. لە زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کەوناراردا پادشاکانیان دەگەیاندە پلەی خودایەتی و لە عیلام نەک هەر تەنیا پادشا، بەڵکوو تەواوی ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتی بە خاوەنی پلەی خودایەتی دادەندران.

ئاشکرایە کە دینی خەڵکی عیلام بە هەوێنی چەندخودایەتی دەستاو دراوەتەوە. بەداخەوە ناوی تاقمێک لە یەزدانەکان هەر بە «ئەندێشەنیگاری» ئەکەدی نووسراون، بەڵام ئەم کارە بەو مانایە نییە ناوی یەزدانی خۆر، کە لە زمانەکانی سامیدا پێی دەگوترێ «شەمەش»، لە عیلامیش هەر ئەمە بووبێ، بەڵکوو بێگومان ناوی وی بەتەواوی جیاواز بووە و ڕەنگە پێی گوترابێ «ناخوونتێ». دوو یەزدان لە نووسراوەکانی بارگای میری و دامودەزگای ئیداریدا یەکجار بایەخدار بوون کە بریتین لە «هووبان» و «ئینشووشیناک». ناوی هووبان زیاتر بە هێماگەلی ئەندێشەنیگاری ئەکەدی نووسراوە کە بە «مەزن»ی دەناسێنێ. مانای دەقاودەقی ناوی ئینشووشیناک بۆتە «یەزدانی شووش»(٤٦). ئەوەی ڕاستی بێ خۆ ڕەنگە پادشاکان خۆیان بە بەرەژێری ئەم خودایانە دانابێ، بەڵام چەند کوتولەتێکی سەبارەت بە «کیریریشا»، کە چەشنێک *دایکەخوایە* بەدەستەوەن و لە جەنگەی کەندوکۆژەی «شووش»دا سەدان پەیکەرۆکەی قوڕینی ئەم یەزدانە دۆزراونەوە و ئەم ڕەوتە دەریدەخا کە تەواوی خەڵکی عیلام بەڕاستی و بەدڵەوە پەرستوویانە.

بەم شێوەیە دەتوانین ئەم پێداچوونەوە کورتەمان سەبارەت بە سەرزەمینی ئێران و بارودۆخی ئەو خاکە بەرلە دەسپێکی دیرۆک و چۆنیەتیی زمان و خەڵکەکەی کۆتایی پێ بێنین. سنووردار بوونی شوێن و زەمان ڕێگامان پێ نادەن کە ئێمە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بچینە سەر کۆمەڵێک باس و بابەتی بەربڵاوی فەرهەنگی و بیانخەینە بەرچاو. زۆربەی ئەو مەبەستانەی کە سەبارەتن بە ناوەکان و مێژووەکان و ئەو ڕووداوانەی کە لەگەڵ هەڵکەوتەکانی بابل هاوکاتن لە پەراوێزکاندا دەخرێنە بەرچاو، چونکە ئەم توێژینەوەیە بەشی هەرە زۆری مێژوویەکی سیاسییە. تەنانەت مێژوویەکی ئەوتۆش هەڵگری بایەخی مێژوویی خۆیەتی، چونکە بۆ تێگەیشتنی تەواو لە ڕەوتی ئەو هاوکارییانەی کە ئادەمیزادی بەرایی لە ئێران و عیلام پێشکەشی شارستانییەتی مرۆڤی کردبوو، دەبێ بەرلە هەموو شتێک بزانین نێوانی لەگەڵ دراوسێیانی نیزیکی چۆن بووە؛ بۆ وەدی هاتنی ئامانجێکی ئەوتۆ هەبوونی مێژووی سیاسی پێویستە.

بەشی ٢

# قۆناخە سەرەتاییەکانی سەردەمی مێژوویی

کاتێک قەڵەمدارانی بابلی مرخیان لە نووسینەوەی نەزیلە و ئەفسانە کۆنەکان خۆش کرد، کەوتنە سەر باسی چۆنیەتیی ئافرانی جیهان و کۆمەڵێک پادشا کە ماوەی دەسەڵاتیان هێندەی درێژ کێشاوە، باوەڕ وەخۆی ناگرێ. پاشان ڕووداوی هەستانی سێڵاوێکی وا گەورەیان گێڕاوەتەوە کە مەترسی بووە بۆ سەر خاشەکێشانی جەماوەری دنیا. ئەم قەڵەمدارانە چوونە سەر باسی بەسەرهاتی پادشایەک کە پاش نیشتنەوەی لافاوەکە لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوار بۆ سەر شاری «کیش» لە باکووری هەرێمی بابل، کە خانەدانی پادشاهانێکی کۆنەساڵ لێی ببوونە فەرمانڕەوا. پێرستی قەڵەمدارانی بابلی وشک و ڕەقوتەق و دوورەلێدوانە؛ چونکە تەنیا ناوی پادشاکان و ماوەی دەسەڵاتیان تۆمار کراوە، بەڵام سەبارەت بە بیستویەکەمین پادشای ئەم خانەدانە بەسەرهاتێکی گرینگ خراوەتە بەرباس کە لە ڕوانگەی قەڵەمدارانەوە بە یەکەمین ڕووداوی سیاسیی دوای لافاوەکە دادەندرێ. ئەم قەڵەمدارانە پێمان دەڵێن کە «ئێنمێنباراگێسی» عیلامی بردە ژێر دەسەڵاتی خۆی(١). سەرەنجام حکوومەتی کیش خۆی دا بەدەست «ئووررووک»ەوە لە باشووری بابل، بەڵام هێشتا سەرەی عیلام نەهاتبوو. دەڵێن «مێسکێنگاشێر»ی سەرچەلەی خانەدان لەو کاتەدا خۆی گەیاندۆتە دەریا و لەوێوە ڕووی کردۆتە چیا هەتا بەڵکوو بتوانێ سوار بێ بە سەر کەنداوی فارس و دوور بڕوانێتە بەرزاییەکانی عیلام(٢). بەپێی چەند سەرچاوەیەکی دیکە بێجگە لە کاکڵ و

نێوەرۆکی دەقی پێرستی پادشاکان، لە ڕۆژگاری «لووگالباندە» و «دوومـوزی»، واتـە سـێهەمین و چـوارەمین پادشـاکانی ئـەم خانەدانـە، عیلامییـەکانی چیانشـین هەڵیانکوتاوەتە سەر بابل(٣). قەڵەمداران بە دڵی خەمبارەوە ناچار بوون هەتا پێ لەم ڕاستەقینەیە بنێنێن و بینووسن و بڵێن کە پادشایەتی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئوورووکی چۆل کرد و ڕووی کردە «ئاوان» کە بێگومان شارێکی عیلامـی بـوو. بـۆ ماوەیـەک خانـەدانێکی دیکـە لـە «کیش» دەسـەڵاتی گێڕایـەوە بـۆ بابل، بـەڵام حکوومەتی دواتر لە شاری «هامازی» باسی گەڕانەوەی دەسەڵات دەکا بۆ ناوچە شـــاخاوییەکانی عـــیلام(٤). ســـەرەنجام کاتێـــک پادشـــایەتی لـــە ڕۆژگـــاری فەرمانڕەوایـــەتیی «ئووتـــوگ»دا جـــارێکی تـــر بـــە ڕووی خۆشـــەوە کیشـــی بەسـەرکردەوە، ئـەم شـوێنە لـە پێرسـتی قەڵەمـدارانی بـابلیدا کـوێر کرایـەوە(٥). ڕووداوی تێکهەڵچوونـــەکانی نێـــوان چیانشـــینانی عیلامـــی و بابلییـــەکان لـــە بەردەنووسـێکی «لووگـال - ئـاننێ - موونـدوو»ی فـەرمانڕەوای «ئـاداب»دا، کـە لەگـەڵ «عـیلام» و «مەرهەشـی» و «گووتیـووم» تووشـی شـەڕ و بەربـەرەکانی هاتووە، ڕەنگی داوەتەوە(٦).

هەتا ئێرە ئەوەی کە گوتوومانن یان سەر بە ئەفسانە بوون یان سەبارەت بوون بە چەند کەسێکی بزر و نادیار کە لە سنووری نێوان ئەفسانە و مێژوودا چەقیون. دۆزراوەکـانی ئـەم چەنـد سـاڵەی دوایی، گـەلێک کەسـایەتیی دیکـەی لـە جـەغزی ئەفسانەوە هێنانەوە نێو بەستێنی مێژوو کە واوێدەچوو کەسایەتیی ئەفسانەیی بن. ڕەنگە چەند کەسایەتییەکی پێشتر باسکراو بەخت باڵیان بگرێ و لـە تاریکسـتانی ئەفسانەوە بێنەوە نێو ڕووناکاییی مێژوو. جارێ هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێ کە ئەوانەی گەیشتوونە دەستمان و ڕەنگە ڕێخۆشکەری چارەسـەری گرێ و گرفتان بن، وەک خۆیان ڕایانگوێزین.

لە بەختی باشی نووسەرانی مێژوو، لـەم سـەردەمەوە بـەرەودوا بەردەنووسـی پادشـــایانی هاوچـــەرخ، ڕۆژگـــاری ڕوودانـــی بەســـەرهات و ڕاســـتی و درۆی گێڕانەوەکان ڕوون دەکەنەوە و کەموکووڕییان لێ دەبڕن یان جوێیان دەکەنەوە لە ڕووداوە ڕاستەقینەکان. تۆکمەترینی ئەو زانیارییانەی کە گەیشتوونە دەستی ئێمە،

**بۆ ماوەیەکی کەموکورت لە «دەوڵەت- شار»ی بابلیی «لاگاش»[١] دەترازێن کە خانەدانێک بۆتە فەرمانڕەوای و «ئوور- نانشێ» سەرزنجیرەی بووە. ئەگەرچی بناغەدانەری حکوومەتی ئەم مەزنەماڵە توانی جەماوەرێک لە چیاکانەوە بەرەوخوار داگیرێ و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی(٧)، بەڵام ڕەنگە نێوان و پەیوەندییەکی زۆر و بەرچاوی لەگەڵ عیلامییەکان نەبووبێ. یەکێک لە جێنشینانی «ئوور- نانشێ» بە ناوی «ئێئانناتوم»، پادشایەکی یەکجار کارا و هەڵسووڕاو بوو؛ یان لانیکەم بەردەنووسە بەجێماوەکانی بڕوایەکی ئەوتۆمان لە دەروونیدا بەدی دێنن. ئەم بەردەنووسانە دەڵێن ئەو پادشایە توانی چیانشینانی عیلام تێکبشکێنێ و تەرمەکانیان لە لیژە بدا. ئەو توانی «ئیشاککوو» یان میرانی دوو شاری عیلامی ڕاماڵێ و خاشەیان بکێشێ(٨). کاتێک عیلام و وڵاتەکانی دیکە ڕاپەڕین، ئێئانناتوم عیلامییەکانی ڕاگواستن بۆ ئەو قەڵەمڕەوەی خۆی کە داگیری کردبوو(٩)؛ [بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ] ئەم قسانە زۆر زلن؛ ئەگەرچی خۆ لێمان ڕوون نییە داخوا عیلامییەکان خۆیان دابوویە هێرش و پەلامار یان هەر ڕاپەڕیبوون، بەڵام وەکوو دیارە شەڕەکانی ئێئانناتوم هەر بریتی نەبوون لە بەرپەرچدانەوەی نەیاران. «دوودوو»ی کاهینی «نینگیرسوو»ی یەزدانی شاری «لاگاش»، بۆ پێشوازی لەو گۆپاڵەی کە بێگومان وەکوو دەسکەوت لە یەکەمین شاری عیلامەوە هێندرابوو، کە سەری پێمل‌بوونی بەردابوویەوە، دیمەنی گۆپاڵەکەی لە بەردەتاشێکی ئەو شارە داتاشی(١٠). کەچی دیسانیش ڕوون و ئاشکرایە کە هێزە پەلاماردەرەکانی عیلامی دواتر هەتا جەرگەی خاکی بابل**

---

١- لاگاش یان شێرپوورلێ، شارێکی سوومێری بووە لە باشووری هەرێمی دووچۆمانی عێراقی ئێستا. دەوروبەری ساڵی ٢٤٠٠ی پێش‌زایین گەشەی کردووە، بەڵام شوێنەواری ئاوەدانبوونی لانیکەمی هەزارەی چوارەمی پێش‌زایینی تێدایە. پاش گیرانی ئەکەد (٢١٨٠ی پ.ز) کە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی دووچۆمان تووشی ئاڵۆزی و بێسەرەوبەرەیی ببوونەوە، «گوودا»ی فەرمانڕەوای لاگاش توانی ئاشتی و خۆشبژیوی لە قەڵەمڕەوی خۆیدا بپارێزێ. (کورتە و پوختەیەک کە لە دایرەتولمەعاریفی فارسی وەرگیراوە. ٢٤٦٦/٢. ح.)

تێڕاچوون، چونکە لە ڕۆژگاری حکوومەتی «ئێنێتازی» سێهەمین ئیشاککووی دوای ئێئاناتوم، هێزێکی شەشسەت کەسەی عیلامی، «لاگاش»یان تالان کرد(١١).

ناوەندی دەسەڵاتی عیلام کە لەوێوە هێرش دەکرایە سەر بابل، شاری «ئاوان» بوو. قەڵەمدارانی سوومێری بە تۆمارکردنی ناوی خانەدانێکی دوای لافاوە گەورەکە، لە نووسینەکانی خۆیان لەو شارەدا، گوتوویانە کە «ئاوان» لە سەرتاسەری قۆناخەکانی سەرەتای مێژوودا کەوتۆتە هەوراز تەواوی شارەکانی ڕۆژهەڵات و ناوبانگی درەوشاوەتەوە. ئەو قەڵەمدارانە بەڕوونیش زانیویانە کە شووش لەو ڕۆژگارەدا تەنیا بە باری بازرگانیدا بایەخی پێدراوە. ئێمە خۆمان لە ڕووی تەتەڵە قوڕینە دۆزراوەکانی شووشەوە کە بە زمانی بەرلە عیلامی نووسراون، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم دایکەشارە لە ڕابردوودا خاوەنی دیرۆکی خۆماڵی بووە(١٢)، بەڵام چارەنووسی سیاسیی لاگاش زۆر بە چارەنووسی شاری ئاوانەوە گرێدرابوو کە لەو زمانەدا (یانی دەوروبەری ساڵی ٢٦٧٠ی پ.ز) خولی فەرمانڕەوایەتیی خانەدانێک دەستی پێکرد کە ژمارەی پادشاکانیان هەتا دوازدە کەس ڕۆیی(١٣).

«پێلی» وەک سەرزنجیرەی ئەم خانەدانەی میری بناغەی دەسەڵاتەکەی داڕشت و ئەگەر بڕوا بە ناوەکان بکرێ، جێنشینانی دانەبڕاوی هەموویان عیلامیی ڕەسەن بوون. بە لای ئێمەوە ئەم پادشایانە: «تاتا»(١٤)، «ئووککوو- تاخش»، «هی- شوور»، «شووشوون- تارنا»، «ناپی- ئیلخوش» و «کیککوو- سیمێ- تێمتی»، لە کۆمەڵێک ناو بەولاوە هیچی تر نین، بەڵام تۆزێک وێدەچێ بتوانین ئەو بەردەنووسە دۆزراوەی «لیبان»، واتە بووشێهری ئێستا لە کەنداوی فارس، بدەینە پاڵ پێلی. ئەم دەقە گەرچی شکاوە و کەموکووڕیی تێدایە، بەڵام بەپێی کۆمەڵێک نیشانەی کەونارا، بۆمان دەردەکەوێ کە عیلامییەکان لە زەمانی پادشایەتیی سارگۆنی فەرمانڕەوای ئەکەددا دەقەکانی زمانی خۆیان بە خەتی سوومێری نووسیونەوە(١٥). بە هاتنە سەر دەسەڵاتی هەشتەمین پادشای ئەم خانەدانە، یانی «لووخی- ئیششان» و «هیشێپ- ڕاتێپ»ی جێنشینی، بۆ یەکەم جار پێ دەنێینە قۆناخێکی تەواو ڕووناکی مێژوو، چونکە ئەم دوو پادشایە هاوچەرخ بوون لەگەڵ

یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین کەسایەتییەکانی سەردەمی کەونارا، واتە سارگۆنی پادشای ئەکەد (دەوروبەری ٢٥٣٠-٢٤٧٥ی پ.ز).

سارگۆن ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی کە بوو بە پادشا، مشووری لە شکاندنی هێز و دەسەڵاتی چیانشینانی ڕۆژهەڵاتی خوارد. ئەم پادشایە دەڵێ پاش گرتنی ناوچەی «کازاللوو» لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە، هەڵیکوتاونە سەری(١٦). هێندێک لەولاتری کازاللوو، «دێر» یان «بەدرە»ی ئێستا خۆی دەنواند کە سوار بوو بە سەر یەکێک لە ڕەوگەکانی شاخستانیدا و هەتا ئەو دەمەش بەڕاستی بە شارێکی بابلی دانەدەندرا(١٧). گرتنی ئەم شارە سارگۆنی پەلکێش کرد بۆ گرتنی ناوچەیەک کە زیاتر خاوەنی پێناسەی عیلامی بوو. لە بەردەنووسێکدا کە خۆی پێوە ماندوو ناکا هەتا بە شێوەیەک ڕەوگەی پەلامارەکەی بخاتە بەرچاو، پێریستی ئەو کەسانەی بەدەستەوە داوە کە لەگەڵیان تێکهەڵچووە و شارەکانی لێ گرتوون(١٨). لەم بەردەنووسەدا ناوی کۆمەڵێک پادشای «بەراهشی» خراونەڕوو کە بریتین لە: «ئوونی» و «سیدگائوو» کە هەردووکیان شاککاناککوو یان حوکمڕان بوون؛ «کوندووبا» کرابوویە قازی و «داگوو»ی برای پادشای بەراهشی بووە و «زینا» بە ئیشاککوو یان میری «هووهوونووری» داندراوە(١٩). پاشان چۆتە سەر ناوی «هیداریدا»...(٢٠). میری «گوونیلا»کان کە ناوی هەردووکیان تۆمار کراوە، هەروەک چلۆن ناوی شارەکانی «سالیاموو» و «کارنێ»ش هاتوونە ئارا و ئەوسا ناوی... هێنی و بوونبان(؟) ڕیز کراون(٢١). ئەمانە تەنیا کۆمەڵێک کەسایەتیی بەرەژێر بوون کە دژی یەکتر دەجووڵانەوە و تێکهەڵدەچوون. ئێستا ئەم پێرستە دەکەوێتە سەر درکاندنی ناوی دەورگێڕانی سەرەکیی شانۆکە، یانی «سانام-شیمووت»، ئیشاککووی عیلام و «لووخی- ئیششان»، کە قەڵەمدارانی ئاگای سارگۆن بە کوڕی «هیشیپ- ڕاشیر»ی پادشای عیلامیان داناوە. ئێمە لەم بابەتەوە زیاتر ئاگادارین، چونکە دەزانین «لووخی- ئیششان»ی هەشتەمین پادشای ئاوان، ئەگەر کوڕی «کیککوو- سیمێ - تێمتی»ش نەبووبێ، خۆ بۆتە جێنشینی و هیشیپ - ڕاشیر یا هیشێپ - ڕاتێپ کوڕی بووە(٢٢)، بەڵام قەڵەمدارانی

سارگۆن زانیویانە ئاوان هەیە، چونکە لە کلکەی پێرستەکەیاندا ناوی ئەم شارە و شووش تۆمار کراون.

هێندەی پێنەچوو کە پەلامارێک بۆ سەر باڵی خۆرهەڵات دەستی پێکرد و تەنانەت لە هەڵمەتی پێشووش زیاتر سەرکەوتنی بە شوێنیدا هات. سەرلەنوێ سارگۆن لەگەڵ سیدگائوو و کوندووبا کە ئیشاککووی «شیریهووم»یش پاڵیوەپاڵی دابوون تووشی شەڕ بۆوە و لەگەڵ «سانام- شیمووت» و «لووخی- ئیششان» تێکهەڵچۆوە. ڕەنگە لەم دوو کەسە لووخی- ئیششان کوژرابێ، چونکە هەر ماوەیەک دواتر «هیشیپ- ڕاشیر»ی پادشای عیلام، کە ئێمە پێشتر وەک هیشیپ- ڕاتێپ دەیناسین، بە «هیبابری»دا خەرج و باجی نارد بۆ جەنگاوەری ئەکەد. ئەگەر لە ڕووی ڕاستەقینەی دۆزرانەوەی بەردەنووسێکی سارگۆن لە شاری شووش بکەوینە سەر دەربڕینی بیروبۆچوون، دەکرێ بڵێین وادیارە ئەم شارەش کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوای ئەکەد(٢٣).

سارگۆن بەم دەسکەوتەی دەیتوانی لە باکووری عیلام سەرکەوتنی زیاتر وەچنگ بێنێ. نامیلکەیەکی جوغرافیایی کە سەبارەتە بە ئیمپراتۆریی سارگۆن، لیزگەی ناوی کۆمەڵێک لەو مەڵبەندانەی تێدایە کە بە کوتەی قەڵەمدارانی دواتری، توانیبووی بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. لەم نامیلکەیەدا تووشی ناوی «لوبدوو»ی سەرزەمینی «ئەرراپ»ەکان دەبین کە مەڵبەندێکە لە دەورانپشتی شاری «کەرکووک» و هەروەها ناوی «ڕێی زێی گەورە و زێی بچووک» و خاکی «لووللووبیووم» و «گووتیووم»ی تێدا تۆمار کراوە. ئەم ناوچانە کەوتوونە باکووری ڕووباری دیالە و وەکوو دیارە عیلامییەکان شوێنی دەربازبوون لە چیاکانی ئەوانیان بە «یاڵمەن» ناسیوە و وا وێدەچێ ئەم ناوە ئاماژە بێ بە خاکی ئەرمەنستان. جگە لەمانە، ناوی «نیککووم» و «دێر»یش لە باشووری ئەم ڕووبارە هاتوونە ئارا و وەکوو پوختەیەک لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین ناوی مەرهەشی- کە زیاتر بە بەراهشی ناسراوە - لەگەڵ توککریش، عیلام و ئەنشانیش هاتوونە تۆمار کران. ڕەنگە بکرێ بیسەلمێنین کە زۆربەی ئەو جێیانەی وا ناویان کەوتۆتە بەرباس، سارگۆن گرتوونی و مەبەستێکی ڕاستە، بەڵام پێش ئەوەی کە

لوولووبیووم و گووتیووم و توککریش، کە هەموویان وەکوو ئەنشان کەوتوونە نێوپارەی چیای سنووریی زاگرۆس بخەینە سەر ئیمپراتۆریی سارگۆن، پێویستە دەستمان بە بەڵگە و شانیکی زیاتر ڕابگا(٢٤).

هەروەک زۆربەی ئەو ئیمپراتۆرییانەی کە خێرا پەرەیان گرت، ئیمپراتۆریی سارگۆنیش کاتێک یەکەم نیشانەی ڕاپەڕین سەری لێ دە سوێیەنا، لێکهەڵوەشا و خۆشی لە گەرمەی ئەم ڕاپەرینەدا بوو بە قوربانی. تەنانەت شازادەکانی بابل، بۆ وێنە ئیشاککووی کازاللوو، ئاشارید و شا ئیشاککوو و «سوککال»ی گەورە یان «پەیامهێن»، چوونە بەرەی بەرهەڵستبوونەوەی «ڕیمووش»ی جێنشینی؛ بەڵام ئەویش هەروەک سارگۆن سەرکەوتوویەکی مەزن بوو. هەر ئەوەندە بڵێی یەکودوو سەرتاسەری هەرێمی بابلی خستە ژێر ڕکێفی خۆی و پاشان بایدایەوە سەر قۆڵی خۆرهەڵات. وەکوو دیارە لەم باڵە عیلام یان ئاوان خەنیمی سەرەکی بوون بۆ ڕیمووش. لەو جەنگەی پەلامارەدا ئاوان هانای بردە بەر حوکمڕانی ناوچەی «زاهارا» و داوای کرد لە بەراهشی، کە «سیدگائوو»ی شاککاناککووی لە ژێر دەسەڵاتی شا «ئەبەلگاماش»دا بوو، تا بچنە فریای و ئەوانیش بە دەنگییەوە چوون(٢٥). چیانشیانان ئەگەرچی زۆر ئازایانە لە هێزی پەلاماردەر وەدەست هاتن، بەڵام سەرەنجام خۆیان بۆ ڕانەگیرا و شکان. ڕیمووش چاپوگووپی سەرکەوتنی لێ دەدا و کەندەوکۆژەی سەردەم ئەم دەنگ و هەرایەی بۆ دەسەلمێنێ، چونکە ئەو دەسکەوتانەی کە لە گرتنی عیلام و بەراهشیڕا هێنابوونی، لە ناوچەی بابل گڵیان لەسەر هەڵدراوەتەوە و دۆزراونەوە و بریتین لە کۆمەڵێک هەوروهاڵی «نیپپوور»[1] کە وەختی خۆی کرابوونە باربووی «ئێنلیل»[2]و هەروەها چەند دەفر و سەرەگورزێک لە ئوور کە پێشتر نەزری «سین»[3]کرابوون(٢٦).

---

١- نیپپوور (نیپوور)، شاری پیرۆزی سوومێرییەکان لە باشووری دووچۆمان.ح.

٢- ئێنلیل لە ئەفسانەی سوومێری‌دا دەبێتە یەزدانی زەوی و کەش‌وهەوا و تۆفان.ح.

٣- ئوور یان هەمان ئووری کەلدانییەکان لە «تەورات»دا ، بریتییە لە شار و ناوچەی لەمێژینی سوومێر و باشووری بابل. ئەم شارە یەکێکە لە ناوەندە گرینگ و گەورەکانی فەرهەنگی سوومێری و وەک تەورات نووسیویەتی زێدی «ئیبراهیم»ە. ناوی ئەم شارە گەورە کە لە ڕۆژگارانی کۆنی بەرایی‌دا بناغەی داندرابوو، لە سەدەی چوارەمی←

شاری شووش کەوتە دەست جەنگاوەرانی ڕیمووش و کاتێک«مانیشتووسوو» بوو بە جێنشینی، لەم شارەدا عیلامییەک بە ناوی «ئووبا» پەیکەرەی مەزنی بەسایە و سێبەری تازەی خۆی کردە باربووی «نارووتێ»، یەکێک لە یەزدانەکانی خۆجێیی. لە ڕووی کۆمەڵێک مۆری گردەڵەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە ڕاستی‌دا ئووبا ئیشاککووی عیلام بووە(٢٧). ئێمە هیچ شتێکی دیکە سەبارەت بە شایەکانی ئاوان نازانین، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسەکانی مێژووی کەنارای عیلام، «هێلوو» جێی «هیشێپ- ڕاتێپ»ی گرتۆتەوە. ڕەنگە ئەم پادشایە لەشکری گاڵدابێتە سەر ئانشان، شیریهووم و چیاکانی باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی عیلامیش، کە زۆر دواتر ئاشوورییەکان سەرزەویی «پارسووماش»یان لەوێ دۆزییەوە و «چیش‌پیش»[١]یان «تیس‌پێس»ی ئێرانی دەوروبەری ساڵی ٦٧٥ی پ.ز، گەیشتە ئەو شوێنە. بۆیە ئەم بۆچوون و گریمانەیەم خستۆتەڕوو چونکە مانیشتووسوو، قۆشەنچییانی خۆی دابەشین و دەستەیەکی بۆ ئەو قۆڵە بەڕێکردن و شەڕکەرانی پاش سەرکەوتن، شای بەزیویان بردە بابل و نێو کۆڕی ئەو جێژنەی کە لە بەرامبەر «شەمەش»دا[٢]لە سیپپار[٣]گیرابوو. هێزەکەی دیکە بە کەنداوی فارس‌دا تێپەڕی و گەیشتە خاکی ئێران و لەوێ شکستی بە سەر شانی شەڕکەرانی ٣٢ شاردا هێنا. سەرتاسەری ناوچەکە هەتا کانگای کانزا گرانباییەکان

---

پێش‌زایین‌دا، لە ڕووپەڕی مێژوو سڕایەوە و پاشان کەوتە ژێر بارستاییی خیز و خۆڵ و لە یادان چۆوە. (کورتە و پوختەیەک کە لە دایرەتولمەعاریفی فارسی وەرگیراوە. ٢٩٣/١.ح.)

١- چێش‌پێش یان ئێیس‌پێس.و.

٢- شەمەش یەزدانی خۆرە کە بە ڕەسەن یەکێکە لە یەزدانەکانی سامی و لە بابل و ئاشوور دەپەرسترا. ڕۆڵەی «سین»ی یەزدانی مانگ بوو، کە لەگەڵ گەشەی کشتوکاڵ بەرەبەرە بایەخی پتر هەوراز ڕۆیی. وای لێهات کە شەمەش لەگەڵ سین و عەشتەر [ئیشتارنا] (یەزدانی زەوی)، وەکوو سێیانەیەک بوونە پێکهێنەری یەکێک لە چینەکانی یەزدانان. (دایرەتولمەعاریفی فارسی. ١٤٩٥/٢.ح.)

٣- سیپپار یان سیپار دەبێتە شاری لەمێژینەی بابل، لەسەر بەستێنی ڕووباری فورات و ٢٥ کیلۆمیترێک لە بەغداوە دوورە. یەکێکە لە پایتەختەکانی سارگۆن و گەورەناوەندی پەرستنی شەمەش بووە و پەرستگایەکی بەناوبانگی لێ چێ کراوە. (دایرەتولمەعاریفی فارسی. ١٣٩٧/١.ح.)

خاپوور و تالان کرا و ڕێگا بۆ ڕاگواستنی «دییۆریت»[1]و بەرهەمی پڕبایەخی کانگاکانی لێواری کەنداوی فارس لە بەری خاکی ئێرانەوە بەرەو بابل تەخت کرا(٢٨).

ئەوەی ڕاستی بێ خۆ چیانشینان بێبەرخۆدان دەستیان لە ئازادیی خۆیان نەکێشاوەتەوە و واوێدەچێ کە دانیشتووانی ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس لە چیا لێژ و هەڵەمووتەکاندا زۆر بەچڕی لەپێناو ژیان و مانی خۆیاندا چەند جارێک بۆ تێدابردنی دەسەڵاتی بێگانان ڕاپەڕیبوون. یەکێک لەم ڕاپەڕینانە ڕاست لە جەنگەی مردنی «مانیشتووسوو»دا قەوماوە. هەوڵ و خەباتی ئەو جەماوەرە بە مەبەستی سەربادان لە حاند دەسەڵاتی «نارام سین»ی فەرمانڕەوای تازە یان خۆ پاراستن لە یاریدەدانی، شەپۆلی لێکدابڕانی لە خاکی ناوچە نیزیکەکانی پێدەشتاندا بەدی هێنا و «کازاللوو» و «تیمتاب» و «ئاواک» لەو ناوچانە ڕاپەڕین. ئەم ناوچانە چونکە لە ئەکەد نیزیکتر بوون، ڕەنگە بێگرێتر سەریان وەبەر فەرمانی شای تازە هێنابێ، بەڵام زۆر وێدەچێ کە خەباتی خەڵکی باکوور و خۆرهەڵات دژی نارام سین مەترسیدارتر و بێفەڕتر بووبێ. لە نیزیک «ئاڵتوون کۆپروو»ی[2]ئێستا حوکماتۆکەیەک بەناوی «شیموورروووم» کە لەم کاتەدا «پوتتیمادال» شایەتیی لێ دەکرد، چالاکانە دژی ئەکەد کەوتبوویە دوژمنایەتی(٢٩). لە خاکی «نەمەر»ی زاگرۆسی ناوەندی کە دواتر بە «نەمری» ناوبانگی ڕۆیی، «ئاریزن»ی کوڕی «سەدرەمەت» ڕاست لەو سەروبەندەدا ڕایگەیاندبوو کە شای «ئوورکیش» و «نەمەر»ە(٣٠). «ئینبیر»ی شای سەردەم هیچ مەیلی لێ نەبوو کە سەربەستیی خۆی بدۆڕێنێ، بەڵام خەنیمێکی دیکە لە کەسایەتیی «هوشوومکیبی»ی پادشای مەرهەشی یا بەراهشیدا ڕەنگی دابوویەوە(٣١)؛ تەنانەت وێدەچێ «هیتا» کە قەڵەمدارانی عیلامی بە یازدەهەمین پادشای «ئاوان»یان دەزانی، تینی بۆ هێندێک لەو میرانە هێنابێ هەتا لە دوا هەوڵ و هەڵسووڕانی ناهومێدانەیدا بە مەبەستی تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەکەد، بچنە

---

١- چەشنێک بەردەگڕکان.ح.

٢- ئاڵتوون کۆپری، ئاڵتوون کوێرپوو.و.

پاڵی. ئەمانە خۆیان لە ئاست هێز و دەسەڵاتی نارام سین بۆ ڕانەدەگیرا و هەرێمەکانی باکووری بێئەملاوئەولا کەوتنە بەر فەرمانی و تەنانەت «عیلام» و «بەراهشی»ش سەریان وەبەرهێنا(٣٢).

وەکوو دیارە خۆ ئەو پادشایەی کە تازە لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی دابۆوە، هەر کەسێکی کاولکەر نەبوو. شووش کە هەمیشە کەوتبوویە ژێر باندۆری شارستانییەتی بابل، خێرایەکی کەوتە ژێر کارتێکرانی ئەکەد. نارام سین بە خشتی نەخشین و ڕەنگاوڕەنگ چەندین خانووبەرە و تەلاری لەو شارە سازکردن و پەیکەری خۆی و تێکڕای ئەو خەنیمەتانەی لەوێ دانان کە لە «ماگان»ەوە هێنابوونی(٣٣). ئەو یەکێک لە میرانی خۆی بەناوی «ئێنامموونێ»ی کردە حوکمڕانی شووش، هەتا هەمیشە حکوومەتی شارەکەی پێ وەفادار بێ(٣٤).

زمانی پێنووسرانی بەڵگەنامەکانی شووش کە لەم قۆناخەدا هەر تەنیا بە هێنان و نووسینەوەی ناوی کەسەکانەوە ناوەستێ، شوێنپەنجەی هەڵوێست و سیاسەتێکی ئاوا خێرخوایانە سەبارەت بەم هەرێمە بەتەواوی ڕوون دەکاتەوە. زمانی ئەکەدی هەتا ڕادەیەکی بەربڵاو جێیی زمانی عیلامی دەگرێتەوە و تەنانەت زۆربەی ناوەکانیان وەسەر ناوی سامی دەگەڕێن. ئەم بەڵگەنامانە کە گەلێک نامەیان تێدایە و بریتین لە کۆمەڵە پیتێک کە هەرکام بۆ نیشاندانی بڕگەیەک کاریان پێکراوە، لەگەڵ پێرستی بەرگەزرێ و کەلوپەلە فرۆشراوەکان و ئاڵوگۆڕکراوەکان و درانی مووچە و مانگانە ڕیز کراون و ئاوا تیشکەیەکی ڕووناک دەخەنە سەر ڕەوتی بازرگانی لەم سەردەمەدا، چونکە ناوی چەند شارێکی وەکوو «شووروویپاک» و «ئەوال» و هەروەها «ئوومما»ش درکێندراوە کە حوکمڕانەکەی بە ناو ناسراوە(٣٥).

لە ناوچەکانی دیکەی عیلامی گەورەتردا زمان و فەرهەنگی خۆماڵی دەقی نەشکێندرا و وەک خۆی مایەوە. بەڵگەمان بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە پەیمانێکە کە لە نێوان پادشایەکی خۆماڵی و «نارام سین»دا بە زمانی عیلامی نووسراوە کە زۆر وێدەچێ ناوی «هیتا» بووبێ. ئەم پەیمانە بە پاڕانەوە لە کۆمەڵێک یەزدان دەست پێدەکا. ئەو یەزدانە عیلامییانەی کە ناویان هاتووە و لە دەقەکانی داهاتوودا لە

هەمووان ناسراوترن، بریتین لە: پینیکیر، هووبان، هووتران و ناهیتی یا ناخوونتێ، ئینشووشیناک، شیمووت، هووربی، هووتران و نارووودێ یان نارووتێ. «ئامال» و «نینکاراک» و ڕەنگە «نینوورتا»ش تەنیا خودایانی بێگانە بن کە وەک پشتیوان هاواریان لێ کراوە و وێدەچێ تەنانەت ئەمانەش خاوەنی ناوی عیلامی بووبن. دوابەدوای هانا بردن بۆ یەزدانەکان سوێندێکی ئاوا دەست پێدەکا: «دوژمنی نارام سین، دوژمنی منە؛ دۆستی نارام سین دۆستی منـە.» فـەرمـانـڕەوای عیـلامـی بەئاشکرا سەر وەبەر پادشای ئەکەد دێنێ و مەزنایەتیی دەسەلمێنێ(٣٦).

نارام سین دوای شکاندنی پادشاکانی شیمووررووم و نەمەر، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی بە دانیشتووانی باکوور و جەرگەی زاگرۆس ڕاگەیشت. ئەمانە جەماوەری لوولووبیووم و گووتیووم بوون کە سارگۆن بەرلەوی بە هەبوونیانی دەزانی. ئەم خەڵکانە بە کۆمەڵێک زمانی قەفقازی دەدوان کە بە ڕەگەز دەچوونەوە سەر زمانی عیلامی، بەڵام لەگەڵیشی جیاواز بوون(٣٧). لوولووبییەکان کە لە نێو چیادا خاوەنی پێدەشتی بەپیت و ڕێژەوی «شارەزوور» بوون، کەوا لە سەردەمی نوێدا شاری «سولەیمانی» بە سەری ڕادەگەیشت و بەڕێوەی دەبرد، لە تەناهی و هێمنـایـەتـیدا دەژیان(٣٨). پۆلپۆلی چەتە و ڕێگرەکانیان بەبێگرێ دەیانتوانی کۆسپ و تەگەرە باوێنە سەر ڕێی هاتوچۆی ئاسایی لە ڕێوبانی بابلدا کە ئێستاکە شوێنی تێپەڕینی بە بوونی شارەکانی کفری و کەرکووک و ئاڵتوون کۆپروو ڕوون دەبێتەوە. بەسەرهاتێک هەیە سەبارەت بە پادشایەکی لوولووبی بە ناوی «ئیمماشکووش» کە پێش سارگۆن حکوومەتی کردووە(٣٩). ئیمماشکووش، سەردەمی پادشایەتیی «نارام سین» لە دۆڵێکی تەنگەبەردا بەناوی «کێوەڕەش» - کە کەوتۆتە باشووری شارەزوور و ئەمڕۆ پێی دەڵێن «دەربەند گاور»- تووشی شەڕ هاتووە(٤٠). لوولووبییەکان تووشی شکستێکی گەورە بوون و پادشای ئەکەد بۆ یاد و بیرەوەریی ئەم سەرکەوتنە بەردەتاشێکی لە سینەی ڕەوەزێکی ئەم دۆڵە داتاشیوە کە بۆتە نموونەیەک هەتا وێنەی بەردەتاشێکی بەناوبانگتری سەرکەوتنی لە ڕووی هەڵگیرێتەوە (٤١). ئەم هێرشەی نارام سین بۆ سەر گووتییەکان ئاکامێکی تەواو پێچەوانەی لێ کەوتەوە و ئەم کێوییانە کە خێرایەکی

تەواوی خاکی بابلیان تێکوەردا و بۆسۆیان لە خانەدانی فەرمانڕەوای هەستاند و خاشەی دەسەڵاتیان کێشا، تێکوپێکیان هاڕی و بەزاندیان(٤٢).

لە خاکی سەرەکیی عیلامدا نارام سین دەیزانی کە چۆن چاکەی کار و خزمەتی ڕووڕاستانەی سالانێکی درێژخایەن بداتەوە. ئێنامموونێ کە ڕۆژگارێک هەر تەنیا ئیشاککووی عیلام بوو، کرایە شاککاناککووی ئەم نیشتمانە و بەم پێیە مۆرێکی تازەی بۆ خۆی ساز کرد(٤٣). ڕەنگە ئەم پلەی دەسەڵاتە کە ئەو دەسبەرداری بوو، کەوتبێتە دەستی عیلامییەکی شایان و لێوەشاوە بەناوی «پووزوور-ئینشووشیناک»ی کوڕی «شیمبی- ئیشهووک» کە بۆ یەکەم جار لە پلەی ئیشاککووی شووشدا دەردەکەوێ. ئەم شازادەیە کە پێی خۆش بوو هەتا مەزنانی خۆی دڵخۆش بکا، سەرەتا دەقی تەتەڵە و بەردەنووسەکانی خۆی هەر بە زمانی ئەکەدی دەنووسین(٤٤)، بەڵام هێندەی پێنەچوو کە شانبەشانی زمانی ئەکەدی، زمانی بەرلە عیلامیی خۆشی هێنایەوە بەرکار(٤٥). ڕەنگە دوای نەمان یان لەسەر کارلادرانی ئێنامموونێ، ئەویش بووبێتە شاککاناککووی عیلام، بەڵام ئەگەر ئەم پلە تازەیە گەشەی بە دەسەڵاتی دابێ، بێگومان پەرەی بە ڕەوتی چالاکی و هەڵسووڕانەکانیشی داوە، چونکە ئەم فەرمانڕەوایەمان لە جەنگەی پەلهاویشتن و سەرکەوتنی دەرەوەشیدا وەبەرچاو دێ. هیچ دوور نییە کە پووزوور-ئینشووشیناک بە نارام سینی ڕاگەیاندبێ تەنیا سەر بەو کەسانە دادەنەوێنێ کە سەریان لە حاند خواوەندی ئەکەد باداوە. ئەم پادشایە لە دامێنی پەیکەرەیەکدا کە پێشکەشی یەزدانی خۆی کردووە نووسیویەتی چونکە «کیماش» و «هوورتووم» لەگەڵی کەوتوونە شەڕ، لێیان وەدەست هاتووە و بەزاندوونی و «هووپشانا»شی تالان کردووە. لەبەروەی کیماش لە مەودایەکی دووری نێو چیاکانی زاگرۆس کەوتبوویە خاڵێکی بەرەوڕووی کەرکووک(٤٦)، هەروەها ڕەنگە هوورتووم هەر هەمان هوورتوومە بێ کە لە سەرەتاکانی داندرانی بناغەی مێژووی زنجیرەی خانەدانی سێهەمی «ئوور»ەوە چاک ناسراوە، جا بۆیە زۆر وێدەچێ کە نارام سین پیاوێکی بەپارێز بووبێ، چونکە پووزوور- ئینشووشیناک خۆی گەیاندبوویە خاک و ناوچەیەکی کە ئەگەر بە ڕواڵەتیش بووبێ، بە قەڵەمڕەوی ئەو

داندراوە. هەروابێتەوە فەرمانڕەوای عیلام ڕایگەیاندووە کە پتر لە سی شاری دیکەشی گرتووە. ئەگەرچی ئەم شارانە بەبێ ڕەچاوکرانی ڕیزبەندی و شوێنی هەڵکەوتنیان ئەژمێردراون، بەڵام دیسانیش دەتوانین لە ڕووی ناوەکانیانەوە بەشێک زانیاریی دیرۆکی دەرکێشین. هێنانی ناوی «کەششێن» یەکەم ئاماژەیە بە هەرێمێک کە کاسییەکان ناوی خۆیان لەو شوێنە وەرگرتووە. بێگومان «گووتوو» دەچێتەوە سەر ناوی گووتییەکان یان ئەو هەرێمەی کە هێزەکانیان لەوێوە هەڵیانکوتاوەتە سەر بابل. هەرێمی شاخستانیی «شیلوان» لە باڵی ڕۆژهەڵات و لە کلکەی مێژووی کەوناراندا، «سیروان»ی ئێستامان وەبیر دەخاتەوە. سەرزەویی هووهوونووری خێرایەکی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتی زنجیرەی خانەدانی سێهەمی «ئوور»ەوە، بوو بە ناوێکی دیار و ئاشنا و زۆر وێدەچێ کە «موو توورران» هەمان «مێ توورانت»ی ساڵنامەکانی ئاشووری بێ کە شارێک بووە لەسەر لێواری ڕووباری «دیالە»ی ئێستا(٤٧). لە بەشێکی بەجوێدا باسی شای «سیماش» کراوە، کە لە ناوچەیەکی دوورەوە بە مەبەستی یاریدەدران هانای بۆ پووزوور- ئینشووشیناک بردووە(٤٨).

ئەو دەسکەوت و خەنیمەتانەی کە لە شارە خۆبەدەستەوەداوەکانەوە دەگیران، شووشیان بە سەر دەوڵەمەندیدا خست و ئەو پەرستگا تازەیەی کە بۆ ئینشووشیناکیان ساز کرد، ئەم ئاکرۆپۆلیسەی ڕازاندەوە و لێی بوو بە گەوهەرێکی ترووسکەدار. پووزوور- ئینشووشیناک فەرمووی کە چوار مەگی[؟] زێو، کۆمەڵێک درۆشم و نیشانەی زێڕ و زێو، خەنجەرێکی درێژ و تەورێکی گەورە کە هەردک ڕووکاری زێوکفت کرابوو، وەک بەشێک لە پاشەکەوتی نەزرینە باربووی پەرستگا بکرێن. بەپێی ڕێوڕەسمێکی شکۆمەند، پەیکەرێکی تازەی ئیزەدیان بە ڕێی شەتاوێکدا کە لە شاری «سیداری»یەوە دەهات، هێنایە ئێرە. بۆ ڕاگرتنی ڕێزی ئەم ئیزەدە هەموو ڕۆژێک دوو مەڕیان دەکردە قوربانی و هەموو بەریبەیانان و سەری ئەنگۆران چاوەشان دەچوونە بەردەرگای و تێیانهەڵدەکردە گۆرانی. تەواوی ئەم زانیارییانەی ئێمە دەگەڕێنەوە سەر بەردەنووسێکی ئەکەدی کە تێشیدا نووسراوە پووزوور- ئینشووشیناک دادپرسینەوەیەکی ڕاست و دروست و

دادەوانانـەی لـە شـارەکەدا کـردە بـاو(٤٩). کوتەبـەردێک کـە وەک سـەری‌بڕاوی شێرێک دەچێ لە نێو کاول و هەرەسی ئەم پەرستگایەدا دۆزراوەتەوە کە دەقێکی بە زمانی ئەکەدی و زمانی بـەرلە عیلامـی لێ هەڵکەندراوە(٥٠) کە هـەتـا ئێسـتاش نەهێنیـی خـوێنـدرانـەوەی نەدۆزراوەتەوە. بۆ یاد و بیرەوەریی پەرستگای ئێزەدی «شووگوو» کە بە نوێنەری ئینشووشیناک دادەندرا، قووچـەکی وەک کەللەقەندی قوڕینەیان هەڵچنین(٥١)، بەڵام کۆمەڵێک پەیکەرۆکەی مەرمەڕین کە لـە کەرەسـەی نە زێو و مس داڕێژرابوون، کراونە بـاربووی کۆمـەڵێک یـەزدانی ناخۆمـاڵی و ئـەو دەقە ئەکەدییەی کە لەسەر هێندێکیان شـەقڵێندراوە، دەقێکی بەرلـە عیلامـی دەبێتـە تەواوکەریان(٥٢). پووزوور- ئینشووشیناک بە مەبەستی تووککردن لەو کەسانەی کە بینای بیرەوەرییـەکانی بکاولێنن، هانـا دەباتـە بـەر ئینشووشـیناک، نـاریتێ یـان ناروتێ و ناتی کە ئێزەدانی عیلامین و هاوار دەباتە بەر شەمەش، نێرگال، ئیشتار، سین، ئێتلیل، ئێئـا و نینهوورسـەگ کـە هـەموویان ئێزەدانـی بـابلین. تاقمێـک لـەم ئێزەدانەی دوایی ڕەنگە خاوەنی ناسناوی عیلامی بووبن، چونکـە دەقـەکانی بەرلـە عیلامـی دەیـدرکێنن کـە پادشـا هـەوڵی دەدا هـەتا هەسـتی نەتەوایـەتیی جـەماوەری بەرفەرمانی پێشـووی ببووژێنێتـەوە. ئەگـەر ئامـانجی پادشـا ئەمـە بـووبێ، کەوایـە چاوەڕوان مانـەوەی هـەتا زەمـانی مـەرگ و نـەمانی فـەرمانڕەوای بـەناو مـەزنی، کارێکی ئاوەزمەندانە بووە. کاتێک نارام سین جێی خۆی دا بە «شارکەلیشەرری»، فـەرمانڕەوای عـیلام بـە ئینکەبەرایـەتی سـەربەخۆیی ڕاگەیانـد و لەگـەڵ هـەرێمی «زەهـرە» کـە لـە ڕابـردوودا بـە مەبەسـتی یاریـدەدانی عـیلام و بەراهشـی دژی ڕیمـووش هـەنگاوی نـابوو، بـوو بـە هاوپـەیمان و لـە سـەرەتای پادشـایەتیی فەرمانڕەوای تازەی بابلدا، هەڵیکوتایە سەر ئەم خاک و نیشتمانە. قۆشەنچییەکانی تـەنیا وەختایـەک هەس‌درانـەوە کـە چوونـە نێـو ناوچـەی «ئـۆپیس»ی ناوەنـدی ئەکـەد(٥٣). پـووزوور- ئینشووشـیناک کـە بـەم سـەرکەوتنە گیـانێکی تـازەی وەبـەرهاتبوو، لـەڕێوە وەکـوو جێنشـینی «هیتـا» تـاجی پادشـایەتیی ئـاوانی نایـە سـەری، چونکـە بـە سـڵامەتی گەڕانـەوە لـە خـاکی پادشـای ئەکـەد، واتە شـای «چوارقوڕنـەی جیهـان»، نـەدەکرا بـە کـەمتر لـە سـەرکەوتن دابنـدرێ(٥٤). جێی

سەرسوڕمان نییه که لەمەودوا شارکەلیشەرری هەروەک «شای ئەکەد» مایەوە، بەڵام پووزوور- ئینشووشیناک دەڵێ وا هات کە سالێکیان «ئینشووشیناک» بەسەری‌کردمەوە و من کە شای بەهێزی ئاوان بووم، کردمی بە شای چوارقوڕنەی جیهان(٥٥).

لەم سوور و دەورەدا دانیشتووانی جەرگەی زاگرۆس کەوتنە هەژان و جووڵانەوە. له ڕوانگەی چیانشینانەوە، پێدەشتەکانی بابل هەمیشه وەک شوێنێکی زۆر دڵخواز دەهاتنه بەرچاو، هەروەک چۆن دانیشتووانی ناوچەی بابلیش هەر بەو چاوه لە ژینگەی ئەوانیان دەڕوانی. چیانشینان لەو دوورەدەستانەوە دەشتی بەرپێژەویان به دەریای کەیلی کار و بزووتن و هەڵسووڕان دەهاتە بەرچاو، هەر بۆیه به ویستی خۆیان یان بەپێی پێویستیی زەمانە دەسەڵاتیان چاکی پەره ئەستاند یان هۆز و نەتەوەی دیکه له پشت‌سەریانەوە هەڵقوڵین و بەرەوپێشەوەیان پاڵ پێوەنان. ئەوسا لێشاوی هرووژمی بێ‌بەرگێڕەوەیان بەرەو خاک و هەرێمی دەوڵەمەندی بەرەوڕوویان لووزەوی بەست. چیانشینان بۆ ماوەیەک ئەم نیشتمانەیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان، بەڵام وردەوردە سەریان وەبەر شارستانییەتێکی گەشەدارتر هێنا کە ئەم جێ‌ژیانە تازە تووشی کردبوون و نەیانتوانی لە حاند باندۆری تیژ و بەتەوژمی خۆ بگرن و بۆی به چۆکدا هاتن.

خەڵکی لوولووبیوومیش گیرۆدەی چارەنووسێکی ئەوتۆ بوون. ئەوان لە «شارەزوور»ەوە کە ناوەندی نیشتمانەکەیان بوو، بە شانی باشووری خۆرهەڵاتی‌دا ڕوویان کرده حۆلوان [حەلوان] کە بەردەتاشی «ئانووبانی‌نی»ی پادشایان له نیزیک «سەرپێڵی زەهاو»ی ئەم ناوچەیه خۆی دەنوێنێ. دەقی سەر بەردەتاشەکەی ئەم پادشایه به زمان و ڕێنووسی ئەکەدییه. ئانووبانی‌نی وەکوو پادشایەکی خاوەن هێز و دەسەڵات دەڵێ کە پەیکەرەی خۆی و «ئیشتار»ی لە سینەی کێوی «باتیر» داتاشیوه و به نزا و پاڕانەوەیەکی چاکی بابلی هاوار لە ئانوو، ئانتووم، ئێنلیل، نینلیل، ئەدەد، ئیشتار، سین و شەمەش و یەزدانەکانی دیکه دەکا هەتا بەردەتاشی بیرەوەرییەکانی لە چنگ تێداچوون بپارێزن(٥٦). بەپێی گێڕانەوەکان لە ڕۆژگارانی دواتردا دەبێتە هاوشانی پادشایانی گووتیووم و سەرەنجام له شاری «کووسا» لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵ دەداتەوە. بەگوێرەی

ئەفسانەیەک ئەم پادشایە دەبێتە دێوەزمەیەکی سامناک و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر کاریگەریی کێوییەکانی گووتی لەسەر ژیان و مانی خەڵکی بابل(٥٧). لە مەودایەکی نە هێندە دووری بەردەتاشی ئانووبانی‌نی، بەردەنووسێکی «تاردوونی»ی کوڕی «ئیکی» چەقێندراوە کە دەقێکی بە زمانی ئەکەدیی لەسەر هەڵکەندراوە و پەنا دەباتە بەر «شەمەش» و «ئەدەد» و داوای یارمەتییان لێ دەکا(٥٨). تاردوونیش هەر دەبێ بخرێتە ئەو چاخە و ڕەنگە ئەویش یەکێک لە پادشاکانی لوولووبیووم بووبێ.

ڕەنگە گووتییەکانی دانیشتووی باکووری شارەزوور بووبنە هۆکاری ئەم بزووتن و پێشڕەوییە. ئەوانیش بە ئاواتەوە بوون کە دەست بە سەر هەرێمی «دووچۆمان»دا بگرن و زاڵبوونی چەند ساڵی ڕابردوویان بە سەر «نارام سین»دا، دڵگەرمیی پێبەخشیبوون و ورەی وەبەرنابوون. تیرە و تۆرەمەی گووتی بەرەو ناوچەی بابل سەرەولێژ بوون و زەبرێکی لەناکاوی وەک برووسکەیان لە دراوسێی باشوورییان وەشاند، بەڵام بۆ وەدی هێنانی بەرزترین ئاواتی خۆیان لە هەوڵ و هەڵسووڕانی بێباکانە و شێلگیرانەیان شل نەبوونەوە. شارکەلیشەرری ئازایانە تێکۆشا هەتا بەر بەم شەپۆلە بگرێ. یەکێک لە سەرچاوەکان سەرەتای مێژووی دەباتەوە سەر ئەم پەلاماردانەی و یەکێکی تر هەواڵی بە دیلگیرانی «شارلاک»ی پادشایان دەگێڕێتەوە(٥٩)؛ بەڵام بەرەنگاری و شەڕەکانی بێئاکام بوون و خۆشی وەک نێچیرێک وەبەرهات. ماوەیەکی زۆر کەم دوای نەمانی ئەم پادشایە، تەنانەت تارماییی حکوومەتی سەربەخۆ لە شارانیش‌دا نەما و خولێکی وا تاڵ و تووش و هاڵۆز و بێسەرەوبەرە دەستی پێکرد کە کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە و بوو بە قاو و پەندی پساتێ کە «کێ شا بوو؟ کێ شا نەبوو؟»(٦٠).

لەم سەروبەندەدا عیلامییەکان و خانەدانی «ئاوان»ی ئەوان لەسەر شانۆی مێژووی ڕۆژهەڵات ئاوابوون. پووزوور- ئینشووشیناک دوازدەهەمین و دواهەمین پادشای ئاوان بوو، کە بە تێداچوونی لەناکاوی، ئەم هەرێمە بە زۆنگی تاریکایی‌دا ڕۆچوو. واوێدەچێ کە عیلامیش هەروەک بابل نوقمی شەپۆلی لێشاوی گووتییەکان بووبێ.

بەشی ٣

# فەرمانڕەوایانی بابل و پادشایانی سیماش

واوێدەچێ تیرە و تۆرەمە و هۆزەکانی گووتیووم کە وەک خیزوخۆڵ بە سەرتاسەری بابلدا بڵاوبوونەوە و تێکیانوەردا، جەماوەرێکی کێویلە بووبن. نووسەرانی دواتر بە تووڕەیی و قسەی ترش و تاڵ دەکەونە ویژەیان و گۆیا بەگشتی قسەکانیان ناهەق و نابەجێ نییە. دەڵێن ئەوان لەگەڵ یەزدانەکان کەوتوونە سەر باری نەیاری و پادشایەتی و میرایەتیی سوومێریان بردۆتە کێوان و تۆوی شەڕوەنی و دوژمنایەتی و ئاژاوەیان چاندووە(١). لە ڕوانگەی خەڵکی بابلەوە کە لەسەر ڕێوشوێنی یاسا و ڕێکوپێکی ڕاهاتبوون، نەیاندەتوانی تۆماتێکی لەوە گەورەتر باوێنە ئەستۆی جەماوەرێک و بڵێن ئەوان لە بواری ڕاگرتنی پادشایەتییەکی یاسایی و ڕاستیندا بێهێز و داماون. هەروەها دەیانگوت گووتییەکان بەرلەوەی کە بەرەو پێدەشتان داوەرن، نەیانتوانیبوو پادشایەتی دامەزرێنن(٢). دەکرێ ئەم گوتەیە وا لێکبدەینەوە کە«شارکەلیشەرری»ی پادشای گووتییەکان «شارلاک»ی بە دیل گرتووە و دەشێ بە چاوی لێبووردنەوە لەم کردەیان بڕوانین، بەڵام ناتوانین لەم کار و کردارەیان خۆش بین کە هاتن و تەواوی ڕێوشوێنی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی و ئابوورییان تێکوپێک دا کە بەشێکی کەم لە بەڵگەنامە نووسراوەکانی بابلی باسی پێکهاتەکەیان کردووە.

سەبارەت بە فەرمانڕەوایەتیی گووتییەکان لە بابل تەنیا ناوی پادشاکانیان نەبێ کە لە دوو پێرستی بنەماڵەییدا هەن، دەنا هیچ شتێکی دیکەمان لێ ڕوون نییە. ژمارەیەکی کەم لە دەقی بەجێماوی ئەو پادشایانەی کە ناویان لەم بەڵگەنامەدا

نەهاتووە، تەنیا شتێکی زۆر کەموکورتیان سەبارەت بەو کەسانە درکاندووە کە فەرمانی نووسینیان داون. پێرستەکان پێکەوە یەکتر ناخوێننەوە و ئەگەرچی کۆمەڵێک پادشایەتیی کەمخایەن کە دەدرێنە پاڵ چەند پادشایەک، باسی سەردەمێکی یەکجار شێواو و شەڕی ماڵەوماڵ دەکەن، بەڵام ئەم کەسانە هێندە وەک یەک دەچن کە جێی گومانە و دەبنە هۆی وروژانی هەستی بێباوەڕی(٣). بەپێی نووسینی یەکێک لەم دەقانە، پەلاماردەران بۆ ماوەی ١٢٤ ساڵ بە سەر خاک و نیشتمانی بابلدا زاڵ بوون، بەڵام دەقێکی دیکە پێداگرە کە ١٢٥ ساڵ و مانگێک دروستە. لێزانینی سەلمێندراوی ڕیازیزانانی بابل گومان هەڵناگرێ، بەڵام ئەگەر ماوەی هەرکام لەم پادشاییيانە پێکەوە کۆ بکەینەوە، تەنیا سەریان دەگاتە ٩١ ساڵ و ٤٠ ڕۆژ و بەم شێوەیە ٤٠ ساڵ بێسەروشوێن دەمێنێتەوە کە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر نەدراوە. لە ڕووی ئەم ڕاستەقینانەوە دەردەکەوێ کە هەتا ئێستاش زۆر شت سەبارەت بە سەردەمی زاڵبوونی گووتییەکان پەردەی لەسەر هەڵنەدراوەتەوە و تیشکەی دۆزرانەوە نەیئەنگاوتووە.

واوێدەچێ کە کێوییەکان لە کلکەی سەردەمی زاڵ بوونی خۆیاندا کەوتبنە ژێر باندۆری فەرهەنگی خۆڕاگر و سەقامگرتووی بابلی. ڕەنگە ئەو پادشایانەی کە کۆمەڵێک بەردەنووسیان لە پاش بەجێماوە، بەڵام ناویان لە پێرستی پادشایاندا نەهاتووە و قەڵەمدارانی خۆجێیی نەیانووسیون، بکرێ بدرێنە پاڵ ئەم ڕۆژگارە بەرباسە. «لاسیراب»ی پادشای گووتیووم، بە مەبەستی پاراستنی سەرەگورزێک کە دەقێکی ئەکەدیی لەسەر هەڵکەندووە، جگە لە یەزدانی گووتیووم، هانا دەباتە بەر «ئیشتار» و«سین»یش(٤). پاتشایەکی دیکە بە ناوی ئێرریدوپیزیر، کاتێک لە پەرستگای نیپپوور دیارییەکیی پێشکەشی یەزدانی ئێنلیل کرد، سەرناوی «شای چوارقوڕنەی جیهان»یشی خستە سەرشانی خۆی(٥).

ئەگەرچی جێی سەرسوڕمانە، بەڵام چەند شارێکی سەرزەمینی بابل لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداریی بێگاناندا جارێکی دیکە چوونەوە سەر ڕەوتی گەشە و ئاوەدانی و بووژانەوەی خۆیان. واوێدەچێ کە لەم شارانەدا حوکمڕانانی بنەماڵەکانی ڕابردوو، بێپسانەوە هێز و بڕشتی خۆیان پاراستووە، بەڵام

دیسانیش تەواو دانیان بە دەسەڵات و مەزنایەتیی پەلاماردەراندا هێناوە. یەکێک لەم شارانە «ئوومما» بووە کە «لووگالانانادوو»ی حوکمڕانی دەڵێ لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی «سیووم»ی پادشای گووتیوومدا، ماوەی ٣٥ ساڵ فەرعانی و خۆشبژیوی باڵی بە سەر ئەم نیشتمانە کێشابوو(٦). ئیشاککوویەکی دیکەی ئەم شارە بەناوی «ناممااخانی» لە زەمانی پادشایەتیی «ئارلاگان»دا پەرستگای کۆنی «نینوررە»ی نۆژەن کردۆتەوە(٧). هەروەها یەکێک لە قەڵەمدارانی «ئوومما» تەتەڵەیەکی نەزرینەی کردە پێشکەشی «ساراتیگووبیسین»ی پادشای خۆی(٨).

«تیریگان»، یەکێک لە شازادەکانی گووتی کە چەندین شاری ئیمپراتۆریی بە ناوییەوە کرا(٩)، تەنیا چل ڕۆژ پاش ئەوەی کە بوو بە پادشا، کەوتە بەر شەپۆلی ڕق و تووڕەیی و هەڵمەتی یەکێک لە شازادەکانی خۆولاتی(١٠). لەمەودوا سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی گووتیووم بنەی هات. هێندەی پێنەچوو کە خێرایەکی ئەوەندە یەکییەتی و یەکبوونەی وا لە وڵاتدا هەبوو ویشکاوی هات و لە هەرێمەکانی زاگرۆس و عیلام و بابلیشدا کۆمەڵێک دەوڵەتۆکە هەڵتۆقین. ئێمە لە کۆنەوە گوێبیستی ناوی دەستەیەک لەم شازادەنشینانە بووین و لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتیی سارگۆن یان پووزوور- ئینشووشیناکەوە پێیان ئاشنا بووین، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی دیکە تازە دامەزرابوون و ڕووخانی گووتیووم بۆ یەکەم جار هەلی ئازادیی بۆ ڕەخساندبوون.

لە ناوچە دوورەدەستەکانی باکوور، یانی لە نیزیک بنارەکانی زاگرۆس شاری «ئووربیلووم»، کە زیاتر بە «ئاربێلا» ناسراوە، خۆی دەنواند و هەتا ئێستاش بە «ئەربیل»[١]هەر ماوەتەوە(١١). لە باشووری ئاربێلا، شاری «شیمووررووم» لە ئاڵتوون کۆپروو، کەوتبوویە جێبواری سەرەکیی چۆمی «زێ»ی بچووک(١٢). «هارشی» کەوتبوویە باشووری شیمووررووم، کە ڕەنگە هەمان «هوورشیتووم»ی بابلییەکان بێ و ئێستا لە شوێنی وی گوندێک سازکراوە بە ناوی «تووزخورماتلی»[٢](١٣). لە چیاکانی خۆرهەڵاتی کەرکووک، کیماش جارێکی

---

١- هەولێر

٢- مەبەستی «تووزخورماتوو»یە کە ئێستا بۆتە شار.و.

دیکەش ڕاپەڕی. پاشماوە و پاشەواری لوولووبییەکان لە نێوپەڕی زاگرۆس یەکانگیر بوون و پاڵیان بە پاڵی یەکترەوە دا. ناوچەی دراوسێیان کە ناوی «گەنهار» بوو، وای نواند کە دەتوانێ کۆمەڵێک تەنگوچەڵەمە بەدی بێنێ. لە هەرێمی باڵی باشووریتردا، مەرهەشی کە لە زمانی ئەکەدیدا بۆتە بەراهشی، بۆ جارێکی دیکەش کەوتە جووڵانەوە و ڕاپەڕین و لە پێدەشتەکانی خوارووشدا وادیارە کە تەنانەت شووشیش سەربەخۆیی ڕاگەیاندووە. لە باکووری خۆرهەڵاتی عیلام دەوڵەتێکی پشت بە خۆبەستوو لە ئەنشان دامەزرا. لە «سیماش»، ناوچەیەکی کە ڕەنگە هێندەش دوور نەبووبێ و باج و پیتاکی دەنارد بۆ پووزوور-ئینشووشیناک، شا «گیونامێ» بناغەی شانشینێکی تازەی داڕشت(١٤). هەرکام لە پادشاکانی بابل کە دەیهەویست تاکوو یەکییەتی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا بەدی بێنێ، دەبوو ئەم «دەوڵەت- شار»انە پێمل بکا. ئەم کارە پێویستی بە شەڕێکی بەردەوام و گەلێک فێڵوفرتی سیاسی بوو.

فەرمانڕەوای بابل کە گووتییەکانی لێخستن، خۆی سەری وەبەر «ئوور- ماموو» (٢٢٩٠ی پ.ز) هێنا(١٥)، کە سەرزنجیرەی سێهەم خانەدانی «ئوور» بوو. شا «شوولگی»(٢٢٧٢- ٢٢٢٦ی پ.ز) سیاسەتێکی پەرەگرخوازانەی وای دەست پێکرد کە زۆرێک لەو دەوڵەتانەی وا لە سەرەوە باسمان کردن، هەمووی بردنە ژێر ڕکێفی خۆی(١٦). شوولگی لە حەوتەمین ساڵی پادشایەتیی خۆیدا یەزدان «سەتاران»ی گێڕایەوە بۆ پەرستگای شار(١٧). لە ساڵی هەشتەمی حکوومەتیدا «نووموووشدا»ی بردەوە بۆ پەرستگای کازاللوو. هۆی ئەم کارە ڕوون و ئاشکرایە: مەزنایەتیی ئوور لە لایەن شارەکانی هەرێمی بابلەوە وا چاکی قۆڵ لەسەر کێشرابوو کە بێئەوەی مەترسیی هیچ سەرهەڵدان و ڕاپەڕینێک لە ناوچە جیاوازەکان لە گۆڕێدا بێ، هەل و دەرفەتی ئەوە هەبوو کە یەزدانەکانی خۆجێیی بەرنەوە شوێنی پێشووی خۆیان.

ئێستا هەوڵ و تێکۆشانێکی شێلگیرانە بۆ گەشەی ڕۆژهەڵات و باکوور دەستی پێکردبوو. پەلاماردانی مەرهەشی- کە شوولگی لە چاردەهەمین ساڵی پادشایەتیی خۆیدا کچی دابوو بە حوکمڕانەکەی- کارێکی سووک و هاسان بوو. تاڵانکردنی

گەنهار لە بیستودووهەمین ساڵی پادشایەتیی «شوولگی»دا، بوو بە سەرەتای زنجیرەیەک شاڵاوی تاڵانوبڕۆ بۆ سەر خاکی لوولووبییەکان. «شیمووررووم»ی سەر بەستێنی چۆمی «زێ»ی بچووک لە بیستوسێهەمین و بیستوچوارەمین ساڵ و هارشێ لە بیستوپێنجەمین ساڵدا کەوتنە بەر پەلامار.

لەم کاتەدا شوولگی لە خۆی ڕادەدەی کە دەوڵەتەکانی ئەوبەری زنجیرە چیای سنووریی زاگرۆس بەرێتە ژێر ڕکێفی خۆی. ئەم پادشایە لە بیستوهەشتەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتیی خۆیدا، کچێکی دا بە ئیشاککووی ئەنشان کە ڕەنگە ناوی «لیبووم» یان «شالابووم» بووبێ، کارێک کە ڕەنگە نیشانەیەک بێ بۆ دەسنێژبوونی ئەم حوکمڕانە. وڵاتی سیماش کە ئێستا «تازیتتا»ی یەکەم فەرمانڕەوای بوو(١٨)، واوێدەچێ هەروەک خۆی مابێتەوە و ئاڵوگۆڕی تێدا بەدی نەهاتبێ. شوولگی لە جەنگەی گەڕانەوەیدا بۆ باکوور کە دەبوو بە سێهەم ساڵی حکوومەتەکەی، «شیمووررووم»ی تاڵان کرد و بۆ جاری دووهەم و سێهەم، یانی لە بیستونۆیەمین و سیهەمین ساڵی دەسەڵاتیدا، «گەنهار»ی داڕووتاند. لەم هاتوباتەدا، ئەنشان کە ڕەنگە تازیتتای فەرمانڕەوای سیماش بووبێتە پشتیوانی، کەوتە بزووتنەوە و ڕاپەڕین و شوولگی لە سیودووهەمین ساڵی پادشایەتیی خۆیدا بەناچاری سەرهەڵدانی ئەم شارەی داکووژاند. فەرمانڕەوا بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچەیە «شالهوونی»ی بە شاککاناککووی «زابووم» دانا، بەڵام هێندەی پێناچێ کە ئێمە تووشی هەواڵی خاپوورکرانەوەی ئەنشان دەبینەوە، گەرچی گۆیا شەڕ لەگەڵ ئەم شارەدا بە سەرنەکەوتوویی و ناکامی براوەتەوە(١٩).

لە ساڵانی دواتری پادشایەتیی شوولگیدا، هێرش بۆ سەر ناوچەکانی باکووری کە تووشی ئاڵۆزی و نائارامی هاتبوون، چڕتر بوونەوە. جەماوەری ئەم ناوچەیە کە لە مەودایەکی دووری «ئوور»ەوە دەژیان و لە تۆرەمەی دوژمن بوون، نەیاندەویست بچنە ژێر نیری دەسەڵاتی باشوور و بەرەنگاربوونەوەی شێگلیرانەیان لە سەرچاوەکانی دیاریکرانی مێژوودا ڕەنگی داوەتەوە. لە چلەمین ساڵی پادشایەتیدا «شاشەرووم» گیرا و شیمووررووم و لوولووبیووم لە ساڵی

چلودووهەمدا بۆ نۆیەم جار تالآنکرانەوە. سالّی چلوسێهەم، شمیووروووم، لوولووبیووم، گەنهار و ئوورببلووم، زەبری دەستی پادشای سەرکەوتوویان لێوەشا. لە سالّی چلوچوارەمدا هێزەکانی شوولگی خزانە نێو کیماش و هوموورتووم، کە ڕەنگە لە پێشدا ناوی «هورتووم» بووبێ. لە چلوشەشەمین سالّدا کە هەوالّی خاپوورکرانەوەی هارشێ، کیماش و هوموورتووم دەنگ دەداتەوە(٢٠)، شاککاناککوویەک دەنێردرێتە «دێر»، کە بۆ بەرپەرچدانەوەی شالآوی چیانشینانی خۆرهەلآتی بە گرینگترین قەلآی سنووری دادەندرا.

واوێدەچێ کە لە گەرمەی پەلاماردانی خاکی بێگانەکاندا، شووش و پێدەشتەکانی بەتەواوی لە ژێر دەسەلآتی شوولگیدا بووبن. ڕەنگە ئەم شارە لە بیستوهەشتەمین سالّی پادشایەتیی شوولگیدا کە بۆ یەکەم جار گەیشتە ئەنشان، گیرابێ، چونکە لە سیویەکەمین سالّی پادشایەتیی ئەودایە کە ناوی ئیشاککووی شووش بەناوی «ئوورکیووم» دێتە گۆڕ. لەو کاتەوە بەولاوە بەسەرهاتی شووش - کە لە دەقە دۆزراوەکانی خودی شوولگی لەو شارەدا خراوەتە بەرباس- ڕوونتر خۆی دەنوێنێ. شوولگی پەرستگایەکی تازەی ساز کرد بۆ ئینشووشیناکی یەزدانی شارەکە و یادمانێکی نوێی بۆ خاتوونەخوا نینهوورسەگ [نینهوورسینگێ] هەلّچنی، کە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتیی ئاخرین شای ئاوان بە سەر عیلامییەکاندا ناسیبووی. کۆمایەک خشت و کۆمەلّێک پەیکەرۆکەی برۆنزینی کەندەکاریکراو لەگەلّ چەندین تەتەلّەی بەردینی شوولگی، هەزار سالّ دواتر کە شیلهاک- ئینشووشیناک بۆ سازاندنی هەماران دەکاری کردن و پێنسەد سالّ پاش ویش پادشایانی خانەدانی نوێ هەر بۆ هەمان مەبەست کەلکیان لێ وەرگرتن، هەتا ئێستاش لە قەلآی شووش هەر مابوون(٢١)؛ تەنانەت خودی شوولگیش چاوەڕوانی وەها شانازی و سەرکەوتنێک نەبوو. ئەم فەرمانڕەوایە مروارییەکی بە قیمەت گرانی کردە باربووی گەورە یای «نینگال»(٢٢). هەروەها دوو کەس لە پیاوانی بەرفەرمانی لەم شارەدا کە بریتی بوون لە «ئوور- نیگینموو» و «نین- کیسالشوو»، لەپێناو تەمەندرێژیی شوولگیدا، سەرەگورزێکیان پێشکەش بە خاتوونە[خوای] شار کرد(٢٣).

لەمەودوا بڕشتی دەسەڵاتی ئوور، شووش و ناوچەکانی دەوروبەری گرتبۆوە و تەنیا لە چەند شوێنێکی وەکوو ئەنشـان و سـیماش ڕەنگی نـەدابۆوە کـە بەڕاسـتی عیلامی بوون، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە «عیلام» بەتەواوی مانا بوو بە یەکێک لە هەرێمـەکانی ئوور. پۆلپۆلی پیاوانی چەکداری ڕێدار بـە مەبەسـتی پاراسـتنی کاروانـان و نامەبـەرانی میـری و میرهەرێمـەکان و جـاری وایـە پیـاوماقووڵانـی وەکـوو سـوککاللوو یـان نوێنـەرانی تەواودەسـەڵاتی حکوومەتی لـە بابلـەوە بـەرەو پایتەختی میری بەم خاکەدا تێدەپەڕین و لە شارەکانی سەر ڕێیان هەر تۆشەیەکی کە پێویستیان بووبا وەریاندەگرت. گێڕانەوەی ڕەوتی تێپەڕبوونی ئـەوان لەسـەر سـەدان تەتەڵـەی قـوڕینی ئـەو سـەردەمەدا تۆمـار کـراوە و وەبـەرچاو دێ(٢٤). عیلامییەکان کە پێیان خۆش نەبوو هیچکەس پێشاوبڕکەیان بداتەوە، بە شێوەیەکی چالاک کەوتنـە نێو بـوار و بەسـتێنێکی هێنـدێک تـازەی پڕداهـاتی بازرگانییـەوە و سەدان کەس بۆ بەشداربوون لـە کـاروبـاری فرەچەشنی کڕین و فرۆشتندا خۆیان گەیاندە بابل. بۆ وێنە هەر ئەو بەڵگانە باسی ئەو عیلامییانە دەکەن کە لە شووش، ئەنشان، سیماش(شیماش)، هووهوونووری و چەند شارێکی دیکەوە هاتبوون(٢٥). لـەم ڕەوتـەدا «زابـووم» و «ئادامـدوون»یـش چـی وا لـە شـارەکانی دیکـە نەدەمانەوە(٢٦). لە سەردەمی پادشایەتیی شوولگیدا تەنانەت ناوی دوو حوکمڕانی ئادامـدوونی وەبـەرچاو دێن و وێدەچێ ئادامـدوون لـە نـاوێکی عیلامـی بـۆ عـیلام وەرگیرابـێ(٢٧). ئـەم دوو کەسـە بـریتین لـە «ئووبـا» و «ڕیبـا» کـە بـەڕیز لـە چلویەکەمین و چلوچوارەمین ساڵی پادشایەتیی شوولگیدا ناویان هاتووە. ڕەنگە هـەرگیز بۆمـان ڕوون نەبێتـەوە کـە قەڵـەمرەوی دەسـەڵاتی ئـوور لەوبـەری ئـەم پێدەشتەی بەرەوە، هەتا کوێی ئێران پەلی هاویشتووە، بـەڵام دەکرێ تـەواو دڵنیا بین کە بڕشتی دەسەڵاتی لە قووڵایی ئەم خاکەدا زۆر چاکی هەست پێدەکرا.

مردنـی پادشـایەک، هەمیشـە ڕاپەڕینـی هـۆزە سـەربزێوەکانی بـە دوایدا دێ. کارامـەیی و بڕشـتی زۆر و بـەرچاوی دامودەزگـای بەڕێوەبەرایـەتیی شـوولگی کارێکی وای کرد کە ئەم ناوچەیە بەبێ کێشە و هەرا سەر وەبەر «بوور- سین» (٢٢٢٥-٢٢١٧ی پ.ز) بێنـێ، کـە بـوو بـە جێگرەوەی. پادشـای نـوێ سـێ سـاڵی

دەرفەت دا بە کاربەدەستانی شوولگی هەتا لەسەر کارەکانی خۆیان وەمێنن؛ بەڵام لەوی بەولاوە لەسەر کاری لابردن و جێی بەو پیاوانە پڕ کردنەوە کە خۆی هەڵبژاردبوون. لە ساڵی چوارەمی دەسەڵاتی‌دا، ئیشاککوویەکی تازە بەناوی «زاریکووم»، لە ڕێورەسمێکی شکۆمەنددا، کە دە شاهیدی پایەبەرزی تێدا بەشدار بوون، بۆ شووش دیاری کرا(٢٨). لە سەردەمی ئەودا «نارگیدا» پێشتر وەک ئیشاککووی نوێ نێردرابوویە ئادامدوون(٢٩). لە ساڵی چوارەمەوە بەرەودوا «لیبانووگ شەبەش» لە مەرهەشی وەبەرچاو دێ و لە ساڵی شەشەمەوە «بووشام» لە «سیمانووم» خۆی دەنوێنێ. کەسێک بەناوی سامییانەی «شارروم- بانی» لە پێنجەمین ساڵی دەسەڵاتی‌دا لە «ئاواک» بنەی داکوتا و هەتا ساڵی دووهەمی فەرمانڕەوایەتیی «ئیبی- سین»، کە خولێکی شازدە ساڵە لە خۆ دەگرێ، لەسەر دەسەڵاتی ئەو جێیە مایەوە. «ئوور- ئیشکوور»یش لە حەوتەم ساڵی پادشایەتیی «بوور- سین»ەوە هەتا دووهەم ساڵی فەرمانڕەوایەتیی «گیمیل- سین» لەسەر تەختی دەسەڵاتی «هامازی» پاڵی دابۆوە. مانەوەیەکی ئاوا درێژخایەن لەسەر دەسەڵات نیشانەیەکە لەو ئاشتی و ئارامییەیەی کە باڵی بە سەر ئەو خاکەدا کێشاوە.

بەڵام لە ناوچەکانی ناوەندی و باکووریی زاگرۆس کە زنجیرەیەک سەرهەڵدان و سەرکوت تەنگیان پێ هەڵچنیبوو، ئەم ئاشتی و ئارامییە نەیتوانیبوو باڵی بە سەر بکێشێ. بوور- سین لە دووهەم ساڵی دەسەڵاتی‌دا ئووربیلووم و لە ساڵی شەشەمدا شاشرووم و لە ساڵی حەوتەمدا هووهوونووری و «ئیاپرووم»ی تاڵان کرد(٣٠). ڕەنگە پاش ئەم چاوترسێنکرانە سامناکە بووبێ کە هووهوونووری دوای ئەوەی «سیمهوزیا» تەواو بەڵێنێ دا بە خەڵکی شارەکە کە خەیانەتیان پێ نەکا، سەری وەبەرهێنا. لە باڵی باکووریتری ئەم شوێنە، واتە لە ناوچەی خۆرهەڵات و باشووری کەرکووکی ئێستا، «خوونینی» بێپسانەوە وەکوو ئیشاککووی کیماش و شاککاناککووی «مادگا» مایەوە و «ئووگوو» مۆرێکی گردەڵەی پێشکەش کرد(٣١).

لەگەڵ دەسپێکی پادشایەتیی گیمیل- سین (٢٢١٦-٢٢٠٨ی پ.ز)، سەرچاوەکانی ئێمە لە کەمێ دەدەن، بەڵام ناکرێ بڵێین کە ئەم ڕەوتە نیشانەی پێچرانەوەی تۆماری تەمەنی وڵاتە لە ڕۆژگاری پادشایەتیی ئەودا. بێگومان گیمیل- سین لە سێهەم ساڵی دەسەڵاتی‌دا ناچار بوو هەتا هێرش بەرێتە سەر سیمانووم. وادیارە کە «زابشالوو»ی ناوچەی بابل کە هێندەش لە پایتەختەوە دوور نەبووە، ساڵی حەوتەمی فەرمانڕەوایەتیی ئەم پادشایە ڕاپەڕیوە، چونکە ئەم شارەش کەوتۆتە بەر شاڵاوی تاڵانوبڕۆ. ئەوەی ڕاستی بێ لە یەکەم ساڵی پادشایەتیی «گیمیل- سین»دا ناوی ئیشاککووی هووموورتووم بەناوی «هومبامێرسیلی» هاتۆتە ئارا و وادیارە پاش ئەوەی کە ئیشاککووی زابشالوو سەری وەبەر فەرمانی میری هێناوە، پادشا کچێکی خۆی داوەتێیە و بۆی ناردۆتە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی. ئەم ڕووداوانە نیشانەی سەقامگیربوونی یاسا و تەکوزدرانی وڵاتە. لە ساڵی دووهەمی پادشایەتی‌دا بۆمان دەردەکەوێ کە کیژی پادشا کۆمەڵێک کەلوپەلی لەگەڵ خۆی بردوون بۆ ئەنشان کە بێگومان بەشێک بوون لە گیازی زەماوەندی(٣٢)؛ پاش ئەوە هێرش کراوەتە سەر ئەنشان. ئێمە لە ڕووی سەرچاوەیەکی دیکەوە ئەم مەبەستمان لا ڕوون دەبێتەوە کە بریتییە لە بەردەنووسە بەناوبانگەکانی «گوودێئا»ی ئیشاککووی لاگاش، کە ڕەنگە لە هەشتەمین ساڵی پادشایەتیی «بوور- سین»ەوە، لانیکەم هەتا شەشەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتیی «گیمیل- سین» حکوومەتی کردبێ. سەیر ئەوەیە کە گوودێئا هیچکەس بە مەزن و میری خۆی نازانێ. لە بەڵگەنامەیەکدا کە باسی تاقە شەڕەکەی دەکا و ئەویش گرتنی ئەنشانە لە عیلام، ئاماژەی ئەوەی تێدا نییە کە ناوبراو لە ڕکێفی «گیمیل- سین»دا چووبێتە شەڕەکە(٣٣). بەپێی بەڵگەنامەکە لە کاری نۆژەنکردنەوەی پەرستگای یەزدانەکەی‌دا عیلامییەکان لە عیلامەوە و شووشییەکان لە شووشەوە چوونە یاریدەی(٣٤). بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامە ڕوونەی کەوا کەوتۆتە بەردەستمان، وادیارە کە لە ڕۆژگاری گوودێئا و «گیمیل- سین»دا، بەرزاییەکانی عیلام و پێدەشتی شووش وێکڕا کەوتوونە ژێر دەسەڵاتی بابل. بەڵگەیەکی دیکە لە ڕووی ناوی ئەو شارانەوە وەدەست

دێ کە هەموویان بەرفەرمانی بابل بوون. لە حەوتەم ساڵدا فەرمانڕەوایەتیی «شووڵگی- ئەدموو» لە شارێکی عیلامدا بەرەسمی ناسرا(٣٥)؛ بەڵام لە خودی شووش ساڵێک یان دوو ساڵ دواتر «بێلیاریک» بوو بە جێگرەوەی زاریکووم. گیمیل- سین بە شێوەیەکی ئاوەزمەندانە فەرمووی هەتا پەرستگای «نینهوورسەگ»ی سەر قوتکەی قەڵاتی شووش نۆژەن بکەنەوە و خشتەکانی خۆی یادگارێکی ئەم نۆژەنکرانەوەیەن(٣٦).

بانووەکانی باکووری عیلام لەو ناوچەیەدا کە شووڵگی لەپێناویاندا ئازایانە شەڕی کرد، ئەوانیش پێمل و بەرفەرمانی مەزنی تازەی ئوور بوون. گوودێئا، جارێکی دیکە، بێئەوەی باسی میری باڵادەستی بکا، دەکەوێتە گێڕانەوەی ڕوودانی شەڕەکانی لە کیماش کە مسی لە کانگاکانی هەڵدەگرت و «مادگا»ی باشووری کیماشیش بەردەگەچی پێویستی بۆ دابین دەکرد(٣٧). هێنانەگۆڕی باسی بەردی لاژوەرد هەستی تامەزرۆییمان دەبزوێنێ، چونکە لە ڕۆژگاری کەوناراشدا ئەم بەردە قیمەتگرانە، وەکوو ئەمڕۆ دەبوو لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بۆی بگەڕێی؛ جا کەوایە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی گوودێئادا ناکرێ پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ بانووی ئێران هەڵبڕابن.

ڕەنگە چونکە گیمیل- سین بەڕاشکاوی لە پرسی لێکهەڵوەشانی ئیمپراتۆری تۆقیبوو، تیرەی زیاتر لەو ناوچانە توند کرد کە پتر کەوتبوونە بەر گومانی بێوەفایی و زۆرتر کۆسپ و تەگەرەیان دەنایەوە و لە ژێر فەرمانی تاقە کەسێکدا بوون. ئەم کەسە ناوی «واراد- نانار»ە و ئەگەرچی فرەبوونی سەرناوەکانی هەر تەنیا بریتین لە کۆمەڵێک ناو، بەڵام دیسانیش جێی بایەخێکی زۆرن. ئەو تەنیا ئیشاککوو یان میرهەرێمی چەند ناوچەیەک بوو کە بریتی بوون لە: لاگاش (بێگومان پاش بزربوونی گوودێئا)، زابووم، خاکی گووتێبووم، شاری گیمیل- سینی ئاسمانی، هامازی و گەنهار. ئەم فەرمانڕەوایە بۆ شوێنەکانی دیکە بە شاککاناککوو دادەندرا کە بریتی بوون لە: «ئووزارگارشانا، باشیمێ، تیمات - ئێنلیل، ئووربیللووم، ئیشار و هۆزەکانی سوو(بارتوو) لەگەڵ خاکی کاردا(٣٨).»

ئـەوەی ڕاسـتی بێ نـە گیمیل- سـین و نـە حـوکمڕانی بەرفـەرمانی نـەیانتوانی عیلام و ئەنشان بگرن و بیانبەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە سیماش هاوکات لەگەڵ خانەدانی ئوور درێژەی بە گەشە و نەشەی خۆی دا. لەم نیشـتمانەدا دوابـەدوای «گیرنـاممێ» و «تازیتتـا»ی یەکـەم، ئێبـارتی و تازیتتـای دووهەم بوونە پادشا. « ئێنبی - لووخان»ی حوکمڕانی دواتر، هاوچەرخی ئاخرین پادشای ئوور واتە «ئیبی- سین» بوو(٣٩).

واوێدەچێ کە ئەم پادشا بەختەوەرگەڕاوە (٢٢٠٧ی پ.ز)، لـە هەلومـەرجێکی ئارامدا لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی داوەتەوە، بـەڵام ئـەو کەسـەی لـەو زەمـانیدا زیندوو بووبێ، نەیتوانیوە باوەڕ بکا کە دەسەڵاتی ئوور هـەروا زاڵ و بەردەوامـە. ئوور هـەتا ماوەیـەک سێبەری دەسـەڵاتی ڕابردووی پاراسـت و خـاپوورکردنی لە لایەن شـیمووررووومەوە سـاڵێکی پـێ نـاودێر کـرا. هــەروەها لــە بەڵگەنامــە بازرگانییـەکانی دووهـەم سـاڵی دەسـەڵاتیدا نـاوی ئیشـاککووی ئـاواک بـەناوی «شـاررووم- بـانی» وەبـەرچاو دێ و جگـە لەمـەش چەنـد بەڵگەنامەیـەکی دیکـەی بازرگانی لە شووش دۆزراونەوە کە سەبارەتن بـە دووهـەمین و سێهەمین سـاڵی پادشایەتی(٤٠). بەپێی ئەم بەڵگەنامانە عیلام هەتا ماوەیەک بە وەفاداری ماوەتەوە، بەڵام دواتر ڕاپەڕین و پەلامار دەستی پێکردووە. ئوور بۆیـە تووشـی چارەڕەشـی هـاتبوو، چونکـە لـەو کاتـەدا کـە دوو حکوومـەتی گـەنج و بـەهێزی «مـاری» و «سـیماش» لـە دوو باڵـەوە هێرشـیان کـردە سـەری، پادشـایەکی دەستەوسـتان فەرمانڕەوای بوو.

ئێنبی- لووخان لە سیماشەوە بـەرەو بنارەکـانی عـیلام ڕێگـای کوتـا و گەیشـتە شووش. ئێبی- سین هـەروەک پادشـایەکی ڕاسـتین شـانی لـە بەرەنگاربوونـەوەی دوژمن شل کرد و بە گژیداچۆوە و شکاندی. ناوبراو پاش ئەم سەرکەوتنە خۆی هەڵکێشا و بای دە بن باڵانی کرد و گوتی لە ڕۆژێکدا وڵاتـی ئـاواک و شـارەکانی ئادامـدوون و شووشـی بەزانـدوون و ئێنبـی- لووخـان یـان وەک خـۆی گوتـەنی «ئێنبـی- لووئـا»ی بـە دیـل گرتـووە(٤١). بـەڵام تێنـەهێنان و وەبەرچاونـەگرتنی «سیماش»یش کارێکی نەگونجاو بوو. پادشای دواتری وێ بـەناوی «کینداتتوو»

جارێکی دیکە شووشی گرتەوە و حکوومەتێکی سەرەڕۆی زاڵمانەی دامەزراند. ناوبراو تەگبیرێکی شارەزایانەی ڕەچاو کرد و لە پێشپێشدا هات و قوربانیی پێشکەشی یەزدانی خۆجێیی کرد و قەڵەمدارانی ڕۆژگارانی دواتر دەڵێن کە ئەو فەرمانڕەوایە لەبەر پیاوچاکی و بەدینی پەرستگای ئینشووشیناکی نۆژەن کردۆتەوە(٤٢). لە گەرمەی ئەم هەنگاوانەیدا توانی ئەو ناوچە و مەڵبەندانە بەلای خۆیدا ڕاکێشێ کە لە ڕابردوودا کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئوور؛ بەڵام هووهوونووری سەری وەبەر فەرمانی ئیبی- سین نەهێنا کە خۆی بە مەزنی وێندەرێش دەزانی. بە بۆچوونی ئەم فەرمانڕەوایە هووهوونووری «کلیلی گیرانی عیلام» بوو، بەڵام دەقێکی دیکە بە «کلیلی گرتنی خاکی ئەنشان»ی دەزانێ. وەکوو دیارە کینداتتووی پادشای سیماش کە ئەودەم دەسەڵاتی بە سەر ئەنشان و عیلامدا شکابۆوە، کارێکی وای کرد هەتا ئیبی- سین تێچووی سەرکەوتنی قورس لەسەر شانی بکەوێ(٤٣).

زنجیرەی سێهەمی شاهانی ئوور ئێستا بەئاشکرا چووبوویە نێو قاپێلکی خۆیەوە؛ بەڵام پیاوێکی ماریایی بەناوی «ئیشبی- ئیررا» لە باکووری خۆرهەڵاتەوە هەڵیکوتایە سەر نیپپوور و ئەسپی بەرەو کازاللوو ئاژاوت و ئیشاککووی ئەو شوێنە بە شڵەژاوی هاواری بۆ مەزنی خۆی برد و داوای یارمەتیی لێ کرد. ئیبی- سین بە تووڕەیی وڵامی داوە کە هیچکەس هەقی نییە بترسێ؛ وەکوو پادشایەک لە لایەن ئێنلیل و عیلامییەکانەوە کە ئێستا بەرەو ئوور دەخوشین، یاریدە دەدرێ؛ بەم پێیە هیچ گومانی تێدا نەبوو کە ئیشبی- ئیررا دەبەزێنێ(٤٤). ئەمە بڕوایەک بوو کوێرانە و لە داوی دیلیدا دەرفەتی هەبوو هەتا لە قسەکانی پێشووی پەژیوان بێتەوە. خەڵکی عیلام یان ئەنشان و سیماش خۆیان گەیاندە بابل، بەڵام نەک بۆ یاریدەدان، بەڵکوو بۆ ڕاووڕووت و تاڵان. بەم شێوەیە «ئیبی- سین»ی دوایین پادشای «ئوور»یان وێڕای «نانناڕ»ی خواوەندی بردە بۆ ئەنشان(٢١٨٣ی پ.ز)،(٤٥).

لێمان ڕوون نییە کە کینداتتوو لەم سەرکەوتنەیدا چ دەسکەوت و خەنیمەتێکی وەچنگ هێناوە و ئەوەندەی هەیە ڕەنگە هێندێکی مردەماڵ وەگیر کەوتبێ، چونکە هیچ شوێنێکی ئەو ناوچە لماوییانەی نەخستە سەر قەڵەمڕەوی خۆی. وەکوو

ئاشکرایە ناوی وی هێندە خێرا لە یادی داهاتووانددا شۆڕایەوە کە شانازیی سەرکەوتنەکەیان وەدرۆ خستەوە و خاپووراندنی «ئوور»یان بە ئەستۆی کەسێکی دیکەدا هێنا. خانەدانی ئەم فەرمانڕەوایە لە عیلام و سیماش هەروا لەسەر دەسەڵات مانەوە، بەڵام ئەمانەش هەم بە باری فەرهەنگی و هەم بە باری دارایی‌دا زۆر کەوتبوونە دوای بابل؛ هەر بۆیە لە ڕایەڵوپۆی تەندراوی پڕ خوارەکەوپێچەکەی کاروباری هەرێمی دووچۆماندا، زۆر کەم باسیان دەکرێ.

بە مەرگ و نەمانی ئیبی- سین، دەوڵەت- شارە بچکۆلانەکانی بابل، چوونەوە سەر دۆخی سەربەخۆیی پێشوویان کە دەوڵەتی ئوور لێی تێکدابوون و هەمووی وێکخستبوون. لە «هوورشیتووم» واتە «تووزخورماتلی»ی[1]ئێستا، شانشینێکی بچووک دامەزرا. «پوهیا»ی کوڕی «ئاسیرووم»، پادشای ئەم نیشتمانە، بەو خشتانە کۆشکێکی بۆ خۆی سازکرد کە بە زمانی ئەکەدی دەقیان لەسەر شەقڵاندبوون(٤٦). لە گەنهار، «ماسیام - ئیشتار» مۆرێکی گرۆڤەری پێشکەش کرد بە «کیساری»ی پادشای خۆی(٤٧). لە شاری دێر پادشایەک کە ناوی لە یادان چۆتەوە بە هەڵکەندنی بەردەنووسێکی سوومێری یادی سازکرانی پەرستگایەک و نۆژەنکرانەوەی شاری خۆشەویستی خۆی بەرز ڕاگرتووە(٤٨)؛ بەڵام گرینگتر لەمانە دوو شانشینی «ئیسین» و «لارسا» بوون کە یەکەمیان «ئیشبی- ئیررا»ی خەڵکی ماری و ئەوی دیکەیان «ناپلاتووم» بناغەی دانا.

گیمیل- ئیلیشوو، جێنشین و سەرزنجیرەی خانەدانی ئیسین، حکوومەتی بە سەر «ئوور»یش‌دا دەکرد. ئەم فەرمانڕەوایە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە «نانار»ی یەزدانی ئووری لە ئەنشانەوە هێناوەتەوە(٤٩). ناوبراو ناڵێ کە داخوا ئەم کارەی بە هێزی لەشکر ڕاپەڕاندووە یان بە تەگبیر و سیاسەت مشووری لێ خواردووە؛ بەڵام ئێمە وای بۆ دەچین کە ڕێگای دووهەمی وەبەرچاو گرتبێ؛ چونکە کینداتتوو وەکوو پادشای سیماش، خۆی دابوو بەدەست «ئیدادوو»ی یەکەمەوە و ئێمە لە ڕووی دەقەکانییەوە دەیناسینەوە، کە بەناوی «ئیدادوو- ئینشووشیناک»، دەردەکەوێ و وەک پیاوێکی جاروبارە گرینگ ناوی هاتووە. ئەو خۆی دەیگوت کە

---

١- تووزخورماتوو یان دووزخورماتوو.و.

کوڕی «بێبی»یە، کە لە جێی دیکە نەناسراوە؛ بەڵام قەڵەمدارانی شیلهاک-ئینشووشیناک لە سەدەی دوازدەهەمی پێشزاییندا کە دەکەونە نووسینەوەی چەندین پێرستی پادشاکانی ڕابردوو(٥٠)، باسی کەسێکیش دەکەن بەناوی «ئیداددوو» کە بە نەوەی «هووتران- تێپتی»یان داناوە(٥١). ڕەنگە ئەم ڕستەیە ئاوێنەی یەکێک لە ڕووداوەکانی ڕۆژگاری ئەو بێ کە ئاوا دەخوێندرێتەوە:«ئەو ساڵەی کە پەیکەرەی برۆنزینی هووتران- تێپتی سازکرا،»(٥٢).

لە پرسی «ئیداددوو»دا تووشی یەکەمین شێواز دەبین کە زۆرجاران لە ئاڵوگۆڕەکانی حکوومەتی عیلامی قۆناخەکانی دواییدا خۆی نواند، یانی پێهەڵاچوونی وردەوردە لە پلەیەکی یەکجار بەرەژێرەوە بۆ جێگە و پێگەیەکی زۆر گرینگ کە پتر پلەی پادشایەتی بوو. بەرناوی پایەبەرزان لەم سەردەمەدا هەر ئەوانە بوون کە مەزنترین پیاوماقووڵانی عیلام لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی زنجیرەی سێهەمی ئوور خاوەنی بوون، ئەگەرچی ئەم بەرناوانە دەگەڕانەوە سەر سەرچاوەی بابلی، بەڵام ڕەنگدانەوەیان لە عیلامدا بە هیچ شێوەیەک بە واتای شکانەوەی دەسەڵات نەبوو بە سەر دانیشتووانی پێدەشتاندا.

زۆر وێدەچێ کە ئیداددوو- ئینشووشیناک قۆناخی کار و هەڵسووڕانی خۆی لە پلەی ئیشاککووی شووشەوە دەستپێکردبێ. دواتر هەم ئیشاککووی شووش و هەم شاککاناککووی خاکی عیلام بوو. ئەم فەرمانڕەوایە لە بەردەنووسێکی ئەکەدیدا دەڵێ شوورەی بە دەوری شاری شووشدا کێشاوە و کەوتۆتە ڕازاندنەوەی «کیزرا» و «هووببوو» و چەند جێگایەکی دیکەی شووش و لە لای سەرووی جەرگەقەڵای شارەکە پەرستگای ساز کردووە و تەشتێک قسڵاوی بە بۆنەی یادی ئینشووشیناکەوە لەوێ پاشەکەوت کردووە. ئەم پادشایە بۆ تووک و نزا لەو کەسانەی کە ڕەنگە بوێرن خۆیان لە کاولاندنی سازکراوەکانی خۆش بکەن، پەنای بردۆتە بەر ئینشووشیناک، شەمەش، ئینانا (یان ئیشتار) لەگەڵ سین(٥٣). بێگومان ئەم دەقە لە زەمانێکدا نووسراوە کە هێشتا کینداتتوو لەسەر تەختی پادشایەتی پاڵی داوەتەوە. پاش ئەم قۆناخەیە کە ئیداددوو- ئینشووشیناک، وەک ئیداددووی یەکەم و شای سیماش یان وەک خۆی دەڵێ شای سیماش و عیلام،

جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە(٥٤). ئێمە بەڕاستی هەقمان بەدەستە کە گومان بەرینە بەر شکانی پیاوێکی ئاوا کارامە بەدەستی «ئیلیشوو»ی پادشای ئیسین.

«تان- ڕووخووڕاتیر»ی کوڕی ئیداددووش لە سەرەتادا بوو بە ئیشاککووی شووش و بە زەماوەندی لەگەڵ «مێکووبی»ی کچی «بیلالاما»ی ئیشاککووی «ئێشنوننا»، لەڕێوە پێی نایە بازنەی ژیان و فرتوفێڵەکانی بابل. مێکووبی بە مەبەستی پاراستنی سلامەتی و بێبەڵابوونی خۆی، لە ماڵە تازەکەیدا پەرستگایەکی بۆ ئینانای خاتوونەخوای قەڵاتی شووش دروست کرد(٥٥). سەرەنجام تان- ڕووخووڕاتیر بوو بە هەشتەمین پادشای سیماش (دەوروبەری ٢١٤٥-٢١٢٥ی پ.ز)؛ بەڵام خشتەکانی شیلهاک- ئینشووشیناک، لە هەزار ساڵ دواتردا، نیشانەی ئەوەن کە ئەو هەروا دڵبەستەی پەرستگای ئینشووشیناک بووە لە شووش و لای نەداوە(٥٦).

«ئێبارتی»ی دووهەم (٢١٢٥-٢١١٥ی پ.ز)، نۆهەمین پادشای سیماش بوو کە ڕەنگە ئەویش بە برینی پلەکانی بەرەژێر تێهەڵچووبێ و بووبێتە پادشا، بەڵام بەپێی دەقی تەتەڵەکانی شووش تەنیا سەرەتای مێژووی دەستبەکاربوونی دیارە و کاتێک گەیشتۆتە باڵاترین پلە لە نیشتمانی خۆیدا فەرموویەتی بەو ساڵە بڵێن: «ئەو ساڵەی کە ئێبارتی تێیدا بوو بە شا»(٥٧). ئیداددووی دووهەم (دەوروبەری ٢١١٥-٢٠٨٣ی پ.ز)، کوڕی تان- ڕووخووڕاتیر، بەختی باشتری هێنابوو. ئەویش ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی بە پلەی ئیشاککوویی لە شووشەوە دەستپێکرد و وێڕای هەڵسووڕان لەم پلەیەدا، زۆر شێلگیرانە تێکۆشا هەتا هاودەنگیی یەزدانی خۆجێیی وەدەست بێنێ. خشتەکانی وی یادگاری سازکردنی «ئووروو‌ئاننا»ی ئاکرۆپۆلیسی شووشن(٥٨). کۆمەڵێک خشتەی دیکە کە بە زمانی ئەکەدی و سوومێری دەقیان لەسەر شەقڵێندراوە دەڵێن کە ئەو بۆ ڕێزگرتن لە ئینشووشیناک دیوارەکانی پەرستگای بە خشتی تازە نۆژەن کردەوە(٥٩).«ئیشمێنی»ی قەڵەمداری و «پوودوودوو»ی خزمەتکاری، لەو کاتەدا کە ئەو هێشتا ئیشاککووی شووش بوو، مۆرە تایبەتەکانی خۆیان وەکوو دیاری دایە خزمەتی؛ بەڵام ئەویش وەکوو پادشاکانی زنجیرەی سێهەمی ئوور مۆری میرانەی خۆی ئەسپاردە دەست

«کووک- شیمووت»ی دادوەری(٦٠). سەرەنجام ئەویش بوو بە پادشای سیماش و دەهەمین پادشای ئەم خانەدانە و وەکوو پادشای پێش خۆی سەرەتایەکی بۆ مێژووی دەسەڵاتی دیاری کرد. ساڵێک لە ڕووی خاپوورکرانی «زیدانوو» مێژووی بۆ داندراوە و ئەوی دواتر باسی کاولاندنی «شیندلیببوو»ی تێدا کراوە و سێهەم ساڵ هەواڵی دروستکرانی پەرستگایەک بۆ «ئینانا» لە «ئووروونانا» ڕەنگی تێدا داوەتەوە(٦١). بە وەبەرچاوگرتنی تەواوی ئەمانە، ئەو پادشایەکی یەکجار بەهێز بوو کە سەرکەوتنێکی زۆریشی بەدەستەوە هاتبوو.

لەم ڕۆژگارەدا میرێکی خاوەندەسەڵات لەسەر تەختی یەکێک لە کۆمەڵە شانشینەکانی ناوچەی بابل پاڵی دابۆوە. سەدەیەک پاش ڕووخانی حکوومەتی ئوور، وڵاتی دەسەڵاتدار لەم ناوچەیەدا شانشینی ئیسین بوو. لە ماوەی ئەم دەور و خولەدا پادشاکانی لارسا لەوپەڕی سەربەخۆیی خۆماڵیدا دەژیان و ڕەنگە جاروبارێک سەریان وەبەر فەرمانێکی ئیسین هێنابێ. «گوونگوونووم»ی پێنجەم پادشای لارسا ئەوەندە بەهێز بوو کە بەپارسەنگەوە لەگەڵ بارودۆخەکە دەجووڵایەوە. گوونگوونووم پاش ئەوەی کە بوو بە پادشا (٢٠٨٧ی پ.ز)، لەڕێوە بە مەبەستی پەرەپێدانی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ڕووی کردە باڵی باکووری ڕۆژهەڵات. لەم ناوچەیەدا شارێک هەتا ئێستاش لە ژێر دەسەڵاتی پادشای خۆیدا هەروا سەربەخۆ بوو. پادشای ئەم شارە کە ئێستا «ئانووموتابیل» بوو، بە ناردنی کەیخودایەک بۆ «ئێشنوونا» و لێخستنی خادانی «کیریکیری» و «بیلالاما»، خۆی هەنگاوی پەرەگرخوازانەی هاویشتبوو(٦٢). گوونگوونووم هەر خێرایەکی ئانوومووتابیلی بەرەو پلەی شاککاناککوویی داگێڕا و چەکدارەکانیشی لەگەڵ ئەو قۆشەنچییانە تێکەڵ کرد کە خۆی لە لارساوە هێنابوونی. ئەم پادشایە لە سێهەم ساڵی دەسەڵاتیدا بە مەبەستی کاولاندنی شاری «باشیموو» ڕۆچوویە نێو جەرگی چیاکانی خۆرهەڵاتی(٦٣). ئەم هەڵمەتە یەکڕاست بۆ سەر ئیداددووی دووهەم و پادشایەتیی سیماش بوو.

ئێمە هیچ شتێک سەبارەت بە هۆی هەڵگیرسانی ئەم شەڕەوە نازانین. ڕەنگە ئیداددوو زەمانێکی پەلاماری بابلی دابووبێ و گوونگوونووم ویستبێتی ئاوا تۆڵەی لێ بکاتەوە. هۆی هەڵگیرسانی ئەم شەڕە هەرچی بووبێ، ئەوەندە ئاشکرایە کە ئەو

دەمەی پادشایەتیی سیماش لەوپەڕی دەسەڵاتیدا بوو، هەڵگیرسانی شەڕەکە ئاکامی تاڵ و ناخۆشی بۆ عیلام بە شوێندا هات. پێنجەمین ساڵی پادشایەتیی گوونگوونووم بە داگیرکردنی ئەنشان دیاری دەکرێ. ئانوومووتابیلی پادشای دێر و بەرفەرمانی گوونگوونووم لە بەردەنووسێکی ئەکەدیدا دەگێڕێتەوە ئەم شاککاناککوویە چلۆن سەری خەڵکی ئەنشان و عیلام و سیماشی پەڕاندووە و بە چ شێوەیەک «بەراهشی»ی تێکومەکان داوە(٦٤). خودی ئیدادووی شای سیماش لەناکاو بزر دەبێ.

تەواوی ئەمانە هێند خێرا قەوماون کە لە ڕۆژگارانی دواتردا، زۆرێک لە قەڵەمدارانی عیلام سەریان لێیان سوڕماوە و تووشی سەرلێشێواوی بوون. ئەو قەڵەمدارانە بەبێگرێ ناوی دوو پادشایان بەدەستەوە داوە، کە لایان وابووە پاش ئیدادووی دووهەم بوونە پادشا. ئەم دووانە بریتین لە: ١- ئیدادوو- ناپیر(ئیدادوو خوایە). ٢- ئیدادوو- تێمتی (ئیدادوو مەزنە)؛ بەڵام لێرەدا شێوازی مێژوویی پێویستی بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەترە. لە ڕووی ئەم ناوانەوە تەواو ڕوون دەبێتەوە کە هەموویان بەدرۆ سازکراون و بەپێی بۆچوونێکی پەرەگرتوو کە تەنانەت لە عیلامیشدا باو بووە و پادشایان گەیاندۆتە پلەی خودایەتی، داڕێژراون(٦٥). جگە لەمە، دەڵێی بۆ سەلماندنی درۆی هەمان قەڵەمدارانی عیلامی- کە لەپێناو هەستی نیشتماندۆستانەیاندا بە ئاوەژووکردنەوەی مێژوو- دەیانویست وای بنوێنن کە خانەدانی پادشایەتی هەروا درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان دەدەن، تەتەڵەیەک لە شووش دۆزراوەتەوە کە شازدەهەمین ساڵی پادشایەتیی گوونگوونوومی لەسەر تۆمار کراوە(٦٦). ڕوون و ئاشکرایە لەوە زیاتری قسە لێ ناکرێ کە گوونگوونووم، ئیدادووی فەرمانڕەوای لارسای لە شەڕدا بەزاندووە و کوشتوویەتی و ئەو پێدەشتەی کە شاری شووشی لێ بووە خستوویەتە سەر خاکی ئیمپراتۆریی خۆی. بەم شێوەیە پادشایەتیی عیلام خێرایەکی لێکهەڵوەشا و خانەدانی سیماش لێکەوت و بەشێک لە عیلام کەوتە ژێر دەسەڵاتی بێگانەوە.

بەشی ٤

## پێغەمبەرانی عیلام و سیماش و شووش

لـە جەنگـەی تێکۆشـاندا بـە مەبەسـتی تێکخسـتنەوەی ڕەوتـی ڕووداوەکـانی مێژووی سەردەمی دوور و لەمێژینی ئێران و عیلام، قەومانی کارەساتێک لە ژیانی پادشایەکی پەڕاوێزخراوی شارێکی هەرێمی بابلدا، ئێمەی لەگەڵ ئەم خاکە کردۆتە ئاشنا. لێرەوە بۆمـان دەرکەوتووە کـە لـە ڕۆژگـارانی بـەراییدا هـیچ دەسـەڵاتێکی سەرزەمینی سوومێر نەیتوانیوە تۆزی ئەو حکوومەتە بشکێنێ کە وادیارە بنەی لە بەرزاییەکانی عیلام دامەزراندووە. ئێمە کەوتووینە پێوشوێنی میرانی خانـەدانی «ئـاوان»ی هاوچـەرخی پادشـایانی ئاگـادێ[1]و ڕووخـانی ئـەم دوو حکوومەتـەمان بەرلـە هێرشـی هێزەکـانی گووتیـووم، خسـتۆتە بـەر لێکۆڵینـەوە. پاشـان بۆمـان دەرکەوتووە هاوکات لەگەڵ ئەو خانەدانەی کە پاش ڕۆژگاری ڕەش و دژواری فەرمانڕەوایەتیی گووتییـەکان لـە «ئوور»ی هـەرێمی بابل دەسـەڵاتی بەدەسـتەوە گرتووە، بنەماڵەیەکی دیکە لە سیماش کە سـەرزەمینێکی عیلامـی بوو حکوومـەتی دەکرد و سـەرەنجام توانی حکوومـەتی «ئوور» بڕووخێنێ. لـە ئاخریدا بۆمـان ڕوون بۆتەوە کە دوایین پادشای سیماش بۆتە دیلی دەستی یـەکێک لـە پادشـایانی بابل و جارێکی دیکەش عیلام چۆتەوە ژێر دەسەڵاتی پەلاماردەرێکی شەڕانی؛ بەڵام دیسانیش دەبینین وەختایەک سەرتاسـەری قەڵـەمڕەوی عیلامـی بـادیهەوا ببوو بە نوقمی فەرهەنگی بابلی، توانیبووی خاکی بابل بگرێ و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی.

---

١ - ئاکادێ، ئاکاد.و.

لە سەروبەندی نێوەڕاستی سەدەی بیستویەکەمی پێشزاییندا، شەڕێکی گەورە لە بابل هەڵگیرسا. ئەو حەشیمەتە تازەیەی کە لە «ئامووررووو»ی سووریاوە هاتبوون، هەڵگری خووی بەگژداچوونەوەی تێکرای خەڵکانی تازەهاوتووش بوون و ئەو کاتەش کە سێ پادشای نوێ لە ساڵێکدا چووبوونە سەر تەختی دەسەڵات و هەرکامەیان ویستبووی هەتا بە سەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بێ، بەڕاستی چاوەڕوانی قەومانی شەڕ و تێکهەڵچوون دەکرا. ساڵی ٢٠٥٠ی پێشزایین، جێنشینی «گوونگوونووم» لە لارسا جێی خۆی دا بە «سووموو- ئیلووم». لە ئیسین، «بوور- سین»ی دووهەم بوو بە پادشا و زنجیرەی یەکەمی پادشایانی بابل لە فەرمانڕەوایەتیی «سوموو- ئابووم»ەوە دەستی پێکرد. سووموو- ئیلووم لە سەرەتای چوارەمین ساڵی پادشایەتیی خۆیدا لەگەڵ خێڵاتی «ئامۆری»ی نیشتەجێی ئاکووز و کازاللوو کەوتە شەڕ و لێکدان. لە ساڵی هەشتەمی حکوومەتیدا خۆی هێناوبرد هەتا مەڵبەندی دەوروبەری «ئاوڕێژگەی ڕووبار» بەرێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام وادیارە سەرکەوتنێکی وەدەست نەهێناوە، یان لانیکەم نەیتوانیوە پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی بکا، چونکە سووموو- ئابووم تەنیا پێنج ساڵ دواتر ناچار بوو هەتا هێرش بەرێتە سەر کازاللوو(١). لە ڕووی ئەم شێوە ڕووداوانەوە بە دڵنیاییەوە دەکرێ بگەینە ئاکامێکی ئەوتۆ کە ئەم خاکە گیرۆدەی شەڕ و گەڕ و ئاژاوە بۆتەوە.

سەرکەوتنەکانی کەسێک لەم سەردەمەدا وەکوو وچانێکی کورتی نێوان پەردەکانی شانۆیەک خۆی دەنوێنێ، چونکە وێدەچێ کە «ئیلوو- شووما»ی پادشای ئاشوور لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتیی «سووموو- ئابووم»دا پەلاماری بابلی دابێ. ئەم پادشایە لە بەردەنووسەکەی خۆیدا دەڵێ ئازادیی بۆ ئوور و نیپپوور بە دیاری هێناوە کە لانیکەم بە ڕواڵەتیش بێ سەریان وەبەر فەرمانی لارسا هێنابوو. ئەگەر ئازادی بە واتای دەربازبوون بێ لە داوی دانی باج و پیتاک، کەوایە دەبێ وای بۆ بچین بەردەنووسەکە بێگومان ئاماژەیە بۆ سەر پەلامارێک. ئەم پادشایە خۆی گەیاندە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی «دیجلە»ش، چونکە دەڵێ ئەوال، کیسمار و «دێر»ی ئیزەد «سەتاران»ی ئازاد کردووە. ئەم شەڕکەرە دەبێ

کەمتاکورتێک دەستی گەشتبێتە قەڵەمڕەوی عیلامیش(٢). ئەوەی ڕاستی بێ قسەی ئەم پادشایە هەر تایبەتە بە خۆی و هیچ بەڵگەنامەیەکی دیکەی مێژوویی نە وەباڵی بۆ دەکێشێ و نە دەیباتەوە پاش. دەسکەوتی ئیلوو- شووما هەرچییەک بووە، وادیارە کە هێندەی نەخایاندووە.

هەوڵ و تێکۆشانی دوو پادشا لەپێناو گرتنەوەی کازاللوو لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە یان شکانەوەی دەسەڵاتیان بە سەری‌دا کە ئامۆرییەکان پێی‌وەر ببوون، سێبەری هاویشتۆتە سەر ناوچەی بابل لە چەند ساڵی دواتری‌دا. «سوومووـ ئیلوو»ی پادشای لارسا لە بیست‌ودووهەمین ساڵی پادشایەتیی خۆی‌دا (٢٠٢٨ی پ.ز) لەناکاو هەڵیکوتایە سەر ئەم ناوچەیە. دە ساڵ دواتر «سوومووـ لاـ ئیلووم»ی بابلی پاش خولێکی شەڕ و تێکهەڵچوونی هەشت ساڵە لەگەڵ «ئەیاخزێرـ ئیلی»ی ئامۆری، توانی لە شار دەریپەڕێنێ. دەکرێ وای بۆ بچین کە فەرمانڕەوای ڕاکردوو بۆ هەمیشە لە جەغزی دەسەڵاتی خۆی نەتاراوە، چونکە دوو ساڵ دواتر ناچار بوون هەتا شوورەی کازاللوو بڕووخێنن و تا پێنج ساڵ پاش ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی ڕەسمی مەرگ و نەمانی «ئەیاخزێرـ ئیلی» ڕانەگەیەندراوە.

ئەم شێواوی و هەرا و ئاژاوەیەی هەرێمی بابل، جارێکی دیکە ئازادیی تەواوی دایە عیلام. لەم خاکەدا خانەدانێکی وا هاتە سەر دەسەڵات کە توانی ئەوەندەی زنجیرەی یەکەمی بابل، کە زۆر بەناوبانگە و کەمتاکورتێک هێندەی ئەو گرینگە، خۆی ڕابگرێ.

لە پێرستەکانی «شیلهاکـ ئینشووشیناک»دا باسی بنەچەکەی ئێبارتی (٢٠٢٠- ٢٠٠١ی پ.ز)، یەکەمین پادشای ئەم خانەدانە نەکراوە. مۆری «گیمیلـ بائوو»ی خزمەتکاری، وای نیشان دەدا کە ئێبارتی پێش ئەوەی ببێتە پادشا، خاوەنی جێگە و پێگەیەکی هێندە بەرز و بەرچاو نەبووە. دواتر مۆری «کووکـ تانرا»ی کوڕی «گیمیلـ بائوو»، وەکوو شا دەیناسێنێ و سەرناوی تەواوی بریتییە لە «شای ئەنزان و شووش»(٣). واوێدەچێ کە لە دەقی پێشگۆیانەی بابلی‌دا ئاماژە بەویش کراوە(٤)، کە دۆزینەوەی هۆکارەکەشی کارێکی هێندە دژوار

نییە(٥). ئەو باوکی «شیلهاها»ی ناسراو بە «شیمتی- شیلهاک»ە(٦)، کە لە هەموو شوێنێک وەک باوکی «کودوور- مابووک» ناوی هاتووە(٧).

ئەگەرچی سەرکەوتنەکانی شیلهاها (دەوروبەری ٢٠٠٠-١٩٨٦ی پ.ز) یان شیمتی- شیلهاک لە ئێمە ڕوون نین، بەڵام بێگومان شیاوی سەرنج بوون. وەچە دوای وەچە ڕەسەنی خۆیان دەبردەوە سەر وی و بیرەوەریی کار و چالاکییەکانی بە مەبەستی سازکردنی چەند پەرستگایەک بۆ «نانار» و «ئینشووشیناک» لە شووش بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هەر لە یادان نەچووبۆوە(٨). خودی ئەم فەرمانڕەوایە بوو بە خونکاری عیلامی گەورەتر و قوڵەشای لە چەند ناوچەیەک دانان. لەمەودوا بەرزترین سەرناو لەم سەرزەمینەدا، کە «شیلهاها»ش هەیبوو، سوککەڵماهـ بوو کە دەبێتە «تەتەری پایەبەرز»[1] چونکە ئەم سەرناوە دەکەوتە سەرووی «شا»وە و بایەخی پتر بوو، دەبوو ئاماژە بێ بۆ سەر پەیوەندیی شا لەگەڵ ئیزەدان و کەوایە دەتوانین سوککەڵماهـ لە وەرگێڕاندا بکەینە «پێغەمبەری خودا» یان تەنانەت بە «فریشتە»ی لێکبدەینەوە. شیلهاها سەرناوێکی دیکەشی بۆ خۆی دەستەبەر کرد کە بریتی بوو لە «ئادا» کە بە مانای «باوک»ە.[2]بێگومان ئەم سەرناوە ئاماژەیە بۆ پەیوەندی و تێکەڵبوونی پادشا لەگەڵ خەڵکی ژێر دەسەڵاتی. هێنانەڕووی ئەم سەرناوە گەلێک لە مێژوونووسانی بابلیی سەرسوڕماو کرد، وەختایەک کە دیتیان «کودوور- مابووک»ی کوڕی «شیلهاها»ش ئەم سەرناوەی لە خۆی ناوە. سەرناوی سێهەم کە بریتی بوو لە «شا»، ڕەنگە تایبەتی کەسێکی بەهێز و دەسەڵاتداری هەرێمی بابل بووبێ؛ ئەم سەرناوە لە عیلام کە شیلهاها تەنیا بەهەڵکەوت پێی دەگوترا «شای ئەنزان و شووش» بوو، خاوەنی سەنگ و بایەخێکی کەمتر بوو(٩).

وێڕای زێدەسەرناوی «ئادا» و «شا»کە لەمەودوا فەرمانڕەوای پایەبەرز لە خۆی دەنا، ڕەنگە «سوککەلی عیلام و سیماش» و «سوککەلی شووش»یشی بۆ خۆی بە پاشەنیا دانابێ، چونکە خۆی زەمانێکی ئەم پلە و ئەرکانەی خرابوویە سەر

---

١- لە سەرچاوەی دیکەدا بە مەزنەسالار یان مەزنی مەزنان لێکدراوەتەوە.و.

٢ - لە تورکیدا بۆتە ئاتا .و.

شانی. وەکوو دیارە وشەی «سووککەل» بە واتای وەزیر یان پردەسەڵاتە و کەوتۆتە بەرەژێری «سووککەڵماهـ» و لەبەروەی شووش شارێکی ئەکەدی بوو، سوککەلەکەی لەم نیشتمانەدا بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام دیسانیش دەیتوانی هیوادار بێ کە دەگاتە پلەی باڵاتریش، چونکە شیلهاها ڕەوتی نیزیکبوونەوەی هەنگاوبەهەنگاوی لە تەختی دەسەڵات کردەوە باو کە لە سەردەمانی ڕابردوودا ڕەچاو کرابوو. وادیارە پاش مردنی سوککەڵماهـ، سوککەلی عیلام و سیماش خۆیان بوونە سوککەڵماهـ. سوککەلی شووش کە لە شوێنی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر بە شای شووشیان دادەنا، هەتا پلەی سوککەلی عیلام و شووش هەوراز ڕۆیی. لە ئاکامی ئەم کارەدا وادیارە لە لایەن سوککەڵماهەوە، سوککەلێکی تازە بۆ شووش دانراوە، چونکە وێدەچێ حوکمڕانی بەرفەرمان و ژێردەستەی نوێ، زۆربەیان هەمیشە یەکێک بووبن لە ئەندامانی خانەدانی فەرمانڕەوای هەرە مەزن. هەرچۆنێک بووبێ، ئەم کەسە بەختەوەرەی ڕەنگە زۆربەی وەختان ئەندامێکی خواردەستە بووبێ، بەم هەڵبژێردرانەی لە لایەن سوککەڵماهەوە ڕەنگە بەبێ تێهێنان و ڕەچاو کردنی کەمترین مەترسی، دەستی بە تاج و تەختی پادشایەتی ڕاگەیشتبا.

زانیارییەکانی ئێمە دەربارەی ئەم سەردەمە زۆربەی هەرە زۆری دەگەڕێتەوە سەر بەڵگەنامە بازرگانییەکانی شووش. هێندێک دەقی دیکەش کە ڕەنگە لە دەورانی پادشایەتییەکانی بەرایی‌دا نووسرابووبن، لە «ماڵەمیر»ی ئەمڕۆ، کە کەوتۆتە سەت مایلیی باشووری خۆرهەڵات، دۆزراونەوە(٩a). ئەگەرچی ئەم بەڵگەنامانەن کۆمەڵێک زانیاریی گرینگ دەخەنە بەردەست، بەڵام سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسیی سەدەکانی داهاتوو، هیچ شتێک ناخەنە سەر زانستی ئێمە. تەتەڵە دۆزراوەکانی ئەم دوو شوێنە کە بە زمانی ئەکەدی و لەسەر شێوەی دیالێکتیکی نووسراون، پڕن لە وشەی عیلامی. لە بەشی بەراییی ئەم سەردەمەدا زۆربەی ناوەکان عیلامین و بە تێپەڕینی زەمان بەرەبەرە ناوی ڕەسەنی ئەکەدی زیاد دەکەن، بەڵام ناوی مانگەکان و پلە و پیشەکان ناگۆڕێن و هەر لەسەر دۆخی خۆماڵی دەڕۆن.

هێندێک لە دەقەکانی شووش کە سەر بە بەشی بەراییی ئەم سەردەمەن، بەڵگەنامەی پەرستگاکانن و سەبارەتن بەو گا و مەڕانەی کە بۆ کۆشکی سوککەل و قوربانیکران لەپێناو ئیزەداندا وەبەرچاو گیرابوون(١٠). بەشی ئەم ئیزەدانە زیاتر تایبەت دەدران بە ئینشووشیناک یان «ئینانا»ی خاتوونی ئاکرۆپۆلیس (قەڵا) کە جاروبارە لە کۆشکی سوککەل قوربانییان بۆ دەکرد. ئەوانی دیکە کە ئەم خەڵات و خێراتانە دەیگرتنەوە بریتی بوون لە شیمووت، ناخوونتێ، نێرگال، ئینکی یان ئێئا لەگەڵ «نین- ئێگال»ی خاتوونی کۆشک. ناوی شوێنەکانی نێو ئەم بەڵگەنامانە بەم شێوەیەن: زابزالوو، مەشهوور بە زابشالوو کە پێغەمبەرێکی لێوە هاتە شووش؛ هەروەها سیماش، ئاشگووپێ، گووروومووتاک، لاهرین (ڕەنگە هەمان لاهیرووی سەردەمانی دواتر بێ)، زابان و دوور شووڵگی. زۆربەی دەقەکانی دواتر بریتین لە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی ساکاری سەبارەت بە کڕین و فرۆشتن، بە ئیجارەدان، بە گرێودانان، ئاڵوویری کەلوپەل، وەسێتنامە، نووسراوەی ئیداری و تۆماری وەخۆکردنی زڕمنداڵ(١١). ئەم دەقانە بەپێچەوانەی ئەو بەڵگەنامانەن کە هەمان سەردەم لە ناوچەی بابل دۆزراونەوە؛ بەڵام هەروەک پێشتر باسی کرا، زمانی ئەم نووسراوانە تەواو کەوتۆتە ژێر باندۆری زمانی ئاخاوتنی عیلامی و هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی، کۆمەڵێک دابونەریت دەخەنە بەرچاو کە جیاوازن لەگەڵ دابی باوی پێدەشتان(١٢).

ئەو مەبەستەی کە لە ڕوانگەی جیهانی و مێژووی خۆماڵییەوە بایەخی زیاتری بۆ دادەندرێ، نێوەرۆکی ئەو زانیارییانەن کە ئەم دەقانە بۆ خوێندنەوە و توێژینەوەی دیرۆکی ڕۆژانی ئەم ڕۆژگارە دەیخەنە بەردەست. لە عیلام، هەروەک خاک و هەرێمەکانی سەردەمی کۆن و کەونارا، تووک و نزا وەک چەکێکی بەبڕشت کاری پێدەکرا و پاڕانەوە لە دەرگای یەزدانێکی بەدەسەڵات لەوە کەمتر نەبوو. هەروەها چونکە پادشا نوێنەری خودا بوو لەسەر زەوی، سوێندخواردن بەناوی مەزنی خۆماڵی یان پادشا و فەرمانڕەوای گەورە، کارێکی زۆر بەجێ بوو. لە قۆناخەکانی دواتردا ئەوانەی کەوا لە شووش پێکەوە قەراروبڕییان دەبەست، زۆرتر دەکەوتنە پاڕانەوە لە دەرگای ئینشووشیناک و ئیشمێکاراب. لە «ماڵەمیر»

زۆرجاران تەنیا هانایان بردۆتە بەر یایەخوای شاللا، شالای هووررریان یان دەستەوداوێنی خۆی و ئینشووشیناکی مەزنی بوون. لە بەختی چاکی مێژوونووسە کە جاری وایە لەبری ناوی ئیزەد، ناوی پادشا کە دەکەوێتە بەرەژێری ئیزەد و زەمینیترە، دێتە ئاراوە. بۆ وێنە لە دەقەکانی شووشدا گەلێکجار باسی سوککەلی شار و یەکێک لە باڵادەستانی بەدەسەڵاتتری، یانی سوککەلی عیلام و سیماش یان سوککەلماهـ کراوە. لە سەرتاسەری ئەو سەردەمەدا، ئەم چەشنە نزا و پاڕانەوانە وایان تیشکە خستۆتە سەر بارودۆخی سیاسیی نێوخۆی عیلام، کە دەکرێ سووری بکەینەوە چەند لیزگە ناوێکی پادشایانی ئەم هەرێمە کە لە لایەن شیلهاک-ئینشووشیناکی خودی شای عیلامەوە ڕێکخراون، زۆربەیان پڕن لە کەموکووڕی و تەکولۆیان تێدایە و یەکدوو جێیان دەبێ چاک بکرێن.

بەم شێوەیە ئێستاکە دەتوانین تیشک بخەینە سەر ڕاستەقینەیەک کە وادیارە شوێنەوارناسی سەدەی دوازدەهەمی پێشزایین پێی نەزانیوە؛ بۆ نموونە شیلهاها یان شیمتی- شیلهاک سوککەلماهی عیلام بووە و «شیرووکدوە»ی سوککەلی عیلام و سیماش لەگەڵ «شیمووت- وارتاش»ی سوککەلی شووش، لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا بوون(١٣). ئەم لیزگەی ناوانە بۆمان ڕوون دەکەنەوە کە یەکەمیان، یانی شیرووکدوە لە تۆرەمەی شیلهاها بووە. ئێمە دەبێ چاوەڕوانی شتێکی ئاواش بین، چونکە وادیارە شیلهاها ئەم ڕەوتی جێنشینییەی زیندوو کردەوە و بەم شێوەیە یەکێک لە خزمەکانی خۆی لەسەر تەختی بەرەژێرتری دانا. شیمووت- وارتاش، ئەگەرچی شای شووش بوو، بەردەنووسێکی لە دوڕگەی لیبان وەک یادگار داناوە و لەوێ گرۆڤەرێکی نەزرینەی پێشکەش بە «کیریریشا»ی یایەخوا کردووە(١٤).

لە بابل شیلهاها نەبوو کە ناوبانگی ڕۆیی، بەڵکوو «کودوور- مابووک»ی کوڕی بوو کە ناوی بەرز درەوشایەوە. ئەم عیلامییە کە دەوروبەری ١٩٩٥ی پێشزایین داگەڕایە پێدەشتان، لە «ئێمووتباڵ»ی دەورانپشتی ناوچەی لارسا بنەی داکوتا و بوو بە هەڕەشە بۆ سەر ئەم شارە. ئەو بەردەنووسەی کە لە پاشی بەجێماوە وەک باوکی «ئێمووتباڵ»ی دەناسێنێ. ئەم سەرناوە لە عیلام خوازرابۆوە و سەرناوی

«باوک» پلەیەک دەکەوتە سەرووی «شا»، بەڵام بەرەژێری سوککەلماهـ بوو. وەکوو دیتمان شیلهاهای باوکی ئەم سەرناوەی لە خۆی نابوو، بەڵام چونکە کوڕەش ئەم سەرناوەی هاویشتە سەر ناوی خۆی، بەواتای پێملبوونی بوو بۆ پادشای گەورەتری سەرتاسەری عیلام یان هەمان سوککەلماهـ.

«سین- ئیقیشام» تازە دەستی کردبوو بە پادشایەتیی خۆی لە لارسا و بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی کودوور- مابووک هەوڵێکی وای نەدا و ساڵی دواتر هێرشی خۆی بە پەلاماردانی «کا- ئیدا» و «نازاروم» دەست پێکرد(١٥). کودوور- مابووک بە مەبەستی بەگژداچوونەوەی پەلامارەکەی، لەگەڵ ئیسین کە زامبیا لە پێنجەمین ساڵی پادشایەتیی«سین- ئیقیشام»دا لێی ببوو بە پادشا، بوو بە هاوپەیمان. لەو ساڵەدا سین- ئیقیشام ڕایگەیاند کە توانیویەتی عیلام و زامبیا بشکێنێ(١٦)؛ بەڵام دەکرێ ئەم قسەیەی گومانی لێ بکرێ، چونکە بەرلە بڕانەوەی ساڵ «سیلی- ئەدەد» بوو بە جێگرەوەی و پادشای تازە لە جەنگەی پاڵدانەوەی لەسەر تەختی دەسەڵات وەک پیاوێکی خاکەڕا و بێفڕوفیشاڵ دێتە بەرچاو. ئەو خۆی بە پشتیوان و پارێزەری نیپپوور، ئیشاککووی ئوور، لارسا، لاگاش و کوتاللا دادەنێ(١٧)، بەڵام ئەمانە سەرناوی پادشایەتی نین و زۆر وێدەچێ کە سیلی- ئەدەد دەسنێژی فەرمانڕەوای عیلام بووبێ؛ چونکە کاتێک وێرای لە چوارچێوەی ڕێسای دیاریکردنی مێژوودا خۆی بە «شا» دابنێ، لەڕێوە لەسەر کار لابرا و «واراد- سین»ی کوڕی خودی «کودوور- مابووک»ی لە جێی داندرا (١٩٨٩ی پ.ز).

چەند ساڵێک کوڕەکەی پادشا هەر بەڕواڵەت حکوومەتی دەکرد و ڕێکەوتەکانی مێژووی بەناوی تۆمار کراون، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ جڵەوی هەموو کارەکان هەر بەدەست باوکییەوە بوون. مێژووی ساڵی دووهەم بە هێرشی کازاللوو و ناوچەی مووتیابال دیاری دەکرێ(١٨). «زابووم»ی حوکمڕانی بابل هەر لەو ساڵەدا باسی گیران و بەزینی کازاللوو دەکا. ئەم ڕووداوە خاوەنی بایەخێکی یەکجار گرینگ و گرانە، چونکە وا وێدەچێ کە زابووم لە بەرەوڕووبوونەوەی مەترسیی هاوبەشدا هاوپەیمانی عیلامییەکان یان ڕەنگە لە ڕاستیدا دەسنێژی

بێگانان بووبێ. زیاتر وێدەچێ کە ئەم بۆچوونەی دواتر وابێ، چونکە کودوور- مابووک خۆی باسی ئەوە دەکا کە چۆن لە لارسا و ئێمووتبالّ لەشکرچییانی کازاللوو و مووتیابالّی داونە بەر گورمی لەپەشیران و چۆن بۆتە پارێزەری بوون و مانی کازاللووی یەکجار خەساربار؛ بەڵام هەر خۆشی شوورەی دەورەی تێکرووخاندووە(١٩). فەرمانڕەوای عیلام جارێکی دیکە لەم بەردەنووسەدا خۆی وەک «ئادا»ی جەماوەری بەردەسەڵاتی دەناسێنێ. ئەم جارەیان ئەو «ئادا»ی «ئامووررووو»یە و بێگومان مەبەست تیرە و هۆزەکانی «ئامۆری»یە کە هێندە لەمێژ نەبوو لە کازاللوو و مووتیابالّ شکاندبوونی.

ماوەی پێنج ساڵ لە سەردەمی پادشایەتیی «وارادـ سین» لە لارسا، تەواوی بەردەنووسەکانی میری لە زمان «کودوور- مابووک»ەوە نووسراون. سەرەنجام وەختایەک وارادـ سین لەپێناو ساغی و سلامەتیی خۆی و باوکیدا، پەرستگایەک دەکاتە باربووی ئینانای «هالاب»، بەتەنیا ناوی دێ(٢٠). ئەوەی کە بۆچی کودوور- مابووک ئاوا لەپڕ بزر دەبێ، مەتەڵۆکەیە دەبێ هەڵێندرێتەوە. ڕەنگە پاش مەرگ و نەمانی شیلهاها بانگ کرابێتەوە عیلام، بەڵام کاتێک شیرووکدوە یەکەوجێ بۆتە سوککەماه و شیمووت- وارتاش لەسەر تەختی دەسەڵاتی عیلام و سیماش وەکوو سوککەل پاڵی داوەتەوە، تازە هیچ نیازێکیان پێی نەماوە. ڕەنگە لە عیلام هەر ئەوەندەیان کار پێی بووبێ هەتا ئەویش بۆ داندرانی سوککەلی تازەی شووش، واتە سیوێپالارهوپپاک بێ و پاڵەوپشتی کارەکە بێ(٢١)، بەڵام وێدەچێ کە تەنیا سوککەلماهی تازە مافی ئەوەی بووبێ حوکمڕانی شووش دیاری بکا. هەرچۆنێک بووبێ، ئاشکرایە لە دوازدە ساڵەی پاشماوەی پادشایەتیی «وارادـ سین»دا لە لارسا، هەموو کاروبارەکان ئەسپاردەی دەستی کوڕەکەی کران و کودوور- مابووک تەنیا کاتێک سەروسۆراغی لەو شارەدا پەیدا دەبێتەوە کە کوڕێکی دیکەی پادشا، یانی«ڕیم- سین» جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ(٢٢). ئەم جارەش هەر سەرناوی ئادای ئێمووتبالّی پێبەخشراوە و تەنانەت لەچاو وارادـ سین، نێوانی لەگەڵ ڕیم- سین خۆشتر و پتەوترە؛ چونکە ئێستا باوک و کوڕ بۆ سەرسلامەتبوونی خۆیان، بە هاوبەشی دەکەونە

خێربەخشینەوە(٢٣). هەمیسان کودوور- مابووک جارێکی دیکەش بێسەروشوێن دەبێتەوە. لێرەدایە کە پادشایەتیی ٦١ ساڵەی ڕیم- سین دەریدەخا دەبێ لە جەنگەی پاڵدانەوەی لەسەر تەختی دەسەڵات منداڵێکی کەم تەمەن بووبێ و ئێستا بەتەنیایی خێر و نەزرینە دەبەخشێتەوە.

سەبارەت بە پادشایەتیی شیرووکدوە (دەوروبەری ١٩٨٥-١٩٦٦ی پ.ز)، هیچ زانیارییەکمان بەدەستەوە نییە؛ بەڵام واوێدەچێ کە «شیمووت- وارتاش»ی پادشای سیماش و عیلامی بەرفەرمانی، لەو پلەیەی خۆیدا مردبێ و سیویێپالارهوپپاک، پلەی پێهەڵاچووبێ و جێی ئەوی گرتبێتەوە و «کودووزولووش»ی یەکەمیش بووبێتە سوککەلی شووش. ئەوسا دوای مردنی شیرووکدوە، وادیارە دەبێ شێوەی دەستاودەستکردنی پادشایەتی کەوتبێتە سەر سکەی خۆی و بە ڕێکوپێکی بەرەوپێش چووبێ. دەوروبەری سالانی ١٩٦٥-١٩٤٦ی پ.ز، سیویێپالارهوپپاک بۆتە سوککەلماهـ و کودووزولووش لە شووش و سیماش گەیوەتە پلەی سوککەلی و کووتیر- ناخوونتێ (٢٤) بۆتە سوککەلی تازە هەڵبژاردەی شووش(٢٥). سوککەلماهی تازە هیچ بەردەنووسێکی لە پاش بەجێنەماوە؛ بەڵام چەند سەدەیەک دواتر ئەویان لە ڕێزەی یەکەمین پادشایانی شووش دانا کە گەلێک داری گرانبایی و تایبەتی بردنە «ئوولپووهشی- ئیگی- بالاپ» و شاهانی دواتر ڕایانگواستن بۆ پایتەخت (٢٦). هەروەها قەڵەمدارانی شیلهاک- ئینشووشیناک دەیانزانی کە ئەو پەرستگای ئینشووشیناکی لە ئاکرۆپۆلیس نۆژەن کردۆتەوە(٢٧).

لەو کات و ساتانەدا «ڕیم- سین»ی ڕۆڵەی عیلام، لە هەرێمی بابل چەند هەنگاوێکی گەورەی هاویشتن و لە پازدەهەمین ساڵی پادشایەتیی خۆیدا کەوتە شەڕ لەگەڵ ئووروک، ئیسین، بابل، ڕاپیلووم و سووتیووم و دەڵێ توانیویەتی هەموویان ببەزێنێ. پازدە ساڵ دواتر زاڵبوونی بە سەر ئیسیندا (١٩٤٧ی پ.ز) سەرکەوتنێکی ڕاستەقینە بوو کە وا دەهاتە بەرچاو بەڕاستی هێندەی نەماوە تا هەموو ناوچە شاخاوییەکان بگرێ. ڕیم - سین پادشای تازەی بابل، واتە «حەموورابی»ی هەر بە هیچ دانەنا. ئەم یاسابەخشە بوێرە ئەوەندەی بلێی

یـــەکودوو کەوتـــە شـــوێن سیاســـەتی پەرەگرتنـــی قەڵەمـــڕەوی دەســـەڵاتی و لـــە چوارەمین و دەیەمین ساڵی پادشایەتیی خۆیدا هەڵیکوتایە سەر «مالگیوم». لە ساڵی حەوتەمدا بە سەر ئیسینی تازەگیراوی دەست «ڕیم - سین»یدا دا و تالانی کرد. لە هەشتەمین ساڵدا خۆی گەیاندە ئیموتبال یان خودی قەڵەمڕەوی لارسا. ساڵی ١٩١٨ی پ.ز، ڕیم- سین تیرەی لێ توند کرا. زۆر ئاشکرایە کە لەو کاتەدا هاواری بردبێتە بەر عیلامی سەرزەمینی باپیرانی کە ڕەنگە لەو ڕۆژگارەدا «کودووزولـــووش»ی یەکـــەم، ســـوککەلماهی بـــووبێ (١٩٤٥-١٩١٨ی پ.ز). عیلامییەکان بە کاڵفامی وڵامی ئەم داوایەیان دایەوە. ئەوان «مەرهەشی» یان «بەراهشی»یان کردە بنکەی خۆیان و لەوێوە هەڵیانکوتایە سەر سووبارتوم، گوتیووم، ئێشنوونا و مالگیوم(٢٨). شکانی ئەمانە بەدەست سپای حەموورابی هەر ئەوەندە نەبوو کە ساڵی دواتر فەرمانڕەوای بابل سەرتاسەری لارسای خستە ژێر ڕکێفی و دەسەڵاتی ڕیم- سین هەرەسی هێنا یان عیلام لە نێو وڵاتانی بێگانەدا سەنگ و بایەخی نەما و بوو بە پەلەپووش، بەڵکوو ئەو تێکۆشانەی کە بە مەبەستی یاریدەدرانی ڕیم - سین سەری گرتبوو، لێکهەڵوەشان و دارمانی ئیمپراتۆریی عیلامی لێ کەوتەوە. گەرچی ئەم نیشتمانە نەکەوتە بەر پەلاماری هیچکەس، بەڵام وادیارە بەزینی بابل ئەوەندە توند و بەتەوژم ڕەنگی داوەتەوە کە عیلام پێی تووشی کۆمەڵێک گێرە و کێشەی نێوخۆیی بۆتەوە. هەرچۆنێک بووبێ ئەوەندەی هەیە کە بۆ ماوەی حەفتا ساڵ هیچ شتێکی وا سەبارەت بە مێژووی ئەم خاکە نازانین.

تـــەنیا پادشـــایەک کە هێنـــدێک بـــەڕوونی دیـــارە و خـــۆی دەنـــوێنێ. «ئەدداهووشوو»یە کە خۆی وەک خوشکەزای شیلهاها ناساند و پادشایەتییەکەی، ئەگەر بکرێ ناوی پادشایەتیی لێ بندرێ، تەنیا لە عیلام دانی پێداهاتبوو. ئەدداهووشوو لە زۆربەی بەردەنووسەکانیدا سەرناوێکی ڕەسمیی بۆ دیاری نەکراوە و بە خۆی گوتووە شوانی خەڵکی شووش یان ئینشووشیناک. هێندێک لە کار و هەنگاوەکانی بریتی بوون لە سازکردنی پەرستگا بۆ ئیزەد نارووتێ و پردێک بۆ ئینشووشیناک(٢٩). جگە لەمە ناوچەیەکیشی بە ناوییەوە کرا و تەتەڵەیەک کە

مۆری یەکێک لە خزمەتکارەکانی ئەوی لەسەر هەڵکەندراوە، باسی کەلک وەرگیران لە چەند بینایەکی مێژوو بۆ دیاریکراو دەکا، چونکە ڕێکەوتی سالی «شوموو- ئەبی»ی پێوەیە(٣٠). سەرەنجام ئەویش گەیشتە پلەی دڵخوازی و بوو بە سوککەلی شووش و لەم پلەیەدا بۆ یاد و بیرەوەریی دوو پادشای پێشووتری خانەدانی خۆی، یانی ئێبارتی، شای ئەنزان و شووش و شیلهاها سوککەلماهی ئەددا، شای ئەنزان و شووش، پەرستگایەکی تازەی کردە نەزری نانار(٣١).

ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە هیچ شتێک سەبارەت بەو ڕووداوانە نازانین کە بوونە هۆی دامەزرانەوەی وڵاتێکی سەقامگیر. ڕەنگە دەوروبەری ساڵی ١٨٥٠ی پ.ز، هەر ئەو «کووتیر- ناخوونتێ»یەی کە لە تافی منداڵیدا کرابوویە سوککەلی شووش، پتر لە شێست ساڵ پێش ئەو سەردەمە، ئەو شێوە حکوومەتەی ژیاندبێتەوە کە لە ڕۆژگاری باوک و باپیرانیدا لە باو بووە. ئەو «تاتا»ی کردە سوککەلی عیلام و سیماش کە ناوی تەواوی بریتی بوو لە «ئاتتا- مێرا- هاڵکی» و ئەنجا «تێمتی- ئاگوون»ی وەک سوککەلی شووش هەڵبژارد(٣٢). تێمتی- ئاگوون کە خۆی بە خوشکەزای شیرووکدوە ناساندووە، بەردەنووسێکی بە زمانی ئەکەدی نووسیوە، نووسرانی بەڵگەنامەکانی میری بە زمانی بێگانە، نیشانەی شوێندانانی قووڵی ساڵانی ڕابردووی سامییە لە شووش. بەپێی دەقەکە پەرستگایەک پێشکەش بە ئیشمێکاراب، واتە ئەو ئیزەدە دەکا کە زۆرجاران لە بەڵگەنامە بازرگانییەکاندا هانای بۆ براوە و هەروەها بۆ ساغی و سلامەتیی کووتیر- ناخوونتێ و ئەندامانی بنەماڵەی دەستەودوعا لێی پاڕاونەوە(٣٣). بەپێی دەقێکی دیکەش کە هەر بە ئەکەدی نووسراوە و شیلهاک- ئینشووشیناک ڕوونووسی کردۆتەوە و بۆچوونی خۆشی خستۆتە سەری و تەواو پارێزراوە، تێمتی- ئاگوون بۆ دووربوونی کووتیر- ناخوونتێ لە دەرد و بەلا پەرستگایەک و چەندین پەیکەری نەزری ئینشووشیناک کردووە(٣٤).

ڕەنگە مردنی لەناکاوی تاتا، سەرەنجام ڕێگای بۆ تێمتی- ئاگوون خۆش کردبێ هەتا ببێتە سوککەلی عیلام و سیماش و «کووتیر- شیلهاها»ش وەک دەسنێژی تازەی وی لە شووش داندرابێ. ئەوسا تێمتی- ئاگوون دەوروبەری

١٨٤٠- ١٨٢٦ی پ.ز، گەیوەتە پلەیەکی بەرزی فەرمانڕەوایەتی و کووتیر- شیلهاها و کووک- ناشووری یەکەم کەوتنە پلەیەکی بەرەژێرتر(٣٥). کوک- ناشووری یەکەم کە خوارزای تێمتی- ئاگوون بوو یان هەر خۆی وای دەگوت، ئەو کاتەی کە سوککەلی شووش بوو، ئەم خاکەی دایە دەست یەکێک لە مەزنانی بارگای خۆی(٣٦). ئەو دەمەی کە تێپەڕینی زەمان «کووتیر- شیلهاها»ی گەیاندە پلەی سوککەلماهی (دەوروبەری ١٨٢٥-١٨١١ی پ.ز)، کووک - ناشوور کە خۆی سوککەلی عیلام و سیماش بوو، جارێکی دیکەش ئەم خاکەی دایەوە دەست ئەو کەسەی پێشتر پلەی هەوراز بردبوو(٣٧). ئەو تازە ناچار نەبوو کە ڕێز بۆ خزمی مردووی خۆی دابنێ و ئەم بەڵگەنامەیە ڕەچەڵاکی دەباتەوە پێش تێمتی- ئاگوون و پێش شیرووکدوە، کە تێمتی- ئاگوون خۆی دەیگوت باپیرمە و ئاوا تۆرەمەی دەبردەوە سەر «شیلهاها» یان «شیمتی- شیلهاک»ی بابوکاڵی شیرووکدوە. بەم شێوەیە ئەویش بوو بە یەکێک لە «خوشکەزاکانی شیلهاها» کە لە لای کۆکەرەوانی پێرستەکانی دواییدا ناوبانگیان زۆری دەنگ دابوویەوە.

وادیارە شیرتوە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتیی «کووتیر- شیلهاها»دا بۆ ماوەیەک بۆتە سوککەلی تازەی شووش(٣٨). ئەو بە زمانی خۆی دەیگوت کە خوارزای «کووک- ناشوور»ی مەزنی ڕاستەوخۆی بووە و لەسەر ڕێوشوێنی ئەو کەسەی کە خۆی دەیگوت خزمی ویم، قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی دایە دەست یەکێک لە پیاوماقووڵانی بارگای(٣٩). ڕەنگە ئەو لە ڕادەبەدەر پەتی بۆ خزمەتکارانی بەرەژێری شل کردبێ، چونکە هەر خێرایەکی ون بوو لە ئاسۆی ڕۆژگار و تێمتی- ڕاپتاش بوو بە سوککەل یان شای شووش(٤٠).

سەرەنجام کووک- ناشوور بوو بە سوککەلماهـ (١٨١٠-١٨٠٠ی پ.ز). گەرچی«تێمتی- ڕاپتاش» و «کودووزولووش»ێکی دیکە(٤١) بەڕواڵەت سەریان وەبەر فەرمانی هێنابوو، بەڵام ئەو بە قۆڕەدەماغی و بەخۆنازینەوە هەموو ئەو سەرناوانەی هێنانەوە ڕوو کە لە ماوەی ژیانیدا وەدەستی هێنابوون. ئەو لە پلەی سوککەلماهـ و سوککەلیی عیلام و سیماش و شووشدا بێبڕانەوە درێژەی دا بە بەخشینەوەی کەڵەبڕ بە کەسانی دیار و نیزیکانی خۆی. ئەو زەویوزارەی کە لە

«هووتێکووک»ەوە دەگەیشتە هووتێشێکین(٤٢)، لە «ئاسیرسیر»ەوە بە هیتپوولی(٤٣) دەبڕا و لە «مانهاشهوور»ەوە دەبوو بە هی شووماهانی، کردییە باربووی «شووکشوو» و «ماهیسی»ی خەڵکی هوممان. ئەم بەڵگەیە هەر لەبەر دەق و نەخشەی هاوپێچی چاو لە بایەخی ناکرێ، بەڵکوو ڕەنگە بۆیە گرینگ بێ کە زەویوزارە باربوو کراوەکە کەوتۆتە نیزیک سەرزەمینی بابل و نەخشەکە مێژووی ئەوساڵەی بابلیی پیوەیە، کە دەبێتە یەکەم ساڵی فەرمانڕەوایەتیی ئامیزادووگا و ساڵی ١٨٠١ی پ.ز(٤٤). بەڵگەنامەیەکی دیکەش کە باسی هەڵچنین و داندرانی دیواری پەرستگایەک دەکا، هەروەک دەقی تێمتی- ئاگوون بەدەستی قەڵەمدارانی سەدەی دوازدەهەمی پێشزایین سەرلەنوێ نووسراوەتەوە و بەم شێوەیە بۆ داهاتووان پارێزراوە(٤٦). لە ڕوانگەی خودای شووشەوە «کووک- ناشوور» پیاوێک بوو دلۆوان و بەگوێرەی ڕەوتی مێژوو دەبێ پادشایەکی بەهێز بووبێ، بەڵام بەپێی کایەی چارەنووس هەر ئەو قەڵەمدارانەی کە پاش تێپەڕینی چەندین سەدە ئاوا بە ڕووڕاستی سەرلەنوێ دەقەکەی ئەویان نووسییەوە، لەگەڵ «کووک- ناشوور»ێکی دیکە لێیان تێکچوو کە یەکێک بوو لە نەوەکانی «تان- ئوولی».

زەمانی پادشایەتیی داهاتووی تێمتی- ڕاپتاش (دەوروبەری ١٧٩٩-١٧٩١ی پ.ز)، کە ڕەنگە دەسەڵاتی بە سەر کودووزولووشی دووهەم و «تان- ئوولی»دا شکابووبێتەوە و بە بەرفەرمانی دانابن(٤٧)، وادیارە بە شێوەیەکی ئارام و بێڕووداو تێپەڕیوە، بەڵام زۆر بوونی بەڵگەنامە ئابوورییەکانی سەر بە سەردەمی وی، ڕەنگە نیشانەی پەرەگرتنی کاروباری بازرگانی بن لە شووش(٤٨). هەروەها هیچ زانیارییەکی دیکە سەبارەت بە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی «کودووزولووش»ی دووهەم (دەوروبەری ١٧٩٠-١٧٨١ی پ.ز) بەدەستەوە نییە، بەڵام ئاشکرایە کە ئەویش هەتا پلەی سوککەلماهی هەوراز چووە(٤٩). وێدەچێ «تان- ئوولی» و «تێمتی- هاڵکی» میرانی بەرفەرمانی بووبن(٥٠). ئەم کەسەی دوایی، بەپێی بەردەنووسێکی ئەکەدی کە تێیدا تەنیا سەرناوی «شا»ی داوە بە خۆی، لە پلەی سوککەلی شووشدا پەرستگایەکی پێشکەشی «ئینشووشیناکی شای ئیزەدان» کردووە، سەرناوێک کە لە ڕۆژگاری ئێمەدا بە هەڵە وەک ناوی شاهانەی

«ئینشووشیناک- شار- ئیلانی» لێکدراوەتەوە(٥١). ئەو کاتەی کە تان- ئوولی بوو بە سوککەل‌ماهـ (دەوروبەری ١٧٨٠-١٧٧١ی پ.ز)، بەپێی دابی ڕۆژگار تێمتی- هالکی بوو بە سوککەلی عیلام و سیماش و «کووک - ناشوور»ی دووهەم بوو بە پادشای تازەی شووش(٥٢). لەبەر هەڵەی شوێنەوارناسانی عیلامی، لێ تێکچوونێک کەوتە نێوان ئەم کووک - ناشوورە و کووک- ناشووری یەکەم و لە سەدەی دوازدەهەمی پێش‌زایین‌دا لەسەر ڕووکاری چەند خشتێکی سوورەوەکراو کۆمەلێک کاری نەکردەی ئەویان خستە بەرباس. ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین ئەم هەڵەیە ڕاست بکەینەوە و بێئەوەی قەڵەمدارانی پێشوو زۆر سەرکۆنە بکەین، ئەم دووانە لێک جودا بکەینەوە و بیانناسینەوە.

بەداخەوە هیچ شتێک دەربارەی تان- ئوولی نازانین؛ بەڵام کاتێک تێمتی - هالکی لە سەرەی خۆی‌دا بوو بە سوککەل‌ماهـ، ئەویش هەروەک ئەوانەی کە پێش وی هەتا ئەو پلەیە پێهەڵاچوون، ئەو کاتەی کە پەرستگایەکی پێشکەشی ئیزەدی گەورەی شووش کرد، توانی تامی سەرناوی تەواو بچێژێ. ناوبراو لە بەردەنووسێکیش‌دا کە بە زمانی ئەکەدییە، هەروەک کووک - ناشووری یەکەم دەڵێ «خوشکەزای شیلهاها»یە(٥٣). گەرچی سەرناوی وی لە یادان شۆرایەوە، بەڵام شەشسەد ساڵ دواتر شیلهاک - ئینشووشیناک یادی کردەوەکانی ئەوی زیندوو کردەوە(٥٤).

کەم‌وکووڕی و هاڵۆزکاویی سەرچاوەکان ئێمە لە زانینی ناوی جێنشینانی تێمتی- هالکی بێبەش دەکەن. ئەگەر سەرچاوەکانی ئێمە بێکەم‌وکووڕیش بووبان، دیسانیش هەر دەمانتوانی بۆشایی و کەلەبەری زیاتر بدۆزینەوە، چونکە شێوازی پڕ پێچ‌وقەمچی جێنشینایەتی لە عیلام، هانی هەناسەی کوشتنی [خوازیارانی دەسەڵاتی] دەدا و ڕێی بۆ خۆش دەکرد. خوشکەزایەکی دیکەی شیلهاها ڕەنگە پێشتر، بەڵام زۆر وێدەچێ پاش تێمتی- هالکی بووبێتە جێی بایەخ. ئێمە بۆ یەکەم جار لە پلەیەکی بەرەژێردا تووشی ئەم کەسە دەبین کە ناوی «کووک- کیرواش»ە و ڕەنگە سوککەلی شووش و بەرفەرمانی «بالا- ئیششان» بووبێ(٥٥). زۆر دواتر سەبارەت بەم «بالا- ئیششان»ە دەیانگوت کە ئەویش وەک «سیوێپالارهوپپاک» گەلێک داری گرانبایی بۆ پەرستگای شووش هێنابوو(٥٦).

«کووک- کیرواش»یش لە جەنگەی خۆیدا و ڕەنگە لە پلەی سوککەلیی عیلام و سیماشدا، «تێم- سانیت»ی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی، کە وێدەچێ مەرگی لەناکاوی ڕێی بۆ کووک- ناخوونتێ خۆش کردبووبێ هەتا لە نێو کاروباری دەسەڵاتی شووشدا خۆی بدۆزێتەوە(٥٧). سەرەنجام ئەویش دەستی بە پۆپەی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی ڕاگەیشت و بوو بە سوککەلماهـ. «کووک- ناخوونتێ» و «کووک- ناشوور»ی سێهەم بەرفەرمانی وی بوون(٥٨). ئەو لە دەقێکی سوومێریدا کە ئێستا کوێر بۆتەوە دەڵێ پەرستگایەکی لە شووش نۆژەن کردۆتەوە و دیوارێکی تازەی بە دەوریدا کێشاوە(٥٩). ئەگەر ئێمە دەقێکی سەرەکیی دیکەی ئەم نەوەیەی «شیلهاها»مان بەدەستەوە بووبا، ڕەنگە توانیبامان ڕەچەڵاک و ڕەسەنی ڕاستەقینەی بدۆزینەوە. بەداخەوە قەڵەمدارانی سەدەی دوازدەهەمی پێشزایین کە نووسراوەکەی ئەویان ڕوونووس کردۆتەوە و لێکدانەوە عیلامییەکانی خۆشیان خستۆتە سەری(٦٠)، تەنیا گوتوویانە کوڕی «لانکووکوو»یە(٦١)، ناوێک کە چەشنێکی دیکەی تۆمار نەکراوە؛ هەر بۆیە پلە و پایەی وی لە زنجیرەی جێنشینایەتیدا بە ناڕوونی دەمێنێتەوە(٦٢).

مێژوو زۆرجاران نیشانی داوە کە فەرمانڕەوایان و خەڵکی وڵاتێکی بەرەو لاوازی، سەخت تێدەکۆشن هەتا شکۆ و مەزنایەتیی ڕۆژگارانی ڕابردوو زیندوو بکەنەوە. هۆگر بوون بە ڕابردووەوە یەکێکە لەو شێوازانەی لە ڕەوتی تێکۆشانیدا بۆ زیندووکردنەوەی ڕابردوو کاری پێدەکرێ؛ کەوایە لە ڕەوتی خۆ کوتانی ئەو کەسانەدا کە ڕەچەڵاکی خۆیان دەبەنەوە سەر شیلهاهای گەورە، ڕەنگە هەم لاوازی وەبەرچاو بێ و هەم هۆگر بوون بە ڕابردووەوە. هەرچۆنێک بووبێ، دەوروبەری ١٧٥٠ی پ.ز، عیلام تەواوێک لە پێش چاوان بزر دەبێ. جا چونکە لە بەرەبەری ئەم ڕۆژگارەدا وڵاتی بابل دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کاسییەکان، دەبێ بۆ ڕوونبوونەوەی باشتری ڕووداوەکان، بچینە سەر باسی ئەم نەتەوەیە و مێژووی بابل. تێدەکۆشین هەتا بزانین داخوا چارەنووسی عیلام لە کارەساتێکدا کە بەرۆکی دراوسێی باڵی خۆرنشینی گرتۆتەوە و مەبەست خاکی دووچۆمانە، گۆڕانی بە سەردا هاتووە یان نا.

بەشی ٥

# سەردەمی کەمخایەنی کاسییەکان

ئەگەرچی خۆ ڕاستە وەک گوتوویانە کەمبوون ئەو سەرکەوتووانەی کەوا توانیویانە هێندەی کاسییەکان شوێنەواری دەسەڵاتیان لەسەر خەڵکی بابل بەجێبهێڵن، کەچی دیسانیش ئێمە شتێکی زۆر کەم سەبارەت بە سەرەتای مێژووی ئەم نەتەوەیە دەزانین(١). بەختەوەرانە لە ڕووی لیزگەی کۆمەڵێک وشەی کاسیڕا کە لە لایەن قەڵەمدارانی بابلییەوە کۆکراونەوە و بەشێکیان وەرگێڕدراون و هاوتاشیان بۆ دۆزراوەتەوە، دەکرێ هێندێک بۆچوون لەسەر تێکەڵاوی و پەیوەندییە زمانییەکانی ئەوان بە لامانەوە گەڵاڵە بێ(٢). زۆربەی ئەو وشانەی کە ماون، لەگەڵ زۆرینەی ناوی کەسەکان، سووری دەکەنەوە(٣) کە تێکڕای خەڵکی کاسی بە زمانێکی قەفقازی دواون و ڕەنگە دراوسێی نیزیکی زمانی عیلامی بووبێ(٤). پێرستێکی دیکە کە ناوی پادشایانی کاسیی تێدا دەکرایە ئەکەدی، تیشکەیەکی زیاتر دەخاتە سەر بابەتی ئیزەدەکانیان کە لەم ناوانەدا ڕەنگیان داوەتەوە و خۆیان نواندووە(٥). ئەوەی ڕاستی بێ کاتێک هاتوون و پتر لە ئیزەدێکیان وەک ئیزەدی بابلی داناوە، بۆمان دەردەکەوێ کە چەندین تاقمی ئیزەدانی پەلاماردەران، پێش ئەوەی خۆیان بێن و بگەنە بابل، لەگەڵ ئیزەدانی ئەم خاکە یەک بوون؛ بەڵام ئێمە دەتوانین ژمارەیەک لە ئیزەدانی کاسی بناسینەوە کە لە شێوەی ئیزەدانی قەفقازین. بۆ وێنە «شیپاک» هاوسانی «مەردووک»ە و «ساهـ» بەرامبەرە لەگەڵ «شەمەش» و «هودها»(٦) لێکولێکە لەگەڵ «ئەدەد» و «هاربێ» هاوچەشنی «ئێنلیل»ە(٧). ئێمە نازانین ئیزەدەکانی دیکەیان لە کوێوە

سەریان هەڵداوە و چۆن پەیدا بوون. کاشوو ئیزەدی هاوناوی خۆیان، کە بێگومان ناوی لە سەرزەمینی ئەوان وەرگرتووە، ڕەنگە ناوێکی قەفقازیش بێ. کاموولا یان ئێئا یەکتر دەخوێننەوە، دوور و شوگاب لەگەڵ نێرگال پێکەوە بەرامبەرن. شوقاموونا هاوچەشنە لەگەڵ نێرگال و نوسکوو. هاللا یان گوولا یەکتر دەگرنەوە و شووماليا یان شیباروو «خاتوونی چیا تروسکەدارەکان کە ماڵی لەسەر لووتکانە»، پێکەوە هاوشێوەن. میریزیر لەگەڵ بێلتوو و گیدار یان نینوورتا کەوتوونە ڕیزەی ئەم ئیزەدانەوە.

دەتوانین لە نێو پەلاماردەراندا چەند ماکەیەکی دیکەش بدۆزینەوە. لە ڕوانگەی کاسییەکانەوە ئەسپ بە سەمبولێکی یەزدانی دادەندرا و تەنیا وەختایەک گەیشتنە بابل بە شێوەیەکی هەمیشەیی بردیانە ژێر ڕکێف. شەپۆلی جەماوەری تازەهاتوو زەمانێک لەگەڵ هیتتییەکان و فەرمانڕەوایانی میتانی و تۆرەمەیەکی «هیکسۆسەکان»ی هیندوئورووپایی یەکتر دەگرنەوە، کە ئەو تیرە و ڕەگەزانە لەو کاتەدا هرووژمیان کردۆتە سەر سەرتاسەری سنوورەکانی باکووری هیلالی خەسیب. ئەم پەیوەندی و تێکەڵاوبوونە لە ڕووی کۆمەڵێک ئیزەدی دیکەی کاسیش ڕوون دەبێتەوە. شووریاش کە هاوسەنگی «شەمەش»ی یەزدانی خۆرە، بێگومان هەمان «سووریا»ی(٨) هیندووەکان و «هێلیووس»ی یۆنانییەکانە؛ هەروەها «مارووتتاش» هەروەک نینوورتا لەگەڵ «مارووت»ی هیندی بە یەک داندراون. «بۆرباش»ی ئیزەدێکی دیکەی تۆفان چەشنی ئەدەد، وادیارە بەرامبەری «بۆرئاس»ی یۆنانییە.

بەپێی تەواوی ئەم دیاردە و نیشانانە دەردەکەوێ کاسییەکان جەماوەرێکی فرەتوخمە بوون کە لێکتر کۆببوونەوە و ئەو زەمانەی وا ئێمەی تێدا دەژین هێندەیان لێ دوور کەوتۆتەوە کە ناتوانین داروپەردووی پێکهاتەیان لە یەکتر جودا بکەینەوە؛ بەڵام دیسانیش بە لامانەوە ڕوونە کە «کاست»ێکی[1] دەسەڵاتداری هیندوئورووپایی و سەرەنجام نۆردیک، زەمانێک لە نێویاندا ژیاوە و بۆتە

١- کاست بریتییە لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی کە لەسەر جیاوازییەکانی بنە و بنەچەکە، پلە و پایە، دین و سامان و مەبەستی لەم چەشنە دامەزراوە. سیستمی چینایەتی.و.

بان‌دەستەی جەماوەرێکی بێگانە کە زۆربەیان قەفقازی بوون. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم سەرکەوتووانە زمانی خۆیان بە سەر بن‌دەستەکانی خۆیان‌دا سەپاندووە، بەڵام لە بابەت میتانییەوە تووشی نموونەیەکی پێچەوانە دەبین و ڕەنگە ئەو جەماوەرەش کە بەناوی «کاسی»یەوە لەسەر ڕووپەڕی مێژووی ڕۆژگار خۆیان نواند، هەر بەرەوڕووی بارودۆخێکی ئەوتۆ بووبنەوە. واوێدەچێ کە مەزنەوەجاخانی نۆردیک بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار زمانی خۆیان لە دەست دابێ و تەنیا لە کۆمەڵێک ناودا نەبێ ڕەنگ و دیمەنی بەگلەرایەتی نەماوە و بەم شێوەیە هۆزەکانی خۆماڵی ئاوا تۆڵەی شکانی خۆیان کردۆتەوە.

بنە و بنەچەکەی کاسییەکان هەروەک نیشتمانیان بە ناڕوونی ماوەتەوە. پاشماوەکانی دواتر وای دەردەخەن کاسییەکان دەبێ لە زاگرۆسی ناوەندیی باکووری عیلامەوە بەرەو بابل داگەڕابن. نەوەی سێهەم پادشای کاسییەکان(٩) گوتوویەتی دەسەڵاتی بە سەر گووتییەکان، پادانەکان و ئالمانەکان‌دا شکاوەتەوە کە دەبێ هەمان ناوچەی حۆلوان بێ. شەلمانێسسێری سێهەمی[١]پادشای ئاشوور، نیزیکەی هەزار ساڵ پاش چوونی ئەوان بۆ «نەمری»، لە قەڵەمڕەوی لوولووبییەکان‌دا پادشایەکی دۆزییەوە بە ناوی «ئەیانزوو» کە ناوەکەی دەقاودەق لە کاسی وەرگیراوە و تایبەتە بۆ شا(١٠). لە هەرێمی کۆسارانی خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵات ناوی کاسییەکان لە سەردەمی کەونارا و لە نێو خێڵاتی «کیسێن» و «کۆسی»دا هەر ما(١١)؛ بەڵام دەبێ بزانین کە ئەم بەڵگەیە هەتا ڕادەیەکی زۆر پێچەوانەی ئەم بابەتە دەسەلمێنێ، چونکە لە سەدەی بیست‌وچوارەمی پێش‌زایین‌دا، یانی ئەو دەمەی کە هیچ وێناچێ خودی کاسییەکان سەروسۆراغیان پەیدا بووبێ، لە باکووری عیلام سەرزەمینێک هەبووە بەناوی کاشێن(١٢). بەپێی ئەم ئاماژەیە دەبێ ئەوان ناوی خۆیان لە سەرزەمینێک وەرگرتبێ کە زۆر پێشتر بە سەری‌دا زاڵ ببوون و ڕەنگە ئەم خاکە ماوەیەکی درێژخایەن پاش ئەوەی کە توانی خێڵاتی تازە و تازەتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ،

---

١- شەلمانسسەر

هەروا ناوی ڕەسەنی خۆی پاراستبێ. ڕەنگە ئەم سەرزەوییە بەرباسە خۆی ئاگاداری تێکەڵبوونی گەلێک توخم و تۆرەمەی جیاوازی هیندوئورووپایی و قەفقازی و کێ و کێی دیکەش بووبێ و بە لێکدرانی ئەمان کاسییەکانی مێژوویی بەدی هاتبن؛ ڕەنگە ئەم تێکەڵاوبوونە لە سەرزەمینێکی دیکە و دوورتر ڕووی دابێ.

زۆرجاران دیتووتانە کە باسی هەڵمەت و هەرووژم و چوونی خێرای جەماوەرێکی تازە دەکەین بۆ خاک و هەرێمێکی ئاوەدان. ڕووداوی ئاوا زۆر بەدەگمەن دەقەومن. وەختایەک جەماوەری تازە سەر لە ئاسۆ وەدەردەنێن، ڕەنگە بۆ ئەوەی یەکسەرە بگەنە ئەو خاکەی کە ئاواتیانە هێندێک خۆیان ماندوو بکەن، بەڵام ئەگەر بەرهەڵستیان بوونەوە و پاشەکشەیان پێکردن، دەکەونە سەر ڕەوت و ڕێبازی داخزینی ئاشتیخوازانە و نەرمنەرم دەچنە پێش و بەرەبەرە تێکەڵی کۆمەڵی پێشووتر دەبن، کەچی کەمتر دەست لە برشت و ئازایەتیی خۆیان هەڵدەگرن. ئەندامەکانیان هەنگاوبەهەنگاو بەرەو دەسەڵات هەڵدەکشێن و قۆناخەکانی ترس و دڵەڕاوکە و سووکایەتیی ڕابردوویان تێدەپەڕێنن و دەبنە مەزن و دەسەڵاتی ئەو خاکە بەدەستەوە دەگرن.

سەرکەوتنی کاسییەکان لە بابل بەم شێوەیە ڕووی دا. ساڵی ١٨٩٦ی پ.ز، «سامسوو- ئیلوونا»ی پادشای بابل، توانی پەلاماری بەربڵاوی سارانشینانی تیرە و خێڵاتی برسی بشکێنێ. لەو ڕۆژگارە بەولاوە هەتا ١٥٠ ساڵێک دواتر، ئەوان وەکوو دارتاش و کرێکار و مەیتەر لە بەڵگەنامە بازرگانییەکاندا خۆ دەنوێنن(١٣). ئێمە لێمان ڕوون نییە ئەوان بۆ ئەوەی بگەنە دەسەڵات چەند قۆناخێکیان بڕیوە، بەڵام دەبێ وای لێکبدەینەوە کە پێشکەوتیان ڕەوتێکی نەرم و بێپسانەوەی بڕیوە. ئەوان بە بیری خاو و ساکاری خۆیان، بێجگە لەو بەشانەی کە لە خەڵکیان خواستبوویەوە، سەرەنجام هەتا پۆپەی دەسەڵات هەوراز چوون و ساڵی ١٧٤٩ی پ.ز، خاکی بابل کەوتە ژێر دەسەڵاتی خانەدانی کاسی.

کانداش (١٧٤٩-١٧٣٤ی پ.ز) یەکەم پادشای کاسییەکان بوو(١٤)، کە شازدە ساڵی پادشایەتی کرد و لە بەردەنووسێکی نیمچەئەدیبانەدا خۆی بە «شای چوارقوڕنەی جیهان و شای سوومێر و ئەکەد و شای بابل» دانا(١٥).

ڕوون و ئاشکرایە کانداش هەوڵی دەدا هەتا خۆی بە جێگرەوەی یاسایی خانەدانێک دابنێ کە تازە لەسەر دەسەڵاتی لادابوون. پادشایەتیی بیستوچوار ساڵەی جێنشینانی دوابەدوای وی، کە بریتی بوون لە «ئاگووم» و «کاشتیلیاش»ی یەکەم و وێدەچێ ئەمەیان لە توخمەی ئاگووم نەبووبێ، دیمەنی نیشتمانێکی ئارام و دەسەڵاتێکی بێبەرگر و لەمپەر دەخاتە بەرچاو، ئەگەرچی وەستانی بەڵگەنامە بازرگانییەکان و نەنووسرانیان، نیشانەی خاوبوونەوەی کاری ئەم بەشە و ئەگەری بێڕمێنی و ساردبوونەوەی بازاڕی پێوە دیارە. «ئووششی»ی کوڕی کاشتیلیاش هەشت ساڵی پادشایەتی کرد؛ پاشان ئابیراتتاش و «تاززیگورووماش»ی کوڕی بوونە فەرمانڕەوا. ڕووداوێکی ڕاستەقینەی سەیر سەبارەتە بە پادشایەکی هاوچەرخی ئەم پادشایانەی دوایی. ئەم پادشایە «گوڵکیشار»ی میری سەربەخۆی خاک و هەرێمی «بەتایح»[1] بووە(١٦٨٤-١٦٣٠ی پ.ز)، کە ناوچەی لێواری ڕووباری دیجلەی ئەسپاردە دەست پیاوێکی ژێر ڕکێفی خۆی(١٦). ئەگەر «دێر» لە باکووری خۆرهەڵاتی بابل بەتەواوی مانا خۆی دەنواند و سەری وەبەر فەرمانی هێنابوو، کەوایە لەو ڕۆژگارەدا کاسییەکان دەستیان بەو ڕێگاوبانە ڕانەگەیشتووە کە دەچۆوە زێد و نیشتمانیان لە ناوچە شاخاوییەکان.

دوابەدوای تاززیگورووماش، کە وا هات «ئاگووم - کاکریمێ»ی کوڕی بوو بە پادشا و بەرەبابی هاتەوە سەر دەسەڵات، «هاربا- شیپاک» و «تیپتاکزی» بوونە فەرمانڕەوا. ئاگووم - کاکریمێ جگە لە سەرناوی ڕەسمیتری شای کاشوو، شای ئەکەد و شای سەرزەمینی پانوبەرینی بابل، خۆی بە پادشای پادان و ئالمان و شای گووتیوومیش دانا.(١٧) واوێدەچێ کە ئەو بە ئەرکی سەر شانی خۆی زانیبێ، هەتا بێجگە لە ناوچە تازەگیراوەکانی پێدەشتان، بکەوێتە پاراستنی نیشتمانی باب‌وکاڵیشی لە کێوان.

پاش ئاگووم - کاکریمێ، بورنا - بوریاش و دوای وی پادشایەکی نەناسراو و پاشان کاشتیلیاشی دووهەم (١٥٣٠-١٥١٢ی پ.ز) چوونە سەر تەختی دەسەڵات.

---

١- ناوچەیەک لە نێوان بەسرە و واسیت؛ مەڵبەندێکی نێوان واسیت و مونیحە.و.

ئەم پادشایەی دوایی بەرەبەرە دەورەی ناوچەی بەتایحی دا و براکەی لەشکری بردە سەر «ئێئا - گامیل»ی دوایین پادشای بەتایح و ئەویش ڕایکردە عیلام(١٨). پاشان براکەی کە «لام - بورریاش» بوو، لەسەر تەختی دەسەڵاتی کاسییەکان پاڵی دایەوە (١٥١١ی پ.ز)؛ وادیارە پاش ئەم سەرکەوتنە بنەماڵەکەی تەواو بوو بە هۆگری نیشتمانی تازەی کە بابل بێ. خولی دواتر کە بە «ئامارنا» ناودێر کراوە، لێرەدا هیچ سەرنجمان ڕاناکێشێ هەتا لەسەری بڕۆین.

ئەگەرچی ژمارەی تەتەڵە و بەردەنووسی پادشا باسکراوەکانی کاسی لە هیچ شوێنێک زۆر نین، بەڵام لە شووش هەر وەبەرچاو نایەن و کەندەوکۆژەکەرانی ئەم شوێنە کە سەرقاڵی لادانی گڵ و هەرەسەڕووخاون و لە چینی سەبارەت بە سەردەمی کاسییەکاندا کار دەکەن، وەک دیارە هیچ شتێکیان نەدۆزیوەتەوە؛ گەرچی هیچ گومانی تێدا نییە دوای ئەوەی کاسییەکان بوونە فەرمانڕەوای بابل، توانیویانە دەست بە سەر عیلامدا بگرن. لە لایەکی دیکەوە ئاشکرایە ئەو خانەدانەی عیلامی کەوا ئێبارتی و شیلهاها بناغەی دەسەڵاتیان بۆ دانا، ماوەیەکی کەم پاش خانەدانی یەکەمی بابل لەسەر لاپەڕەی مێژووی ڕۆژگار پاک بۆوە. سەبارەت بە عیلام پێویستە بڵێین ڕەنگە ئەو سەرزەمینە بووبێتە پێخوستی ئەو جەماوەرەی کە ڕەویبوون و خۆیان لە ئاست پەلاماری هێزەکانی کاسی بۆ نەگیرابوو. بە کورت و کرمانجی هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەو تەپومژەی لەم قۆناخەدا باڵی بە سەر خاکی بابل و عیلام کێشاوە، ڕاست خودی کاسییەکان لێی بەرپرسیارن.

بەشی ٦

# پادشاکانی ئەنزان و شووش

بە شێوەیەکی تیژتێپەڕی سەرسوڕهێن لەو تاریکییە دەرباز دەبین کە بۆ ماوەی ٤٠٠ ساڵ پاش دەسەڵاتداریی کاسییەکان لە بابل، باڵی بە سەر ئێران و عیلام کێشابوو. بەپێی نەزیلەیەکی زۆر دڵبزوێنی تۆمارکراوی نێو ڕووداونامەیەکی دواتر، «هووڕپاتیلا»ی پادشای عیلام داوای لە «کووریگالزوو»ی سێهەمی پادشای کاسییەکان (١٣٤٤-١٣٢٠ی پ.ز) کردووە تاکوو لە قەڵای دوور شووڵگی لە بەتایح، کە بەدەست پاشای گەورەی زنجیرەی سێهەمی ئوور سازکرابوو، بۆی بچێتە مەیدان(١). شای عیلام دەڵێ دەبێ ئەم شەڕە چارەنووسی عیلام یەکلایی بکاتەوە. هێزەکانی هەردوولا تێکدەگیرێن و قۆشەنچییانی هووڕپاتیلا پشتی تێدەکەن و دەڕەون و ئاوا عیلام دەبێتە بەشێک لە ئیمپراتۆریی کووریگالزوو(٢).

ئەگەرچی ئەم ڕووداونامە تایبەتە هیچ پشتی پێ نابەسترێ و جێی بڕوا نییە، بەڵام ئەو بەسەرهاتە هەمووی هەڵنەبەستراوە. ئێستا وا وێدەچێ کە هووڕپاتیلا فەرمانڕەوای یاسایی بابل بووە و لانیکەم چوار ساڵ پادشایەتی کردووە(٣). ناوبراو کە ئاشوورییەکان توانیبوویان لە بابل دەریپەڕێنن، زۆر وێدەچێ کە پەنای بردبێتە عیلام و لەوێوە درێژەی بە شەڕ و تێکهەڵچوونی دابێ لەگەڵ «کووریگالزوو»ی دەستتندەخۆری ئاشوورییەکان؛ بەڵام لێمان سوورە کە هووڕپاتیلا تەواوی ئاوات و ئامانجەکانی خۆی لە چنگ دەرچوون. لە شووش کووریگالزوو بەرسوورکەیەکی یاقیقی پێشکەش کرد بە ئیزەدی سەتاران و

سەرە وەکازێکی پادشایەتیشی کردە دیاری بۆ ئێنلیل(٤). ئەم فەرمانڕەوایە لە ئاکرۆپۆلیس چەندین پەیکەری بچووکی خۆی و بەردەنووسێکی بەجێهێشت کە باسی شکستی شووش و عیلام و خاپوورکرانی «مەرهەشی»ی تێدا نووسراوە(٥). فەرمانڕەوای کاسی تەتەڵەیەکی یاقیقی هێنایەوە نیپپوور کە زەمانێک بە مەبەستی سەرسلامەتبوونی «شوولگی»ی پادشای ئوور لە شووش پێشکەشی ئینانا کرابوو. پادشا لەوێ جارێکی دیکە کردییەوە بە دیاری بۆ دەرگانەی ئێنلیل و باسی گرتنی شووشی لە عیلام پێوە زیاد کرد(٦).

کەموزۆر لەرێوە سەرنجی کاسییەکان لەسەر عیلام ترازا و کەوتە سەر ناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی بابل کە چەکدارانی تازەپشووی خۆی لەوێوە دێنان. «ئاریک- دێن- ئیلوو»ی فەرمانڕەوای ئاشوور هەڵیکوتایە سەر شانشینێکی بچووک بەناوی نیگمیتی لە زنجیرە چیاکانی خۆرهەڵاتی ئاربێلا و پاشان هێرشی بردە سەر ناوچەی جیژیانی ئەیاشووباگاللاکان، واتە ئەو خێڵەی کە دواتر لە کۆساران لەگەڵ پاشماوەی کاسییەکان یەکانگیر بوو(٧). «ئەدەد- نیراری»ش هەڵمەتی بردە سەر زاگرۆسی ناوەندی و پاشماوەی گووتییەکان و لوولووبییەکانی ڕامالین. دوای شەڕەکەی لەگەڵ «نازی- مارووتتاش»ی کاسی، سنووری نێوان ئاشوور و بابل لە «ئەرمەن»ی خاکی «ئەکارساللوو»، کە هەمان ناوچەی حۆلوانی ئێستایە و بە کێواندا هەتا سەرزەمینی لوولووبیووم دەڕۆیی، دیاری کرا(٨).

لەم بارودۆخەدا عیلام خێرایەکی سەری لە ژێر باری مەزنایەتیی کاسییەکان دەرکێشا و «پاهیر- ئیششان»ی کوڕی ئیگی- هالکی کە ڕەنگە هاوسەردەمی «نازی- ماررووتاش» (١٣١٩-١٢٩٤ی پ.ز) بووبێ، خانەدانێکی تازەی عیلامیی پێکهێنا. بەداخەوە هەموو دەسکەوتەکانی وی بە لای ئێمەوە بە نەناسراوی ماونەوە و هەر ئەوەندە دەزانین ئەو داروبارە گرانبایی و چاکانەی سیوێپالارهوپپاک و بالا- ئیششان پێش وی زۆر بەوردی کاریان لەسەر کردبوون، ڕایگواستن بۆ جێگایەکی کەسنەزان(٩)؛ تەنانەت «ئەتتار- کیتتاهـ» (١٢٩٥-١٢٨٦ی پ.ز) کە برا و جێنشینی بوو، درێژەی بە کاری ناتەواوی دا،

چونکە بە چاوی خۆی ئەو کەرەسانەی دیتبوون کە گەیبوونە پەرستگای شووش. هەر بەم شێوەیە شتێکی زیاتر سەبارەت بە «ئەتتا- کیتتاهـ»یش نازانین، بەڵام وادیارە «هووبان- نوومێنا»ی کوڕی پادشایەکی زۆر بەدەسەڵات بووە. ئەو وەکوو «پادشای ئەنزان و شووش» و میری عیلام یەکەم کەس بوو کە خۆی بە «پەرەپێدەری ئیمپراتۆری» دانا و ئەو خشتانەی کە دەقی نووسینە عیلامییەکەی ئەویان لەسەر شەقڵ کراوە و لە دورگەی لییانی کەنداوی فارس دۆزراونەوە، قسەکەی دەسەلمێنن. ئەم نووسراوەیە کە هاوار دەباتە بەر ئیزەدی هووبان، کیریریشا، یانی خاتوونەخوای دورگە و «باها» کە ڕەنگە ئیزەدێکی خۆماڵی بووبێ، تێیدا نووسراوە هووبان خۆشی ویستووە و نزا و پاڕانەوەکانی بیستووە و ئینشووشیناک پادشایەتیی کردۆتە باربووی. پادشا لە چاکەی ساغ و سڵامەتبوونی «میشیمرووهـ» و «ڕیشایانلا» کە ژنی بوون، پەرستگایەکی بۆ ئەم ئیزەدانە ساز کردووە و هیوادارانە لە بەریان پاڕاوەتەوە ژیانێکی خۆش و پادشایەتییەکی ئارام و بێقرەی بۆ دابین بکەن(١٠). جێنشینە چاوناسترەکانی، واتە شووترووک- ناخوونتێ، کووتیر- ناخوونتێ و شیلهاک- ئینشووشیناک بە مەبەستی زیندووڕاگرتنی ناوی هووبان - نوومێنا، کە پەرستگایەکی بۆ کیریریشای ئیزەدی دورگەی لییان و هووبان و کیریریشا سازکردبوو، پێکەوە ڕقەیان بوو(١١). شیلهاک- ئینشووشیناک کە پێی وابوو هووبان - نوومێنا تەنانەت نەوەی شیلهاهای گەورەیە، وەباڵی کێشا کە هیچ کەمتەرخەمییەک دەربارەی شووش و ئینشووشیناک ڕووی نەداوە(١٢).

ئوونتاش- هووبان (دەوروبەری ١٢٦٥-١٢٤٥ی پ.ز)، کوڕی هووبان- نوومێنا، وەکوو سازکەری بینایان بەڕاستی ناوبانگی چاک ڕۆیی. لە ڕۆژگاری پادشایەتیی ئەودا گەلێک پەرستگا و خانەپەنا و شوێنی دیکەی دینی لە ئاکرۆپۆلیسی شووش سازکران و لە بەردەنووسێکی عیلامی‌دا کە هەر بەم بۆنەیەوە هەڵکەندراوە، ئەم جێگایانە بەوردی خراونە بەرباس. ئەو تاقمە ئیزەدانەی سامی وا ڕێزیان لێ دەگیرا بریتی بوون لە «نابوو»، کە ڕێزێکی یەکجار زۆری بۆ دادەندرا و هەم پەرستگای هەبوو، هەم پەیکەرە؛ پاشان سین، بێلالا، بێلیت- ئەلی (خاتوونی شار) لەگەڵ

ئەدەد؛ بەڵام تەنانەت «ئـەدەد»یشیان دەبردەوە سـەر «شـالا» کە لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـــەتیی‌دا ســـوککەڵ‌ماهێکی ناســـراو بـــوو؛ بـــەم شـــێوەیە زۆربـــەی سازکراوەکانیان بۆ ئیزەدانی عیلامی دروست کردبوو. ڕەنگە ئەو پەرستگایانەی کە نـــەڕازاوە و کـــەمتر بێ‌زریقەوبریقـــە بـــوون، تایبـــەت درابـــن بـــە «ناپراتێـــپ»، «شیمووت»، «پینیکیر» و «ئێئا - سونکیک» واتـە ئێئا شـایە(١٣)، هیشـمیتیک و ڕووخووڕاشیر، هەروەها نازیت، کە پەرستگاکەی کەوتبوویە ژێر داڵدەی هووبان و ئینشووشیناک و ئیزەدێک بەناوی «ئا. سونکیک»(١٤). بەپێی دەقەکە پەرستگای «ئووپوورکوپـاک»، یـەکێک لـەو شـوێنانەی کـە هـەتا ئـەو کاتـە بـۆ ئـەم ئیـزەدە سازکرابوو، لەوانی دیکە باشتر و شکۆدارتر بـوو. هـــەروەها چـــونکە نـاخوونتێ داوا و پاڕانەوەکانی «ئوونتاش- هووبان»ی وەدی هێنابوو، جێگایەکیان بۆ ئەویش سازکردبوو. ئەوان خاوەنی جێوڕێی تایبەت بە خۆیان بوون و هەردووکیان وەک «مێلکی ئیلانـی» واتـە «مـەزنانی ئیـزەدان»، بێجگـــە لـــە پـــەرستگا، شـوێنێکی پیـــرۆزی دیکـــەشیـــان هـــەبـــوو بـــە نـــاوی «نـوور کیپـرات» کـە دەبێتـە «ڕووناکاییی چوارقوڕنەی دنیا». ئەوەی ڕاستی بـێ خـودی شووشـیش وەپاش گـوێ نـــەدراوە و ئوونتاش - هووبان لـەپێناو شـارەکەی خـۆی‌دا پەرسـتگایەک و نوێژگەیەکی پێشکەش کردبوو بە ئینشووشیناک(١٥). بەپێی زۆر بوونی نزاخانە و پەرسـتگاکان وا دەردەکـەوێ کـە ئـەم پادشـایە دەبـێ داهـاتی بەلێشـاو بـووبێ و سـەرکەوتنی فرەی وەدەست هێنـابێ. تـەواوی ئـەم کارانـە لەسـەر بەردەنووسـان هەڵکەندراون، بەڵام جگە لە بەردەنووسی شـووتروک - نـاخوونتێ ئـەوانی دیکە هـەموویان تێداچوون و تـەنیا لـەتوکوتی بەردەنووسـێک مـاوە کـە یـەکێکی دیکـە نووسیبووی(١٦). ئوونتاش - هووبان پەیکەرێکی خۆی کردۆتە نەزری هووبـان و ئینشووشیناک کە لە بەردەقسڵ داتاشراوە و ئەم مەبەستە لەسەر خودی پەیکەرەکە هەڵکەندراوە. هەروەها نابێ لە بیرمان بچێ کە بەپێی ئەو دەقەی وا بە دوو زمـان لەسەر پەیکەرەکە تۆمار کراوە، گرێ و گرفتی پیتەکانی عیلامـی دەردەکـەون(١٧). نووسـرانی زۆربـەی هـەرە زۆری دەقـەکانی دیکـەی بـە زمـانی عیلامـی، دیـاردەی

هەستی نەتەوەخوازانەیان پێوە دیارە و ئەم ڕەوتە پەرەی دا بە دژایەتی لەگەڵ فەرهەنگی ئەکەدی.

لە سەردەمی پادشایەتیی «ئوونتاش- هووبان»دا کانزاگەری چاکی پەرە ئەستاند و گەیشتە چڵەپۆپەی و ئەم ڕەوتە لە پەیکەرەیەکی مەفرەقدا خۆی دەنوێنێ کە بەژن و باڵای «ناپیر- ئاسوو»ی شاژنی پێداڕێژرابوو. ئەم پەیکەرە بۆشە بە قالب داڕێژراوە و پاشان بە کانزای قاڵکراوی دیکە پڕ کراوە. شاژن قوماشێکی تەنکی بە سەر شانوپیل و سینگی کێشاوە و تەنوورەیەکی ئاودامێنی ڕیشۆڵەداری کردۆتە بەری و لە دوای دەخشێ. چین و گنج و گرێی جلەکەی زۆر بەوردی خراونە بەرچاو و بازنە و ئەنگوستیلەی دەستانی کە تێکیبەزاندوون، بەجوانی دیارن. لەسەر تەتەڵەیەکی بە عیلامی نووسراودا هەڕەشە کراوە ئەگەر کەسێک پەیکەرەکە بدۆزێتەوە و تێیدابەرێ یان ناوی «ناپیر-ئاسوو»ی لەسەر پاک بکاتەوە یان بیڕووشێنێ، ئەوە دەکەوێتە بەر شەپۆلی تووڕەبوونی هووبان، کیریریشا و ئینشووشیناک و خاتوونەخوای مەزن بێڵتی لە ناوبانگ و بنەماڵەی دەشواتەوە(١٨).

دەسپێکی پادشایەتیی کاشتیلیاشی سێهەم لە بابل (١٢٤٩ی پ.ز)، هاوکات بوو لەگەڵ خۆ دە دەسکنانی ئوونتاش- هووبان بۆ هەڵکوتانە سەر دەرەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی. بیانووی ئەم پادشایە بۆ تێکهەڵچوون لەگەڵ جەماوەری دەشتەکی لە بەسەرهاتی «ئاگابتاها»ی دەبباغ، کە لە «هانیباڵگات»ەوە ڕایکردە لای کاشتیلیاش و قەڵغانێکی چەرمی بۆ ساز کرد، وەبەرچاو دێ. ئەو لە پاداشتی ئەم کارەی پارچە ملکێکی لە نیزیک شاری «پادان»ی سنووری باکووری خۆرهەڵاتی هەرێمی بابل باربوو کرا(١٩). زۆر وێدەچێ کە فەرمانڕەوای عیلام وا تێگەیشتبێ کە ئەم ملکە کەوتۆتە نێو جەغزی خاکی عیلام نەک بابل. ئەو شەڕەی بە دوای وی‌دا قەوما بەگشتی وادیارە کە یەکلایەنە و بە قینەبەرایەتی بووە. تەنیا بەردەنووسی تەواو ئەکەدیی ئوونتاش - هووبان بە یادی سەرکەوتن لەم شەڕەدا، کە ڕەنگە گەورەترین دەسکەوتیشی بووبێ، نووسراوە. ئەو «ئیمیریا»ی ئیزەدی پشتیوانی «کاشتیلیاش»ی بە خەنیمەت گرت و بردی بۆ قەڵای شووش، هەتا

هووبـان، ئینشووشـیناک و کیریریشـا بـۆ هـەمیشـە چـاوەدێـری بـن(٢٠). ئوونتاش- هووبان ئەو بەردەنووسەشی لەگەڵ خۆی بردەوە پایتەخت کە دەقی بەخشینەکەی کاشتیلیاش و بیانووی هەڵگیرسانی شەڕەکە بوو.

ڕەنگە کێشە و ئاژاوەی نێوخۆی عیلام لە چەند ساڵی دواتردا خەسارباری کردبێ، چونکە دوابەدوای مەرگی «ئوونتاش- هووبان»، لەبری کوڕی خۆی، «ئوونپاتار- هووبان»ی مامی، واتە کوڕی بناغەدانەری دەسەڵاتی خانەدانەکەیان پاهیر- ئیششان، بوو بە پادشا(٢١). ڕەنگە هەر بۆیە بووبێ کە «تووکولتی- نینوورتا»ی فەرمانڕەوای ئاشوور بێئەوەی عیلامییەکان بەرەنگاری راوەستن، توانی بە چیای لەگیراننەهاتووی «تارسینا»ی نێوان شارەکانی «شا- سیلا» و «بارپانیش»ی لای چۆمی «زێ»ی بچووکدا دزە بکاتە کێوەکانی زاگرۆس و خۆی بگەیەنێتە نێو گووتییە پرشوبڵاوەکانی نێوان خاکی سووقووش و لالار(٢٢). فەرمانڕەوای ئاشوور پاش شکاندنی کاشتیلیاش، پێرستێکی درێژی لە ناوی ئەو شارە سنوورییانەی هەر جارەی بەدەست عیلامییەکان یان بابلییەکانەوە بوون، خستە نێو لاپەڕەی سەرکەوتنەکانی و تازە هیچ گرێ و کۆسپێکی لە بەر نەما(٢٣).

ئوونپاتار- هووبان تەنیا چەند ساڵێکی پادشایەتی کرد و پاش وی «کیدین- هووتران»ی برای (دەوروبەری ١٢٤٢-١٢٢٢ی پ.ز) بوو بە پادشا و بە تۆڵەی هێرشی پێشووتری تووکولتی- نینوورتا هەڵیکوتایە سەر بابل. بەم پەلامارە لەناکاوە، کیدین- هووتران دوای گرتنی «دێر» پەرستگای «ئانوو»ی لەو شارەدا تالان کرد و پێش گەڕانەوەی بۆ عیلام، تەنانەت هێزی بردە نێو «نیپپوور»یش و حکوومەتی یەک ساڵ و نیوەی «ئێنلیل- نەدین- شوومی»، یانی حوکمڕانی دەسنێژی تووکولتی- نینوورتا، لە بابل ئەوەندەی بڵێی یەکودوو کۆتایی پێهات. تووکولتی- نینوورتا بە دانانی «کاداشمان- هاربێ» لەسەر تەختی دەسەڵات بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک و پاشان دانانی «ئەدەد- شووم- ئیددینا» (١٢٣٨-١٢٣٣ی پ.ز)، لەڕێوە شانی لە نۆژەنکردنەوەی وێرانییەکانی بابل خۆش کرد؛ بەڵام خۆ فەرمانڕەوای عیلامیش دەستی لەسەر دەستی دانەنا و سەرلەنوێ

هەڵیکوتایەوە سەر پێدەشتان و بەرلەوەی بە سلامەتی بگەڕێتەوە نیشتمانی خۆی لە چۆمی دیجلە پەڕییەوە و لە باڵی خۆرنشینەوە هەتا ئیسین و لە قوڵی باکوورەوە تاکوو «مارادا» رۆیی کە تەواو کەوتبوویە شانی خۆراوای نیپپوور(٢٤). ئەو لەشکرەی کە هێزی وەبەرنا هەتا خۆ بداتە کۆمەڵێک پەلاماری ئاوا کاریگەر دیار و ئاشکرایە؛ هەر بۆیە وەختایەک دەبینین سەرکەوتنەکانی تەنیا لە نووسراوەکانی بابلی‌دا وەبەرچاو دێن و لە پێرستەکانی «شیلهاک- ئینشووشیناک»دا نەبێ ناوی کیدین - هووتران لە بەڵگەنامەکانی عیلامی‌دا وەبەرچاو نایە، خۆی بابەتێکی سەرنجڕاکێشی شێوازێکی دەگمەنە کە لە ڕووی ئەوانەوە سەرچاوە عیلامییەکانی ئێمە داڕێژراونەوە.

پاش کیدین- هووتران، هاللوودووش - ئینشووشیناک بوو بە پادشا کە نازانین داخوا بە خزمایەتی گەیوەتەوە سەر میرانی پێش خۆی یان نا و بلێی سەردەمی پادشایەتییەکەی چۆن تێپەڕاندبێ(٢٥). دوای ئاوابوونی خۆری دەسەڵاتی لە کەلی پادشایەتی،«شووترووک- ناخوونتێ»ی کوڕی بوو بە شا (دەوروبەری ١٢٠٧-١١٧١ی پ.ز). ئەم پادشایە سەردەمی درێژخایەنی ڕاستەقینەی مێژووی عیلامی دەست پێکرد، سەردەمێک کە بەگوێرەی چەند پاساوێک دەتوانین بە سەردەمی «کەونارا»ی ناودێر بکەین.

بەردەنووسێکی شووترووک - ناخوونتێ، بێئەوەی بکرێ بەچاکی وەریگێڕین، دیمەنێکی لێڵ و تەماویی لەسەر چالاکی و کارە فرەچەشنەکانی دەخاتەڕوو. بەداخەوە دەقی ئەم نووسراوەیە زۆر ڕەقوتەقە و ناڕوونی بە سەر مانای کشاوە. دەسپێکی نووسراوەکە باسی ڕاگواستنی بەردەنووسێکە کە لە «ئایا»وە بردراوەتە شووش و پێشکەش بە ئینشووشیناک کراوە. پاشان لە دەقەکەدا هاتووە کە زۆربەی پادشاهانی ڕابردوو نەیانزانیوە داروباری هەرە چاک(٢٦) لە کوێ هەن، بەڵام ئەو سەری وەبەر دەرگانەی ئینشووشیناکی ئیزەدی هێناوە هەتا شوێنی ئەوانی پێ نیشان بدا و ئەویش پاڕانەوەکەی لێ قبووڵ کردووە. ڕێگای ئەم شوێنە بە «تەهریمان»، «تێدا»، «کێل» و پاشان «هەشمەر» و «شاهنام»دا تێپەڕیوە(٢٧). بێجگە لەمەش خۆ پادشاکانی پێشوو هەرگیز ناوی «شالی»،

«میمووراشی» و «لوپپوونی»یان نەبیستبوو. ئەو بە یاریدەی ئینشووشیناک ئەو شوێنەی دیتەوە کە داری چاکی لێ شین دەبوو. ئەویش تەواو وەک چەند پادشایەک کە ناویشی نەدەزانین، هەروەها ڕاست چەشنی سیوێپالارهوپپاک، بالا- ئیششان و ئەتتار- کیتتاهـ لەوێ نەمامی ناشتن. ئەویش داری چاکی هێنان بۆ شووش و بە پشتیوانیی هووبان و ئینشووشیناک نەخشاندنی و لەو پەرستگایەی کە لە قوتکەی قەڵایە سازی کردبوو، نەزری ئینشووشیناکی یەزدانی خۆی کردن(٢٨). شووترووک- ناخوونتێ بە فیز و دەمارێکی بەجێوڕێ بە خۆی دەنازێ و دەڵێ ئەو کارانەی کە شاهانی ڕابردوو بۆیان نەکراوە، ئەو کردوونی و ڕاپەڕاندوون و تەواوی ئەم دەسکەوتانە لەبەر سەربەرزبوونی هووبان و ئینشووشیناک جێبەجێ بوون(٢٩). شووترووک- ناخوونتێ ئەو کاتەی کەوا بەردەنووسێکی لە چیا بەرزە دوورەدەستەکانی ئەنزان دۆزییەوە، ناچار بوو دانی پێدابنێ ناوی ئەو پادشایە نازانێ کە ئەم بەردەنووسەی چەقاندووە. ئەو بەردەنووسەی کە ئەم دانپێداهێنانە ڕاشکاوانەیەی تێدایە، بە بابەتێکی لێڵ سەبارەت بە دوور ئوونتاش کە دواتر پێی گوترا دوور ئووانداسی، درێژە دەدرێ و کەوتۆتە لێواری ڕووباری «هیسیتێ» یان «ئیدیدێ» لە شوێنێک بەناوی «تیکنی». ئەم دەقە بە پێشکەش کردنی بەردەنووسێک لە لایەن پادشاوە بە ئیزەدی خۆشەویستی کۆتاییی پێدێ و دەبڕێتەوە(٣٠).

بەردەنووسەکانی دیکەی شووترووک - ناخوونتێ چاکتریان مانا بەدەستەوە دەدا و ساناتر بوون. ئەم پادشایە بە خشتی سوور نوێژگەی ئینشووشیناکی لە شووش ڕازاندۆتەوە و کەوتۆتە ویرەویری نزایەک و درکاندوویەتی کە ئیزەد دەیخوێنێتەوە و بەم سیلەنیگایەوە لە کار و هەنگاوی دەڕوانێ(٣١). کاتێک پەرستگای خاتوونەخوای «مانزات» کە پادشاکانی ڕابردوو سازیان کردبوو تێکچمی، ئەو هەرەسەکانی کێشەوە پێکردن و زۆر بەوردی شانی دایە بەر دۆزینەوەی ئەو خشتە سوورانەی کە پادشاهانی پێشوو دەقیان لەسەر شەقڵ کردبوون و دیوارەکانی پەرستگایان پێ دانابوون. شووترووک- ناخوونتێ بە خشتەکانی خۆی پەرستگاکەی ساز کردەوە و گێڕایەوە سەر شکۆی جارانی(٣٢).

هەبوونی چەند حەوزێکی بەردین بۆ پەرستنی ئیزەدانی عیلامی، بەتایبەت بۆ ئینشووشیناک و سوهسیپا، نیشاندەری ئەوەن کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک قوربانیی نەزرکراویان پێشکەش کراوە(٣٣). دورگەی لییان دەکەوتە نێو جەغزی دەسەڵاتی شووترووک- ناخوونتێ و لەوێ پەرستگایەکی چاک کردەوە کە زەمانێک هووبان- نوومێنا سازی کردبوو بۆ کیریریشا و هەر تایبەتیشی دایەوە بەو خاتوونەخوایە(٣٤). هەر بەردەنووسێک بەکردەوە نیشانەی دژایەتییە لەگەڵ فەرهەنگی ئەکەدی. تەنیا دەقێکی شووترووک - ناخوونتێ کە بە زمانی ئەکەدی نووسراوە، پێشکەش کراوە بە «ئیشمێکاراب»ی ئیزەدێکی ئەکەدی کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی سوککەلماهەکانەوە خەڵکی عیلام ناسیبوویان(٣٥).

لەم چەرخ و خولەدا «ئاشوور- دان»ی یەکەم (١١٨٩-١١٥٤ی پ.ز) پادشایەتیی درێژماوەی خۆی لە ئاشوور دەس پێکردبوو. هێندەی پێنەچوو کە سەرنجی کەوتە سەر «زاماما- شووم- ئیددینا»ی فەرمانڕەوای بێدەسەڵاتی بابل و «زابان»ی سەر بەستێنی «زێ»ی بچووک و «ئیرریا» و «ئاکار ساللوو»ی لە چنگی دەرهێنا(٣٦). شووترووک - ناخوونتێ خێرایەکی بۆی ڕوون بۆوە کە بابل بێهێزە، هەر بۆیە لەگەڵ «کووتیر - ناخوونتێ»ی کوڕی کەوتە تێر و تەیار کردنی قۆشەنچییانی عیلام. بەردەنووسێکی ئەم پادشایە لە لەشکرگایەکی «ئێلی»دا باسی گیرانی حەوسەت شاری تێدا کراوە هەتا دەگاتە «مارا» و پاشان باسی سەت شاری دیکەش دەکا(٣٧). ئەم پادشایە دواتر دەگاتە سەرزەمینی بابل. لە ئێشنووننا پەیکەرێکی پادشای پێشوو لەگەڵ پەیکەری «مانیشتووسوو»ش دەکەونە بەردەستی(٣٨). دواتر دەست بە سەر بەردەنووسە بەناوبانگەکەی «نارام سین»دا دەگرێ کە باسی سەرکەوتنی ئەوی تێدا کرابوو. لەم هاتوباتەدا دەستی بە بەردەنووسێکی گەورە ڕادەگا لە سیپپار کە یاساکانی «حەموورابی»ی لەسەر تۆمار کرابوو. شووترووک- ناخوونتێ بەشێک لەم نووسراوەیەی بە مەبەستی هەڵکەندنی دەقێکی تازەی خۆی پاک کردەوە، بەڵام ئەم شوێنە هەروا بە کرووزی مایەوە و پڕ نەکرایەوە(٤٠). لە نیزیک «کیش» کۆڵەکەیەکی بەردینی شێوە قووچەکی و دوو پەیکەرەی دیکەشی لە مانیشتووسوو

به خەنیمەت گرت کە لەسەریان هەڵکەندراوە «لە ئەکەد» وەچنگی کەوتوون(٤١). ئەم پادشایە ئێستا گەیبوویە خاکی کارینتاش و بەردەنووسێکی «مێلی- شیپاک» کەوتبوویە بەردەستی(٤٢). ئەنجا لەوێوە ڕووی کردە بابل و «زامامـا- شـووم - ئێددینا»ی بەختوەرگەڕاوی لەسەر تەختی پادشایەتی هەڵداشت، کە تەنیا ساڵێک بوو توانیبووی جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ و لەڕێوە «کووتیر- ناخوونتێ»ی کوڕی خۆی لە جێی دانا(٤٣). لە ئاکامی ئەم شەڕ و پەلامار و سەرکەوتنانەیدا باج و پیتاکی بە تەواوی ئەو شوێنانەوە بەست کە گرتبوونی. چەند هەرێم و ناوچەیەکی وەکوو «دوور کووریگالزوو»، «سیپپار»، «دوور شارروکین» و «ئۆپیس» بڕێکی دیاریکراویان «تالان» و «مینا» خرایە سەر شانی کە بیدەن.[١] بێگومان ئەم باج و پیتاکە بە مەبەستی سازکرانی پەرستگا بۆ ئیزەدانی بابلی و پیراگەیشتنیان دەستێندرا، چونکە باسی ئەو خشتە سوورەوەکراوانە کراوە کە دەبوو دیواری ئەو شوێنانەیان پێ کەڵتە بکرێتەوە(٤٥). ئەوسا شووترووک- ناخوونتێ بە قورسەباری خەنیمەتێکی زۆرەوە گەڕایەوە شووش و پێشکەشی بە ئینشووشیناکی کردن و بەردەنووسێکی تازەی نووسی و لە نیزیک پەرستگای ئینشووشیناک چەقاندی(٤٦).

مێژوونووسانی ڕەسمیی بابلی سەرناوی «شای بابل»یان نەخستە سەر شانی «کووتیر- ناخوونتێ» و دایان بە «ئێنلیل- نەدین- ئاخێ»، کە هەتا سێ ساڵی دیکە خۆڕاگری و خەباتی کاسییەکانی درێژە پێدا. سەرەنجام ساڵی ١١٧١ی پ.ز، کووتیر- ناخوونتێ خاشەی دەسەڵاتی خانەدانی کاسیی کێشا. چەکامەکانی دواتری بابلی کە هەوڵیان دەدا هەتا پاساو بۆ ڕاستەقینەیەکی تاڵ و ناخۆشی زاڵبوونی عیلام بدۆزنەوە، بە چەقی ڕەشدا دەچوون کە ئیزەدانی بابلی بە شوێنیاندا ناردووە تاکوو بێ و لەسەر تەختی پادشایەتی پاڵ بداتەوە(٤٧)؛ بەڵام خۆ فەرمانڕەوای عیلام بە ڕوانگەیەکی تەواو جیاوازەوە دەیڕوانی و شانەبەرزەی پایتەختبوونی لە بابل ئەستاندەوە. ئیزەدانی بابل سەلماندیان کە هیچیان لە

---

١- تالان و مینا بریتین لە دوو یەکەی کێش لە ڕۆژگارانی کۆن و کەوناراردا و بڕی کێشیان بەپێی شوێن سەروخواری کردووە؛ بەڵام هەر مینایەک بریتی بووە لە $\frac{1}{60}$ تالان.ح.

چنگ نایە و پەیکەرەی خودی مەردووک ڕاگوێزرایە شووش(٤٨)، کە کووتیر- ناخوونتێ لێی ببوو بە شا و جێی باوکی گرتبۆوە. ناوبراو لەسەر ڕێگای چوونی بۆ ئەم شارە، یەکێکی تر لە ئیزەدانی بەناوبانگی بابلی، واتە «نانا»ی خاتوونی ئوورووکی لە پەرستگاکەی دەرکێشا. کاتێک ئاشووربانیپاڵ ڕایگەیاند کە ١٥٣٥ ساڵ پێش ڕۆژگاری خۆی «کوودوور- نانخوندی» گوێی بە سوێندی ئیزەدان نەبزووت و سامی ڕێنەنیشت و دەستی گەیاندە پەرستگاکانی ئەکەد و «نانا»ی ڕاگواستە شووش، نیزیکەی ١٠٠٠ ساڵ خرایە سەر ژمارەی ڕاستەقینەی ئەو ساڵانەی کە ئەم ئیزەدە لە شووش ئەسیر بوو(٤٩).

وادیارە پادشایەتیی کووتیر- ناخوونتێ (١١٧٠-١١٦٦ی پ.ز) لە عیلام هێندەی بڕ نەکردووە. ناوبراو ئەوەندەی دەرفەت هەبوو هەتا پەرستگای کیریریشا لە دورگەی لییان نۆژەن بکاتەوە و بۆ سلامەتیی خۆی و «ناخوونتێ - ئووتوو»ی هاوسەری و منداڵەکانی نەزری بکاتەوە(٥٠). هەروەها پەرستگای ئیزەد «لاگامال»ی لە شووش چاک کردەوە و خستییە ژێر باڵی پاراستنی ئینشووشیناک(٥١). کووتیر- ناخوونتێ پێش ئەوەی کە ببێتە شا، لە باڵی باکووری خۆرنشینی گردی شووش دیوارێکی بە دەوری پەرستگای ئینشووشیناکدا کێشا و بە خشتی سوورەوکراو تابلۆیەکی هەڵزەقیوی لێ نەخشاند کە شێوە و دیمەنی «مرۆڤ- گا»یەکی دەخستە بەرچاو کەوا خەریکی پەرستنی دارخورمایە(٥٢). پاش ئەوەی بوو بە شا پەیکەرەی خۆی لەو شوێنە دانا کە بە شێوەیەکی بەربڵاو شانی دابوویە ڕازاندنەوەی(٥٣). مەرگی لەناکاوی پەکی ئەم کارانەی خست و هەلی بۆ سەرکەوتوویەکی مەزنتر ڕەخساند هەتا جێی بگرێتەوە. نەمانی ئەم پادشایە سەردەمێکی نوێ و داهاتنی ڕۆژگارێکی کەمخایەن، بەڵام باشتری بە شوێنیدا هات.

بەشی ٧

# شکۆی ئیمپراتۆریی عیلام

بێگومان شیلهاک - ئینشووشیناک (دەوروبەری ١١٦٥-١١٥١ی پ.ز)، برای کووتیر- ناخوونتێ، گەورەترین پادشای عیلام بووە. دەسکەوتە سیاسییەکانی عیلام گەیشتوونە لووتکە و ڕەنگە گەشەی کاروباری بازرگانی و ئابووریش لە گوڵی خۆیاندا بووبن؛ بەڵام هەوڵ و هەڵسووڕانی ئەم فەرمانڕەوایە بە مەبەستی پەرەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی، پاش نەمانی ڕێگایان بۆ تێکچوونی ئیمپراتۆرییەکەی خۆش کرد. ئێمە شتێکی ئەوتۆ لەمەڕ ئەو شتانەوە نازانین و تەنیا دەتوانین لە بەرەکانی شەڕدا چاو بە دەسکەوتەکانیدا بگێڕین و تێبکۆشین هەتا دیمەنێکی شووشی سەردەمی وی بخەینەڕوو. کاکڵی تەواوی مەبەستەکانی دیکە لەو گردانەی عیلامدا شاردراونەوە کە هێشتا کەندەوکۆژەیان تێدا نەکراوە یان خاکی نەدۆزرانەوەیان بە سەر کشاوە.

ئەو بەردەنووسەی کە لە کلکەی دەسەڵاتی «شیلهاک- ئینشووشیناک»دا نووسراوە، هێندێک زانیاریمان سەبارەت بە یەکەمین سەرکەوتنەکانی بۆ ڕوون دەکاتەوە(١). ئەم بەردەنووسە بە پاڕانەوەیەکی درێژ لە دەرگانەی ئەو ئیزەدانەوە دەست پێدەکا کە لە عیلام دەیانپەرستن و بریتی بوون لە هووبان، ئینشووشیناک، کیریریشا، นاننار، ناخوونتێ، تێمتی، سیلی، شیمووت، هووتران، تیروو، لەگەڵ ناپ- باهاپپی- هووتیپ- ناپپیپ، یانی ڕەنگە ئەو یەزدانانەی کە پارێزەری خانەی یەزدانەکان و هەروەها یەزدانی ئاسمانان و یەزدانەکانی عیلام و یەزدانەکانی شووش بوون. شا خۆی بە کوڕی شووترووک- ناخوونتێ و نەوەی لەبەردڵانی خاتوو «بیاک» و برای خۆشەویستی کووتیر- ناخوونتێ، هەڵبژاردەی ناخوونتێ،

مــەزنی بەدەسەڵاتی یەزدانەکانی عیلام دادەنا(٢). ناوبراو ئــەم بــەردەنــووســەی بــۆ ساغیــی خــۆی و «نــاخوونتێ- ئووتــوو»ی هــاوســەری، کــە پێشتــر ژنــی «کــووتیر- نــاخوونتێ»ی بــرای بــوو، هــەروەهــا بــۆ ســەر سـڵامــەتبوونی کوڕەکـانی یـانی هووتێلوودووش - ئینشووشیناک، شـیلهینا- هـامروو- لاگامـار، کووشیر- هــووبــان، تێمتی- تــورکــا- تاش و لیلی- ئیــرتــاش و کچــەکــانــی واتــە ئیشنیکارابیات، ئووروووتووک- ئێلهالاهوو، ئووتوو- ئێ- هیخی- پینیکیــر و بار- ئوولی نووسی. پادشا بەو کارە چاک و خێرخوازییانەدا دێتە خوار کە خۆی و هاوســەری لــەپێناو ئینشووشـیناکدا کردوویــانن. زۆرجـاران داوای دلــۆوانی و بەخشینی لێ دەکا و دەپاڕێتەوە کە گوێی لە نزاکانی بێ و داواکانی وەدی بێنێ.

هەموو ئەو قسانەی سەرەوە تەنیا سەردەقی ئەو بەردەنووسەن. مێژوونووسی سیاسـی دڵــی بــەو مــەبەستە دەگەشـێتەوە کـە بـە دوای ئـەم سـەردەقەدا دێ. شیلهاک- ئینشووشیناک لە هەشت دەستەدا، کە ڕەنگە وەکوو هەشت هـرووژم و پەلاماری جودا بن، ئەو شـارانە دەژمێرێ کـە گرتوونی. بەرلـە هـەر دەسـتەیەک پاڕانەوەیەک خۆی دەنوێنێ و پاشان ناوی ئەو ناوچەیە درکاوە کە شارەکانی تێدا هەڵکەوتوون. بـەجارێک نـاوی ٢٥٠ شـوێن لـەو پێرسـتەدا ڕیز کـراون. بەداخـەوە ئەمڕۆ تەنیا ناوی کەمتر لە ١٠٠ شوێن تەواو ڕوون ماون و دەخوێندرێنەوە و لـە زۆر جێیان ناوی شوێنەکان بەتەواوی کوێر بوونەوە؛ کەچی دیسانیش ئەم ناوانە بایەخی ئەوەیان هەیە کە کات و ساتێک تەرخانی لێ وردبوونـەوەیان بکرێ. ئـەو ناوانـەی کـە زیـاتر بـەڕوونی دەخوێندرێنـەوە ئەوانـەن کـە بـە «بیت»[١]یـان «شـا»[٢] دەست پێدەکەن و ئامـاژەن بۆ سـەر ڕیشـەی سـامیی ئـەو ناوانـە. ناوەکـانی دیکـە دەچنەوە سـەر بنج و بناوانی کاسی یان لانیکەم قـەفقازی و هـەرچی دەشـمێننەوە ڕەگ و ڕیشـەیان نادیارە.

دەستەی یەکەم بەجارێک ناوی ٤٢ شوێن لە خۆ دەگرێ. ئێستا تەنیا ئەم ناوانە بـەجوانی دەخـوێنـدرێنەوە: شـا شیلیتوو (ڕەنگــە شــا بێلتیا بێ)، بیـت بوولــی،

---

١- ماڵ، خانەدان (بەیتی عەرەبی).و.

٢- یانی: لە.و.

شێن کووروو، بیت ناپیاهێ (خانەی ئاسنگەران)، شا ئیمیرێ (لە کەرانەوە)، بیت ناکیروو- کە ڕەنگە هەمان خێڵی ناکیری بێ کە زۆر دواتر تیگلات پیلێسێری سێهەمی فەرمانڕەوای ئاشوور تێکیشکاندن(۳) - لەگەڵ بیت پیلانتوو. لە دەستەی دووهەمدا تەنیا شا بەربەری (لە گورگانەوە)، لەگەڵ شا... نانکەری (لە... دارتاشانەوە)، دەخوێندرێنەوە. تاقمی سێهەم ۳۱ شارە لە ناوچەی ئووکار سیلام ئێبێ و هێندێکیان بریتین لە: ئاکار ساللوو، کە تازە ئاشوور- دان گرتبووی و هەروەها کێوی ئێبی، کە «شەمەش- ئەدەد»ی پێنجەمی فەرمانڕەوای ئاشوور کاتێک بە «زابان» (واتە ئاڵتوون کۆپرووی ئێستا)دا دەچوو بۆ شاری «مێ توورنات»ی لێواری ڕووباری دیالە، بەشێک بووە لەو ناوچەیە(٤). هەر بۆیە کارێکی دژوار نییە تاکوو بزانین ئەو دەمەی شیلهاک - ئینشووشیناک ناوی شارە گیراوەکان بەدەستەوە دەدا، لەشکری بەرەو کوێ گاڵ داوە. لە درێژەی ناوکاندا تووشی ئەم شارانە دەبین: سیللام، توننی، ماتکوو (کە دەبێ مادگا، واتە «توزخورماتلی»ی ئێستا بێ و زەمانێکی گوودێئا بەردەگەچی لێ هەڵدەگرت)؛ بیت سینیریا، بیت کاتاشمەن (ماڵی کاتاشمەن)، بیت لاسی، بیت سین- شێمی (کە نێبووکەدنێسسەری پادشای بابلیش دەیزانی لە کوێیە و ئەو ملکەی لێواری ڕووباری دیجلەی باربووی کاهینی ئێنلیلی ئیزەدی خۆی(٥) کردبوو)؛ بیت ئێتێللێ، ئەپپیسینی- بێتی، شا واراد ئێگاللی (لە کۆشکی خزمەتکارەوە) لەگەڵ کیپرات.

دەستەی چوارەم کەوتبوونە ناوچەی... تیلا و بریتی بوون لە یازدە شار. ئەم ناوانە، واتە ئەررافە، ڕەنگە تیتوور (پرد) لەگەڵ نووزا لەڕێوە پێمان دەڵێن لە مەڵبەندی «کەرکووک»ین؛ بەڵام ئەو چەند ناوەی دیکەش کە دەخوێندرێنەوە، یانی هانباتێ و شا نیشێ (لە خەڵکەوە) شوێنبزر و نەناسراون. لەگەڵ ناوی ٤١ شوێنی دیکە کەوا کەوتبوونە ناوچەکانی دووروون، ئێبێ، شا تراک و ئایالمان دەگەڕێینەوە مەڵبەندەکانی توورنات یان دیالە، ئێبێ و حۆلوانی ئێستا. ناوی شارەکانی تاقمی پێنجەم کە هەتا ئێستا دەخوێندرێنەوە بریتین لە: توورنات، شا هانتا، بیت ڕێی ڕێپپی (ماڵی گەورەشوان)، بیت باهێ، شا پوورنا مەشهووم (ناوێکی کاسی بە واتای هی پشتیوانی خودایە)؛ هوراتوو، ڕەنگە بیت ئیشتار، ئیشیرتوو شا ئەدەد

(جیٚزیارەتی ئەدەد)، شا ئانپیٚما، بیت ڕیتووتی گەورە و گچکە، بیت ئیتتاتوو، ڕیٚشوو، بیت ڕیکیم ئەدەد (ماڵی هەورەتریشقەی ئەدەد)، بیت مووگیا(٦). زۆر دواتر بیت ئیشتار تیگلات پیلیٚسیٚری سیٚهەمی لە خۆیدا بەدی کرد. ڕیٚشوو ڕەنگە هەمان هۆزی «ڕەشی»ی ئارامییەکان بیٚ کە لە سەردەمی «سارگۆن»ەوە بە لای ئاشوورییەکانەوە ناسرابوون و کەوتبوونە چیاکانی ڕۆژهەڵات کە بیت ئیمبی ناوەندی بوو(٧).

دەستەی شەشەم بەجاریٚک ناوی ٤٩ شویٚن لە ناوچەکانی بالاهووتیٚ، ئایالمان و ئا... زاهایا بە دوای یەکتردا ڕیز دەکا؛ تەنانەت ئەم ناوانەش چەند هیٚما و نیشانەیەکی مەڵبەندی حۆلوانیان پیٚوە دیارە کە بریتین لە: ناهیش باراریٚ، شا هیلیک، شا بلیهوود، مووراتتاش (کە تیگلات پیلیٚسیٚری یەکەم لە لای چۆمی «زیٚ»ی بچووک و لە نیٚو کیٚوەکانی «ئاسانیوو» و «ئاتووما»دا(٨) دۆزییەوە)؛ دوننوو، بیت ئووزالی...، بیت هانیپی، شا کووپیا، سیٚ بیتاتی (خانووەکان)، بیت ناگیا، شا کاتتارزاهـ، دوهوپوونا (کە دواتر شەمەشی - ئەدەدی پیٚنجەم لە باشووری ڕووباری توورنات و چیای ئایالمان(٩) دۆزییەوە)؛ ئەنناخووتاش، بیت سین- ئیشمانی، بیت سیلیا (بیت سەعالی یان شەعالی ئاشووری و ناوەندەکەی بیت شا ئیلتی بوو کە ئاشووری پیٚیان دەگوت دوور ئیللاتای و ئارامی لیٚی پەناگیر(١٠) ببوون)؛ بیت زاهمی، بیت هووبانی (جیٚی هەماران)؛ شا مارازا، شا ئیکلای، شا نیگباری، تینتوو- ئیلی - ئیٚریش، بیت ماتیموو، بیت لاقیپوو، تینتوو، بیت ڕیکیم ئەدەد (لە دەستەی پیٚشووشدا ناوی هاتبوو)؛ بیت تامتیٚئا و هارباتوو. ناوەکانی ئاخری ئەم تاقمە کە دەیسەلمیٚنن گەیشتووینە نیشتمانی کاسییەکان بریتین لە: بیت ناپ شووماليا (خانەی ئیزەد شووماليا)، بیت تاساک سونکیک (یان بیت تاریش شارروو)، بیت میلیشپاک (سەرای نیشتمانیی سیپاک) لەگەڵ شا بوررا هوتتە. ئەم تاقمە بە بیت باری (کونی گورگان) و شاری کاپلوو دادەکووژیٚ.

دەستەی حەوتەم بریتین لە: بیت کیلاللا، بیت نانکەری (ماڵی دارتاشان)، تان سیلام، بیت کونزووباتی پوهووتوو، ناکاپوو، زالات، کیشوو و بیت ڕاپیکوو؛ ناوی ناوچەکە... «کاتار»ە. دەستەی هەشتەم سەرجەم ناوی ٢٦ شویٚن

لـه خـۆ دەگـرێ. نـاوی ناوچەکـە ناخوێندرێتــەوە و نـاوی ئـەو باژێرانـەی کـە دەخوێندرێنەوە بریتین لە: کیتان (یاناتان)، نارسیللام (ڕووباری سیللام)، هاراپ و بیت کیمیل ئەدەد.

پێویست ناکا لەوەی زیاتر لەسەر نێوەرۆکی ئەم بەردەنووسە گەورەیە بدوێین کە بەپێی ڕێسایەکی دیکە نەزری یەزدانەکانی عیلام، ئەنشان و شووش کراوە. لەتوکوتی بەردەنووسێکی دیکە چەند ناوێکی تازە دەخاتە نێو ناوەکانی پێشوو. یەکێک لەو کوتەبەردە نووسراوانە باسی ناوچەی هـەلمان نیرپیوونی و چاردە شوێنی پێشتر باسکراوی تێدایە کە تەنیا ناوی مەڵبەندەکەی ئاوا دەخوێندرێتەوە... ئەکمیش لانهوو. لـەتێکی دیکـە نیرپیـوونی- شـورتووها بـە ناوچـە دادەنـێ و لـە مەڵبەندێکی کەسنەناس چەند شوێنێک دەژمێرێ کە بریتین لە: مەکشیا، شا کوتوو، ئاسێ، شا کیلکا...، کیشیموو، هارپا لەگەڵ تالزانا(١١).

دوای پێـداچـوونـــەوە بـــەم پێـرستـانـــەدا، هـــرووژم و پـــەلامارەکانی شیلهاک- ئینشووشیناک زۆر بـەجوانی وەبـەرچاو دێن. سـەرەتا ئاکار سـاللوو و پاشان مەڵبەندی چیای «ئێبێ»ی نێوان ئاڵتوون کۆپروو و ڕووباری دیالەی کەوتە دەسـتی. دواتـر سـەری جلـەوی بـەرەو خۆرنشـین هەڵـەنگاوت و چەنـد عێـل و عاشیرەتێکی ئارامی کە تەنانەت لەم سەردەمە تازەدا نیشتەجێی بەری ڕۆژهـەڵاتی لێواری ڕووباری دیجلە ببوون، کێشانییە ژێر ڕکێفی خـۆی. بە گرتنی مادگا یـان تووزخورماتلی، کە لە ڕۆژگارانی ئاسایی‌دا قەڵەمڕەوی بێ‌ئەمۆئەولای ئاشوور بوو، هێزەکـانی بـە دوو بـازان بـە شـانی بـاکووردا دەگەیشـتنە نـووزی، ئەررافـە یـان کـەرکووک. ئـەو بـە هـاتنی بـۆ ئێـرە گەیبوویـە جێگایـەک کـە ڕاسـت کەوتبوونـە خۆرهەڵاتی ئاشوور و نیزیک حەفتا مایلێکی لێوە دوور بوو؛ جا کە وایە هیچ سەیر نییە ئەگەر پێمان وابێ خودی شیلهاک - ئینشووشیناک حکوومـەتی درێژخایـەنی «ئاشوور- دان»ی ڕووخاندووە (١١٥٤ی پ.ز). کاتێک گەیوەتـە «دووروون» و «ئایالمان» گەڕاوەتەوە شوێنی دەرباز بوون لە چیاکانی توورنـات یـان ڕووبـاری دیالـە لـە حۆلـوانی ئێسـتا و لـەوێوە بـەرەو ڕۆژهـەڵات، واتـە ئـەو مەڵبەنـدەی کـە ڕۆژگارێک کاسییەکانی لێ نیشتەجێ ببوون، ڕێی داگرتووە و سەری پێداکردووە.

سەرکەوتنی فەرمانڕەوای عیلام لەگەڵ چەسپینی دەسەڵاتێکی بێبەرگێڕەوەی یەکجارەکی مەودای زۆر بوو. ئەگەرچی براکەی توانیبووی لە بابل خاشەی شاهانی کاسی بکێشێ، بەڵام ئەم هەرێمەی بۆ ڕاگیر نەکرا و لە «ئیسین»ی باکووری ئەم خاکە ئاوماڵەکە دەسەڵاتێکی نوێ سەری هەڵدا. لە زەمانی حکوومەتی «مەردووک- شاپیک- زێری»دا ئەم دەسەڵاتە دەستی وەردایە کاروباری نێوخۆی ئاشوور(١٢). لێرەدا دەکرێ وای بۆ بچین کە مەزنایەتیی فەرمانڕەوای عیلام بۆتە هەوێنی ڕاستەقینەی ڕاپەڕین و نائارامیی لەرێوەی پاش مەرگ و نەمانی ئاشوور- دان. شیلهاک- ئینشووشیناک نەیتوانی بەر بەم دەستێوەردانە بگرێ و بە مەبەستی گوێبادانی پادشای ئیسین خێرایەکی لە عیلامەوە بزووت. پادشا هێزی بەرەو دیجلە گاڵ دا و لەوێ ئەو لەشکرەی بەزاند کە هاتبوو بەرەگەی لێ بگرێ و ڕووی کردە شاری هووسی و پاش بڕینی ڕێگای سەرەوەی فورات گەیشتە نیمتوو- مەردووک، کە ڕەنگە مەبەستی «نیمیتی- ئێنلیل»ی دیواری بابل بێ(١٣)؛ بەڵام وێدەچێ لێرە شکابێ، چونکە ئاشکرایە کە لەو کاتە بەولاوە دەسەڵاتێکی وای بە سەر هەرکام لە هەرێمەکانی بابل و ئاشووردا نەشکاوەتەوە، کەچی دەبێ ئەوەندە بزانین کە شای گەورە هێشتاش خاوەنی ئیمپراتۆرییەکی بەهێز بوو. قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی لە دورگەی «لیبیان»ی کەنداوی فارس ڕەنگی دەدایەوە، چونکە لەوێ ئەو پەرستگایەی نۆژەن کردەوە کە هووبان- نوومێنا سازی کردبوو بۆ کیریریشا و پەرستگایەکی هاوبەشی هووبان و کیریریشاشی کەڵتە کردەوە(١٤). جەغزی دەسەڵاتی لە بەشی نێوخۆی سەرزەمینەکەدا کەموزۆر هەتا تەختیجەمشید دەڕۆیی، چونکە ئەو خشتە سوورانەی ناوی ئەویان لەسەر شەقڵ کراوە و بۆ سلامەتبوونی خۆی و ژن و منداڵی نەزر کراون، لە مەڵبەندی عێلاتی «مەمەسەنی» دۆزراونەوە، کە کەوتۆتە نێوان ڕێگای ڕامهۆرمز و شیراز(١٥). ئەو دەمەی کە بە مەبەستی ئەستاندنەوەی قاپوقاچاخی دزراوی بە چنگ پیاوانی خێڵی «بالاهووتێ»ی بنەگرتووی زاگرۆسی ناوەندی، هەڵیکوتانە سەری، لە ئێلی، ئەنزان، ئوولان و شا پوورنا مەشهووم هۆردووبەزی کرد(١٦). پاشان هەروەک

هووبان- نوومێنا و شووترووک - ناخوونتێ سەرناوی «پەرەپێدەری قەڵـەمڕەوی ئیمپراتۆری»ی لە خۆی نا و کەس سەرناوی لەمە سەرتری نەبوو.

لـە سـەردەمی پادشـایەتیی ویدا، ئینشووشـیناک کـە زەمانێـک تـەنیا یـەزدانی خۆماڵیی شووش بوو، بوو بە گەورەترین ئیزەدی قەڵـەمڕەوی و لـە سەرانسـەری ناوچە و هەرێمەکانی ژێر فەرمانیدا چەندین پەرستگایان بۆ دروست کرد. هەر لە تەنیا بەردەنووسێکدا باسی سازکرانی چەندین پەرستگا کراوە لە چەند شوێنێک کە بـریتین لـە: تێتتـوو، شـا ئـەتتا میتیـک، ئێکـالات (کـە ئیزەدەکـانی زیـاتر ئـەدەد و شالا(١٧) بوون)؛ بێرابێرا، شا ئەتتاتا ئێکال لیکرووب، شا هانتالاک و ماررووت، کە ڕەنگە هەمان نارمارراتی یان بەتایح بێ(١٨). ئەوەی ڕاستی بێ خـۆ هـەر خـودای شووشیان بە مـەزن نـەدەزانی، بـەڵکوو ڕێزیـان بـۆ یەزدانـەکانی دیکـەی عیلامـیش دادەنا. لاکامار خاوەنی پەرستگایەک بوو لە بیت هولمی و هووبان پەرستگایەکی لە بێپتار سیان سیت بۆ سازکرابوو(١٩)؛ هەروەها وەکوو پێشتر باسی کرا یەکێک بۆ کیریریشـا بەتـەنیایی و یـەکێکی هاوبەشـیش بـۆ هووبـان و کیریریشـا لـە دوڕگـەی «لییان» دروست کرابوو. بـە هێنانـە گـۆڕی ئـەم پەرسـتگایانە دەکرێ بەڵگـەیـەکی دیکەش بۆ بەربڵاوبوونی ئیمپراتۆریی شیلهاک - ئینشووشیناک بدۆزینەوە. ناوبراو تـەواوی خـاکی خۆرهـەڵاتی دیجلە هـەتا زێـی بچـووکی گـرت و لـە هـەمان کـاتدا لانیکەم بەشـێک لـە بـەتایحی باشـووری خۆرنشـینی شووشـیش کەوتبوویـە ژێـر دەسەڵاتی. بێگومان هێندێک لەو شوێنانەی کە ناویـان هـاتووە لـە خـاکی ئێراندا بـوون و لەگــەڵ «تەختیجەمشــید»ی پایتــەختی داهــاتووی هەخامەنشــییەکان مەودایەکی وایان نەبووە.

لەو زەمانەدا لێشاوی داهات لە سەرتاسەری ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەوە بـەرەو شـووش لـووزەوی بەسـت و بـەم سـامانەی کـە تـاکوو ئـەو دەم هـیچ پادشـایەکی دیکەی عیلام بەدەست خۆیەوە نـەدیبوو، ئـەم دایکەشـارەی گەیانـدە شـانی شـارە گەورەکانی ڕۆژگاری خۆی. زۆربەی جێگا و دامەزراوەکان، بـۆ وێنـە ناوەنـدەکانی بازرگـانی و پیشــەگەری کــە بەدەســت خــەڵکەوە بـوون، کـەوتبــوونە گــەڕەکی بازرگانی و نیشتەجێبوونی جەماوەری شار و ئـەو بەشـەی شـاریش کـە تایبـەتی

کۆشـکەکان و پەرسـتگاکان بـوو کـار و هەڵسـووڕانی زۆر زیـاتـری تێدابوو. شـیلهاک- ئینشووشـیناک ئـەو پەرسـتگایەی تـەواو کـرد کـە ئینشووشـیناکی بـرای دەسـتی پێکردبـوو. پاشـان پەیکـەرەی لـە خشـتە سـازکراوی خۆشـی لـە تەنیشـت پەیکـەرەی براکـەی دانـا. تـەواوی گەڕانگـەڕی پەرسـتگاکە بـە کۆمـەڵێک دیمـەن و قەڵافەتی وردی خۆی نەخشێندراوە کە تێیاندا لەبەر ئینشووشیناک پاڕاوەتەوە هەتا بـە سـیلەنیگای دلـۆوانی لـە کـردەوە چاکەکـانی بڕوانـێ(٢٠). لـە باشـووری ئـەم پەرستگایە کەوتە نۆژەنکردنەوەی نزاخانەی ئوونتاش- هووبان کە بۆ «پینیکیر»ی سـاز کردبـوو(٢١)؛ هـەروەها پەرسـتگای «سوهسـیپا»شـی چـاک کـردەوە کـە لە ڕابردوودا پەرستراوی شووترووک- ناخوونتێ بوو(٢٢). بۆ سـاغی و سـڵامەتیی خۆی و بنەماڵەکەی پاشکۆیەکی پیرۆزی لـە نێو نەزرگـەی «تـاب- میگیرشـوو»دا دروست کرد(٢٣). جێقوربانییەکی کە پاشـکۆی پەرسـتگای بێلتیا (خـاتوونی مـن) بوو، بە ڕووکەشێکی دیکە ڕازاندەوە و کەلیوپەلی مسینی لە دەوروبـەری چنـی و هەروەها فەرمووی هەتا لە پەرستگای «هووبـانی پایەبـەرز»دا بەردەنووسـێک لـە مەڕمەڕی سپی دابنێن(٢٤). دواتر پەرستگای تایبەتی مانزات و شـیمووتی نـۆژەن کـردەوە و چونکـە ئـەوەی دوایـی «ئیزەدێکـی عیلامـی» بـوو، چـاکی بایـەخ بـۆ دادەندرا(٢٥). نزاخانەیەکی دیکەی تایبەتی «ئینشووشیناک» و «لاگامار»ی کەڵتە کردەوە و دانی پێداهێنا کە ناوی ئەو پادشـایانە نـازانێ کـە بناغـەیان داڕشـتووە و دایانپۆشیوە(٢٦). هەروەها پەرستگایەکی تایبەت بە «ئیشنیکاراب»ی ساز کردەوە کە لە سەردەمی پێشوودا ناسراو بوو بە ئیشمێکاراب و لـە جێـی تـازەی خـۆیدا داڵانێکی دەپاراست و شـیلهاک- ئینشووشـیناک بـە یـادی وی یـەکێک لـە کچـەکانی خۆی ناونابوو ئیشنیکارابیات(٢٧).

بێگومان ئەو پەرستگایەی کە ڕووبەری حەوت میتری چـوارگـۆشـەیـە و لە بـاڵــی باشـووری شـووش گڵـی لەسـەر لادراوە و پەیکەرەیـەکی شـکۆمەندی پووزوور- ئینشووشیناکی تێدایە، شیلهاک- ئینشووشیناک بۆ یـەکێک لـە ئیزەدانـی سـاز کردبـوو. ڕەنگـە ئـەو ڕیـزە پلیکانـە پێچپێچـەی سەتوبیسـت پاچەچـەی تێدا

هەڵبەستراوە و ٤٣ گەز بە سینگی تەپۆڵکەیەکدا ڕۆچووە، بەرەو پەرستگایەک چووبێ کە بۆ یەکێک لە ئیزەدان ساز کراوە(٢٨).

جێگای لەم شێوەیە لە شکۆ و بەرزیدا ناگاتە پای ئەو دوو پەرستگا گەورەیەی کە لە سووچی باشووری خۆرنشینی تەپۆڵکەی کۆنەقەڵای شار دروست کرابوون. نەخشەی نژیاروانان لەسەر کۆمەڵێک تەتەڵەی قوڕینی شکاو و پرش‌وبڵاو، دەیسەلمێنێ کە ئەوان بەبێ نەخشە و گەڵاڵەی داڕێژراو کاریان نەکردووە(٢٩). هەڵکەوت گەڵاڵەیەکی ڕاستینەی لەم بەشەی تەپۆڵکەی بۆ ئێمە پاراستووە. ئەم گەڵاڵەیە لەسەر تەتەڵەیەکی مەفرەقی خراپۆکە هەڵکەندراوە کە دیمەنی دوو پەرستگای بچووکی دوو نهۆم و یەکی گەورەتری سێ نهۆمی دەخاتە بەرچاو. بە دیتنی ئەم دیمەنانە لەڕێوە کڵاوقووچەی ئەو پەرستگایە دێنەوە یاد کە بە خشتی لینجاودراوی کەللە مەفرەقیی ورشەدار ڕازابوونەوە و ئاشووربانیپاڵ، نیزیکەی پێنسەد ساڵ دواتر لە شووش وێرانی کرد. دوو گابەردی چەقیو، پەرستگا گەورەترەکە لە تەنیشتانەوە ڕادەگرن کە سەکۆیەکی بەردینی لە پێش داندراوە و کۆمەڵێک پیاڵەی بۆ کۆکردنەوەی خوێنی قوربانی‌کراوان لەسەرە. دیمەنی گوڵدانێک و سەکۆیەکی دیکە و کێلێک و مێشەیەکی پیرۆز وەبەرچاو دێن. ئەم مێشەیەش قسەکەی ئاشووربانیپاڵ دێنێتەوە یاد کە دەیگوت: «ئەو مێشە پیرۆزانەی کە هیچ بێگانەیەک ڕێی تێنەبردوون و نەیتوانیوە سنووریان ببەزێنێ.» لەسەر ئەم تەتەڵەیە دوو کەسی ڕووت دیارن کە یەکیان خۆی تیف‌تیفە داوە و داهاتۆتەوە و دەفرێکی تایبەتی ڕێوڕەسمی قوربانی کردنی بەدەستەوەیە. لە گۆشەیەکی ئەم تەتەڵەیەدا نووسراوە کە چلۆن شیلهاک- ئینشووشیناک ئەم شتە مەفرەقەی ساز کردووە و ناوی ناوە «خۆری هەڵاتوو»(٣٠).

پەرستگای یەکەم و بچووکتر لە شوێنێک دروست کرابوو کە شووڵگی پەرستگایەکی دانابوو بۆ نینهوورسەگ و بێگومان هەر نەزری ئەو خاتوونەخوایە کرابوو، بەڵام وێدەچێ لەو کاتەدا خاوەنی ناوێکی دیکەی خۆماڵییانەی وەکوو کیریریشا یان پینیکیر بووبێ. چوار هەماری تایبەتی دیاری و نەزرینان، چەند نیشانەیەکی پەرستگاکەیان بەدەستەوە دەدا کە ئەندازەی نیزیکەی ٥٠×٢٥ فووت

بووه و چەند ژووری زیادەی دیکەش لە هەموو باڵەکانییەوە ساز کرابوون. چوار هـەماری دیکـە، چـوار سـووچی ژوورەوەی پەرسـتگا دەخەنـە بـەرچاو کـە ڕووبەرەکـەی نەدەگەیشـتە ٢٠ فـووتی چوارگۆشـە. لـە ژوورەوەی پەرسـتگاکەدا ڕیزیـان دادەنـا بـۆ پەیکـەرەکانی پـووزوور- ئینشووشـیناک و بەردەنووسـێکی مانیشتووسـوو، بـەڵام پەیکـەری مـەفـرەقیـی «ناپیراسـوو»ی هاوسـەری «ئوونتـاش- هووبـان» کەوتبوویـە جەرگـە و شـوێنی هـەرە پیرۆزی پەرسـتگاکە. تەختی بنی پەرستگاکە بە قیلی سروشتی خشتەی تێگیرابوو، بەڵام لە زۆر جێیان بۆ دانـان و چەقانـدنی کێـل یـان هـەمان بەردەنووسـی عیلامـی خشـتەکانیان هەڵگرتبوونەوە(٣١).

شـکۆمەندی و مەزنایـەتیی ئـەم پەرسـتگایەش تـۆزی ئـەو شـوێنە تازەیـەی نەدەشـکاند کـە بـۆ ئینشووشـیناکی خێـو و خـودانی شـووش سـازکرابوو(٣٢). پەرستگاکە بناغەی لەسەر سەکۆیەکی بە درێژاییی ١٣٠ فووت و پاناییی نیوەی ئەم برە و لەسەر باری باکوور- باشوور داڕێژرابوو. لە ژێرەوەی ئەم پەرستگایە کە بە خشتی سوور و مەڵاتی قیلی سروشتی دیوارەکانی هەڵچندرابوون، دیسـانیش هەشت هەماری ڕاگیرکرانی نەزرینە وەبەرچاو هاتوون کە چواریان کەوتبوونە چوار گۆشەی خودی پەرستگاکەوە و ڕووبەری ٦٧×٣٣ فووت بووە و چوارەکەی دیکەش کەوتوونە چوار قولینچکی میحرابی ژوورەوە کە بریتی بووە لە ٢٦×١٦ فووت. ئەم نەزرینە پارێزراوانە بریتی بوون لە چەند پەیکەرەیەکی پووزوور- ئینشووشیناک کە بە خەتی بەرلە عیلامی لەسەریان هەڵکەندرابوو لەگەڵ کۆمەڵێک گوارەی زێڕ و زێو، بازنە، ئاڵقە، پووڵەکە، قەدیفەی برۆنزی و پەڕەی لوولەکراوی مەفرەقی وێڕای چـەندین گوڵدانی زێوین و بەردین و ژمارەیەک تەتەڵەی شووڵگی، واتـە بەدەسـەڵاتترین پادشـای زنجیـرەی سـێهەمی ئـوور. لـە هـەردک زارکـی پەرسـتگاکە شـێری بـە ئەنـدازەی سروشـتی، کـە لـە سـواڵینەی لینجـاودراو سازکرابوون، چەقیبوون. بە گوتەی ئاشووربانیپاڵ ئەم شێرانە لەگەڵ گای شەڕانی کە ببوونە ڕازێنەرەوەی دەروازەکان «چەند پەیکەرەیەکی زۆر زلە یان پاسەوانانی پەرستگا بوون»(٣٣). ئەم گایانە لەسەر گابەردی زۆر زەلام کە نووسینیان لەسەر

هەڵکەندرابوو دەسووڕان. ئەم نووسینانە بریتی بوون لە لیزگەی ناوی پادشایانی ڕابردوو کە پەرستگای «ئینشووشیناک»یان ساز کردبوو(۳٤). لە زارکی پەرستگاکە چەند قووچەکەیەکی ڕووکەشکراو بۆ جوانی ساز کرابوون کە نیشانیان دەدا شیلهاک- ئینشووشیناک زارکی ڕێڕەوی ئەم شوێنەی لەپێناو سلامەتبوونی خۆی و ناخوونتێ - ئووتووی هاوسەری و منداڵەکانی کردۆتە نەزری یەزدانی خۆی(۳۵). قوببەیەک کرابوویە دیاری بۆ «زانا- تێنتار»، کە دەبێ «خاتوونی بابل» بووبێ(۳٦). هەروەها خشتەکانی زارکی چوونە ژوورەوەی پەرستگاکە، کە هێندێکیان نەخش و نیگاریشیان پێوە بووە، نووسینیان لەسەر هەڵکەندراوە و بەپێی ئەم دەقانە شیلهاک - ئینشووشیناک بە خۆی دەنازێ و دەڵێ ئەوەی پادشاهانی ڕابردوو سازیان کردبوون، ئەو نۆژەنی کردوونەوە و ناوی هەموویانی نووسیونەوە هەتا ئاوا یادی کارەکانیان لە ڕۆژگاری ویدا هەر زیندوو بێ(۳۷).

دیوارەکانی پەرستگا کە هیچ بەرەڵێخ و پشتیوانەیەکیان پێوە ساز نەکرابوو، بە خشتی کاڵ داندرابوون، بەڵام ڕووکەشی خشتی سووریان تێهەڵکێشرابوو. لێرولەوێ خشتەیەکی نەخشێندراوی جاروبار لینجاودراو، ناوی پادشایەکی ناوداری پێوە دیار بوو کە پەرستگاکەی بۆ ئینشووشیناک دروست کردبوو. لە ئاکامی لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی پادشا بە مێژووی ڕابردوودا، ناوی گەلێک سوککەلماهـ زیندوو کرانەوە(۳۸). کووک- ناشوور و کووک- کیرواش کە بەگوێرەی دەقێکی سوومێری هەرکام لە گەڕەکی پەرستگایان یەکی نزاخانەیەکیان کردبوویە نەزری یەزدان، ڕێزی تایبەتیان لێ دەگیرا. دەقە سوومێرییەکەی ئەوانیان نووسینەوە و شیلهاک- ئینشووشیناک بە مەبەستی بەرچاوڕوونیی خوێنەرانی خۆی، دڵنیایان دەکاتەوە کە نووسراوەکانیانی وەرگێڕاوە و ناوەکانی دۆزیونەوە و بەم شێوەیە یادی کارەکانی ئەوانی زیندوو کردۆتەوە(۳۹)؛ بەڵام چونکە بەپێی دەقێکی ئەکەدی کە تێمتی- ئاگوون نووسیویەتی و باسی نەزری پەیکەرێک دەکا کە لەپێناو سلامەتیی مەزنیی خۆی کووتیر- ناخوونتێ پێشکەشی ئینشووشیناکی کردووە و بەکردەوە هەر بەیەک شێوە لێکدراونەوە(٤۰)، وادیارە کە

شـیلهاک- ئینشووشـیناک نـە توانیویـەتی سـوومێری بخوێنێتـەوە و نـە بکەوێتـە شیکردنەوەی! هەروەها جۆرێک خشتەی سووری دیکە کە دیواریان پێ داندراوە، هۆگربوونی پادشا بە سەردەمی خۆیەوە دەخەنە بەرچاو. ئەم خشتانە ناوی هەموو منداڵـەکانی پادشـایان لەسـەر شـەقڵێندراوە و پەرسـتگاکە وەکـوو دیـاریی خـۆی پێشکەش بە شاری شووش دەکا(٤١).

لە ژوورەوەی پەرستگاکەدا چەند کۆڵەکەیەکی پێهەڵاچوو لە خشتەی سێگۆش کە هـەر یەکـەی شـتێکیان لەسـەر نووسـراوە، سـەریان وەبـەر ئاڵووداری میچەکە هێناوە. ئەو خشتانە کە بەجوانی لینجاو دراونەوە، هەر بەتەنیایی و بە شێوەیەکی دیار، ڕەنگ و ڕووی ژوورەوەیان پتر نەخشاندووە؛ بەڵام وردەکاریی هـەرە بـاش لەسەر مزقەڵایی (مەفرەق) کراوە و چەند دیمەنێک هەڵتاشراون. وەکوو دیارە چەند سـەربازێک بـە شـوێن یـەکتردا ڕیـز بـوون و هـەموویان کڵاوزرێـی یەکچەشـنی دەمامکداری نووک تیژیان کردۆتە سـەریان و کەوای بێقۆڵیـان کردۆتـە بـەریان و داوێنی کورتیان بەرداوەتەوە و کاڵەی نووکهەڵگەڕاوەیان کردۆتە پێیـان. ڕیشـیان تەشوێتاشە و گـەیـوەتـە سەر سینەیان و ڕیشووی کڵاوزرێیـان شـۆڕ بۆتـەوە و مـل و گـوێی داپۆشـیون. شمشـێرێکی لاری قوڵـەیان بەدەسـتی ڕاسـتەوەیە و بەرەوسـەر گرتوویانە. کـەوانێک بـە لای چەپیانـەوە هەڵاوەسراوە و گورزێک بـە داوێنیاندا ڕۆچووە و قایشی تیردانی پشتیان بـە شـانی ڕاستیاندا هاتۆتـە خـوار. دەقێـک کـە ئـەمڕۆ سـەرپاکی ناخوێندرێتـەوە، ڕەنگـە باسـی سـەرکەوتن و پێشکەشکردنی خەنیمەتان بێ کە نەزری ئەم ئیزەدانە کرابن: مـانزات، نـاخوونتێ، لاگامار، پینیکیر و کیریریشا(٤٢).

جێقوربـانیی پەرسـتگاکە بـە لوولەیـەکی بۆشـی یـەکپارچەی مەفـرەقەوە ڕاوەستابوو کە سـەری لـە حـەوت گـەز تێپەڕیوە و دەقێکی لەسـەر هەڵکەندراوە. دەقەکە باسـی سـازکران و پێشکەشکرانی دەکا بـە ئینشووشـیناک بۆ سـەدەقەی سەری پادشا و بنەماڵەکەی، بەڵام تووک و نزایەکی درێژیشی تێدا نووسراوە دژی ئەو کەسـانەی کە هونەرەکـەی تێدا دەبـەن. لـەم نزایـەدا هـاوار دەکاتـە هووتران، نەوەی خۆشەویستی کیریریشا و هووبان و هەروەها خودی هووبان و کیریریشا و

ئینشووشیناک و ناخوونتێ(٤٣). ئەو نووسراوانەی کە لەسەر بەردەنووسەکە هەڵکەندراون، پێمان دەڵێن کە شیلهاک-ئینشووشیناک قوربانیگایەکی شکۆمەندی تازەی ساز کردووە و بە مس کەوتۆتە ڕازاندنەوەی و دەفری مسین و هی دیکەی لێ داناون کە بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی دینی و نزا و پاڕانەوە پێویست بوون. ڕەنگە ئەم کەلوپەلانە پەیکەری بوونەوەرانی شاخداریشیان لە خۆ گرتبێ کە بە مەبەستی پاراستنی ئەو شوێنە سازیان کردوون. هەر لەو دەقەدا هاتووە کە ناوبراو لە سەرووی قوربانیگا چەند شتێکی دانابوو کە دەکرێ بە «شێوەی دیمەنی شکۆمەندی» شووترووک-ناخوونتێ، کووتیر-ناخوونتێ، ئووتوو، شیمووت-نیکا-تاش و خۆی و براکەی و هەموو منداڵەکانی دابندرێن. ئەگەر بەڕاستی ئەمانە کۆمەڵێک پەیکەرە بووبن، تازە هیچ گومانی تێدا نامێنێ کە شاهانی عیلام یان تەواوی ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتدار دەگەیەندرانە پلەی خودایەتی(٤٤).

دیواری حەوشەیەکی سەنگفەڕشکراو کە پەرستگاکەی لە نێوەڕاستیدا ساز کرابوو، بێگومان بە بەردەتاش ڕازاوەتەوە و گەلێک بەردەنووسی عیلامیشی تێدا چەقێندراوە. پێشتر سێ لەو بەردەنووسانەمان بەوردی پشکنیون، چونکە ئەوان بە سەرچڵی باسی سەرکەوتنەکانی «شیلهاک-ئینشووشیناک» دەکەن لە هەرێمە دوورەدەستەکان(٤٥). دوو بەردەنووسی دیکە کەوتوونە سەر گێڕانەوەی بابەتی پەرستگا و میحرابەکەی و لەم دووانە یەکیان کراوەتە نەزری هووبان، کیریریشا و ئینشووشیناک و ئەوی دیکەیان هەر بەتەنیا پێشکەشی ئینشووشیناک کراوە(٤٦). بەردەنووسی شەشەم لیزگەی ناوی پادشاهانی ڕابردووی تێدا نووسراوە کە پەرستگایەکیان بۆ ئینشووشیناک دروست کردووە و چەند جێگایەکی لەوسەرەوسەری وڵات خستوونە بەرباس کە پەرستگایان بۆ یەزدانەکانی دیکەی عیلامی لێ سازکراوە(٤٧). نێوەرۆکی بەردەنووسی حەوتەم (کێلی حەوتەم)، باسی چۆنییەتیی پەرستگایەکی تێدا کراوە تایبەت بە مانزات و شیمووت. بەردەنووسی هەشتەم تەنیا لەتوکوتێکی وەچنگ ئێمە کەوتووە(٤٨). بێگومان ئەم بەردەنووسانە خاوەنی ڕواڵەتێکی جوان و سەرنجڕاکێش و کاریگەر بوون، بەڵام لە

ڕوانگەی ئەو عیلامییانەی کە بۆ پەسن و پەرستن دەهاتنە ئێرە، ڕەوگەی باشووریی پەرستگاکە دیمەنێکی سەرسوڕهێنتری خستۆتە بەرچاو، چونکە لەوێ ئەو یادگارانەیان دانابوون کە لە خاک و هەرێمە دوورەدەستەکانەوە بە خەنیمەت گیرابوون. لێرە ئەو کێلەی کە یاسا بەرزەکانی «حەموورابی»ی لەسەر هەڵکەندرابوو، کۆڵەکە قووچەکییە شکۆمەندەکەی مانیشتووسوو، «بەردەنووسی سەرکەوتن»ی بەناوبانگی نارام سین و گەلێک بەردەنیشانەی سنووریی بێ ژمارە کە درانی زەویوزاریان لەسەر هەڵکەندبوون، خرابوونە بەرچاو. ئەمانە کۆمەڵێک بەڵگەی زیندووی دەسەڵاتی پادشا و هێزی چەکداری و باڵادەستبوونی بوون لە دەر و ژووری قەڵەمڕەویدا. ئەم شتانە و چوار دیواری پەرستگاکە، شکۆ و مەزنایەتیی ئیمپراتۆریی عیلامیان دەخستە دەروونی بینەرەوە؛ بەڵام پاش ئەوەی کە ئەم ئیمپراتۆرییە کەوتە سەرەولێژی نەمان، ئەمانە تەنیا دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتێک بوون کە بۆ هەتاهەتایە تێداچووبوو.

مێژوو بۆتە هەوارگەی گەلێک ئیمپراتۆری و وەبیری دێ کاتێک گەیشتوونە پەرپەرۆچکەی هێز و دەسەڵات، لەڕێوە سەرەوخوار بە ڕەوگەی نەمانی خۆیاندا گلیان داوە و عیلامیش نەیتوانیوە لەم ڕێسایە بەدەر بێ. ماوەیەکی کەم پاش ساڵی ١١٥٠ی پ.ز، کە هووتێلوودووش- ئینشووشیناک هات و جێی شیلهاک- ئینشووشیناکی گرتەوە، ڕەوتی پەرێشانی و دارمان دەستی پێکرد؛ ئەو کاتێک باسی کوڕەکانی دەکا، لە هەمووانی زیاتر ناو دێنێ. هووتێلوودووش- ئینشووشیناک خۆی چەند جارێک بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بە ڕەسەن هەم دەچێتەوە سەر کووتیر- ناخوونتێ و هەم شیلهاک- ئینشووشیناک. لە ڕاستی واوێدەچێ ناوبراو کوڕی ناخوونتێ - ئووتوو بێ کە ڕەنگە خۆی کچی شووترووک- ناخوونتێ بووبێ و سەرەتا شووی بە کووتیر- ناخوونتێ کردبێ و پاشان لەگەڵ شیلهاک- ئینشووشیناک زەوجیبێ. هووتێلوودووش- ئینشووشیناک کە وێرابووی سەرناوی پێشوونانی باوێتە سەر ناوی و خۆی بە «شای ئەنزان و شووش» دابنێ، پێداگر بوو کە بە خۆی بڵێ «پەرەپێدەری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆری»؛ هەڵبەت بێئەوەی قسەکەی ڕاست و بەڕێوجێ بێ. لە

ڕووی چەشـن و شـێوەی هێماکـان و نێـوەڕۆکی بەردەنووسـەکانییەوە، بۆمـان دەردەکەوێ ئـەم پادشـایە بـە لای ڕابردووپەرسـتی یـان کۆنبـاوی‌دا شکاوەتەوە و ئەمەش دەریدەخا کە سەردەمی زێڕینی عیلام تـازە بـاوی نـەماوە. لـە ڕووی ئـەم ڕاسـتەقینەوە کـە هـیچ بەردەنووسـێکی لـە دوڕگـەی لییـانی کەنـداوی فـارس نەدۆزراوەتەوە، ڕەنگە نیشانەی ئەوە بێ ئەو شوێنەی لە نێو جەغزی دەسـەڵاتی‌دا نەماوە؛ بەڵام سازکردنی پەرستگایەک بۆ ئووپوورکوپاک لە شالوولیککی کە دواتر بە شاللووکێئا ناودێر کرا، ڕوونی دەکاتەوە کە لانی‌کەم بەشێک لە بەتایح هەتا ئەو کاتەش هەر لە ژێر دەسەڵاتی‌دا بووە(٤٩).

ئەو دروستکراوانەی کە هووتێلوودووش - ئینشووشیناک لە شووش بناغەی دانان و پێی‌هەڵابردن، نە زۆر بوون و نە پڕ زریقەوبریقە. ئەو لە کیپوو، کە ڕەنگە بەشێک لە شوێنی پەرستگاکان بـووبـێ، پـەرستگایەکی کردە سندووقی سـەری خۆی و براکان و کوڕان و کچان و خـزمـەکـانـی خـۆی(٥٠). بـە مـەبـەسـتـی سـەلامەتبوونی خـۆی و دایکـی ڕێـزداری، واتـە نـاخوونتێ- ئووتـوو و براکـانی بەروپشتی دەرگایەکی بەردینی بۆ خاتوونەخوای مانزات داتاشی و پاشان بردی بۆ نزاخانـەی مـانزات و شـیمووت کـە شـیلهاک- ئینشووشـیناک بـۆی سـازاندبوون و جـارێکی دیکـە ئـەم ئیزەدەی دواتـری بــە «خواوەنـدی عـیلام» دانـایــەوە(٥١). هووتێلـوودووش- ئینشووشـیناک بـە خشـتەی پانکەڵـە کـە بـە لینجـاوی سـەوز ڕووکەش کرابوون، نوێژگەیەکی بچووکی لاکێشەی بۆ ئینشووشیناک سـاز کرد و ڕایگـەیـانـد کــە هــەر کــەس بــێ و بیـڕووخێنــێ، دەکــەوێتــە بـەر تووڕەیی هووتێلـوودووش- ئینشووشـیناک و شـیلهاکانی کـەون و کـەونارا(٥٢). ئـەو بەردەنووسەی کە دەکرێ بدرێتە پاڵ وی، لە دەرگانەی یـەزدانـەکـانی ئەنشـان و خودایـانی شــووش و هــەروەهــا ئینشووشــیناک، کیریریشــا، نــاخوونتێ، ئووپوورکوپـاک، مانـزات و تیـروو، کــەوتــۆتــە نــزا و پــاڕانـــەوە(٥٣). گـەرچــی«شـووتــرووک- نـاخـوونتــێ»ی عیـلامــی نــوێ(٥٤)، «هووتێلوودووش- ئینشووشیناک»ی لە یادە، بەڵام ئاشکرایە کە پادشایەکی هێندە گرینگ نەبووە و لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئەودا عیلام تیژ بەرەو نەمان باڵی گرتووە.

پەیدابوونی پادشایەکی مەزن لە خاکی بابلدا، یانی نێبووکەدنێسسەری یەکەم، هاوکات بوو لەگەڵ دارمانی دەسەڵاتی عیلام. فەرمانڕەوای عیلام ئەم هەلەی چاک قۆزتەوە و نەیهێشت لە قیسی بچێ. ناوبراو لە بەردەنووسی خۆیدا سەرکەوتنەکانی «شووترووک- ناخوونتێ»ی پادشای عیلام دێنێتەوە یاد و دەڵێ لێبڕاوە هەتا یان تۆڵەیان بکاتەوە یان سەری خۆی لەو پێناوەدا دابنێ. نێبووکەدنێسسەر لەگەڵ پاشماوەی خەڵکەکەی خۆی، هرووژمی کردە نێو خاکی عیلام و هەتا سەرچاوەکانی ڕووباری «ئوونکوو» یان «کەرخە»، کە ڕەنگە لە مەڵبەندێکی ڕۆژهەڵاتی «مەندەلی» بووبێ، لەشکری تاو دا و لەوێ چاوەڕوانی هێرشیان مایەوە. هووتێلوودووش- ناخوونتێ بە پشتیوانیی ئەو لەشکرەی کە پادشای پێشووی پێکهێنابوو، سەری لە شەڕ و تێکهەڵچوون دەخورا. وەک نێبووکەدنێسسەر دەڵێ و پێی لێ دەنێ، هێزەکانی بابل شکستێکی سەختیان بە سەر شانیدا دێ و سپای سوارەی دەڕەوێ و پەرانپەران و پرشوبڵاو دەبێ. ئەو نەیوێرا خۆی بخاتەوە مەترسی و جارێکی دیکەش شەڕ هەڵگیرسێنێتەوە؛ هەر بۆیە کشایەوە «دوور ئاپیل سین». خۆی دەڵێ: عیلامی کەوتنە شوێنم و هەڵاتم و ئەوسا دامە قوڵپی گریان و ئاخ هەڵکێشان(٥٥). شای بابل پاشان پەنای بردە بەر مەردووک کە لە سەردەمی پادشایەتیی «کووتیر- ناخوونتێ»وە لە عیلام بە دیل گیرابوو. مەردووک هاوار و ناڵینی بیست و بە نێبووکەدنێسسەری فەرموو هەتا لە خاکی عیلامی دوژمنەوە بیباتەوە(٥٦).

هەتا ئێرە فەرمانڕەوای بابل نەیتوانیبوو هیچ سەرکەوتنێک وەدەست بێنێ و ئەگەر هووتێلوودووش- ئینشووشیناک توانیبای وەفاداربوونی جەماوەری بەرفەرمانی لە عیلام دەستەبەر بکا، دەیتوانی بڵێ بەتەواوی سەرکەوتووم؛ بەڵام «ڕیتتی- مەردووک»، مەزنی «خانە»ی کارزیابکوو، واتە مەڵبەندێک کە هێندە لە حۆلوانی ئێستاوە دوور نەبووە، هووتێلوودووش- ئینشووشیناکی بەجێهێشت و دایە پاڵ فەرمانڕەوای بابل(٥٧). هەروەها دوو کەس لە پێشەوایانی باوەڕمەندی ئێزەد ڕیا، یانی «شاموا» و «شامایا»ی کوڕی لە شاری «دین- شاری» لە نیزیک شووش، خۆیان لە حاند پادشای عیلام پێڕانەگیرا و ڕەوین و دایانە پاڵ نێبووکەدنێسسەر(٥٨). نێبووکەدنێسسەر بەو یارمەتییە چاوەڕواننەکراوەی کە

گەیشتە لای، توانی پەلاماری دەست پێ بکاتەوە. چونکە شاری دێر تازە سەری وەبەر دەسەڵاتی عیلام نەدێنا، بوو بە بنکەیەک بۆ هەڵکوتانە سەر عیلام کە هەمووی سی کاتەژمێری پێچوو. گەرما و تۆز و خۆڵ و بێئاوی بوونە لەمپەر لەسەر ڕێی پێشڕەویی پادشای بابل و وەدرەنگیان خست، بەڵام نازانین بۆچی هووتێلوودووش- ئینشووشیناک نەکەوتە بەرەنگاربوونەوەی و نێبووکەدنێسسەر گەیشتە ڕووباری ئوولای لە نیزیک شووش. عیلامییەکان لێرە کۆبوونەوە و بەپێی گوتەی فەرمانڕەوای بابل، شەڕێکی وایان کرد کە تەپوتۆزی شەڕگە بەری خۆری گرت و ئاسمان ڕەشداگیرا. ڕیتتی- مەردووک زۆر ئازایانە بەرەوڕووی مەزنی پێشووی خۆی ڕاوەستا و بەپێی ویست و دڵخوازی ئیشتار و ئەدەد «شای عیلام گەڕایەوە و لەسەر چیای خۆی چەقی»، یانی مرد. پادشای بابل سەرکەوت و سەرزەمینی عیلامی گرت و ماڵ و سامانی داڕووتاند(٥٩). تەواوی دەشت و چیای خاپوور کردن و بۆسۆی لە هەناوی هەستاندن و سەرەنجام وەختایەک گەڕایەوە بابل، بەتەنیا نەبوو، چونکە مەردووکیش لەگەڵ وی ڕێگای سەفەر، ڕێگای شادمانی و ڕێگای دڵخوازی چوونەوە بابلی لە عیلامی دوژمنەوە، گرتەبەر(٦٠).

هەروەها ئیزەد «ڕیا»ش لە دین - شاری ئەستێندرایەوە و بۆ گەشانەوەی دڵ و دەروونی شاموا و شامایا گەڕێندرایەوە مەڵبەندی ئاوماڵکی نیشتمانیان. لە شاری هووسی، کە هێندەی بە سەر تاڵانکرانیدا بەدەست شیلهاک- ئینشووشیناک تێنەدەپەڕی، ئەم ئیزەدە جێگایەکی هەمیشەیی بۆ ساز کرا و بە مەبەستی نیگادێری و خزمەتکرانی چەند پارچە ملکێکی لەسەر وەقف کرا. بەشێک لەم شوێنانە بریتی بوون لە زەوییەکانی ئۆپیس و دوور شارڕووکین، کە زەمانێکی خەرج و باجیان دەدا بە شووترووک - ئاخوونتێ و هەروەها ناوچەی هووسی لە خاکی «بیت سین ئەشاریدوو»ی سەر لێواری جۆباری تاککیروو، بیت بازی لە کەنار جۆباری میری و بیت ئاکارناککاندی کە بەتایبەت بە شاری ئیزەد ڕیا ناودێر کرابوو(٦١).

ڕیتتی- مەردووکیش لەبەر بەخشینی ئازادی بە خاکی باوباپیرانی کەوتە پەسندانی ئیزەدی تازەی و ڕایگەیاند کە لە سەردەمی ڕابردوودا ئەوان سەربەخۆ بوون، بەڵام کەوتبوونە ژێر ڕکێفی دوژمن و بەپێچەوانەی دابی خۆیان - دیارە

مەبەستی عیلامییەکانە- ناچار بوون هەتا سەرانە و پیتاک بدەن بە نەمەر. نێبووکەدنێسسەر لەڕێوە ملْکانە و باجی لەسەر زەوی‌وزارەکانی بیت کارزیابکوو، ڕەوەی ئەسپان و گاران و مەڕ و ماڵات و داروباریان هەڵگرت و سەربەست‌بوونی خەڵکی ئەو نیشتمانەی ڕاگەیاند. پادشا تووک و نزا لە تەواوی ئەو فەرمانڕەوایانە دەکا کە سەریان لە ئاست ئەم فەرمانەی با بدەن و بۆ ئەم مەبەستە هانا دەباتە بەر نینوورتا، ئەدەد، «شووماليا»ی «خاتوونی چیا تروسکەدارەکان کە ماڵی لەسەر لووتکانە»؛ نێرگال، نانا، «شاهان»ی «ئیزەدی پڕشنگدار»، کوڕی پەرستگای دێر، سین و خاتوونی ئەکەد و یەزدانەکانی بیت هابیان(٦٢).

نێبووکەدنێسسەر خۆی دەڵێ کە لوولووبییە بەهێزەکانی شکاندووە و کاسییەکانی تاڵان کردووە(٦٣). جگە لەو کاتەی کە هەڵیکوتاوەتە سەر عیلام، ئاگادار نین کە پەلاماری خاکی لوولووبیی دابێ و ڕەنگە مەبەستی لێدانی ئەو چەکدارانەی لوولووبی بێ کە لە ڕیزی سپای عیلامدا بوون. بەزاندنی کاسییەکانیش تەنیا ئاماژەیەکە بۆ دارمانی حکوومەتەکەیان و بێگومان لە چۆنییەتی گرتنی عیلامدا هێندێکیان پێوەناوە و پیوازوڕۆنێکی زیاتریان بۆ کردووە؛ چونکە ئەوەی ڕاستی بێ پاش هووتێلوودووش- ئینشووشیناک، «شیلهینا- هامروو- لاگامار»ی برا بچووکی لەسەر تەختی دەسەڵاتی عیلام پاڵی داوەتەوە و لە سەردەمی عیلامی نوێدا یاد و بیرەوەرییەکانی دیارن و بەم شێوەیە شکستی درێژخایەنی عیلام دەچێتەوە پاش(٦٤)؛ بەڵام دیسانیش لێمان ڕوونە کە بە نەمانی هووتێلوودووش- ئینشووشیناک، ئەو خانەدانەی کە پاهیر- ئیششان بناغەی دەسەڵاتی دانا، خۆی لە بەشداریی چالاکانە لە کاروباری نێونەتەوەیی بوارد و دەستی هەڵگرت.

هەتا ماوەیەک مەیدانی تێکۆشان بۆ پەرەگرتنی قەڵەمڕەوی دەسەڵات لەودیوی سنوورەکانی خۆرنشینەوە، گوازرایەوە بۆ باکووری عیلام و لەوێ «ئاشوور- ڕێش- ئیشی» قسەکەی نێبووکەدنێسسەری دووپات کردەوە کە دەیگوت لوولووبی و گووتییەکانی چیانشینی لە خاکی خۆیاندا بەزاندوون(٦٥). چەند ساڵ دواتر «مەردووک - نەدیم - ئاخێ»ی فەرمانڕەوای بابل تیگلات پیلێسێری یەکەمی پادشای ئاشووری شکاند و یەخسیری کرد و دەستی بە سەر

ئیزەدان «ئەدەد» و «شالا» و شاری «ئێکاللاتێ»دا گرت، ئەو شارەی کە زەمانێکی کەوتبوویە چنگ شیلهاک- ئینشووشیناک(٦٦). تیگلات پیلێسێر پاش تێپەڕین بە زێی بچووکدا و هەڵکشان بەرەو کەژ و چیا و هەڵکوتانە سەر هەرێمەکانی مووراتتاش و سارادائووش، بە ڕەبەی خۆی بۆی پێوایەوە(٦٧). ئەو دوای دە ساڵ تێپەڕبوون بە سەر حکوومەتەکەیدا، هەلێکی وەچنگ هێنا و سەرلەنوێ لە ڕووبەڕووی ئارزووهێنا، واتە ئاڵتوون کۆپرووی ئێستا، لەگەڵ خەڵکی بابل کەوتەوە شەڕ و تێکهەڵچوون و شاری «ئەرمەن» و پێدەشتی شاری «سالووم»ی گرت و «ئاکار سالللوو» هەتا «لووبدوو»ی دایە بەر گورمی تاڵانوبڕۆ. ئەوسا دوای پەڕینەوەی لە ڕووباری ڕادانوو، تەواوی ئەو شارانەی وەسەر قەڵەمڕەوی خۆی گێران کەوا کەتبوونە بناری کێوەکانی کامووللا و کاشتیلا(٦٨).

سەرەڕای ئەم هێرش و هرووژمانە، هیچکام لەو حکوومەتانەی کە لە بابل جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت، نەیانتوانی بە جەرگی چیاکانی باڵی خۆرهەڵاتیدا ڕۆبچن، بەڵام خودی عیلام وەکوو ماکەی دەسەڵاتێکی سیاسی بە یەکجاری بزر بوو. لە سێ پادشای زنجیرەی دووهەمی بەتایح، دوویان، واتە سیمماش- شیپاک و کاششوو- نەدین - ئاهی، ناویان دەچێتەوە سەر ڕەسەنی کاسی. «مار- بیتی- ئاپاڵ - ئووسوور»(دەوروبەری ٩٩٦-٩٩١ی پ.ز) کە دوابەدوای خانەدانی «بازی»دا بوو بە پادشا، پێیدەگوترا «ڕۆڵەی عیلام»(٦٩)؛ بەڵام ئەمانە ببڕایببڕ هیچ شتێک سەبارەت بەم خاک و سەرزەمینە نادرکێنن. لە قۆڵی باشووری شووش، لەو شوێنەی کە کووتیر- ناخوونتێ و شیلهاک- ئینشووشیناک پەرستگایەکیان بۆ ئینشووشیناک ساز کردبوو، گۆڕەکان جێی بینا کۆنەکانیان وەژێر خۆیان داوە و تەنانەت گۆڕەکانیش هەژاری و نەگبەتییەکی هیوابڕانەیان پێوە دیارە(٧٠). قۆناخێکی پتر لە سێسەت ساڵ پاش نەمانی هووتێلوودووش - ئینشووشیناک، سەرچاوەکانی ئێمە بەتەواوی قروقپن و باسی هیچ شتێک ناکەن؛ کەوایە شوومان لێ هەڵنەکێشاوە ئەگەر بڵێین بە نەمانی وی، سەدەی تاریکی باڵیان بە سەر خاکی عیلام کێشا.

بەشی ٨

## تۆرەمەی هیندوئێرانی لە چیاکانی زاگرۆس

بەپێی ئەو قۆناخانەی مێژوویی کە هەتا ئێرە شیمان کردوونەوە، وادیارە دانیشتووانی چیاکانی زاگرۆس کۆمەڵە خەڵکێک بوون کە هەتا دۆزرانەوەی ناوێکی باشتر پێیان دەگوترێ قەفقازی. لە ڕوانگەی ئێمەوە عیلامییەکان، کاسییەکان، توخم و تۆرەمەی گووتیووم و جەماوەرانی سەربەستی دیکەی کۆسارانیش هەر سەر بەو حەشامەتە بوون. پەیوەندیی دووراودووری زمانیان لەگەڵ زاراوەکانی تامیل لە هیندیش، ڕوونی دەکاتەوە کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە لە سەرتاسەری بانووی ئێران نیشتەجێ بوون؛ بەڵام پەیدابوونی سەروسۆراغی کاسییەکان لە بابل و دەرکەوتنیان لەو شوێنەی کە چاوی مێژوو هەتەریان لێ بکا و بیانبینێ، لە ناخی خۆیدا بەڵگەیە بۆ هاتنی ڕەگەزێکی دیکەی خەڵک، یانی هیندوئێرانییەکان بۆ ئەم خاک و نیشتمانە. ئەگەرچی کاسییەکان خۆیان لەم توخم و تۆوە نەبوون، بەڵام واوێدەچێ چەند جارێک تووشی تێکەڵاوی بووبن لەگەڵ هیندوئێرانییەکان و هەر بۆیەیە کە چەند ئیزەدی ناقەفقازیش کەوتوونە ڕیزەی ئیزەدەکانیانەوە. ئەو هەرێمەی کە پەیوەندی و ویککەوتنەکەی لێ ڕوویداوە، دەبێ ئێران بێ و هێنانە بەرچاوی چۆنیەتیی ڕەوتەکەش دژوار نییە.

سەرکردەکانی هیندوئێرانی و جەنگاوەرانی بەرڕکێفیان کە سوارانی شەڕزانی شارەزا بوون، دەوروبەری هەزارەی دووهەمی پێش‌زایین، لە سەرتاسەری دەشتەکانی تورکستان و تەختایی و پێدەشتەکانی باکووری قەفقاز و «دەریای خەزەر»ەوە دارژانە سەرزەمینی ئێران و پاش ئەوەی لە بانووی ئەم خاکە خۆیان

دیتەوە، لەرێوە هێزەكانیان دابەش بوون. قۆڵێكیان ملی رێی باشووری خۆرهەڵاتی گرت و ڕۆیی بۆ خاكی هیند و لەوێ زمانی خۆی بە سەر ئەو جەماوەرەدا سەپاند كە سەری وەبەرهێنابوون و پاش ئەوەی ئاڵوگۆڕێكی بە سەر هێنا بە سانسكریت ناسـرا. قۆڵەكـەی دیكـە كـە بچـووكتر بـوو بـەرەو خۆرنشـینی ئێـران ئـاژاوتی. كاسـییەكان لەوانـەوە بـە بـوونی ئـەم ئیزەدانـەیان زانـی: ئیـزەدی خـۆر، سـووریا، چاوقوڵكە، مارووت، تۆفان و بووریا. هەروەها لێیـان فێر بوون كـە یەكسـم یەكـە سوارەبەری جەنگاوەرانە و گا و گوێدرێژی نەرماژۆ باشترین ئاژەڵی بارەبەرن.

وەكوو ئاشكرایە لێشاوی هیندوئێرانییەكانی قۆڵی خۆرنشین لە چیاكانی زاگرۆس ڕانەوەسـتا و پێشـەنگانیان بـەرەو خۆرنشـین ئەسـپیان گـاڵ دا و گەیشـتنە پـێچ و گەوەی گەورەی فـورات و پـاش كـۆچ و كـۆڕەوێكی مـەودادرێژ، بـۆ چێژتنـی تـامی حكوومـەتی تـەواو نەناسـراوی «مەزنـەوەجاخی» لـە شـوێنێك دابـەزین كـە پێـی دەگـوترا میتـانی. زۆربـەی ناوەكانیـان هینـدوئێرانین و لـە نـاوی ئەوانـەوە، یـانی هینـدووەكانی داهـاتوو كـە هاونیشـتمانیان بـوون، زۆر دوور نـین. ئیزەدەكانیـان خاوەنی ناوی هیندی- ئێرانی بوون، بۆ نموونە: ئیندرا، ڤاروونا، میترا و ناسـاتیا. جەنگاوەرەكانیان سەرناوی «ماریا»ی سانسكریت خرابوویە سەر شانیان كە بە واتای «قارەمان»ە. بەڵگەنامەكانیان لەوێ باسی پیشەی ڕاهێنانی ئەسپ دەكەن كە پیشەیەكی زیاتر هیندوئێرانییە و پەردە لە ڕووی یەكەمین ژمارەگەلی هیندوئێرانی لادەدەن كە زۆربەی هەرە زۆریان ژمارەی سانسكریتین.

ئەم پەیدابوونەی پادشاهانی هیندوئێرانی لـە ناوچـە و هەرێمـەكانی خۆرنشـینی خۆرهـەڵات و لـەو چـەرخ و خولـەدا نـابێ تـاق و بێهاوتـا بووبێ. تـەنیا دەتـوانین گومان بەرینە بەر زێد و نیشتمانی «هیكسۆس»ەكان كە لـە سـەدەی هەژدەهـەمی پێشزایینـدا میسریان بەزاند، بەڵام ئەمڕۆ كەم كەس دووشكە لەوەی كە كۆمـەڵێك ئاریـایی لــە نێویــاندا هــەبوون و بــە یــەكێك لــە زاراوەكــانی «كێنتــووم»ی هیندوئورووپایی دەدوان. هاوكات لەگەڵ ئەم ڕووداوانە، تیرەیەك لە هـەمان لقـەی ئاریایی، توانی كۆمـەڵی سـەرەكیی قـەفقازیی ئانـاتۆلی لەسـەر ڕێـی خـۆی لابـەرێ. دەسكەوتی گەورەی ئەم تیرەیە دامەزراندنی ناوەندێكی دەسەڵات بوو لـە شـارێك

کە ناوی «بوغازکوو»یە و لەو ڕۆژگارەدا پایتەختی ئیمپراتۆریی گەورەی هیتتییەکان بوو. ڕەنگە نیشتمانی ڕەسەنی ئەم خەڵکە خۆرنشین بێ نە خۆرهەڵات و دەبێ لەوێ بە شوێنیدا بگەڕێین.

دەوروبەری ساڵی ١٥٨٠ی پ.ز، دەسەڵاتی هیکسۆسەکان لە میسر بنەی بڕا، بەڵام پادشاکانی هیندوئورووپایی، تەنانەت هەتا سەدەی سێزدەهەمی پێش‌زایین کە «جەماوەری دەریا» وڵاتەکەیانیان خاپوور کرد و بوونە هەڕەشە بۆ سەر میسر، لەسەر دەسەڵات مانەوە. زنجیرەی پادشایانی هیندوئێرانیی میتانی سەدەیەک زووتر لە ئامۆزا دوورەکانیان لە ئاناتۆلی وێڕای ئیمپراتۆرییەکی زیندووکراوەی ئاشوور، بوونە نێچیری پەلاماردەران. سەرلەبەری دەسەڵاتۆکەی مەزن‌سالارەیان زووتر لە ئامپاکانیان لە نێو کاسییەکاندا سەریان وەبەر بنەمای دەسەڵات و فەرهەنگی قەفقازی هێنا. زمانی نووسینیان ببوویە قەفقازی و چونکە بەزیبوون تازە هیچ نیشانەیەکیان لە فەرهەنگی هیندوئێرانی لە پاش بەجێنەما، بەڵام ڕۆچوونیان هەتا پێچ و گەوەی گەورەی فورات بە باری مێژوویی‌دا یەکجار گرینگە. واوێدەچێ ئەوان پێشەنگی ئەو جەماوەرە بەربڵاوە بووبن کە گەیبوونە ئێران. ساڵی ١٥٠٠ی پ.ز، وەختایەک گەیشتنە کەوشەنی باکووری خۆرنشینی دووچۆمان، خزمەکانیان لە لقی ڕۆژهەڵاتی بەرەو هیند سەرەوژێر بوون. زۆر وێدەچێ بەرزایی‌یەکانی ئێران کە ببوونە لەمپەر و بەرگێڕەوەی ئەم تیرە و تۆرەمانە، لە سەدەکانی داهاتوودا کەوتبنە ژێر دەسەڵاتی ئەو هۆز و نەتەوانەی کە ٥٠٠ ساڵ دواتر بە ناوی مادییەکان و پارسییەکانی ئێرانی هاتنە سەر شانۆی مێژوو. هۆزەکانی قەفقازی تەنیا لە چیاکانی زاگرۆس‌دا سەربەستیی خۆیان بۆ پارێزرا، هەر بۆیەیە کە لە دەقە مێژوویی‌یەکانی شاهانی ئاشووری‌دا کە هەتا سەدەی نۆهەمی پێش‌زایین بە ناخی ئەم تەلان و کێوانەدا ڕۆدەچوون، ناوی هیندوئێرانی وەبەرچاو نایەن.

پێشتر لەگەڵ ناوی بەشێک لەم ناوچە سەربەستانە ئاشنا بووین، بەڵام ناوەکانی تر سەرلەبەریان تازەن. سەرزەمینی ئێللیپی کەوتبوویە باشووری عیلام کە هەتا سەدەی نۆهەمی پێش‌زایین ناوچەیەکی بێدەنگ و هێور بوو. ئەم هەرێمە

دۆڵ و چیاکانی باکووری رۆژهەڵاتی دەگرتە ئامێز و رەنگە هەتا «نەهاوەند»ی ئێستا پەڕی هاویشتبێ و سەری لە باکوورەوە هەتا رێگای نێوان بەغدا- کرماشان- هەمەدان رۆیشتبێ. هێندێک لەولاتری باڵی باکوورەوە پاشماوەی گووتییەکان و کاسییەکان دەژیان و چەشنی سەردەمانی پێشوو ئەو جەماوەرەی کە پێیان دەگوترا لوولووبی و هێشتاش پێدەشتی بەرێژەوی «شارەزوور»یان لە ژێر دەستی‌دا بوو، ببوونە پارێزەری ئەو رێگا بازرگانییەی رووی دەکردە بانووی ئێران و ئەوان بە رێوبانەکانی باکووری‌دا دەستیان پێی‌رادەگەیشت. جارجارە ناوی هەرێمی «نەمری» دێتە ئاراوە کە لە کۆنەوە پەیوەندیی هەبووە لەگەڵ «بیت هەمبان» و لەوێ‌را بەستراوەتەوە بە شوێنی دابڕانی دیالە لە کۆساران. ئەوەی راستی بێ لە ئاشووردا «نەمری» تەنیا وشەیەکی لێڵ و تەماوییە بۆ ناوچە و هەرێمەکانی باشووری خۆرهەڵاتی، بەڵام لە راستی ناوی باوی ناوچە کۆن و کەوناراکانی لوولووبی، ئەو دەمەی کەوا بوو بە پارێزگایەکی ئاشووری، زاموا یان مازاموا بووە. باکووری ئەم ناوچەیە کە هەتا ئەو کاتەش کەوتبوونە باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی گۆلی ورمێ، سەرزەویی «ماننای» بووە، بەڵام خاکی «پارسووا» یان «پارسوواش» لە خۆراوای گۆلی ورمێ خۆی دەنواند، کە یەکەمین شوێنی بنەگربوون و وەستانەوەی پارسییەکان بوو بۆ چوونە پارسووماش و پاشان بۆ پارسە.

ئەم هەرێمانە، واتە ئێللیپی، زاموا (بۆ وێنە نەمری و خاکی لوولووبییەکان)، ماننای و پارسووماش دوورترین بەرگر و لەمپەری پەرەی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان بوون لە چیاکانی زاگرۆس و لە ساڵانی داهاتوودا. ئەم ناوچانە شوێنی یەکەم پەیوەندیی نێوان ئاشوورییەکان و ئێرانییەکانیش بوون.

«ئەدەد- نیراری»ی دووهەم، فەرمانڕەوای ئاشوور (٩١١-٨٩٠ی پ.ز)، بە قسەی خۆی لەوبەری زێی بچووکی نیزیک سنوورەکانی لوولووبیووم و زاموا بزووتووە و هەتا گەلییەکانی نەمری سپای گاڵ داوە(١)، بەڵام تێکۆشانی گەرم و شێلگیرانە بۆ رۆچوون بە چیاکانی زاگرۆس‌دا، هەتا بووژانەوە و هێزتێزانەوەی دەسەڵاتی ئاشوور لە رۆژگاری پادشایەتیی ئاشووربانیپاڵ‌دا (٨٨٥-٨٦٠ی پ.ز)

پەکی کەوت. لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی وی‌دا قۆشەنچییانی ئاشوور گەیشتنە زنجیرە چیای «ئاورۆمان»[١]لە ڕۆژهەڵاتی شارەزوور. پاش سێ جار تێکهەڵچوون، بەشێک لەم ناوچەیە سەری وەبەرهێنا و ناوەندی دەسەڵاتێکی ناوچەیی بەناوی «دوور ئاشوور» لە شوێنی کۆنەشاری «ئاتیلا» ساز کرا هەتا بکرێتە جەرگەی دەغڵودانی ئەم ناوچەیە(٢). یەکێک لەو خەنیمانەی کە بەرەنگاری ڕاوەستا «نوور- ئەدەد» بوو کە خۆی ناوێکی سامییە، بەڵام کەسانێکی وەکوو مووساسینا، کیرتیارا، ئامێکا، ئاراشتوا، سابینی و ئاتا- ئەڵ، بە دڵنیایی‌یەوە ناویان دەگەڕایەوە سەر ڕەسەنی قەفقازی؛ کەوایە دەبێ بگەینە ئەم ئاکامە و بزانین ئەگەر هیندوئێرانییەکان تووشی خزمایەتی و تێکەڵایەتی بووبن لەگەڵ ئەم بەشەی زاگرۆس، هەتا ٩٠٠ی پ.ز، تازە هیچ نیشانە و شوێنەوارێکی لێ بەجێنەماوە.

تین‌هێنانی هیندوئێرانییەکان یا هەروەک ئێستا بەڕاستی دەکرێ پێیان بڵێین ئێرانییەکانی بانووی ئێران، خێرایەکی لە کێوەکان‌دا هەستی پێکرا. ئەمانە کە هەروا لە نێو چیاکانی زاگرۆسەوە بەرەو باڵی خۆرنشین دەچوونە پێش، هەوساری دەسەڵاتی شارەکانی سەر ڕێی خۆیان لە چنگ سەرکردە خۆماڵییەکان دەردەکێشا و سەلماندیان کە خەنیمێکی سامناکن بۆ هێزەکانی ئاشووری و چەپێکی وایان دەبەر پێشینیانی خۆیان‌دا نییە. ئەمە یەکەم زەنگی مەترسی بوو لە سەردەمی پادشایەتیی شەلمانێسێری سێهەم‌دا. ساڵی ٨٥٦ی پ.ز، ئەم پادشایە لە زاموا دەستی بە دوو سەرکردەی خۆماڵی ڕاگەیشت کە بریتی بوون لە نیکدیمێ و نیکدیارا(٣). ساڵی ٨٤٤ی پ.ز، حوکمڕانێک بەناوی ئەیانزوو کە خۆی وشەیەکی کۆنی کاسی بوو بۆ «شا»، وەکوو فەرمانڕەوای دەسنێژی ئاشوور لە نەمری قبووڵ کرا(٤). ڕاپەڕینی ئەم حوکمڕانە لە ساڵی ٨٣٥ی پێش‌زایین‌دا، نیشانەی پەلامارێکی دیکەی ئاشوورە بۆ سەر ڕۆژهەڵات. سەربازانی ئاشوور گەیشتنە نەمری و پارسووا و لە خاکی مادای یان مادەکان لە نیزیک سەقز، کە ١٣٠ مایلێک لە قۆڵی ڕۆژهەڵاتی «ئاربێلا»وە دوورە، شەڕ قەوما و لە باشووری «زرێبار»[٢] لە

١- وێدەچێ مەبەستی کێوەکانی ناوچەی هەورامان بێ.و.

٢- مەبەستی زرێباری مەریوانە.و.

**شوێنێک بەناوی «هەرهەر» [هەورامانی ئەمڕۆ] کە لەمەودوا بوو بە قەڵایەکی ئاشووری، پەیکەرەی پادشا بۆ پەرستن داندرا(٥). ساڵی ٨٢٩ی پ.ز، سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئاشوور ئەسپی بەرەو «ئووالکی»ی خاکی مانناییەکان تاو دا و لە نێوان ئەم هەرێمە و پارسوووای خۆرنشینی گۆلی ورمێ لەگەڵ «ئەرتەسەری» تێکهەڵچوو. ناوی ئەم جەنگاوەرە کە لەگەڵ ماکەیەکی [زمانی] ئێرانی تێکەڵاوە دەریدەخا، چلۆن تۆرەمەی تازە ڕوویان دەکردە ئەم ناوچەیە(٦). ساڵی دواتر سەربازانی ئاشووری سەرلەنوێ چوونەوە پارسووا و نەمری(٧). دەتوانین دڵنیا بین کە زاموا لە تەواوی ئەم ڕۆژگارەدا کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئاشوور، چونکە ساڵی ٨٣٠ی پ.ز، پلەی بەرزی ناونانی هەرێمێک بەناوی خۆیەوە، بەدەست «هووبایا»ی حوکمڕانی «مازاموا»وە بوو(٨).**

**ئەو دەمەی کە ڕاپەڕینی نێوخۆی ئاشوور کۆتایی بە پادشایەتیی شەلمانێسێر هێنا(٩)، هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی هەمیسان سەربەستیی خۆیان وەدەست هێنایەوە، بەڵام «پارسووا»ی خۆرنشینی گۆلی ورمێ کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزێکی تازەی بەرزاییەکانی ئەرمەنستان کە پادشاکەی بەردەنووسێکی لە بناری [شاخی] «کێلەشین»ی[١]باشووری خۆرنشینی گۆلی ورمێ چەقاندووە(١٠). ئاشوور ئەم بارودۆخەی بۆ قووت نەدەچوو. هێزەکانی پادشای تازە، واتە شەمەشی ئەدەدی پێنجەم (٨٢٥-٨١٢ی پ.ز)، ڕوویان کردە منناى و پارسووا و هەروەها مێسوو و گیزیلبوندوو، یانی ئەو ناوچانەی وا ڕەنگە لە دۆڵی چۆمی جەغەتوو بووبن کە**

---

١- ئەم پادشایە «ئیشپووینی»ی کوڕی «ساردوور»ە و خۆی وەک شای وڵاتی نایری و مەزنی شاری تووشیبا (تووشپا) دەناسێنێ و دەڵێ لەگەڵ «مێنۆوا»ی کوڕی هاتوونە شاری «مووساسیر» بۆ لای خودای خاڵدی (هاڵدی)، بۆ ئەو پەرستگا جێبەرزەی کە بۆیان ساز کردووە. بەپێی ئەم دەقە ئوورارتوویی و ئاشوورییە ئیشپووینی گەلێکی دیاری بۆ خودای خاڵدی هێناوە هەتا دەستی بە عومری بگرێ. ئەم پادشایە بۆ کەفاراتی گوناهانی مەڕ و ماڵاتێکی زۆر و زەوەندی نەزری پەرستگای خودای خاڵدی (هاڵدی) کردوون و تووکی لەو کەسانە کردووە کە بیاندزن؛ هەروەها دەڵێ ئەگەر کەسێک ئەم بەردەنووسە (کێلە) لە جێی خۆی لابەرێ یان بیشکێنێ یان کەسێک هان بدا هەتا لەتوپەتی بکا، خودایانی شاری مووساسیر، خودای خاڵدی، خودای کەشوهەوا و خودای خۆر ڕیشەی دەکێشن و تۆوبڕی دەکەن... . شاخی کێلەشینی ڕۆژاوای شاری شنۆ بەناوی ئەم بەردەنووسەوە کراوە کە بریتییە لە بەردێکی شینی وەکوو کێل. چەند ساڵێکە ئەم شوێنەوارە ڕاگوێزراوەتە مووزەی شاری ورمێ.و.

دەڕژێتە گۆلی ورمێ(١١). ئەم هێزانە لەم ناوچەیە تووشی ئێرانییەک هاتن بەناوی پیری ـ شاتێ و ئەگەر بەڕاستی ئەوەی ساڵنامەکان دەیڵێن ڕاست بێ و ئەم پیاوە پادشای ناوچەکە بووبێ، دەبینە شاهیدی ڕەوتی گوێزرانەوەی دەسەڵات لە فەرمانڕەوایانی قەفقازیڕا بۆ شاهانی ئێرانی. ئەم بۆچوونە بە چەند ناوێکی وەک ئێرتیساتی، ساتیرای، ئەرتەسیرارووو و وادیارە «مامانیش»، کە هی پادشایانی هەرێمی نایری بوو لە سنووری ئەرمەنستان، ئەوەندەی دیکە پشتئەستوور دەبێ؛ بەڵام کاتێک لەشکری ئاشوور لە خاکی «پارسووا»ڕا خۆیان گەیاندە خاکی مادای یان مادەکان، ڕەنگە بە مەڵبەندی «تەختی بلقەیس»ی بەفرداپۆشیودا ڕێیان بڕیبێ و تووشی سەرکردەیەک بووبن بەناوی «هاناسیرووکا»، کە وەک ناوێکی قەفقازی دەچێ. کەوایە تاکوو ساڵی ٨٢٢ی پ.ز. ئێرانییەکان دەسەڵاتیان بە سەر باکووری زاگرۆس‌دا نەشکایەوە و هێشتاش ئێرانی نەیاندەتوانی لە بانووی ئێرانەوە ببزوون.

شەمەشی- ئەدەد لە چوارەم ساڵی حکوومەتەکەیدا لەشکری دەنگ دا و بە «ئەبیە»ی باشووری زنجیرە چیای «جەبەل حەمرین»دا ڕۆیی و پاشان بۆ گرتنی شاری «مێ توورنات» و «دیعبینا» لەو ناوچانەی کە هەر لە کۆنەوە بە قەڵەمڕەوی «شیلهاک- ئینشووشیناک»ەوە ناسرابوون، لەگەڵ بابل کەوتە شەڕ و تێکهەڵچوون. ساڵی پێنجەم ئاشوورییەکان بە چۆمی «زێ»ی بچووک و چیای ئەبیە و توورنات یان دیالەدا تێپەڕین و چیای «هەشمەر»یان بەزاند و لە دێر - واتە بەدرەی ئێستا- ڕکێفیان بەتاڵ کرد و دەستیان برد بۆ خەزێنان و تالانیان کردن. وەک گوتوویانە خەڵکی دێر شارەکەی خۆیان چۆل کردووە و چوونە عیلام. وا هات کە لە «پارساماش»ەوە، کە هێندەی پێنەچوو وەک «پارسووماش» بۆ خانەدانی هەخامەنشیی ئێرانی بوو بە ناوێکی دیار و ئاشنا، هەتا بیت بووناککی لە لای سەرچاوەکانی ڕووباری کەرخە کەوتە بەر شەپۆلی ڕاووڕووت و بە سەر وێرانی و سووتمان‌دا کەوت(١٢).

لە کلکەی دەسەڵاتی «شەمەشی- ئەدەد»دا، نەمری هێزەکانی خۆی دایە پاڵ قۆشەنچییانی نەیارانی و لە ٣٥ ساڵی داهاتوودا، بۆ ماوەیەکی کەم و کاتی نەمانی

دەسەڵاتی ئاشووری وەبەرچاوی هات. سەرەڕای ئەمەش مادای یان مادەکان هەشت جار کەوتنە بەر پەلامار و دوو ڕاش ماننای و چوار کەڕەتیش نەمری هێرشیان کرایە سەری. ئەم پەلامارانە ئاکامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتەوە، چونکە ئەستێرەی بەختی هاڵدیا سەرلەنوێ کەوتبوویە درەوشانەوە. شا مێنووئاش «پارسووا»ی گرت و ئەوسا بەردەنووسێکی لەسەر «تاشتەپە»ی باشووری ورمێ لە خاکی مانناییەکان داتاشی(١٣). هەر بۆیە کاتێک «ئەدەد- نیراری»ی سێهەم، فەرمانڕەوای ئاشوور بە قسەی خۆی دەڵێ هەرێمەکانی ئێللیپی، هەرهەر، ئارازیاش، مێسوو، مادای، گیزیلبوندوو، موننا یان ماننای و پارسووا و ناوچەکانی دیکەی گرتوون، بێئەوەی ئاگای لێ بێ قسەکانی پێشووی خۆی دووپات دەکاتەوە(١٤)؛ بەڵام دەبێ لە یادمان بێ کە ئەم پادشایە تەنانەت جێنشینەکانی لە خۆی گرینگتر بوون.

وەختایەک تیگلات پیلێسێری سێهەم (٧٤٦-٧٢٨ی پ.ز) بوو بە پادشا، ئێمە دەگەینە دوایین قۆناخی مێژووی ئاشوور. کاتێک بکەوینە پێداچوونەوە بە دەقی نووسینەکانی‌دا، بۆمان دەردەکەوێ کە دوژمنەکانی لە ڕۆژهەڵات خاوەنی کۆمەڵێک ناوی لێکدراوی پڕ گرێوگۆڵی گرێپووچکەدراوی کاسی، قەفقازی، ئارامی و ئێرانین. هەورازچوونی ئەم تۆرەمەیەی ئاخری یەکجار گرینگە، چونکە بۆتە دیاردەی سەقامگیربوونی ئیمپراتۆریی ئێران لە داهاتوودا.

لە دووهەم ساڵی پادشایەتیی تیگلات پیلێسێری سێهەم‌دا، باڵی هێزێکی هێرشبەری ئاشوور(١٥) بوونە هۆی گەڕانەوەی ناوچەی بەپیت و ڕێژەوی شارەزوور بۆ سەر دۆخی جارانی و بوویەوە ناوەندی دەسەڵات و حوکمڕانەکەی لە ساڵانی دواتردا بوو بە یارمەتیدەری دوورخستنەوەی کۆمەڵانی بچووکی دانیشتووی زاگرۆس کە بەرەو ناوچە دوورەدەستەکانی خاکی سووریا ڕەپێچەک درابوون. لەم هەرێمەدا هێزەکانی تووني، فەرمانڕەوای سومورزوو، میکی، پادشای هەڵپی و بیت هەمبان پێکەوە لە شەڕدا بوون.

دووهەم باڵی هێرشبەری ئاشوور لە چیاکانی مەودایەک دوورترەوە سەرقاڵی شەڕ و پێشڕەوی بوون، بەڵام دۆزینەوەی شوێنی ئەم خاک و شارانە بە

شێوەیەکی ورد و باریک دژوارە. زۆربەی ناوەکانیان دەچنەوە سەر ڕەسەنی قەفقازی و هەتا دوایین قۆناخیش هەر ئەم ڕەوتە درێژەی هەیە و ناوی زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکان لە جەغزی قەفقازی بوون دەرناچن. ناوی ئەو کەسانەی کە شەڕیان لەگەڵ کراوە زیاتر سەرەداوێک بەدەستەوە دەدەن. ژمارەیەک لەم ناوانە بریتین لە: کاکی، شای بیت زاتتی، توناکوو لە بیت ئابدادانی، میتاکی، باتتانوو لە بیت کەپسی، «بیسی - هادیر»ی فەرمانڕەوای شاری کیشیسا (کە دواتر بە کیشێسیم ناوبانگی ڕۆیی)، لەگەڵ «ڕاماتێیا»ی فەرمانڕەوای ئارازیاش کە یەکسم و ڕەشەوڵاغ و بزن و مەڕی تایبەتی دۆڵ و دەرە و کوێستانانی بەخێو دەکردن و بەردەکەسکەی بەرهەم دێنا. وردبوونە لە ڕەوگەی تێپەڕینی ئەم هێزە پەلاماردەرە، ڕەنگە دەریبخا کە لەشکرچییانی ئاشوور بە ناوچەیەکی سەخت و ناخۆشدا تێپەڕیون هەتا گەیشتوونە مەڵبەندی دەوروبەری «بانە» و «بیستان»، کە لە قوڵی ڕۆژهەڵاتەوە ١٢٥ مایلێکیان لەگەڵ ئاربێلا [هەولێر] نێوانە. مانوو- کیما-سابێ، فەرمانڕەوای سامیڕەگەزی بیت ئابدادانی کە چەندین ساڵ سەر بە دەسەڵاتی ئاشوور بوو، ناچار کرا هەتا بڕی سێسەت تالان (ئەگەر بڕوا بەم قسەیە بکەین کە دەبێتە نیزیک دە تۆن) بەردەکەسکە و پێنسەت تالان مس دابین بکا.

ساڵی ٧٣٧ی پ.ز. هێرشێکی زۆر بەربڵاوتر دەست پێدەکا. «ئووپاش»ی فەرمانڕەوای «بیت کەپسی» کە خاکی بەردەسەڵاتی کەوتبوویە بەر پەلامار، ڕایکردە کێوی ئابیرووس کە ڕەنگە هەمان باسک و بەندەنی «پەنجەعەلیداغ» بێ لە باکووری خۆرنشینی هەمەدانی ئێستا. سەرکردەکانی دیکەش، یانی بوور- دادا و ئووشوور و تانووس، بۆ خۆ پاراستن ڕاکردنیان بە بەرژەوەند زانی و بازرە بوون. ئەیائوورتاشی کە ناوی ئێرانییانەی پەردە لەسەر زێدی لادەدا، پەنای بردە بەر کێوی «ڕوا» کە هەتا ناوچەی «کەویری نمەک»[1]دەڕۆیی و کەوایە ڕەنگە هەر هەمان پەنجەعەلیداغ بێ. تیگلات پیلێسێر کە بەم سەرکەوتنەی ورەی گوڵی کردبوو، لە خۆی ڕادی تا بڵێ لە ڕاستیدا ئەم هێرشەی بە مەبەستی گرتنی خاکی

---

١- ناوچەی شۆرەکاتی ویشکارۆ.و.

«مادا» گەڵاڵە کردووە، چونکە هەر لەم ناوچەیە بوو کە مادەکانی ئێرانی بۆ بەدی هێنانی شانشینێک دەستیان وەدەستی یەکتر دا.

بە مەبەستی نیشاندانی دیمەنی ئەم هێرشە چەند بەردەنووسێکیش نووسران، بەڵام بۆ ڕاستی و دروستی ئەم بەردەنووسانە تای ساڵنامەکان ناکەن. لەم دەقانەدا ناوی پارسووا، شاری «زاکرووتی»ی مادە بەهێزەکان و خاکی «نیشای» وەبەرچاو دێن و نووسراوە کە هەرێمەکانی ماد و ئێللیپی و سەرپاکی سەرۆکانی ناوچەکانی شاخستانی هەتا چیای بیکنی باج و پیتاکیان داوە. ئاماژە بە پارسووا تەواو نابەجێیە، مەگین بکرێ لەودیوی ناوی ئەم تاقمانەوە کۆمەڵە خەڵکێک ببینین کە لە لێوارەکانی گۆلی ورمێڕا بە شانی باشووری خۆرهەڵاتدا بەرەو هەمەدان کۆچابن. هەتا ئێستاش ڕوون نەبۆتەوە کە شاری زاکرووتی لە کوێ هەڵکەوتووە، بەڵام هێندێک کەس پێیان وایە دەبێ شوێنی هەمان هۆزی «ساگارتیئۆی» پارسییەکان بێ کە هێرۆدۆت باسی کردوون(١٦). وەک ئاشکرایە نیشای[١]لەبەر پەروەردەکردنی یەکسمی بەناوبانگی «نیسایی» ناوێکی یەکجار ئاشنایە و ڕەنگە تەنیا بەهەڵکەوت ناوی هاتبێ. ئێللیپی هەر لە کۆنەوە ناسراوە، بەڵام لەمێژ ساڵە چیای بیکنی و دەماوەندیان بە یەک داناوە(١٧)، یانی پێکەوە بەراوردکردنی «چیای بەردەکەسکەی بیکنی» لەگەڵ ئەو بەردەکەسکە ناسراوەی کە لە سەرتاسەری سەردەمی کەونارادا وەک بەردێکی یەکجار جوان و دڵخواز داندراوە، بەڵگەیەکی تەواوە هەتا بیسەلمێنێ کە ئەم کێوە هەمان کڵاوقووچە شینەی نیزیکی تارانە و هەمیشە لووتکەی بەفری لەسەر نیشتووە(١٨). پێویست بە وەبیرهێنانەوە ناکا کە قسەکانی تیگلات پیلێسێر هێندێکی پێوەندراوە، بەڵام خۆ ڕەنگە قسەکانیشی وابن. زۆرن ئەو ڕاستییانەی کە بەتەواوی نەخراونەڕوو، چونکە زۆر وێدەچێ کە «پیتاک» بواری بازرگانی و دیاریی دڵخوازیشی لە خۆ گرتبێ و بریتی بووبێ لە درانی زێدەپیتاکی جەنگەی تەنگەتاوی(١٩).

ئەو دەمەی کەوا سارگۆن (٧٢٢-٧٠٥ی پ.ز) بوو بە میراتگری تەخت و تاجی ئاشوور کێشەی بەپەلە و لەڕێوەی سەقامگیر کردن و پەرەپێدانی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی بوو لە زاگرۆس و بەربەرەکانی دژی پەروپۆ هەڵدانی ئیمپراتۆریی

١- نیسا، نیسای، وڵاتی نیسێ، سێبەرستان.و.

هاڵدیا لـە باڵی بـاکوور و رۆژهەڵاتیشـی بـەرەورووو بـۆوە. سـەرەتا مەترسـی لـە پادشایەتیی ماننای باشووری گۆلی ورمێوە دەستی پێکرد کە سەرکردەیەکی ئێرانی بـەناوی میتـاتتی لـە خـاکی «زیکرتـوو»را هـانی خـەڵکی خـۆوڵاتیی دا هـەتا لـە «ئیرانزوو»ی خودانی خۆیان هەڵگەرێنەوە. ئیرانزوو پەنای بردە بەر سارگۆن و ئەویش ساڵی ٧١٩ی پێشزایین راپەڕیوانی دەرپەڕاندن(٢٠)؛ بەڵام سێ ساڵ دواتر پادشای تازە، واتە «ئازا» بەدەست میتاتتی و ئێرانییەکی دیکە بەناوی «بەگداتتی» کوژرا. سارگۆن هات و «ئوولووسونوو»ی برای «ئازا»ی(٢١) بردە سەر تەختی دەسەڵات و پادشایەتیی گێڕایەوە دەست بنەماڵەکەیان، بەڵام روون بۆوە کە تین و تەوژمی هاڵدیا یەکجار بەگوڕ و تاوە و ئەویش زۆر بێهێزە. بە هاتنی لەشکری ئاشوور ناوبراو خێرایەکی چۆوە سەر دۆخی جارانی و پاش ئەوەی شەش ناوچەی دیکەی خستە سەر هەرێمی پارسوواش پەرەی بە خاکی دا و «هەرهەر» کە جارێ بەناوی «کار شارروکین» ناسرابوو، سەرلەنوێ کردییەوە بە ناوەندی دەسەڵاتی هەرێمەکە کە شەش ناوچە تازەکەشی دەگرتەوە. ئەگەر وەک وێشدەچێ، لامان وابێ ئەم شوێنە کەوتۆتە باشووری رۆژهەڵاتی دەورانپشتی شارەزوور، نابێ لە هێنانی ناوی شانشینی ئێللیپی و «تالّتا»ی فەرمانڕەوای و رێزدانانی ٢٨ کەس لە دەرەبەگانی گوندەکانی مادی بۆ سەرداری ئاشوور تووشی واقوڕمان بین.

سـاڵی ٧١٥ی پ.ز. سـەرلەنوێ هێزەکـانی هاڵـدیایی دارژانـەوە نێـو خـاکی مانناییـیەکان و بـە یاریـدەی «دیـائوکوو»ی[1]میـری خۆمـاڵی، کـە کوڕەکـەی لـەم ناوچانەی خاکی هاڵدیا دەژیا، پیلانیان دارشت و «ئوولووسونوو»یان لەسـەر دەسـەڵات هەڵداشـت و ٢١ قـەڵای ئـەم وڵاتـەیان گـرت؛ بـەڵام دیسـانیش سـارگۆن وەخۆکەوتەوە(٢٢). دیائوکوو کە لە یۆنانیدا ناوەکەی گۆڕاوە و بۆتە «دێیۆکێس»، بە خۆی و بنەماڵەیەوە گیرا و دوور خرایەوە بۆ «حەما»ی سووریا و ئاوا ئارامی باڵی بە سەر سەرزەمینی بێسەرەوبەرە و هاڵۆز کێشایەوە. سەرهەڵدانێکی دیکە لە بەرەوەی ناوچەی شارەزوور دەمکوت کرا و دوو ناوچـەی دیکـەش خرانـە سـەر هەرێمەکە و کار شارروکین هێز و دەسەڵاتی هێندەی پەرە گرت کە توانی بەر بە قەومانـەوەی رووداوێکـی ئـەوتۆ بگـرێ. گێڕانـەوەی سـاکار و بێلـکوپۆی ئـەم

١- دیاکۆ

ڕووداوە لە ساڵنامەکانی ئاشووریدا، لەناکاو بە نامەیەک کە باسی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو ڕووداوانە دەکا کە هێزیان وەبەر شارەکە هێناوە و چۆنیەتیی پەلاماردانی خاکی مادەکان دەگێڕێتەوە، زیندوو دەکرێتەوە؛ کە واتە دەبێ ئەم نامەیە بە سەرچاوەی ڕاستەقینەی خودی ساڵنامەکان دابندرێ(٢٣) کە دەڵێن ٢٢ حوکمداری شاران سەرلەنوێ دیارییان ناردوونە پایتەخت. وردەکارییەکانی دیکەی ئەم شەڕ و تێهەڵچوونانە لەو نەخش و نیگارانەدا وەبەرچاو دێن کە ڕۆژگارێک بوونە ڕازێنەرەوەی کۆشکی سارگۆن. چەند دیمەنێکی ئەم نیگارە هەڵتاشراوانە سەبارەتن بە گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕووداو کە بریتین لە: گیرانی شاری «کیشێسیم»ی هەرێمی پارسوواش؛ قەڵایەک کە سێ شوورەی بە دەوریدا لێهاڵاوەتەوە و لەو شانەوشانی کڵاوقووچەی شکۆمەند قوت کراونەوە؛ سیکریس لە هەرێمی کار شارروکین کە ئەویش شوورەیەک بوو بڵیند و ساکار و چەند کڵاوقووچەیەک لێی ببوونە نەخش و نیگار؛ کیندائوو کە دەروازەی سەرەکی و سەنگفەڕشکراوی دەچێتەوە سەر زۆنگاوێک و هەروەها چەند شارێکی دیکە کە خەندەکیان بە دەوریدا لێداون یان دیواری بەرز ئامێزی پێداگرتوون و لێڕەوار پەرژینی لێ کردوون(٢٤).

ئەم نەخش و نیگارانە دیمەن و قەڵافەتی جەماوەری خۆماڵی و ئێرانیی چیانشینی زاگرۆسمان لەم چاخەدا دەخەنە بەرچاوی. پیاوەکان زۆربەیان تووکی سەریان لوول دراوە و کورتکراونەوە و پێچێکی ڕەنگسووریان تێهاڵاوە، بەڵام زۆرجاران کڵاوێکی پەل سەری داپۆشیون و سەرپێچێکی پان بە نێوچاوانیاندا لێهاڵاوە و ڕیشی قوڵەشیان هەر لوول دراوە. لەسەر ئەو خەفتانە قۆڵ کورتەی کە هەتا سەر ئەژنۆیان بەربۆتەوە، کوڵەباڵەیەکی سەیری کەوڵە مەڕیان پۆشیوە کە لە جەنگەی ئاشتی و ئارامیدا بە سەر شاندا دراوە، بەڵام لە مەیدانی شەڕدا پارێزەری گیانە و دەبێتە جێگرەوەی ملیوانەی چەرم و دوولینگەی قوڵەی جەنگیی ئاشووری. ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ناوچەی زاگرۆس وەکوو خەنیمەکانیان بە پای پەتی بە ڕێدا دەڕۆن، بەڵام بەشێکی دیار و بەرچاوی پۆشاکیان کاڵەی لاسکدرێژی قەیتانداره کە هێندێکیان وەک کاڵە و پێتاوی نووکهەڵگەڕاوەی هیتتییەکان دەچن؛ کەچی لە کۆساران هەموو کەس لەم چەشنە ناکەنە پایان. ئەگەر

لە چەکوچۆڵیان دەڕوانی، دەبینی نە کەوانیان پێیە و نە شمشێر و چەکی پەلاماریان نیزەیەکی درێژە و بۆ خۆ پاراستن مەتاڵێکی چوارسووچی درێژووکەیان بەدەستەوەیە کە لە جەگەن چندراوە(٢٥).

ڕاپۆرتێکی ورد و باریک کە سەبارەتە بە هێرشی سارگۆن لە ساڵی ٧١٤ی پێشزایینیدا، زانیاریی زیاترمان دەربارەی ئەم کەسانەوە دەخاتە بەرچاوی(٢٦). سارگۆن و سەربازانی پاش تێپەڕین بە کێوی «کوللەر»ی دۆڵی زێی بچووکدا لە باکووری شارەزوور، خێرایەکی گەیشتنە سەرزەویی ماننایی‌یەکان و لەوێ ئوولوسونوو چوویە پێشوازیان. لە پارسووماش میرانی نەمری و مادەکان و چەندین ناوچەی دیکە بە مەبەستی بردنی دیاری بۆ سارگۆن وەخۆکەوتن و گەلێک ئەسپی شۆخ و شەنگ و یەستری خۆشاژۆ و وشتری باکتەریایی‌یان بردە خزمەتی. ناوی ئەم سەرکردانە بۆ خوێنەرەوەیەکی ئاسایی، کە بەهەڵکەوت خەریکی خوێندنەوە دەبێ، نابنە مایەی تێڕامان و قووڵبوونەوە، بەڵام پسپۆڕێکی شارەزا بەوردی لە ماکەی ئەو ناوانە دەکۆڵێتەوە کە دەچنەوە سەر سەرینچاوەی ئێرانی. «ئاڵتا»ی فەرمانڕەوای «ئێللیپی»ش کە خۆی لە ڕەگەزی جەماوەری لەمێژین بوو، سەری وەبەر سارگۆن هێنا؛ بەڵام لە هەرێمە دوورەدەستەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی شارەزوورەوە، سێ سەرکردەی ئێرانیشی لەگەڵ بوون بەناوی ئووکساتار، واتە «کیاکسارێس»ی یەکەم،[1]دووریسی و ساتارێشوو، کە ئەمانەش تەنیا نەبوون. کۆمەڵێک سەرکردەی دیکەش لە ناوچەی زاگرۆس و بانووی ئێران چوونە ڕیزی ئەو کەسانەی دەچوون و دیارییان دەبرد بۆ ئاشووری زلهێزی ڕۆژهەڵات. ناوەکانیان لە دوو لیزگەدا بۆ ئێمە پارێزراون، کە یەکیان جاری وایە پوختەی ئەوی دیکەیانە، بەڵام ناوی دیکەشی پێوە زیاد کراون(٢٧). ژمارەی فرەی فەرمانڕەوایانی قەفقازی لەم قۆناخەی دوایی‌دا، یانی کەسانێکی وەکوو پایائوککوو و ماشایدایائوککوو کە ناویان چەشنی دیائوکوو یان دێیۆکێس هەر لەو شێوانەن کەوا لە دەقەکانی «نووزی»دا زۆر وەبەرچاو دێن، دەمانخەنە سەرسوڕمانەوە. سەرەڕای ئەمەش کەم نین ئەم ناوانەی کە ئێمە بێدوودڵی

١- کیاکسار دروستە، نەک کیاکساری یەکەم، چونکە لە خانەدانی مادا هەر یەک کیاکسار (هووەخشتەرە) هەیە.و.

دەتوانین بە ئێرانییان دابنێین. ئائورەپانوور ناوێکی دوو کەرتییە و ئائورە کەوتۆتە سەر ناوی یەزدانی مەزنی تەواوی کۆمەڵانی سەردەمی هەخامەنشی، واتە ئائورمەزدا (مەزنی زانا). «بەغبەرەرنە» وەکوو خاکی «بیت بەغییە» کە ڕەنگە وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی سامی، کرایە «بیت ئایلی» (بەیتوڵلا). وەک دیارە بیت بەغییە، «بەغە»ی پێوەیە و ئێمە لە وشەکانی سەردەمی کاسییەوە لەگەڵی ئاشنا بووین. «ستارێپانوو» وەکوو «ساتارێشوو» وێنە لەبەرگرتنەوەی وشەی ئاشووریی «خشەترە»یە کە لە فارسی کۆندا بە واتای «پادشایەتی» بووە. «ئەشپەبەرە» کە بە مانای «ئەسپ»ە و لەگەڵ کرداری «بردن» تێکەڵاو دەبوو، وادیارە بە مانای سوار [یان سوارەبەرە] بووە. هیچ قسەی تێدا نییە کە بێدەسەڵاتیی قەڵەمدارانی ئاشووری بۆ نووسینەوەی ژمارەی بەرچاوی دەنگەکانی ئێرانی لەسەر تەتەڵەی قوڕین، بەو چەشنەی کە ئەوانی لە چەند ناوێکی دیکەی وەکوو «ئووشرای»، «هاردووککوو» و «ئارباکوو»دا دەبیست(٢٨)، هێشتاش ئەو ماکە ئێرانییانەی دیکەمان لێ دەشارێتەوە کە لە ناوی تایبەتدا خۆیان دەنواند. وەکوو دیارە هیچکام لە بەشداربووانی ئەم لەشکرکێشانە، نەیانتوانیبوو جیاوازیی قەڵافەت و جلوبەرگ و زمانی قەفقازییەکان و ئێرانییەکان لێک جودا بکەنەوە؛ تەنانەت دەکرێ وای بۆ بچین کە لەوەی بەولاوە کاتێک لە ساڵنامەکانی ئاشووریدا باسی مادای واتە دانیشتووانی ماد دەکرێ، مەبەست کۆمەڵانی هۆز و نەتەوەکانی ئێرانییە.

سارگۆن لە نۆهەم ساڵی حکوومەتیدا ڕامالێکی بردۆتە سەر خاکی ئێللیپی و مادی باڵی ڕۆژهەڵات و لەم هەنگاوەیدا(٢٩) هەرێمێکی ماد لە سنووری ئێللیپی بەناوی «بیت ئایلی» لەگەڵ چەند ناوچەیەکی دیکەی کوێستانان هەتا خاکی ماندا بەزین و کەوتنە ژێر ڕکێفی. دەڵێن ٤٥ مەزنی شاران و «تاڵتا»ی فەرمانڕەوای ئێللیپی باج و پیتاکی لێ ئەستێندراوە. ڕەنگە هێزەکانی ئاشوور هەتا ئەودیوی هەمەدانی ئێستا ئەسپیان تاو دابێ، چونکە بەپێی چەند دەقێکی نووسراو لەسەر گلیلان ئەوان توانیویانە لە «هەشمەر»ەوە هەتا «سیماش»ی کەوشەنە دوورەدەستەکانی ماد بگرن(٣٠) کە وەک ئێللیپی لە تەنیشت سنووری عیلام بووە.

بەشی ٩

# پادشایەتیی عیلامی نوێ

ئەگەرچی لە سەدەی دوازدەهەمی پێشزاییندا، عیلام وەک زلهێزێک دارما، بەڵام بڕوا ناکرێ کە حکوومەت لەم خاکە و لە باشووری خۆرنشینی ئێران تەواو دەستی لێکبەردابێ و تێداچووبێ. ڕەنگە ڕۆژگارێک دابێ کە ئێمە بتوانین ناوی ئەو میر و مەزنانەی خۆجێیی بدۆزینەوە کە توانییان ڕووکەشی دەسەڵات بپارێزن و لای جەماوەری ژێر دەسەڵاتیان بە گەورەیی خۆ بنوێنن. هەروەها ڕەنگە داهاتوو پەردە لەسەر ناوی ئەو فەرمانڕەوایانە لابدا کە ناوەندی دەسەڵاتیان کەوتبوویە دەورانپشتی شیرازی ئێستا و توانیبوویان لە باڵی باشووری ڕۆژهەڵاتەوە پەرە بە قەڵەمڕەوی خۆیان بدەن، بەڵام سەرچاوەکانی ئێمە هیچیان لێ نازانن. تەنانەت ڕەنگە دواتر بۆمان ڕوون بێتەوە کە هەستانەوەی سەرلەنوێی عیلام وەکوو دەسەڵاتێکی سیاسی، لە ئاکامی گوشاری ئەو کۆچەرە تازانەوە بووبێ کە وێدەچێ خزمی ئەو ئێرانییانە بووبن کەوا زۆر توند تینیان بۆ باکووری زاگرۆس هێنابوو یان ڕەنگە ئەو ئارامییانە بووبن کە لە باشووری سەرزەمینی بابلەوە چووبوونە بانووی ئێران. هەنووکە ئێمە گیرۆدەی سەرەگێژەیەکی هیوابڕانە بووین؛ چونکە لە ساڵی ١١٥٠ تا ٨٢١ی پێشزایین، لە سەرچاوە پەیوەندیدارەکاندا هیچ ئاماژەیەک بە ناوی ئەو سەرزەمینە نەکراوە. تەنانەت لە مێژووی دواتریشدا هیچ شتێک سەبارەت بە بارودۆخی نێوخۆی نازانین کە شەمەشی ـ ئەدەدی پێنجەم دەڵێ، ئەم خاکە لە شەڕی لەگەڵ «دابان»دا کەوتبوویە ڕیزی نەیارانی(١).

دەربازبوون و ڕەوین لەم تەم و تاریکییە تەنیا ساڵی ٧٤٢ی پ.ز. مسۆگەر دەبێ. لەم کاتەدا بەپێی دەقی ساڵژمێرێکی بابلی «هووبان- نووگاش»ی کوڕی

«هووبان - تاهراهـ» بوو بە شای عیلام(٢). نابێ ئەم قسانەمان مووبەموو قبووڵ بێ. واوێدەچێ کە لە تەواوی قۆناخی یەکەمی دواتردا جگە لە شانشینی ئەنزان و شووش، پادشایەتیی عیلامی یەکانگیر لە ئارادا بووبێ. فەرمانڕەوایانی ئەم ئیمپراتۆرییە وەکوو شاهانی سەدەی بیستەم و نۆزدەهەمی پێشزایین، تەنیا هەنگاوبەهەنگاو توانییان بگەنە لووتکەی دەسەلات. بۆ نموونە وەختایەک کەسێک وەکوو فەرمانڕەوای شووش جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە دەگرت، دەیتوانی بەپێی پلە و پێگەی بنەماڵەیی یان بە ڕێی گێڕانی کەتن و پیلانی سیاسیدا هەتا پۆپەی دەسەڵات بڕوا و ببێ بە شا. لە بابل پادشای مەیلەو پێملی شاری شووش، بەناوی پادشای عیلام ناوبانگی ڕۆیشتبوو؛ هەر بۆیە ئەم سەرناوە، ناوێکی تەواو بێنێوەرۆک بوو کە چەندین ساڵ مێژوونووسانی ناوچەی پێدەشتانی تووشی سەرەگێژە و واقوڕمان کردبوو.

هووبان - نووگاش یەکەمین پادشای شووشە کە دەقێکمان سەبارەت بەوی بەدەستەوەیە و سەرچاوە بابلییەکانمان کە دەکەونە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی عیلامی ئەو ڕۆژگارە، تەنیا باسی وی دەکەن. خوشکەکەی ژنی هووبان - ئیمیێنە بوو کە دەبێ بە یەکەم پادشای ئیمپراتۆریی تازەی ئەنزان و شووشی بزانین. لە دەقی ڕاپۆرتەکانی تیگلات- پیلێسێری سێهەمدا کە جگە لە زاڵبوونی بە سەر خێڵاتی چیانشینی باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئاشووردا، سەرقاڵی پێملکردنی خێڵە ئارامییەکانی دەوروبەری لێواری ڕۆژهەڵاتی دیجلەش بوو، ناوی هیچکام لەم دوو پادشایانە نەهاتووە(٣). کاتێک سارگۆنی پادشای ئاشوور هەوای بەرزەفڕیی زیاتر هەڵیگرت، «هووبان- نووگاش»ی پادشای شووشیش بەختی خۆی بە مەبەستی پەرەپێدانی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی بەتاقی کردەوە(٤). ئەو هەوڵی دا هەتا یاریدەی «مێرۆداخ- بالادان»ی دوژمنی سارگۆن بدا لە بابل و هێزەکانی عیلام لە نیزیک شارەکە کەوتنە شەڕ و تێکهەڵچوون و پاشەکشە و بۆیان نەگیرا (٧٢٠ی پ.ز). سێ ساڵ دواتر کە مەرگ بەرۆکی هووبان - نووگاشی گرت، بۆ ماوەیەکی کەم و کورت چەکدارانی عیلامی لە پێدەشتان دەستیان لە هرووژم و پەلاماریان هەڵگرت.

«شــووترووک- نــاخوونتێ»ی دووهـــەم (٧١٧-٦٩٩ی پ.ز) کـــە بــرازای هووبـان- نووگـاش بـوو، جێـی مـامی گرتـەوە(٥). هـاتی بـەهێز و ڕاسـتەقینەی شووترووک- ناخوونتێ بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی داهاتوو دەگەڕایەوە سەر پادشـایەتیی «هووبـان- ئیمپێنـە»ی بـاوکی کـە فـەرمانڕەوای گـەورەی ئـەنزان و شووش بوو. ئێمە نازانین چەند ساڵی پادشایەتی کردووە، بەڵام بەپێی دەقی ئەو بەردەنووسەی کە لە پاشی بەجێماوە، کاتێک بە یاریدەی ئینشووشیناکی یەزدانی بۆتـە پادشـای وڵاتـی ئـەنزان و شـووش، نزاخانەیـەکی بـۆ ئـەم ئیزەدەی خـۆی سـازکردووە(٦). شوێنەوارناسێکی هاوچـەرخ ئـەم شـوێنەی لـە بـاڵی باشـووری خۆرنشـینی ئاکرۆپۆلیسـی شـووش دۆزیوەتـەوە کـە ڕووبـەری لـە سـێزدە میتـر تێدەپەڕێ(٧).

چەندین دەقی دیکەش کە لە قەڵەمڕەوی عیلام نووسراونەوە دەبێ بدرێنە پاڵ سەردەمی پادشایەتیی «شووترووک - ناخوونتێ»ی دووهەم. یەکێک لـەم دەقانـە کە لەسـەر بەردەنووسـێک نووسـراوە و لـە شـووش دۆزراوەتـەوە و لـەمێژ سـاڵە دراوەتە پاڵ «شووتروورووو»ی کاهینی پیرۆزیدەری، دەڵێ پتر لە سی پەیکەرە لە چەنـدین شـاری وڵات سـاز کـراون(٨). بەردەنووسـەکانی دیکـە لەسـەر ئـەو بەردەتاشانەی ناوچە دوورەدەستەکانی ڕۆژهەڵاتی شووش و نیزیکی «دەشتی» کـە ئێسـتا بـە «ماڵـەمیر» ناسـراوە و کەوتۆتـە باشـووری ڕووبـاری کـاروون، وەبـەرچاو دێـن. ماوەیـەکی درێـژ پـێش شـووترووک - نـاخوونتێ، ئـەم دەشـتە ناوەنـدێکی گرینگـی عیلامـی بـووە. بـەگوێرەی کۆمـەڵێک بەڵگەنامـەی بازرگـانی و چەندین گرد و گەلێک تەپۆڵکەی بە سـەریەکداتەپیو، دەردەکەوێ کە ڕۆژگـارێکی لەم ناوچەیە کاروباری بازرگانی زۆر چاکی برەو ئەستاندووە(٩). خەت و زمان و دیمەنـەکان دەیسـەلمێنن کـە نـەخش و نیگـارە داتاشـراوەکان و بەردەنووسـەکانی «هـانی»ی کـوڕی «تـاخیهی»ی شـازادەی «ئایـاپیر»یـش سـەر بـە سـەردەمی پادشایەتیی عیلامی نوێن(١٠).

یەکێک لەم دیمەنانە «هـانی»ی ڕیشـدار دەخاتە بـەرچاو کە پێچی لـە سـەری بەستووە و ئەم کەلتوورە ئێستاش لەم ناوچەیە هەر ماوە و برەوی هەیـە. پرچـی

هۆندراوەی هەتا سەر نێوقەدی شۆڕ بۆتەوە. سەڵتەی بەری کە گەیوەتە سەر ئەژنۆی بە ڕیزێک گوڵ و گەڵا و گوڵینگەی درێژ ڕازاوەتەوە و داوێنی بەری تاکوو سەر پەنجەی پێی چووە. شووترووورووی کاهینی لە پشتەسەری چەقیوە و بەگوێرەی دیمەنی ئەو کەواندارەی کەوا کەوانێکی پێیە و ئەو مووسیقارانەی کە ئامێرەکانیان بەدەستەوە گرتووە، دەردەکەوێ کە بارگاکەی بە باشترین شکۆدەرانی بارگاکانی ڕۆژهەڵات ڕازاوەتەوە. ئەم بەردەنووسە کە پێشکەش بە ئیزەدان تێپتی، تیرووتیر(١١)، ناپیرشیپاک، مەن(؟)، هووبان و ناخوونتێ کراوە، باسی دەسکەوتەکانی شا شووتوور- ناخوونتێ، کوڕی ئینی‌دادا و ئەو بینا و بەردەنووسانە دەکا کە لە ئایاپیر و شیلهیتێ ساز کراون. ڕەنگە ئەم پادشایە «شووترووک- ناخوونتێ»ی ئێمە نەبووبێ، بەڵام لە ڕووی ناوییەوە دەردەکەوێ کە هەر لەو ڕەچەڵاک و خانەدانە بووە(١٢).

بەردەتاشێکی دیکە کە لە دۆڵێکی تەنگەبەردا هەڵکەندراوە، هانی و ژنەکەی و ڕەنگە منداڵەکانی و پیاوێکی تر دەخاتە بەرچاو کە ڕەنگە پادشا بێ. ئەم کەسەی وا باسی کرا، کڵاوخوودێکی نێوچاوان ڕەپی کردۆتە سەری و لە دواوە پاشەملیشی داپۆشیوە. ڕیشی درێژ و ڕێکە. ئەو باڵاپۆشەی کە هەتا سەر ئەژنۆی هاتووە لە نێوقەدی شەتەک دراوە، بەڵام پێ و بەلەکی ڕووتن(١٣).

کار و هەنگاوەکانی شووترووک- ناخوونتێ هەر لە چوارچێوەی شوێنەواری نژیاروانی یان بەخۆهەڵدانیدا نەماونەوە. ئەویش هەروەک پادشای پێش خۆی ببوو بە پشتیوانی مێرۆداخ - بالادان لە شووش؛ بەڵام کاتێک سارگۆن لە شێست مایلیی شووش «دوور ئاتەرە»ی گرت و کردی بە ناوەندی دەسەڵاتی هەرێمێکی تازە، درێژەی ئەم ڕەوت و ڕێبازە هێندە ئاوەزمەندانەی نەدەنواند(١٤). لە ئاکامدا پادشای عیلام ڕووی کردە شاخستانەکانی باڵی ڕۆژهەڵات و لە دەستدەرچوونی چەند قەڵایەکی سەر سنووری خۆرهەڵاتی دیجلە لە نیزیک «دێر» کە پاش ئەمە قەوما، بە هەسدانەوەی پەلاماری ئاشوور بۆ سەر «بیت ئیمبی» لە خاکی «ڕاشی»ی قۆڵی خۆرنشین و نێوپارەی کێوان، تۆڵەی کرایەوە(١٥). پەلاماردانی ئەم شوێنە تەنانەت بۆ «سارگۆن»یش زۆر دژواری دەنواند و سەرکەوتن تەنیا

وەختایەک دەستی دا کە لک و پەلە چەکدارەکانی توانییان بەو ڕەوگانەدا تێپەڕبن کە زۆر چاکیان پارێزگاری لێ دەکرا. ڕەوگەیەکی ئاوا - کە لە بەغداوە دەچێتە هەمەدان - ساڵی ٧٠٨ی پ.ز، وەختایەک «تاڵتا»ی پادشای ئێللیپی، کە ئاشوور بە هێزی چەکداری یاریدەی دەدا، دەستی لە داوێنی ئەم دنیایە بەردا، مەرگ و نەمانی بوو بە ڕێخۆشکەری قۆشەنچییانی سارگۆن. لە شەڕێکی براکوژیدا کە دوابەدوای مردنی «تاڵتا» قەوما، یەکێک لە کوڕەکانی بەناوی «نیبێ» داوای یارمەتیی لە شووترووک- ناخوونتێ کرد و ئەویش ٤٥٠٠ کەوانداری نارده فریای. براکەی دیکە ئەگەر بکرێ باوەڕ بکەین ناوی ئیشپەبەرە بووە، لە داوێنی دایکێکی ئێرانی بەربۆتەوە و بە دەسکەوت و سەرکەوتنی زیاترەوە سەری وەبن باڵی ئاشوور هێنا و ئەم وڵاتەش [لە هەرێمەکەی خۆی] کردی بە پادشا(١٦).

شووترووک- ناخوونتێ زۆری ئەم ڕۆژەڕەشییانە لە دڵی گران هاتن، بەڵام هەنگاوەکەی داهاتووشی هیچی لێ شین نەبوو. پاشان «مێرۆداخ - بالادان»ی لە پاشەکشەی ناچارانەی خۆی بۆ بەتایح گێڕایەوە و کۆمەڵێکی بەرچاو کەواندار و سوارەی عیلامیی بە سەرکردایەتیی ئیمباپپا، تاننانوو و دە سەرهێزی دیکە بۆ نارد و دەسەڵاتێکی لەرزۆکی بۆ ئەم بابلییە ڕاکردووە دامەزراند. بەداخەوە ساڵی ٧٠٢ی پ.ز، وەختایەک «سێنناخریب» هەڵیکوتایە سەر کووسا، بەشێک لە چەکدارانی عیلامی بازرە بوون و هێزی سەرەکیشی، کاتێک ئاشوورییەکان «کیش»یان گرت و هاوپەیمانانی پشتیان تێکرد، بەجارێک شەلەلی هێنا و بارگە و بنەی دایە دەست تاڵانی دوژمنی(١٧).

سێنناخریب هەر پاش ئەم سەرکەوتنە، لەرێوە خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ ئایاسووبیگالای و پاشماوەی کاسییەکان، کە بە قسەی خۆی سەریان وەبەر پادشاهانی پێشووی خانەدانی نەهێناوە، تەیار کرد و بە ڕێگای «کرماشان»دا کەوتە پێشڕەوی(١٨)، بەڵام نەیتوانی جەرگەی کێوان ببڕێ و پێیاندا ڕۆبچێ، چونکە هێندەی پێنەچوو کە نائارامی باڵی بە سەر ئێللیپی کێشا. حوکمڕانی هەرهەر ڕایگەیاند کە بارودۆخی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی هێندەی پێویست بێ ئارامە، بەڵام بێونەبێ ئیشپەبەرە لە باشوور کەوتۆتە سەر هەوای هەڵگیرسانی شەڕ. جگە لەمە

ڕاشیگەیاند کە ئووکساتار یان کیاکسارێس[1]لە قووڵاییی ناوچەکانی شارەزوور، کە لە هەشتەمین ساڵی پادشایەتیی سارگۆندا کۆمەڵێک دیاریی ناردبوویە بارگای ئاشوور، دەسکیسی پیلانێک بووە دژی مەزنی شارێک لە هەرێمی هەرهەر(١٩). سێنناخریب کە بەڕاستی هەقی بوو دژی «ئێللیپی»ی خەیانەتپیشە دەرهەڵبێ، پەلاماری بردە سەر دوو ناوەندی بارگای دەسەڵاتیان کە بریتی بوون لە مارووبیشتی و ئاککوددوو و بەشێکی ئەو هەرێمەی خستە سەر خاکی هەرهەر. هەتا ئێستا هیچ شتێک سەبارەت بە چارەنووسی کیاکسار نازانین، بەڵام گۆیا دوابەدوای ئەم هەڵمەتە خەرج و پیتاک خراوەتە سەر شانی مادان و ڕەنگە ئەو سەری وەبەر مەزنایەتیی ئاشوور هێنابێ(٢٠).

لە وڵاتێکدا کە خاوەنی حکوومەتی پادشایەتیی بێبەرگێرەوەیە، شکان لە شەڕدا نیشانەی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینە لە نێوخۆدا. ڕەنگە شووترووک- ناخوونتێ لەبەر چەند جار بەزینی لە دەرەوەی وڵاتەکەی، لە نێوخۆدا تەختی دەسەڵاتی کەوتبێتە مەترسی. ساڵی ٧٠٠ی پ.ز. کاتێک «مێرۆداخ- بالادان»ی هاوپەیمانی لە بابلەوە ڕایکردە شاری عیلامیی ناگیتوو لەسەر بەستێنی کەنداوی فارس، ڕووخانی حکوومەتەکەی مسۆگەر بوو. سەرچاوە بابلییەکانی ئێمە دەڵێن «پادشای تازەی عیلام» هاللووشوو بوو کە ئێمە بەناوی هاللووشوو- ئینشووشیناک (٦٩٩-٦٩٣ی پ.ز) دەیناسین و برای یەکەمین فەرمانڕەوای شووش، «هووبان- نووگاش» و کوڕی «هووبان- تاهراهـ»ە(٢١).

ئەم پادشایە بۆ ماوەی پێنج ساڵان چاوەڕوان مایەوە. ئەوسا وەختایەک لەشکرچییانی ئاشوور لە زارکی ڕووباری «ئوولای» لە ناوچە عیلامییەکانی ناگیتوو، هیلموو، پیللاتوو و هووپاپانوو بە شوێن «مێرۆداخ - بالادان»دا دەگەڕان (٦٩٤ی پ.ز)، هاللووشوو لێبڕا هەتا چەند هەنگاوی بەجەرگانە باوێ. ڕاستەوخۆ بەرەو «سیپپار»ی نێو جەرگەی پێدەشتان بزووت. جەماوەری سیپپاری دانە بەر لەپەشیران و قەڵتوبڕی تێخستن و سێنناخریبی کوڕی خۆی و فەرمانڕەوای بابلی بۆ کوشتاری یەکلاکەروە ناردە عیلام. ئەویش «نێرگال- ئووشێزیب»ی دانایە سەر

١- کیاکسار، کوئاکسار، سیاکزار هەموویان بە یۆنانیکراوی «هووەخشتەرە»ن.و

تەختی پادشایەتی و لە «نیپپوور»ەوە هەتا ئوورووک هەمووی خستە سەر ناوچە گیراوەکانی پێشووتر و بەکردەوە سەرتاسەری بابلی وەبەرخۆی دا(٢٢).

تێکڕای ئەمانە دەسکەوتی گەورە و سەرسوڕهێن بوون و قسەی هاللووشوو- ئینشووشیناک بەجێ بوو کە بە خۆی بڵێ پەرەپێدەری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆری. وەکوو دیارە ئەم پادشایە کاتێک وەکوو خزمەتکاری خۆشەویستی هووبان و ئینشووشیناک بناغەی ژوورێکی تایبەتی بۆ خاوەندی شووش دانا و دایپۆشی و دەر و ژووری بە خشتەی لینجاودراو ڕازاندەوە، قسەیەکی ئاواشی درکاند(٢٣)، بەڵام بەداخەوە دەسکەوتەکانی خۆی بۆ نەپارێزرا. سێنناخریب بە تۆڵەی کوژرانی کوڕێکی، کوڕی فەرمانڕەوای عیلامی کوشت و لەشکرەکەی لە باشوور ئوورووکی لە چنگ نێرگال- ئووشێزیب دەرکێشا. عیلامییەکان قوونەدزەیان دایە و نێرگال- ئووشێزیب بە شوێنیاندا ڕەوی؛ بەڵام کاتێک هێرش دەستی پێکردەوە، ناوبراو لە نیپپوور کەوتە داوی ئاشوورییەکان و بە دیل گیرا، کەچی هاللووشوو- ئینشووشیناک وا زوو نەگەڕایەوە نیشتمانی خۆی. جەماوەری ناهومێد و دەست لە گیان شۆردووی بەرفەرمانی لێی هەڵگەڕانەوە و لە بنەبانی ساڵی ٦٩٣ی پێش‌زایین‌دا تەختی دەسەڵاتیان لە چنگ دەرهێنا(٢٤).

لە سەرچاوەکانی بابلی‌دا کودوور- ناخوونتێ (٦٩٣-٦٩٢ی پ.ز) وەک پادشای تازەی عیلام ناوی دێ. بەڕاستی پەیوەندیی ڕوون و ڕاستەقینەی وی لەگەڵ پادشاکانی ئەنزان و شووش وەکوو باب‌وکاڵی تەواو پەردەی نەزانینی بە سەر کشاوە. ڕەنگە ئەنزان و شووش هیچکامیان پایتەختی نەبووبن، بەڵکوو «ماداکتوو»ی لای سەرەوەی ڕووباری کەرخە ناوەندی دەسەڵاتی بووبێ(٢٥).

سێنناخریب لەڕێوە هەلی گۆڕانی پادشاکانی عیلامی قۆزتەوە. ئەگەر هاتبا و لەگەڵ سپای نەینەوا لە باکوورەوە هەڵیکوتابایە سەر ڕاشی و ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر ڕکێفی عیلام، ڕەنگە توانیبای ببێتە بەرهەڵستی چوونەوەی لەشکری ئەوان بۆ دەشتەکانی بابل. ئەگەر وابووبا ڕەنگە مووشێزیب- مەردووک کە عیلامی کردبوویانە جێنشینی«نێرگال- ئووشێزیب»ی سەرپەڕێندراو، گیرۆدەی بێ‌هاوپەیمانی بووبا، هێزە گەمارۆدراوەکانی ئاشوور لە باشوور دەیانتوانی تەواو بە ساغ و سەلامەتی بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. ئەم گەڵاڵەیان بە شێوەیەکی

ئاقڵەمەندانە دارشت و ئازایانە بەڕێوەیان برد. ڕاشی تاڵان کرا و بیت ئیمبی گیرا و ئەو دۆڵانەی کە دەچوونە بیت بووناککی و تێل هوومبی لە سەرچاوەکانی چۆمی کەرخە گیران. ماداکتوو کەوتە مەترسی و کودوور - ناخوونتێ کشایەوە نێوپارەی چیاکان لە هیدالوو کە ڕەنگە لە قەراخ ڕووباری کاروونی ئێستا بێ(٢٦). فەرمانڕەوای عیلام پێویستی بەم پاشەکشەیە نەبوو، چونکە لە مانگی ڕێبەندانەوە هەستانی سێڵاو ڕێی چوونی سەربازانی ئاشوور بۆ ماداکتووی بەستبوو، هەر بۆیە سێنناخریب بەناچار فەرمانی گەڕانەوەی دا. بەپێی ئەو هەمووە مشوورەی خواردوویەتی پیاوێکی زۆر سەرکەوتوو بووە. ئەو ئاشوورییانەی کە لە باشووری بابل بوون بە سڵامەتی گەڕانەوە نیشتمانی خۆیان و قەومانی ڕاپەڕینێک لە بارگای عیلام، «کودوور- ناخوونتێ»ی تەنیا پاش دە مانگ فەرمانڕەوایەتی لەسەر تەختی دەسەڵات هەڵداشت و گیانی لێ ستاند(٢٧).

برا و جێنشینی کە ئەویش ناوی هووبان- ئیمێنە (٦٩٢-٦٨٨ی پ.ز) بوو، ئاشووری پێیان دەگوت ئوممان- مێنانوو، وەکوو براکەی کاتی بە فیڕۆ نەدا و بۆ پشتیوانی لە مووشێزیب- مەردووک لە بابل لەشکرێکی بەهێزی پێکهێنا. ئەم لەشکرە پێکهاتبوو لە هێزەکانی ئەنزان کە دەبوو بکەونە ژێر ڕکێفی خۆی؛ پارسوو(مـ)اش، بەڵام نەک پارسووماشی هەرێمی بابل لە خۆرنشینی گۆلی ورمێ، بەڵکوو ناوچەیەک کە شەمەشی - ئەدەدی پێنجەم بە پارساماشی دەناسی و ڕەنگە بەدەست هەخامەنشییەکانی پارسییەوە بووبێ؛ ئێللیپی کە لەم ڕۆژگارەدا زۆر دوور بوو لە شکانەوەی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان بە سەریدا و هەروەها کۆمەڵێک لە عێل و عەشیرەتەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە یان کەناری کەنداوی فارس. سێنناخریب ئەو کاتە ورەی ئازایانەی وەبەرهات کە توانی بەرەنگاری ئەم لەشکرە گەورە و گرانە ڕاوەستێ کەوا بەرەو «حەلوولە»ی لێواری دیجلە لە باکوور ڕێی داگرتبوو. ساڵنامەکانی ئاشووری سروودی شکۆمەندی سەرکەوتنیان چڕیوە و ساڵنامەی میانەڕۆی بابلی نووسیویەتی کێشە و هەراکە پاش شەڕ و تێکهەڵچوونێکی درێژخایەن براوەتەوە(٢٨).

جارێکی دیکەش عیلامی نەهامەتی بەرۆکی گرتن، چونکە مانگی ئاوریلی ٦٨٩ی پ.ز، هووبان - ئیمێنە کە کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم یەکییەتییە بوو، شەپلە

لێی دا و تووشی شەشەل هات. هرووژمی بابل کە یاریدەری نەمابوو، کەوتە بەرخۆدانێکی لاواز و سێنناخریب سەرلەنوێ بابلی گرتەوە. مانگی مارسی داهاتوو لەمێژ بوو کە هووبان- ئیممێنە مردبوو(٢٩). نەمانی ئەم پادشایە هیوای عیلامییەکانی بۆ گرتنەوەی سەرزەمینی بابل ڕۆمرکاند. سەرچاوەکانی ئێمە سەبارەت بە پادشایەتیی هەشت ساڵەی هووبان- هاڵتاشی یەکەم (٦٨٨-٦٨١ی پ.ز) کە بوو بە جێگرەوەی(٣٠)، تەواو بێدەنگن.

بەگوێرەی گێڕانەوەی ژێدەرانی بابلی پاش مردنی هووبان- هاڵتاشی یەکەم، هووبان- هاڵتاشی دووهەم «لە عیلام» بۆتە پادشا. لە ڕوانگەی «ئێسارحاددۆن»ەوە پادشای تازە لایەنگری ئاشوور بووە، چونکە کوڕەی هەڵاتووی «مێرۆداخ- بالادان»ی کوشتووە. پاش ئەم کارە «نەید- مەردووخ»ی برای شازادەی کوژراو وای بە بەرژەوەند زانی کە لە عیلام بڕوا و ببێتە هاوپەیمانی ئاشوور و لە چاکەی ئەم کارە دەسەڵاتی ناوچەی بەتایبەتی درایە دەستی(٣١).

بەڵام بەپێی دەقی سەرچاوەکانی عیلامی یان لانیکەم شووشی، جێگرەوەی هووبان- هاڵتاشی یەکەم، شیلهاک- ئینشووشیناکی دووەمی کوڕی ئوومانوونوو بوو، یانی کوڕی ئەو «هووبان- ئیممێنە»یەی کە توانیبووی لە حولوولە بەر بە هێزەکانی سێنناخریب بگرێ. ئەم پادشایە لە شووش پەرستگایەکی بۆ «دیلبات»ی «خاتوونی شار» ساز کرد و لەسەر دەرگا مەفرەقییەکەی دەقێکی عیلامیی هەڵکەند(٣٢). ئاشکرایە کە لێرەوە بەرەودوا ئاشوور بوو بە پشتیوانی جێنشینانی هووبان- هاڵتاشی دووهەم و لەگەڵ خانەدانی شیلهاک- ئینشووشیناک، کە دەکرێ بە فەرمانڕەوای یاسایی عیلام دابندرێ، کەوتە دژایەتی. لەبەر تیشکەی کۆمەڵێک ڕاستی و زانیاری کە لە ژێرەوە دەخرێتە بەرچاو، ئاشکرایە کە لەوی بەولاوە پادشایەکی زۆر گرینگ نەنیشتە بان تەختی دەسەڵاتی عیلام؛ بەڵکوو بەپێچەوانە لە شووش، ماداکتوو، هیدالوو و ڕەنگە چەند شارێکی دیکەش، پۆلێک پادشا و فەرمانڕەوا حکوومەتیان دەکرد. هەتاوی ڕۆژگاری زێڕینی عیلام وەکوو گەورەهێزێکی نێونەتەوەیی، تازە لە کەل ئاوا ببوو(٣٣).

شکستی یەکەم پەلاماری ئێسارحاددۆن بۆ سەر میسر، ڕەنگە هووبان- هاڵتاشی هان دابێ هەتا خۆی بکاتە هاوبەشی چارەنووسی فەمانڕەوای شووش. بێگومان هێزەکانی عیلام لە دەوروبەری «بیت ئیمبی» و «دێر»ەوە بزووتن و هەڵیانکوتایە سەر شاری سیپپار کە تەنیا ٢٥ مایل لە بابلەوە دوور بوو(٣٤). ئێسارحاددۆن بە تۆڵەی ئەم کارە پیلانێکی دارشت و کارێکی وای کرد کە برایەکی هووبان - هاڵتاش، واتە ئوورتاکی (٦٧٥-٦٦٣ی پ.ز) بوو بە شا(٣٥)، بەڵام خۆ لەویش هەر دووشک بوو(٣٦). سەرەنجام ترسەکەی ڕۆمرکا و ئارشیوخانەکانی حکوومەتی لە نەینەوا دەقی نامەیەکی ئەویان بۆ ئوورتاکی گەیوەتە دەستی کە وەکوو گوفتوگۆی نێوان دوو سیاسەتوانی سەردەمی خۆمان، پڕە لە ڕستەی بێگیان و وەڕەزکەر(٣٧). نێوانخۆشی و دۆستایەتیی نێوان ئەم دوو پادشایە کارێکی وای کرد کە ساڵی ٦٧٢ی پ.ز. پەیکەرەی ئیشتار و ئیزەدانی دیکە کە بە دیل بردرابوونە عیلام، گۆیا بە دڵخواز نێردرانەوە شوێنی سەرەکیی خۆیان لە سەرزەمینی بابل(٣٨). دەستەدەستە خەڵکی تایبەت و کاربەدەستانی حکوومەتی هاتوچۆی عیلامیان دەکرد. کابرایەک بەناوی «پاهووری» کە ڕەنگە باڵوێزی ئوورتاکی بووبێ لە بارگای ئاشوور، چەندین نامەی گەیشتنە دەستی کە بە زمانی زگماکیی خۆی، واتە عیلامی نووسرابوون و هێندێک لەو نامانە سەریان بردە نێو ئارشیوخانەکانی حکوومەتیش(٣٩). تەنانەت شووشیش، ئەگەرچی لە ژێر دەسەڵاتی ئوورتاکیدا نەبوو، بەڵام لەم هاتن و چوونە ئازادە قازانجی وەبەرکەوت. دەقێکی ئێسارحاددۆن کە ماوەیەکی کورتی دواتر لە ساڵی ٦٧٣ی پێشزایینیدا لەسەر سێپاڵەیەک نووسرابوو گەیشتە ئەم شارە(٤٠). هەروەها کۆمەڵێک دەقی فاڵهاویشتنی ئاشوورییان بە ئەکەدی نووسینەوە و وەریانگێڕانە سەر زمانی خۆماڵی(٤١). پاش ساڵی ٦٧٢ی پ.ز. ئەگەرچی فەرمانڕەوای عیلامیان دنە دەدا هەتا سوێندی دۆستایەتیی نێوان خۆی و ئێسارحاددۆن بشکێنێ(٤٢)، بەڵام پێکەوەسازانی ئوورتاکی و فەرمانڕەوای ئاشوور لە پاشماوەی ژیانی ئێسارحاددۆندا هەروا درێژەی کێشا و ئاشتیی نێوانیان تێکنەچوو.

بەشی ١٠

# سەرکردەکانی مادی و پارسی

لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش‌زایینیدا، بەرەبەرە گەلێک دیمەنی سەیر لە ئێران ئاسۆگیان دا. ئەمانە کە ئاشووری پێیان دەگوتن گیمیرریان، لە کەلێن و حەشارگەی کیمیرریانیی[١] خۆیان وەدەرکەوتن و بە کەل و دۆڵ و دەراندا بەرەو باشوور سەرەولێژ بوون. دەستەیەکیان پاش چەند تێکهەڵچوونێکی کورتی نێوەنێوە لەگەڵ شانشینی هاڵدیا، بێگومان سەری هەوساریان بەرەو باڵی خۆرنشین وەرگێڕا و چوونە بانووی ئاناتۆلی. ئەوانی دیکە وێڕای سەکاییەکان یان ئیشکووزای یان دوابەدوای ئەوان و بە ڕۆژهەڵاتی هاڵدیادا تێپەڕین و داپەڕینە خڕ و شیوەکانی ئێران. ئەمانە خێڵاتی دەشتەکی و بێزەڕ نەبوون کە بە شوێن دۆزینەوەی لەوەڕگەوە بن بۆ ئاژەڵانی دەستەمۆی خۆیان ، بەڵکوو کۆمەڵێک ڕێگری سوارچاک و شارەزا بوون کە بە ماڵی تاڵانی دەژیان و نەخوێندەوار و دزێو، بەڵام یەکجار چاونەترس و بەکار بوون.

نیشتمانی مانناییەکان لە باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی گۆلی ورمێ، یەکەمین وارگەی ئەوانە بوو کە هاتبوونە ئێران. ئێسارحاددۆنی فەرمانڕەوای ئاشوور(٦٨١-٦٦٨ی پ.ز) دەیزانی کە ئەوان شاری «دوور ئێنلیل»یان لەم خاکەدا لە چنگی دەرکێشاوە و «شارروو ئیقبی»ش هەڕەشەی گیرانی لەسەرە و ڕەنگە

---

١- گیمیرریان ناوی هۆزێکی نیوە ئەفسانەیی و نیوە مێژووییە کە بۆ یەکەم جار لە ئۆدیسەی هۆمێردا ناوی هاتووە. هێرۆدۆت بە یەکەمین دانیشتووانی باشووری ڕووسیایان دەزانێ. پەیدابوونیان لە مێژوودا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پ.ز. کە سکایی لە ناوچەی «سکووتیا»وە ڕەپاڵیان‌نان بۆ ئاسیای خۆرنشین. (کورتە و پوختەی لە دایرەتولمەعاریفی فارسی وەرگیراوە، ٢/٢٣٤٠.ح.)

ئەوێش بگرن(١). هەروەها دەیشزانی ئەو سەربازانەی خۆی کە بە مەبەستی گوێ‌بادانی «ئاهشێری»ی ماننایی ناردبوونی هەتا دەست لە ئاکاری دوژمنانەی هەڵبگرێ، لە لایەن ئەم کیمیرریانانەوە هەڕەشەیان لەسەر بوو کە هەر جارەی لە شوێنێک دەردەپەڕین(٢). ئەو بەئاشکرا پێی وابوو کە مانناییەکانی کردوونە تۆوی هەرزن و «ئیشپاکایا»ی سەکاییشی کوشتووە کە هاوپەیمانی ئەوان بووە(٣)؛ بەڵام چەند ساڵێک دواتر کوڕەکەی خۆی کە لە زەمانی ویدا هێشتاش ئاهشێری هەر دەستی نەدابوو، بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە مانناییەکان لە سەردەمی باوکی‌دا توانیویانە «شارروو ئیقبی» بگرن و بەم شێوەیە دەسەڵاتی ئاشوورییەکان لەم خاکەدا بنەی بڕا و فڕیان بە سەرییەوە نەما.

لە دەستچوونی شارروو ئیقبی زیانێکی گەورە بوو. ئەو ئەسپانەی کە لەم ناوچەیەی باکووری خۆرنشینی ئێران، واتە باشووری دەشتی «نیسا»ی بەرەوەی بێستوون لە زاگرۆس بەخێو دەکران، لە کۆنەوە ئاوازەیان دەنگی دابۆوە. ناوبانگی پێدەشتی بەرەوڕووی هەمەدانی ئێستا چی وا لەوی کەمتر نەبوو. لە ناوچە دوورەدەستەکانی ڕۆژهەڵات و نێو قەڵەمڕەوی ئەو مادانەی کەوتبوونە لاپەڕان، هەرێمێک هەبوو کە دواتر بە «خۆئارا» ناوبانگی ڕۆیی. ئەم هەرێمەش بۆ بەخێوکردنی ڕەوەی ئەسپ و گاڕان و مەڕ و وشتر یەکجار بەناوبانگ بوو. لەم ڕۆژگارەدا مانناییەکان لە پێدەشتی بەپیت و ڕێژەوی خۆیاندا کە زۆر چاک پاراو دەکران، گەلێک ئەسپ و بارگین و ئاژەڵی بارەبەری دیکەیان بەخێو دەکردن کە لە سپای ئاشووردا کاریان پێدەکرا. ئەم سپایە بۆ ئەوەی لە جووڵە نەکەوێ و بتوانێ بە سەرکەوتوویی بەرەنگاری سەکاییەکان و کیمیرریانانی سوارچاک ڕاوەستێ، پێویستیی بەم بوونەوەرانە بوو. ئەگەر خاکی مانناییەکان تازە ئەم ئاژەڵانەی بۆ دابین نەدەکرا، دەبوو بۆ وەدەستهێنانیان پەلاماری ناوچەیەکی دیکە بدرێ. ئەم کارە تەنیا لە دەست ئەو سوارە تیژبەزانە دەهات کە دەیانتوانی بە جەرگی ئەو ناوچە نەناسراوانەدا ڕۆبچن کە هەتا ئەو کاتە هەرگیز پێیان تێنەنابوو. بەپەلە و خێرایەکی ئەوەندە ئاژەڵەی کە وەبەردەستیان دەهات قوڵەپێچیان دەکردن و بە یاریدەی تەواوی ئەوانەی ئەم ئەرکەیان خرابوویە سەر شانی، ڕایاندەدان بۆ

خاکی ئاشوور. هیچ هەوڵێک بۆ گرتنی ئەو ناوچانە نەدەدرا کە ڕەوەیان لێ ڕادەدان و بەم پێیە هیچ پێویست بە دامەزراندنی دامودەزگای ناوچەیی نەبوو. تەنیا پێویستیی ئەم کارە خێرایی و تەنیا ئامانج هێنانی ئەسپ و ئاژەڵانی بارەبەر بوو.

بۆ بەڕێوەچوونی ئەم کارە ئێسارحاددۆن دەهات بە فالگران فاڵی دەگرتەوە و لە خێوی خۆری دەپرسی کە داخوا ئەم کارە بکا یان نا؟ لە پشتی ئەم دەقانە کە لە جەنگەی نیزیکبوونەوەی سەرکەوتن یان شکاندا دەنووسران، ڕاستەقینەیەکی ڕەقوتەقی پڕ دڵەڕاوکە و پڕ مەترسی خۆی مەڵاس داوە. لێرەدا دەبێ مادەکان، سەکاییەکان و کیمیرریانەکان وەبەرچاو بگیرێن.

زنجیرەیەک هەڵمەت بۆ سەر ماد لە «بیت کەری»یەوە ئەنجام درا(٤). ئەگەرچی ئاگامان لە ئامانجی ورد و باریکی ئەم تراتێن و شاڵاوانە نییە، بەڵام وێدەچێ پتر مەبەستیان دەشتەکانی نیسا و هەمەدان بووبێ. حەولودەول بۆ وەدەستهێنانی ئەسپانی بەرکێف، کارێکی وای کرد هەتا ئاشوورییانی بەجەرگ و بوێر وردەوردە پتر بە سینەی دەشتاندا ڕۆبچن و مەودایەکی زۆر لە لانی خۆیان دوور بکەونەوە. سەرەنجام وایان لێهات کە لێبڕان هەتا ئەو ناوچە ئەفسانەیییە برۆن کە لایەکی دەشتی ویشکارۆی «کەویری نمەک»ە و لایەکەی دیکە چیای پڕ بەفری دەماوەندە. ئێمە دەزانین کە سواران بۆ کۆکردنەوەی ئەسپ لە خاکی «کووک کووما» و شاری «ڕادمانی»یەوە وەڕێکەوتوون و تەمایان گرتووە تاکوو «ئارری» و «خۆئارا»ش باژوێن، بەڵام چاوەڕوان دەکرا کیمیرریانەکان و ماننایییەکان خۆیان تێوەگلێنن و پێشیان پێ بگرن(٥). لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو هێرشبەرانەی کە بە هیوای چوونە پاتووش ئاردی (بەرەو خۆئارا)ی کەناری کەویری نمەک لە ڕێی شارێکەوە بەناوی ئانتارپاتی، کە سارگۆن بەناوی ئاندیرپاتتیانوو دەیناسی، ئەسپیان لینگ دا؛ ڕەنگە سەرکردە ئێپارنا یان خەڵکی «ساپاردا» کۆسپ و تەگەرەیان بۆ نابانەوە(٦).

نەدەکرا کارێکی ئەوتۆ لە بەردەنووسەکانی میریدا کە ساڵی ٦٧٣ی پ.ز. نووسران، پاش دەوەن بکرێن. ئەم وشانەی کەوا ڕیز کراون هەتا ڕووداوێکی ئاوا بگێڕنەوە، کارێک کە هێندێکیشی پێوەندراوە، دەکرێ ئاوا وەربگێڕدرێ:

*بەڵام با بچینە سەر باسی ناوچەی پاتووش ئاردی(٧) لە قەراخی کەویری نمەک، لە خاکی مادە دوورەدەستەکان کە چیای بیکنی لە تەنیشتی هەڵکەوتووە، لەگەڵ چیای بەردەکەسکە کە باوکان و باپیرانی من هیچیان پێیان تێنەنابوو. من لەو شوێنەوە دوو مەزنی دەسەڵاتداری شارانم گرتن کە بریتی بوون لە: ئێپارنا و شیدیر- پارنا (چیترافارنا یان تیسافرێن) و وێڕای ئەسپانی بەرڕکێف و گاوگۆل و مەڕ و وشتریان هێنامن(٨).*

ئێمە نازانین کە چۆن ئەم قسانە وشەبەوشە لێکبدەینەوە. ئەو بازوبرد و هەڵمەتەی کە پادشا ئاوا بە گومانەوە ئاکامەکەی لە فالگرتنەوەدا بەدی کرد، بێگومان بۆتە هۆی نووسرانی ئەم دەقە؛ بەڵام تەنانەت هێرشێکی ئاواش هەر جێی سەرنج بوو. هیچ ئاشوورییەک لەوەندە زیاتر بە خاکی ئێراندا ڕۆنەچووە، یان لە ڕاستیدا نەیتوانیوە هەتا ئێرە بڕ کا.

وەکوو دیارە بەپێی نووسینی دەقەکانی میری سێ کەس لە مەزنانی شارانی مادی بە پێی خۆیان چوونە نەینەوا و داوایان کردووە تا سەرلەنوێ بکرێنەوە گەورەی شارە ڕاپەڕیوەکانیان. ئەم گەورەپیاوانە بریتی بوون لە «ئووپپیس»ی حوکمڕانی شاری پارتاککوو(٩)،«زاناسانا»ی مەزنی شاری پارتووککا و «ڕاتپیا»ی گەورەی شاری ئووراکا زابارنا. ئەوەی ڕاستی بێ تازە بەچاکی ئەو قسەیەمان بۆ ڕوون نابێتەوە کە داخوا ئەم پیاوانە بە پشتیوانیی ئاشوور گەڕاونەوە شارەکانی خۆیان و ملیان بۆ ئەو باج و پیتاکانە ڕاکێشاوە کە حوکمڕانانی ئاشوور پێیانەوە بەستوون یان نا(١٠). ئەگەر وەکوو یەکێک لە توێژەران ئاماژەی پێکردووە ڕاست بێ کە ئەم شارانە دەکرێ بدرێنە پاڵ خاکی پارت و هیرکانیا(١١)، ئەو دەم دەبێ لێمان سوور بێ کە نووسەری ئاشوور هەتا ڕادەیەکی باش شارەزای باری جوغرافیایی بووە؛ بەڵام دەبێ ئەم چەشنە ئاگاداری و زانیارییە لەم شێوە هەڵمەتە بەرباسە بەرزەفڕانەیەش وەدەست کەوێ.

ئێسارحاددۆن لە ساڵانی بنەبانی پادشایەتیی خۆیدا، لێبڕا هەتا دووبارە خاکی مانناییەکان بگرێتەوە کە ڕۆژی خۆی یەکێک بوو لە هەرێمەکانی ئاشوور. وەک پێشتر باسمان کردووە، کیمیریانەکان لە سەردەمی حکوومەتی باوکیدا ئەم

خاکەیان خستبوویە ژێر چۆکی خۆیان و ئەگەرچی ئێستا دەیانگوت کە قەڵەمڕەوی ئاشوورە، بەڵام هەواڵگرێکی دیکەی پادشا پێی وایە ئەم قسەیە بەتەواوی درۆیە. نامەی ئەم هەواڵگرە بۆ ئێسارحاددۆن تەنیا سەرچاوەمانە و تەنانەت نامەی باسکراویش وای لێ دەفامرێتەوە کە نەکا هێرش بۆ سەر وڵاتی مانناییەکان بە سەر ناکامیدا بکەوێ. لە ڕووی هەڵسەنگاندنی گرێ و گرفتەکانی دواتری پادشای ئاشوور سەبارەت بە خاکی مانناییەکان، بەگشتی ناکرێ ترسانەکەی بێجێ بێ(١٢).

ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر گەلاڵەی هەڵمەت و پەلامارەکانی ئاشوورییەکان بۆ سەر هەرێمە دوورەدەستەکان تا خۆئارا، تەنانەت لە ساڵی ٦٧٣ی پێشزایینیدا داڕێژرابێ، بێسێودوو ئەگەری هەبوونی شانشینی بەهێزی مادی لەم قۆناخەدا، بەو چەشنەی کە هێرۆدۆت باسی دەکا، دەچێتەوە پاش؛ چونکە زۆرجار هەڵکەوتووە لەو شوێنەی کە ڕەخنەکانی «باوکی مێژوو» بە هەڵە داندراون، دەقی گێڕانەوەکانی وەڕاستگەڕاون. ئێمە دەبێ بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بەو نووسینانەی ئەم یۆنانییەی سەدەی پێنجەمی پێشزایینیدا بچینەوە و دەبێ بزانین کە زۆربەی زانیارییەکانی خۆی سەبارەت بە زێد و نیشتمانی مادەکانی لە «هارپاگووس»ی بە ڕەسەن مادی وەرگرتووە.

هێرۆدۆت دەڵێ لە ڕۆژگارانی ڕابردوودا(١٣)، ئەو دەمەی کە مادەکان لە نێو گوندانیدا بنەگر ببوون، سەرکردەیەکی ئاکارچاک بەناوی «دیاکۆ»ی[١] کوڕی فرەوەرتیش[٢] لە نێویاندا دەژیا. کاتێک ئەو لە مزڵ و ماڵی خۆیدا کەوتە چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان جەماوەر، لەبەر کەیخودایەتیی بەپارسەنگ و ڕاست و دروستی، زۆر چاکی ناوبانگ ڕۆیی و لە سەرتاسەری ناوچەکانی ئەم سەرزەمینەدا داوایان لێ دەکرد هەتا لە نێوانیاندا بکەوێتە داوەری و کەیخودایەتی. سەرەنجام تێگەیشت ئەو ئەرکانەی دەیخەنە سەر شانی قورس و پڕ کوێرەوەرین، هەر بۆیە تازە دەستی لەو کارە هەڵگرت. ئەوسا مادەکان کۆڕ و کۆبوونەوەیان پێکهێنا و پێشنیاریان پێکرد تاکوو ببێ بە شا. دیاکۆ پاش

١- لە دەقەکەدا نووسراوە دیێۆکێس، بەڵام دیاکۆ باوترە.و.

٢- نووسراوە فرائۆرتێس، بەڵام فرەوەرتیش باوترە.و.

ئەوەی هێزی وەبەرهات، جەماوەری بەرفەرمانی دنە دا هەتا شاری ئیکباتانا[1] واتە هەمەدانی ئێستا ساز بکەن و حەوت دیواری دیوەودیوی بە دەوری‌دا بکێشن. دیاکۆش خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی وابوو کە شاهانشایەک دەبوو بیبێ. پیاوێک بوو ورد و خورد کە تیرەی بۆ کەس شل نەدەکرد و لە بەڕێوەبردنی قەڵەمڕەوی حکوومەتەکەشی‌دا ئەم ڕەوتەی ڕەچاو دەکرد. وا هات کە شەش خێڵی گەورەی مادی بە دڵخوازی خۆیان سەریان وەبەرهێنا و بە پادشایان دانا(١٤). پاش پادشایەتیی ٥٣ ساڵەی، فرەوەرتیشی کوڕی جێی گرتەوە و سەرەتا پارسەکانی هێنایە ژێر دەسەڵاتی مادەکان و لە پەلاماری نابەوەختی‌دا بۆ سەر ئاشوورییەکان کوژرا. کوڕی فرەوەرتیش بەناوی کیاکساریس[2]لە جەنگەیەکدا بوو بە پادشا کە سەکایی‌یەکان وڵاتەکەیان لێ ویران کردبوو. ئەمانە بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ سەرتاسەری وڵاتەکەیان کردە پێخوستی سمی یەکسمەکانیان و ملیان نا لە تاڵانوبڕۆ و خۆیان لە زوڵم و زۆرەملی نەپاراست. سەرەنجام هووەخشتەرە [کیاکسار] جارێکی دیکە جڵەوی وڵاتەکەی خۆی بەدەستەوە گرتەوە و پادشایەتیی ئاشووری ڕووخاند و پێش ئەوەی نیشتمانی بداتە دەستی «ئاستیاگ»ی[3]کوڕی، ماوەی ٤٠ ساڵ بە سەربەرزی پادشایەتیی کرد. کوڕەکەی بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ لەسەر تەختی پادشایەتی پاڵی دایەوە و پاشان ساڵی ٥٥٠ی پ.ز، کووروشی پارسی سەرنخوونی کرد(١٥).

پێشتر ناوی «دییۆکێس»مان بە شێوەی «دیائوککوو»ی ماننایی هاتۆتە بەرچاو کە سارگۆنی فەرمانڕەوای ئاشوور لە وڵاتی خۆی بەرەو تاراوگەی نارد. بەم پێیە ئەو پادشایەتییەی کە هێرۆدۆت دەیداتە پاڵی و ساڵژمێرەکەی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتیی دییۆکێس دەباتەوە بۆ ساڵانی ٧٢٨-٦٧٥ی پ.ز. هەرگیز ڕووی ڕاستەقینەی بە خۆیەوە نەدیوە؛ بەڵام تۆمارکرانی دروستی ناوی دییۆکێس و جێنشینەکانی لە کتێبی مێژوونووسیی یۆنانی‌دا، وریامان دەکاتەوە کە نەکا سەرنج نەدەینە زانیارییەکانی دیکەی. ڕەنگە دیائوککووی بەختەوەرگەڕاو بۆ بەرەکانی

---

١- ئیکباتان ← هەگمەتانە ← هەگمادانە ← ڕەنگە ئەرگمادانە بێ، واتە قەڵای مادان.و.

٢- کواکسار، کیاکسار، هووەخشتەرە.و.

٣- ئاستیاگێس، ئیشتووڤیگوو.و.

داهاتووی مادان وەکوو سەرزنجیرەی خانەدانی پادشایەتیی ئەوان خرابێتە بەرچاو، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە تەنیا وەختایەک دەچینە نێو مێژووی ڕاستەقینە کە گۆیا فرەوەرتیشی کوڕی بۆتە شا و هێرۆدۆت پێی وابووە ساڵانی ٦٧٣-٦٥٣ی پ.ز. حکوومەتی کردووە.

پتر لە سەدە و نیوێک دواتر کە داریووشی گەورە بە هەوڵ و هەڵسووڕانێکی یەکجار زۆر تێکۆشا هەتا تەخت و تاجی پارس وەدەست بێنێ، کەسێک بەناوی فرەوەرتیش هات و گوتی ناوی ڕاستەقینەی «خشەتریتە»یە و یەکێکە لە نەوە و نەتیژەکانی هووەخشتەرە(١٦). ئەم ناوە سەرەداوێک بەدەستەوە دەدا تا بکەوینە وردبوونەوە لە ناوی «فرائۆرتێس»ی هێرۆدۆت و وەبیرمان بێتەوە کە ئەویش ناوی خشەتریتە بوو. نابێ ئەم مەبەستە بمانهاروورژێنێ کە داخوا خشەتریتە هەر ناوی شاهانەی بووە(١٧)، یان ئەوەی کە هێرۆدۆت زانیویەتی ئەویش وەکوو میری هاوچەرخی بەڕاستی پێی گوتراوە فرەوەرتیش(١٨)؛ بەڵام پێویست ناکا هەتا سەبارەت بە ساڵانی دەسپێکی چالاکبوونی، کە دەوروبەری ٦٧٥ی پێش‌زایینە، دووشک بین، بەتایبەت ئەو کاتەی کە ئێمە تووشی دەبین و خەریکە فاڵ دەگرێتەوە، ساڵانی بنەبانی پادشایەتیی «ئێسارحاددۆن»ە و لە ئاشووریدا ناوی بۆتە «کەشتەریتی»(١٩).

ئەو کاتەی کە بۆ یەکەم جار تووشی کەشتەریتی دەبین و لێرەوە بەرەودوا پێی دەڵێین خشەتریتە، شای ماد نییە؛ بەڵام سەرۆک و سەرکردەی شاری «کار کاشی»یە و بەپێی ناوەکەی وا دەردەکەوێ کە شوێنەکەی کەوتۆتە نیشتمانی پێشووی کاسییەکان لە جەرگەی زاگرۆس. چیرۆکی هێرۆدۆت سەبارەت بە سازکرانی پایتەختی مادەکان لە ئیکباتانا هێشتا ڕووی نەداوە و دەچێتە قۆناخی داهاتوو(٢٠).

فاڵگرتنەوە بە فالگران کەموزۆر سەرلەبەری هەوڵ و هەڵسووڕانەکانی دەخاتەڕوو. خۆی وێڕای سەربازانی مادی دێنە بەرچاومان(٢١) کە هەڵیانکوتاوەتە سەر شاری کیربیتی و ئووشیشی و بوونە هەڕەشەی بەرەگە گرتن لە پەلامارەدران و تەتەرانی ئاشووری کە دەنێردرانە ماد(٢٢). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە هەوڵی ئەوەیەتی هەتا «مامیتی - ئارشوو»ی سەرۆکی شاری

مادی لە پیلانی دژی ئاشوورەوە بگلێنێ(٢٣)؛ یان خەریکە بۆ تالانی شارەکانی «ساندوو» و «کیلمان» بچێتە پاڵ فەرمانڕەوای خاکی ساپاردا، کە ماوەیەکی درێژی پێشتر سارگۆن گرتبووی و خرابوویە سەر هەرێمی هەرهەر(٢٤). سەرەنجام دەبینین کە پێشەنگی یەکییەتیی مادەکان و کیمیرریانەکان و مانناییەکانە و بۆتە هەڕەشە بۆ سەر دامودەزگای حکوومەتی ئاشوور لە ناوچەی زاگرۆس. بەداخەوە ئەو دەقانەی کە ئەم ڕووداوانە دەگێڕنەوە، زۆر پرش‌وبڵاون(٢٥)؛ بەڵام تەتەڵەیەکی ساغ ناوی شاری کیشاسسوو بەدەستەوە دەدا و هەمان «کیشێسیم»ە کە سارگۆن ساڵی ٧١٦ی پ.ز. گرتبووی(٢٦). پادشایەتیی خشەتریتە دەشێ گومانی لێ بکرێ، بەڵام لە ڕووی ڕەنگدانەوەی ئەو دەورە گرینگەی کە لە ساڵانی بنەبانی پادشایەتیی سارگۆن‌دا گێڕای، یانی هەر ئەو سەردەمەی کە ڕووداونامەی هێرۆدۆت بە فرائۆرتێس ناوی دێنێ، ناکرێ لێی بکەوینە گومانەوە.

هێرۆدۆتیش دەڵێ فرائۆرتێس [فرەوەرتیش] یەکەم مادی بوو کە پارسەکانی ڕاکێشایە ژێر ڕکێف و فەرمانی خۆی. ڕەنگە ئەم قسەیە ڕاستەقینەیەکی مێژوویی بێ، بەڵام دەبێ سەرەتا بەو زانیارییانەدا بچینەوە کە سەبارەت بەم پارسانە لە ئارادایە. ئەوان کێ بوون و کەی گەیشتوونە ئێرە و بنەیان داکوتاوە؟

ساڵی ٨١٥ی پ.ز. هیندوئێرانییەکان لە پارسووای خۆرنشینی گۆلی ورمێوە بەرەو دۆڵەکانی زاگرۆس لە نیزیک عیلام سەرەوخوار بوون. ئاوارەکان لە باکووری خۆرهەڵاتی شووش و بە مەودایەکی کەم لە خاکی ئەنزانی عیلامی، جێژیانێکی تازەیان بەدی کرد و بنەیان داگرت. ئەوان بە یادی ئەو ناوچە و مەڵبەندەی کە لێیەوە هاتبوون، ژینگەی تازەی خۆیان ناونا پارساماش یان پارسووماش. پێشەوای ئەم نەتەوەیە لە ساڵی ٧٠٠ی پێش‌زایین‌دا هەخامەنش بوو کە دواتر پادشایانی پارسەکان بە باپیرەگەورەی خۆیان دانا و ناوی ئەویان خستە سەر خانەدانی خۆیان. گۆیا هەخامەنش و هاوڕێیانی بەرفەرمانی، ساڵی ٦٩٢ی پ.ز. لە شەڕی شکاندنی سێنناخریب لە حولوولە، پاڵیان بە عیلامەوە داوە، چونکە فەرمانڕەوای ئاشوور دەگێڕێتەوە کە پارسوو(مـ)اش و ئەنزان لە نێو ڕیزی دوژمنانی‌دا بوون(٢٧).

چەند ساڵ دواتر، ڕەنگە دەوروبەری ٦٧٥ی پ.ز، هەخامەنش تەختی پادشایەتیی بۆ چیش‌پیش یان تیس‌پێس چۆڵ کرد. گۆیا پارسەکان توانیویانە دەست بە سەر ئەنزان‌دا بگرن، کە دەسەڵاتی پادشاکانی عیلام چی وا بڕی تێدا نەدەکرد و شیلهاک- ئینشووشیناکی دووهەم، تەنانەت نەیدەگوت بەشێکە لە قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی. لەمەودوا چیش‌پیش توانی سەرناوی «شای شاری ئەنشان» لە خۆی بنێ و وەک ناوێک پێیەوە بناسرێ. ئەو کە بەوردی لە گەڕانگەڕی خۆی دەڕوانی، دەبێ بۆی ڕوون بووبێتەوە کە عیلام ناتوانێ هەڕەشە بێ بۆ سەر پادشایەتیی تازە وەدەستکەوتووی، چونکە تەنانەت ئێسارحاددۆنیش دەیزانی دەبێ لە خشەتریتەی مادی و کیمیرریانەکانی هاوپەیمانی پتر بترسێ. ئەم هاوپەیمانییە هەڕەشە بوو بۆ سەر شاری «سیسیرتوو» لە کەوشەنی «ئێللیپی»ی ناوچەی بن دەسەڵاتی(٢٨). ئێسارحاددۆن دڵپەرۆشی «بیت هەمبان»ی ملکی خۆی بوو لەو شوێنەی کە ڕووباری «ئەلوەند» و «دیالە»ی ئێستا لێکدەدەنەوە و کەمتاکورتێک کەوتبوویە مەڵبەندی بابل. هەروەها دەشیزانی هێزەکانی مادی کە چەکدارانی کیمیرریانی و سەکایی چوونە پاڵیان، هەر بینا هەڵیانکوتایە سەر پارسووماشی باکووری ڕۆژهەڵاتی بیت هەمبان(٢٩).

بەپێی نووسینی هێرۆدۆت و لە بەر تیشکەی قسەکانی‌ڕا کە دەڵێ فرەوەرتیش سەرەتا پارسەکانی ڕاکێشاونە ژێر فەرمانی خۆی، بەڕاستی جێی خۆیەتی لێمان سوور بێ لێدوانەکانی مێژوونووسی یۆنانی و ئێسارحاددۆن لەسەر بنەمای ڕاستەقینە بوون و خشەتریتە دەوروبەری ساڵی ٦٧٠ی پ.ز، تیس‌پێسی داشکاندۆتە پلەی پادشای ژێردەستەی خۆی.

گەرچی فەرمانڕەوای ماد لەم مەڵبەندە سەرکەوتنی وەدەست هێنا، بەڵام بەرلەوەی کە بتوانی خۆی وەکوو خودان و خێوی بێ‌هومالی بانووی ئێران بناسێنێ، هێشتا چەند ناوچەیەک مابوون لەم خاکەدا کە بیانگرێ. لەمێژ ساڵ بوو کە خۆی هەڵیکوتابوویە سەر شارروو ئیقبی لە وڵاتیماننایی‌یەکان، بەڵام لەو کاتەوە هەتا ئێستا شەپۆلێکی تازەی کیمیرریانەکان و سەکایی‌یەکان بەم شوێنە وەربببوون. ماننایی‌یەکانیش بە سەرکردایەتیی ئاهشێری لە ساڵی ٦٦٠ی پێش‌زایینەوە سەرێشەیان بۆ ئاشووربانیپاڵ نابۆوە، هەر بۆیە ئەویش لێبڕا هەتا

بیانکاتە ژێردەستەی خۆی. بەرلەوەی کە هێزە تیژبەزەکانی فەرمانڕەوای ئاشوور بگەنێ، ئاهشێری لە «ئیزێرتوو»ی ناوەندی دەسەڵاتیڕا بەرەو ئاترانا تێیتەقاند و شارروو ئیقبی و شارەکانی دیکەی بە هەویای پەلاماردەران بەڕەڵلا کرد! بەشێک لەم خاکە بوو بە لەشکرگای هێزەکانی ئاشوور و وەکوو پارێزگایەک سەرلەنوێ ڕێکخرایەوە. «ئاهشێری»ی چارەسیا، بەدەست کەسانی تووڕەبووی بەرڕکێفی خۆی کوژرا و «ئووئاللی»ی کوڕی لە جێی داندرا کە لایەنگری ئاشوور بوو(٣٠). لێرەوە بەرەودوا مانناییەکان لە بەرامبەر مادەکاندا هاوپەیمانی ئاشوور بوون و خشەتریتە بێبەش کەوتەوە لە خاکی نیشتمانی.

واوێدەچێ ئەو دەمەی کە ئاشووربانیپاڵ کەوتۆتە پەیکەردەی ئاهشێری، هەتا هەرێمی مادەکان ڕۆیشتووە(٣١). مەزنی یەکێک لە شارەکان بەناوی «بیریس- هاتری» لەگەڵ دوو کوڕی بە دیل گیران و دوورخرانەوە بۆ نەینەوا. چەند شارێکی نیزیک تالان کران و دەسەڵاتی ئاشوور چاکی پەرەگرت.

بەم شێوەیە، هەروەک هێرۆدۆت نووسیویەتی، خشەتریتە کاتێک بۆ شەڕ هان درا، زۆر وێدەچێ کە خۆی هەڵیکوتابێتە سەر ئاشوور. ئەگەر بەڕاستی وابووبێ، وادیارە هێز و بڕشتی واوەی پیاوێکی جەنگاوەر بووە. گەرچی هیچ دەقێک باسی ڕوودانی ئەم هەڵە گەورەیەی تێدا نەنووسراوە، بەڵام خودبەخود دوور نییە ڕووداوێکی ئاوا قەومابێ. هێرۆدۆت دەڵێ ساڵی ٦٥٣ی پ.ز. مەرگ بەرۆکی گرتووە و زۆر وێدەچێ لە جەنگەی هێرش بۆ سەر شاری سنووریی ئاشووردا نەمانی لە چارەی نووسرابێ.

یارانی بەرڕکێفی تەرمەکەیان هەڵگرت و بردیان لە گۆڕێکی داتاشراوی نێو سینەی چیایەکدا ناشتیان کە خۆی چاکی بە کەلێن و کولێنی ئەم کێوانە دەزانین. لە سینگی ڕەوەزێکدا گۆڕێک داتاشراوە کە «ئانووبانینی»ی پادشای لوولووبیووم قەڵافەتی خۆی لەسەر هەڵکەندووە و ڕاست لە قەراغ ئەو ڕێگا سەرەکییە هەڵکەوتووە کە لە ئێرانەوە دەچێ بۆ بابل. چەند گۆڕێکی دیکەی ئاواش کە لە دڵی زەرد و ماهان داتاشراون کەوتوونە نیزیک بێستوون و باڵی باکووری شارەزوور یان دیسانیش بە شانی باکووریتردا و ڕاست لە باشووری گۆلی ورمێ

جێیەکی ئاوا هەیە(٣٢).[١] ڕەنگە ئەمڕۆ نەتوانین ڕوونی بکەینەوە کە تەرمی خشەتریتە لە کامیاندا نێژراوە، بەڵام واوێدەچێ کە هەموویان پێش دامەزرانی حکوومەتی هەخامەنشی داتاشرابن و زۆر ڕێی تێدەچێ کاری یەکەمین پادشاکانی ماد بووبن.

هووەخشتەرە یان کیاکساریس [کیاکسار] باوکی داینابوو بە شازادەی جێگرەوەی‌میر و ئەگەر هەموو کارەکان لەسەر سکەی خۆیان بووبان، بێگومان دەیتوانی ببێتە پێشەوای نەتەوەی خۆی لە پەلاماردانی ئاشووردا؛ بەڵام سەکایی‌یەکان کە ئێمە پێشتر هەلمان بۆ ڕەخساوە هەتا لە ئێراندا چاومان پێیان بکەوێ، وەک پێویست نەکەوتوونە بەر لێکۆڵینەوە. داخوا ئەوان ئێستا خۆیان لە مادەکان خۆش کردبوو کە زەمانێکی لەگەڵیان خاوەنی نیشتمانێکی هاوبەش بوون و بە قسەی هێرۆدۆت نەیاندەهێشت هووەخشتەرە ببێ بە پادشا؟ گێڕانەوەی مێژوونووسی یۆنانی سەبارەت بە کاولکەری و تاڵانوبڕۆی سەکایی‌یەکان زۆر وێدەچێ ڕاست بێ؛ کەوایە زاڵبوونی ٢٨ ساڵەی ئەوان بە سەر ئێراندا (٦٥٣-٦٢٥ی پ.ز) کە ڕەنگە مادییەکی ڕەسەن تەواوێک خاکی ئاسیای خۆرنشینی بە ئێران زانیبێ، وێدەچی ڕاستەقینەیەکی مێژوویی بێ.

ئەگەرچی ئێمە شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە دامودەزگای ئیداریی ئەوان نازانین، بەڵام زانیاریی بەرچاومان هەیە دەربارەی چەکوچۆڵ و زین و ڕەختی ئەسپەکانیان؛ چونکە سەردەمی سەکایی‌یەکان و کیمیریانەکان تەواوێک هاوچەرخە لەگەڵ زۆربەی ئەو دەسکارانەی وا پێیان دەڵێن «مەفرەقەکانی لوڕستان»، کە دۆزرانەوەیان لەم چەند ساڵەی دواییدا سەرنجی دنیای هونەری بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە.

چەند نموویەک لە دەسکاری پیشەی سەرزەمینی بابل کە سەبارەتن بە بەرەبەیانی مێژوو، گەیشتنە هەرێمی زاگرۆس و ئێران و لەوێ وێنەیان لێ هەڵگرتنەوە و دەسکاری وەکوو ئی وانیان ساز کرد. لە سەردەمی زنجیرەی شاهانی ئەکەددا پیاڵەیەکی مەفرەق کە ناوی «شارکەلیشەرری»ی لەسەر

---

١- بێگومان نووسەر مەبەستی فەقرەقا یان هەمان فەخریکایە کەوا کەوتۆتە باڵی باکووری مەهاباد و ١٥ کیلۆمیتریکی لێ دوورە.و.

نووسرابوو، لەگەڵ نووکە نێزەیەک کە بە نەخش و نیگاری پووزوور- ئینشووشیناکی هاوچەرخی ڕازابۆوە، گەیبوویە هەرێمی زاگرۆس. ئەو دەسکردانەی کە خانەدانی سێهەمی ئووور و میرانی لارسا و ئیسین دەیانهێنان بۆ شاخستانەکان هێشتا زۆر گران بوون. چیانشینان بۆ کەلک وەرگرتن لەم دەسکردانە داب و نەریتێکیان کردە باو و کار و پیشەی سازکردنی شتی مەفرەقییان بەدی هێنا، کە لە سەرتاسەری سەردەمی «کاسی»دا بێ‌نێوبڕ درێژە درا؛ بەڵام بێ‌گومان ئەم کارە خۆماڵییانە بەرەژێرترن لەو شتانەی کە لە ساڵانی سەرەتای هەزارەی یەکەمدا، کۆمەڵانی هێرشبەر لەودیوی قەفقازەوە لەگەڵ خۆیان دەیانهێنان. لەو ڕۆژگاریدا لغاو و هەوسار و سەرکەللە و خرینگەوپرینگە و قایش‌وقورووشی زینی ئەسپ، دەسکەگورزی جەنگی و نەزری و شمشێری قوڵەی دەسک ڕەختە، بەوپەڕی هونەرمەندی و شارەزایی ساز دەکران. وەستاکارانی ئەم شتانە لە بابەت نەخش و نیگار و شێوەی سازکرانیانەوە قەرزداربارى فەرهەنگە کۆنترەکانی بابل و عیلام، دنیای تازەی ئاشوور، جەماوەری باکووریتر و تەنانەت نزدیکەکانی ناوچەکانی قەفقاز، ئەودیوی قەفقاز و هێندێک واوەتری دەریای خەزەر بوون. ئەوەی ڕاستی بێ بە یاریدەی ئەو دەسکردانەی کە ناوی پادشاهانی دووهەمی «ئیسین»یان لەسەر شەقڵێندراوە، دەکرێ بە ساکاری بسەلمێندرێ کە «مەفرەقەکانی لوڕستان» لە ۱۰۰۰ی پێش‌زایینەوە گەشەیان کردووە. وێکچوونی ئەو شتانەی کە لە باکوور و خۆرنشینەوە دەیانهێنان دەیسەلمێنێ کە شێوەی دەسکاری ئەم بەرهەمانە زۆر چاک هەتا سەردەمی هەخامەنشی درێژەی پێدراوە و لە باو نەچۆتەوە؛ بەڵام وەکوو ئاشکرایە ڕۆژگاری کیمیرریانەکانی باکووری و پەلاماردەرانی سەکایی، مەفرەقگەرانی ئێرانی گەیشتوونە ئەوپەڕی شارەزایی(۳۳).

بەشی ١١

# ڕۆژداگەڕانی عیلام

بە بڕوای کەسێکی عیلامی کە ساڵی ٦٦٨ی پ.ز. ژیاوە، دابەشبوونی ئیمپراتۆرییەک بۆ دوو شانشین بەدەست «شەمەش - شووم - ئووکین» لە بابل و «ئاشووربانیپاڵ» لە ئاشوور، ڕەنگە وەکوو دانهێنان بە هەلومەرجی لاوازی نێوخۆیی لێکدرابێتەوە. لە ئاکامی ئەم ڕەوتەدا ئوورتاکی، فەرمانڕەوای بەشێک لە عیلام، ئەگەرچی لە ڕابردوودا لایەنگری عیلام بوو، بەڵام ئێستا هەوڵی دەدا هەتا هێزی ئەم ئیمپراتۆرییە دابەشکراوە سیاسییەی خۆرنشینی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی بەتاقی بکاتەوە. ڕەنگە بە فیتی ناحەزی وی «تاندایا»ی گەورەی گوندی «کیربیت» هەڵیکوتابێتە سەر دێی «ئیاموتباڵ»ی نیزیک دێر و تاڵانی کردبێ(١). یەک یان دوو ساڵ دواتر لە خاکی بابل شازادە «هووبان - نووگاش»ی کوڕی «ئوورتاکی»یان چۆڵەپێچ کرد و جگە لە شەمەش - شووم - ئووکین، هیچ کەسی دیکە ئەم هەواڵەی بۆ ئێمە نەگێڕاوەتەوە(٢)؛ بەڵام ئەوە خودی ئوورتاکی بوو کە ڕقی ئاشووربانیپاڵی هەستاند. ئەو ڕووداوانەی کە بوونە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ، بەم شێوەیەی کە لە پەڕەکانی بەرەودا باسیان دەکرێ قەوماون.

سەرکردەیەکی عیلامی بەناوی مەردووک - شووم - ئیبنی، کە ناوێکی بابلییە، پیلانێکی دژی ئاشووربانیپاڵ داڕشت و یەکێک لە کاربەدەستانی پایەبەرزی ئاشووری و سەرۆک خێڵی ئارامیی «گامبولی»ش تێیدا بەشدار بوون. ئاشووربانیپاڵ دەیگوت ئەو خۆی نەداوەتە لانی دوژمنایەتی لەگەڵ ئوورتاکی و زەمانێکی کە قاتیوقڕی و ویشکەساڵی باڵی بە سەر وڵات کێشاوە، یاریدەی داوە،

بەڵام ئوورتاکی بە درۆ و دەلەسەی ژێردەستانی هەڵخەڵەتاوە و بە باری نەیاریدا کەوتووە(٣).

ڕەنگە ئەم قسەیە لە ڕاستییەوە نیزیک بووبێ، بەڵام بێگومان وا دروستترە کە بڵێین ئوورتاکیش وەکوو براکەی کە پێش وی فەرمانڕەوا بوو، کەوتبوویە ژێر دەسەڵاتی پادشایەکی دیکەی عیلام واتە خودانی شووش. لە ڕۆژگاری حوکمڕانیی براکەیدا ئەم پادشایە شیلهاک- ئینشووشیناکی دووهەم بووە، بەڵام ئێستا «تیپتی - هووبان - ئینشووشیناک»ی کوڕی (دەوروبەری ٦٦٣-٦٥٣ی پ.ز) لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی دابۆوە. بە مەبەستی پتەوبوونی باری یەکییەتی و دۆستایەتی لەگەڵ ئوورتاکی، زەماوەندێکی سیاسی ئەنجام درا و لەمەودوا «تێ - ئووممان»، واتە ئەوکەسەی کە ئاشووری بەم ناوەیان دەناسی، ببوو بە برای ئوورتاکی(٤). سەبارەت بە ڕوووەرگێڕانی ئوورتاکی لە ئاوات و ئامانجەکانی فەرمانڕەوای ئاشوور، تێمتی- هووبان پێداگر بوو هەتا خەڵکی بەتایح ڕوو لە «نەید- مەردووک»ی پادشای پیری لایەنگری ئاشوور وەرگێڕن، کە لە زەمانی ئێسارحاددۆنەوە توانیبووی لەوێ جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ و ببنە پشتیوانی کەسێکی کە بە عیلامییەکان پشتئەستوور بوو(٥). خەڵکی وەفاداری بەتایح ئەم پێشنیارەیان نەسەلماند و بە تۆڵەی ئەم سەربادانە، پردێکیان گرتن و ئاوریان تێبەردا(٦). پاش مردنی نەید- مەردووک، فەرمانڕەوای عیلام بۆ سەپاندنی پێشنیاری خۆی زیاتری پێداگرت و ڕایگەیاند خێڵاتی کەلدانی، تارگیباتوو، ناهاڵ، دوونای و بانانوو سەریان وەبەر حکوومەتی عیلام هێناوە و ئەوانیش هەر دەبێ وا بکەن و لێی لانەدەن(٧). ئەم کارە بە دوایین هەڕەشە دادەندرێ و ڕووداوەکانی دواتر دەریانخستووە کە جێشی گرتووە. ئەو لەگەڵ ئوورتاکی کەڵکەڵەی پەلامارێکی ئازایانەی لە مێشکیدا بوو. بڕیار وابوو کە ئوورتاکی هێزی بەرەو خاکی بابل گاڵ بدا و لەوێ ببێتە پشتیوانی «بێلیقیشا»ی سەرخێڵی گامبولی و قەرار وابوو خودی «تێپتی- هووبان»یش سپای عیلام بنێری بۆ گرتنەوەی بەتایح(٨).

ئاشووربانیپاڵ بەجارێک تووشی دڵنیگەرانی بوو. ئەو تەتەرەی کە نێردرابوویە لای «ئوورتاکی»ی هاوپەیمانی پێشووی، هەواڵی سەرسوڕهێنی هێنانەوە و گوتی عیلامییەکان بەرەو خاکی بابل بەڕێوەن و وەکوو کوللوو بە هەرێمی ئەکەد وەربوون و هەموو وڵاتیان داگرتووە؛ بەڵام دیسانیش پێویست نەبوو کە فەرمانڕەوای ئاشوور ورەی خۆی بدۆڕێنێ. نەخۆشی و کەلەلایی یان بە لێکدانەوەی وی ئێزەدانی دەرد و بەڵا، «ئوورتاکی»یان لە عیلامییەکان ئەستاند. ماوەیەکی وا بە سەر مردنی لە ساڵی ٦٦٣ی پێش‌زایینێدا تێنەپەڕیبوو کە هاوڕێبازە بابلییەکەشی بە شوێنیدا مرد(٩). هەتا ئێرە وا دەردەکەوێ کە هیچ گۆڕانێک بە سەر هەلومەرجی ئاشووردا نەهاتووە.

بەم شێوەیە نەهامەتیی ڕاستەقینە قەوما و بە نەمانی ئوورتاکی، پادشای شووش لەڕێوە وەک فەرمانڕەوای نیشتمانێک کە ئێستا کەوتبوویە سەر باری یەکییەتی و یەکپارچەیی، بەڕەسمی ناسرا. ئاشکرایە کە یەکەم هەنگاوی وی بریتی بوو لە قەڵتوبڕی تەواوی ئەوانەی ڕەنگە ڕقەبەری بووبان. «کودووررووو» و «پاروو» کوڕانی هووبان- هاڵتاشی دووهەم و هووبان- نووگاش و هووبان- ئەوپی و تامماریتووی کوڕانی ئوورتاکی لە وڵاتی خۆیانەوە ڕایانکردە ئاشوور و شێست کەسی بارگانشین و کۆمەڵێکی بەرچاوی کەواندار ڕەگەڵیان کەوتن. ئاشووربانیپال بە ئامێزی ئاوەڵاوە پێشوازیی لێ کردن؛ باوکانی ئەوان بە پشتیوانیی ئاشوور ببوونە حوکمڕانی بەشێک لە خاکی عیلام و ڕەنگە ئەوانیش گەڕێندرابانەوە سەر تەختی دەسەڵات. هەر بۆیە ئەگەرچی ئەو «هووبان- تاهراهـ» و «نابوو- دامیق»ی وەکوو باڵوێزانی فەرمانڕەوای عیلام ڕێ‌دایە بارگای خۆی و لە بەردەتاشیکدا قەڵافەتیانی لەسەر شێوەی خواجەیەکی پیری گۆشتن و کاربەدەستێکی لاو خستنە بەرچاو(١٠)، بەڵام داخوازەکەیانی بۆ گێڕانەوەی ڕاکردووان قبووڵ نەکرد.

تێپتی - هووبان - ئینشووشیناک هەر پاش ئەوەی کە مەترسیی خەنیمانی بۆ لێ ئەستاندنی تاج و تەختی ڕەواندەوە، لە شووش پەرستگایەکی تازەی بۆ ئینشووشیناک سازکرد(١١). بەپێی دەقی بەردەنووسێک، دەڵێ بە یاریدەی

هووبـان و ئینشووشـیناک ناوچـەکانی «بـاڵاهووتێ» و«لالاری»ی گرتـووە(١٢)؛ بەڵام دەقێکی دیکە دەڵێ لە سـایەی سـەری ئیزەد «پینیکیر»ەوە ئـەم سـەرکەوتنە مسۆگەر بووە(١٣). دەقێک کە لەسەر گابەردێک نووسراوە، باسـی کاربەدەسـتانی پایەبەرزی بارگا و پەرستگا و دیارییەکانیان دەکا. ئەوانەی باسیان کراوە بریتین لە کاهینێکی گەورەی هووبان، کاهینانی ناپیر، شـوودا و پینیکیر و چەنـد پیاوێـک لـە ئەنزان و پاراشوو، کە ڕەنگە هـەر ئـەم ناوچـە و هەرێمانـە بـن وا ئێسـتا بەدەسـت نەوە و نەتیژەی هەخامەنشییەکانی ئێرانین(١٤).

وەکوو دیـارە فـەرمانڕەوای عیـلام کـە ئێسـتا هێزی وەبـەرهاتبوو، سـەرلەنوێ کەڵکەڵەی پەرەپێدانی قەڵەمڕەوی دەسەڵات و گرتنی ناوچە و هەرێمـەکانی دیکـەی کەوتـە سـەری؛ بـەڵام لـە مـانگی ژووەنـی ٦٥٣ی پێش‌زایین‌دا تووشـی نەخۆشـیی فێـداری هـات، کـە بێ‌گومـان دەگەڕایـەوە سـەر زەماوەنـدی خزمایـەتی، کـەچی ئاشووربانیپاڵ لە ئاشوور گوتی مانگ - ئیزەد سین ئەم بەڵایەی بە سـەر هێنـاوە. لەگەڵ ئەمەش‌دا فەرمانڕەوای عیلام بە دانانی لەشکرگایەک لە نیزیک بیت ئیمبی، مانگی ئووت پەلاماری دەست پێکرد و بوو بە هەڕەشە بۆ سەر دێر. قۆشەنچییانی ئاشوور بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی لە ئوولای، واتە کەرخەی ئێستا دەستیان کرد بـە پێشڕەوی، هـەر بۆیـە پادشـای عیـلام لـەو شـوێنەوە گەڕایـەوە شـووش و پاشـان سـەری ڕکێفی بـەرەو «تێل تووبـا» وەرسـووڕاند هـەتا لـەوێ بەرەگـە لـە پەلاماردەران بگرێ(١٥). لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕدا یەکێک لە سەرکردەکانی پشتی تێکرد و دایە پاڵ دوژمن. «ئوورتاکی»ی برازای پادشا بە تیرێک ئـەنگوا و بە دیل گیرا و داوای لە دوژمنانی ئاشووری کرد هەتا سەری ببڕن، کەچی خواجە ئیتوونی، جگە لەو خواجەیەی کە تازە کرابوویە باڵوێزی عیلام لە بارگای ئاشوور، وەختایەک زانی لەو شەڕەدا دەبەزن، تێکۆشا هەتا ژێی کەوانەکەی خۆی بپسـێنێ، بـەڵام ئاشـووری گەیشـتنە سـەری و سـەریان بـڕی. تێپتی- هووبـان و یـەکێک لـە کوڕەکانی لەو گەرداوە بۆی قوتار بوون، بەڵام درۆشکەکەیان لە ڕێگایە وەگـەڕا و هەردووکیان لەڕێوە مردن. ئاشووربانیپاڵ نووسیویەتی کە بەری ڕووباری ئوولای بە کەلاکی کوژراوان گیرا و مەیتی مردووان دەشتی شووشی داپۆشـی. هەرچەند

وێدەچێ گێڕانەوەکەی پادشای ئاشوور تام‌وخوێی لێ زیاد کرابێ و نووسرانی پەیتاپەیتای سەر سێپاڵان، وردەکاریی زۆر سامناکتریان هاویشتۆتە سەری، بەڵام وادیارە کە ئەم شەڕە عیلامییەکانی گیرۆدەی ئاکامێکی مەینەتبار کردووە. تێپتی- هووبان- ئینشووشیناک، شای هاوپەیمانی عیلام لەگەڵ کوڕەکەی (مەیتەرەکەی؟) کوژرا. ئاشوور لە ماداکتوو «هووبان - نووگاش»ی کوڕی «ئوورتاکی»ی دانایە سەر تەختی پادشایەتی. ناوبراو کە لە ڕابردوودا ڕایکردبوویە نەینەوا، ئێستا وێڕای سپای ئاشوور بوو، هەتا ئەگەر هەلێکی پێویستی ئاوا ڕەخسا، کەلک لە بوونی وەربگرن. بارودۆخەکە کاتێک بە باری خراپتردا کەوت کە ڕاپەڕینێک لە هیدالوو بوو بە هۆی لێخرانی «شووترووک- ناخوونتێ»ی فەرمانڕەوای شارەکە و کوڕێکی دیکەی ئوورتاکی بەناوی تامماریتوو، کە ئەویش یەکێک بوو لە پەنابەرانی عیلامی لە ئاشوور، ڕۆنیشتە سەر تەختی دەسەڵات(١٦). زۆربەی خاکی ئەم نیشتمانە لە ژێر ڕکێفی ئەو پیاوانەدا بوو کە بەڕواڵەت لایەنگری ئاشوور بوون؛ بەڵام وادیارە شووش تووشی چارەنووسی ناوەندەکانی دیکەی عیلام نەبۆتەوە و بۆی دەرچووە. وێدەچێ ئەددا - هامیتی- ئینشووشیناک (٦٥٣-٦٤٨ی پ.ز) کوڕی هووتران- تێپتی، کە جگە لەم ناوە هیچی دیکەی لێ نازانین - وەک میرێکی خۆماڵی جێی «تێپتی- هووبان- ئینشووشیناک»ی گرتبێتەوە. دەقەکانی وی کە پڕن لە واژەی خوازراوەی ئەکەدی و شێوەیەک ئیدیۆگرام، دەریدەخەن کە جەماوەرێکی زۆری بەرفەرمانی سامیڕەگەز بوون. ناوبراو خۆی بە میری عیلام و گیساتی دادەنا، کە ڕەنگە شێوازی وی بۆ نووسینی وشەی ئەکەدیی کیشاتی، واتە «گشتی» ئاوا بووبێ. ئەو ڕێزی داناوە بۆ ئیزەدان هووبان، کیریریشا، ئینشووشیناک و ڕووخووڕاتیر و باسی ئەو کارانەشی کردوون کە لە خاکی «بێسسیت» و «شێپشیلاک» کردوونی(١٧). قەڵافەتی وی کە لەسەر بەردەنووسێک داتاشراوە، بە جلوبەرگ و کڵاوزرێی شەپکەداری، «هانی»ی فەرمانڕەوای «ئایاپیر»مان دێنێتەوە یادی و وەکوو دیارە کەپۆی ڕاست و قوڵەیە و ڕیشی درێژ و تێکتەندراوە(١٨).

هووبان- نووگاش بۆ ماوەیەکی کورتی هەشت مانگە لە ماداکتوو، بەو پادشایە وەفادار مایەوە کە دایناوبوویە سەر تەختی دەسەڵات. ئەو دەمەی کە شەمەش- شووم- ئووکین لە ئاشووربانیپاڵ ڕاپەڕی، فەرمانڕەوای عیلام پشتی کردە میری سایەچەوری خۆی و دنەی تیرە و تۆرەمەی ئارامییەکانی دەدا هەتا بۆ پشتیوانی بابل ڕاستەوەبن و دوو کەس لە سەرکردەکانیشی بەناوی «ئاتتامیتوو» و «نێشوا»ی گاڵدان بۆ دەشتی بابل. هەروەها «ئوونداسی»ی کوڕێکی دیکەی «تێپتی- هووبان- ئینشووشیناک»ی هەڵدەپێچا هەتا تۆڵەی خوێنی باوکی بکاتەوە(١٩).

ئاشووربانیپاڵ لە ئاشوور خێرایەکی لەو عیلامییانەی ڕاخوڕی کە ئاگایان لەو پەیمانشکاندنە بوو؛ پادشا گوتی وا باشە چاوی خۆتان چاک خوردکەنەوە و چارەنووسی «سیمبووروو»ی سەرکردەی عیلامیی بە چاویدا دانەوە کە لە شەڕی تێل تووبا [تەل تووبا] پشتی لە ئاشوور هەڵگردووە و لەبەر ئاکاری دژی ئاشووری کوژراوە. سەرەنجام کەوتە دەربڕینی تووڕەیی دژی هەواڵگرانی عیلامیی خۆی و گوتی باوەکوو ئەوەی دەیانزانی هووبان - نووگاش خەریکە سوێندی وەفاداربوونی خۆی دەشکێنێ و لەگەڵ ئاشوور تیکیدەدا و پێوەیە هەتا لە شەڕی نێوخۆدا لانی بابل بگرێ، جووڵەیان لە خۆیان بڕی و دەستیان بۆ هیچ کارێک نەبرد(٢٠). لەم هاتوباتەدا هێزە عیلامییەکانی هووبان - نووگاش لە نیزیک دێر کۆمەڵەیان بەست، بەڵام کاتێک لە نیزیک مانگیسی شەڕ هەڵگیرسا، عیلامییەکان بەرگەی لەشکری ئاشووریان نەگرت و بەتەواوی تێکوپێک شکان(٢١).

ئەوەندەی بڵێی یەکودوو ئاوری شۆڕش لە چیاکان هەڵگیرسا. نابوو- بێل- شووماتێ لە بەتایح کە بەڕواڵەت خۆی وەک وەفاداری ئاشوور ڕادەنا، پێیزانی کەوا شارەکانی عیلامی لە پادشای خۆیان هەڵگەڕاونەوە(٢٢). هووبان- نووگاش بەپەلە بە شوێن هاوپەیمانێکدا دەگەڕا، هەر بۆیە ئەم جارەیان ڕووی کردە براکەی لە «هیدالوو» ، نەک ئاشوور. خۆی و کوڕەکەی گەیشتنە نێو شار و تووشی پۆلێک پارسووماشی بوون کە چەند تەتەر و نێردراوێکی خاکی ڕاشی و باڵوێزی «شەمەش- شووم- ئووکین»یشیان وێڕابوو، چونکە ئەویش

بەدوای کەسێکدا دەگەڕا هەتا پشتی بگرێ(٢٣). هەرچۆنێک بێ شۆڕش سەرکەوت و لە سەرەتاکانی ساڵی ٦٥١ی پێشزایینەدا، «تامماریتوو»یەکی دیکە، کە برازای هووبان- هالتاشی دووهەم بوو، هووبان - نووگاشی لەسەر دەسەڵات هەڵداشت(٢٤)؛ بەڵام گۆڕانی پادشاکان نەبوو بە هۆی ئاڵوگۆڕی هەڵویست و سیاسەت. «تامماریتوو»ش وەکوو پادشای پێش خۆی بەو ڕێبازەدا دەڕۆیی هەتا ببێتە پشتیوانی شەمەش- شووم- ئووکین لە بابل. ساڵی ٦٥١ی پ.ز. دالدەی «نابوو- بێل- شووماتێ»ی دا لە بارگای خۆی. نابوو- بێل- شووماتێ(٢٥) ئێستا هێندەی خۆ بە دژایەتیکردنی ئاشوورەوە ڕادەنا کە ئاشووربانیپاڵ، «بێل- ئیبنی»ی حوکمڕانی بەتایبەتی ڕاسپارد تاکوو بیگرێ(٢٦). فەرمانڕەوای عیلام کە دڵی بەم ڕووداوە نەلەرزیبوو، هێزی چەکداری خۆی دەنگ دا و هەڕەشەی کرد کە لە جەرگەی بابل هەڵدەکوتێتە سەر ناوچەی نیپپوور و تالانی دەکا(٢٧). ئاشووربانیپاڵ هەوڵی دا هەتا بە ناردنی یەکێک لە سەرکردەکانی بۆ عیلام دەستی خۆی ڕەپێش بخا(٢٨)؛ هەر لەم کاتەدا بە گوێیان هەڵێنا هەتا نەهێڵێ تامماریتوو لە ناوچەی «هیدالوو»ڕا هێزی پشتیوانی بگاتێ. خەڵکی پارسووماش بە هەواڵگری پادشایان گوت کە بە هیچ بارێکدا یاریدەی عیلامییەکان نادەن، بەڵام تامماریتوو تینی بۆ هێنابوون کە دەبێ یاریدەیان بدەن. ئەگەر هێزەکانی ئاشوور، کە مەردووک- شار- ئووسوور سەرکردەیان بوو خێرا جووڵابانەوە، دەیانتوانی خاکی عیلام بگرن(٢٩).

زۆر وێدەچێ کە لەم ماوەیەدا هیچ ئاشوورییەک نەچووبێتە سەرزەمینی عیلام؛ بەڵام یەکێک لە سەردارانی خۆڵاتی بەناوی ئیندابیگاش، لە سەرەتاکانی ساڵی ٦٤٩ی پێشزایینەدا، بوو بە پێشەنگی ڕاپەڕینێک دژی تامماریتوو. هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکە هاوکات بوو لەگەڵ حکوومەتی نابوو- بێل- شووماتێ لە شاری هودیمیری لە ناوچەی هیدالوو(٣٠). تەنانەت بێل- ئیبنی، کە تامماریتوو و هاودەمان و هاونشینانی بەرچاوی کاتی ڕاکردن لە لای ئیندابیگاش کەوتنە چنگ وی، بە بوونی ئەم حوکمدارەی دەزانی(٣١).

کاتێک ئیندابیگاش لە ماداکتوو توانی لەسەر تەختی دەسەلآت پاڵ بداتەوە، بارودۆخەکە ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕواننەکراوی تێدا بەدی هات. ئاشووربانیپاڵ بە هیچ ڕێیەکدا هەڵوێستی ئەم فەرمانڕەوایەی سەبارەت بە ئاشوور بۆ ڕوون نەدەبۆوە؛ هەر بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە چاوەڕوانی هاتنەوەی وڵامی نامەکەی بوو لە لایەن پادشای تازەوە(٣٢)، فەرمووی هەتا مەردووک- شار- ئووسوور، تامماریتوو و هاودەمان و نیزیکانی بەرێ بۆ بارگای میری. ئەوان لە هەوێڵی پادشادا دەستیان کرد بە لالآنەوە و پاڕانەوە و لە ئاکاری ڕابردووی خۆیان پەژیوان بوونەوە و کەوتنە تەوازی. پادشاش بە هیوای ئەوەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا قازانجێکیان بۆ ئاشوور لێ هەڵوەرێ، نەیکوشتن(٣٣). «شووما»ی خوشکەزای تامماریتوو لە عیلامەوە ڕایکردە لای خێڵی ئارامیی «تاخە»، بەڵام بێل- ئیبنی دۆزییەوە و گفتی دا بینێرێتە نەینەوا. ئەگەر بڕیار وابووبێ ئاشووربانیپاڵ نەهێڵێ «فوقوودوو»ەکان [واتە پوقوودووەکان] درێژە بە کاروباری بازرگانی بدەن لەگەڵ عیلامییەکان تاکوو بارودۆخی سیاسی سەقامگرتوو بێ، ئاوەزمەندانە بوو تا پەرە بە سەرکەوتنی بدا لە بەتایح(٣٤).

واوێدەچێ کە ئیندابیگاش سەرەتا بەچاکی وڵامی داخوازییەکانی ئاشووری دابێتەوە(٣٥)، بەڵام هێندەی پێنەچوو کە ئەویش بوو بە هاوپەیمانی نابوو- بێل- شووماتێ(٣٦) کە دەستی برد بۆ کارێکی مەترسیدار و ئەسپی بەرەو مەڵبەندی ئاومالْکان تاو دا و لەوێ چەند ئاشوورییەکی بە دیل گرت کە یەکیان مەردووک- شار- ئووسوور بوو. لەڕێوە ڕووی ڕاستەقینەی کاران دەرکەوت و دالْبەدالْ پیاویان دەناردە لای ئاشووربانیپاڵ و داوایان لێ دەکرد هەتا بە مەبەستی هەسدانەوەی پەلامارەدران، کۆمەڵێک سوارە بنێرێتە نیپپوور و ئووروک(٣٧).

تامماریتوو ئەم هەلەی قۆزتەوە و چونکە بە ئازایەتیی خۆی دەنازی داوای کرد هەتا لەگەڵ هێزەکانی ئاشوور بەڕێ بکرێ بۆ دێر (بەدرە)، کە مەودایەکی وای نەبوو لەگەڵ ماداکتوو. داخوازەکەی بەئاشکرا بۆیە بوو هەتا سەرلەنوێ لەو شارە ببێتەوە شا(٣٨). ئاشووربانیپاڵ دانانی تامماریتووی وەک پادشای دێر بە کارێکی بەجێ زانی و لەشکری بۆ ئەو شوێنە نارد؛ هەروەها هەڕەشەی لە ئیندابیگاش

کرد و گوتی ئەگەر هەرچی زووە دەست لەو کارانەی هەڵنەگرێ بە چارەنووسی تێپتی- هووبان- ئینشووشیناک گرفتار دەبێ(٣٩). ئەمە تەنیا تەگبیری فەرمانڕەوای ئاشوور نەبوو، بەڵکوو لە ژووئییەی ٦٤٨ی پێش‌زایین‌دا، کەوتە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ سەرکردەیەکی عیلامی بەناوی هووبان - شیبار و پێی لێ داگرت هەتا درێژە بە گوفتوگۆی بدا لەگەڵ بێل - ئیبنی(٤٠). شازادەی جێگرەوەی‌میری عیلام چۆنیەتیی بارودۆخەکەی بۆ ڕوون بۆوە و زانی کە هووبان- شیبار عیلام دنە دەدا بۆ ڕاپەڕین و ئەگەر ئاشوورییەکان کە ئێستا لە دێر کۆببوونەوە بەرەو شاخستانەکان ببزوون، بێ هیچ گومانێک ئیندابیگاش لە پادشایەتی دەکەوێ؛ بەڵام ئەگەر بڕیار وابوو کە تەواوی ئەم کارانە بگەنە ئاکامی دڵخواز، پەلە کردن پێویست بوو. لەبەرەوەی پادشای عیلام لە بیت ئیمبی(٤١)، سەقامگیر ببوو، ئەو ناردنی هێزی تازەی بۆ شاری دێر خستە سەر شانی خۆی.

لەو کاتەوە کە تێپتی- هووبان- ئینشووشیناک بەدەست سەربازانی ئاشووربانیپاڵ کووژرابوو، لە بەردەنووسەکانی شاهانەی ئاشووردا دانیان بە فەرمانڕەوای شووش‌دا نەهێنا، بەڵام «ئەددا- هامیتی- ئینشووشیناک»ی فەرمانڕەوای شووش هەر لە پلەی خۆی‌دا مایەوە. ساڵی (٦٤٨-٦٣٦ی پ.ز؟) کوڕی هووبان- هاڵتاشی سێهەم لەسەر تەختی پادشایەتی پاڵی داوە و هەوڵ و تێکۆشانی ئاشووری بۆ دانانەوەی دووبارەی تامماریتووی وەک پادشا لە ماداکتوو بە سەر بێئاکامی‌دا خست(٤٢). ئەو بۆی دەرکەوت کە پێویست ناکا عیلام و ئاشوور تەنیا لەسەر نابوو- بێل- شووماتێ دوژمنایەتیی یەکتر بکەن؛ هەر بۆیە هاوپەیمانەکانی خۆی کۆکردنەوە و ڕایسپاردن ئەم کەلدانییە بگرن و بیدەنە دەست ئاشوور کە زۆری پێوە تەنگەتاوە؛ بەڵام شەڕی خۆماڵیی عیلام لە سەدەی ڕابردوودا، ئەم وڵاتەی بۆ هەمیشە خستبوویە سەرەولێژی نەمان. بەڵگەی ئەم قسەیە لە ڕاسپاردەکەی «هووبان - هاڵتاش»ەوە دەردەکەوێ، کە نەیتوانی فەرمان بدا و لە پێشنیارەوە واوەتر بچێ. بەداخەوە لە بابەت داهاتووی خۆیەوە، کەسانی بەڕواڵەت بەرڕکێفی، ڕاسپاردەکەیان جێبەجێ نەکرد. نابوو- بێل- شووماتێ هەر

ما و نەگیرا و هیچ چارەیەکیشی نەما جگە لە درێژەی شەڕێکی بێئاکام لەگەڵ ئاشوور(٤٣).

نابوو- بێل- شووماتێ کە دڵنیا بوو دالدە و پەنایەکی هەیە لە عیلام، کۆمەڵێک چەکداری بەکرێگیراوی لە نێو خێڵاتی ئارامیی «هیلموو»، «پیللاتوو» و «ئاياشيان»ی کەناری خۆرنشینی کەنداوی فارس هێنان و بە مەبەستی تەنگ پێ هەڵچنینی بێل- ئیبنی لە بەتایح بە ئاودانیدا ئاژواى. بێل- ئیبنی چوارسەت کەوانداری ناردنە ئەوبەری کەنداوی فارس و گاگەلی خێلاتی «هیلموو» و «پیللاتوو»یان قڕ کردن و ئاوا تۆڵەی لێ کردنەوە؛ بەڵام نابوو- بێل- شووماتێ لە شاری هووپاپانوو موویەکی لێ لار نەبۆوە(٤٤). قۆڵێک لە هێزە پەلامارەدەرەکانی ئاشوور دەستیان بە سەر خەزێنەکانی مەزنی هەرێمی «بانانوو»دا گرت لە ناوچەی ناهاڵ. دەستەیەکی دیکە کە ١٥٠ کەسێک دەبوون، لە مەڵبەندی ئەوبەرەوبەری ڕووباری تاککاتاپ ١٣٠ کەسیان بە دیل گرت. لە جەنگەی گەڕانەوەیاندا بۆ شوێنی خۆیان بە سەر بۆسەی ٣٠٠ کەوانداری عێلی «هالات»دا کەوتن، کە لە قەراخ چۆمی ناهاڵ لێیان خەفتابوون و مەودای نێوان ناهاڵ و بەتایح بە پێیان ٢٨ سەعاتەڕێیە. بەختەوەرانە تەنیا ٢٠ کەسیان بریندار بوون و کوشتە و زاماری عیلامییەکان زۆر زیاتر بوو. بێل - ئیبنی بە خۆی و شەشسەت کەواندار و پەنجا سوارەوە بۆ ئەستاندنەوەی گاوگۆلی دزراو پێی نایە ڕکێف و ١٥٠٠ سەری گاڕانی شای عیلام و مەزنی پیللاتووی ئەستاندەوە، بەڵام نەیتوانی هەموویان بەرێتە بابل، چونکە چەند سەرێکیان لە کەنداوی فارسدا خنکان و چەند سەرێکیشیان لەڕێوە قڕ بوون، بەڵام بێل- ئیبنی سەت سەری زۆر چاکی لەگەڵ چل گاوان ناردنە بارگای ئاشووربانیپاڵ(٤٥).

ژمارەی کەمی ئەم شەڕکەرانەی کە بەشداری ئەم لێکدان و تێکهەڵچوونانە بوون، دەریدەخا کە بارودۆخی ناوچەکە هیچ وەکوو ئەو ڕۆژگارەی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی نەچووە کە گەڕۆکان پێیدا ڕۆیشتوون و بە باشووری هەرێمی بابلدا تێپەڕیون(٤٦). ئەوەی ڕاستی بێ نامەکانی بێل- ئیبنی و میرانی هاوڕێبازی کە بۆ ئاشووربانیپاڵیان نووسیون لە لایەن قەڵەمدارانی ئاشوورییەوە، کە بەرپرسی

تۆمارکردنی «حەوتەمین پەلامار»ی بەناوبانگی پادشا بوون لەسەر گلیلی بەناو ڕەسسام، دەستیان تێوەردراوە.[1] ئەم لەشکردەنگدانەیان لەگەڵ شالاوی سپایی لێ تێکچووە و مەبەستەکە تەنیا وەختایەک ڕوون دەبێتەوە کە بزانین ئاشوور پاش ئەوەی سەرهەڵدانی شەمەش- شووم- ئووکین ڕۆمرکێندراوە، لانیکەم لە دوو بنکەی بەتایح لە باشوور و شاری دێر لە باکوورەوە هەڵیکوتاوەتە سەر عیلام. ئامانجی هێرشەکەی باشوور گرتنی شووش و پەلامارەکەی باڵی باکوور ماداکتووی پایتەختی باکووریی عیلام بوو، کە بە ڕێی هەرێمی «ڕاشی»دا، کە بیت ئیمبی ناوەندی دەسەڵاتی بوو، خۆیان گەیاندە وێ.

ئەو کار و چالاکییانەی کە لە بەشی باشوور ئەنجام دران، زیاتر لە بەشەکەی دیکە سەبارەتن بە ئامانجی باسەکەی ئێمەوە. سەربازخانەیەکی ئاشووری لە زابدانوو کە پێنسەد سەربازی لێ جێگیر کرابوو، فەرمانی پێدرا هەتا بە سەر عیلامدا بدا. ئەم دەستەیە بەرەو «ئیرگیدوو»، کە هەتا شووش چوار سەعاتەڕێیە، ڕۆیشتن. شێخی خێڵی ئایاشیان و چەند خزم و کەسێکیان کوشت و بە خۆیان و ١٥٠ یەخسیرەوە گەڕانەوە و لە دێر چوونە پاڵ سپای سەرەکی. بەم چەشنە سەرکردەکانی خێڵی لاهیروو کە لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئەم شارە خەریکی بەخێوکردنی ئاژەلان بوون، کاتێک چاویان بەم هەڕەشەیە کەوت، خۆیان بەدەستەوە دا و ئاشووربانیپاڵ بە فیز و دەمارەوە ئەم بەسەرهاتەی تەواو بە وردەکارییەوە گێڕاوەتەوە و لەسەر سێپاڵەی میرانەی تۆماری کردووە. دیلانی عیلامی کە زۆر دواتر گیران، گێڕاویانەتەوە کە هووبان- نووگاشی کوڕی «ئامێدیررا» خەڵکی ناوچەی نێوان ڕووباری هودهود و شاری هایادانووی وا لێ کردن هەتا دژی هووبان- هاڵتاش بچنە پاڵی و هێزەکەی خۆی لە لێواری ڕووبارەکە لە سان دابوو(٤٧).

هووبان- هاڵتاش لە هەلومەرجێکی زۆر ناسک و نالەباردا دەژیا، بەلام هەرچەندی دەیتوانی هێزەکانی لای «دێر»ی ڕاگواستن و لە بیت ئیمبی

---

١- ڕەنگە مەبەست شوێنەوارناسی تورک هۆرمزد ڕەسسام (١٨٢٦-١٩١٠ی ز) بێ.ح.

سەقامگیری کردن کە لەمێژ ساڵ بوو سێنناخریب کاولاندبووی و ئێستا سەرلەنوێ ئاوەدان کرابۆوە(٤٨). ئەم هەنگاوەی وی کارێکی ئاوەزمەندانە بوو، چونکە ئاشوورییەکان لێبڕابوون هەتا لە باکووری عیلامەوە بەرەو ئێرە سەرەولێژ بن. پەلاماردەران گەیشتنە بیت ئیمبی و «ئیمباپپی»ی سەرکردەی شارەکەیان بە دیل گرت کە زاوای پادشای عیلام بوو. ئاشووربانیپاڵ لەسەر سێپاڵەکەی خۆی نووسی کە بە دوای ئەم سەرکەوتنەدا هووبان - هاڵتاش لە ماداکتۆوە هەڵاتە کێوان، بەڵام بێل- ئیبنی کە هاوکات چووبوویە بەشی باکووری وڵات، ڕایگەیاند پادشا لەبەر سەرهەڵدانی نێوخۆیی ڕایکردووە. بێل- ئیبنی لە درێژەدا دەڵێ داوای لە ئوومهولووما و ئووندادوو، کە دوو مەزنی عیلام بوون کردووە هەتا «نابوو- بێل- شووماتێ»ی بەدەستەوە بدەن(٤٩).

پادشایەکی ڕقەبەر بەناوی هووبان - هابووئا، کە دەسەڵاتداری بەشێکی خاکی عیلام بوو لە دەوروبەری «بووبیلوو»ی(٥٠) نیزیکی شووش، پاش ڕاکردنی هووبان- هاڵتاش هەتا ماوەیەک توانی خۆی ڕابگرێ. پاشان ئەویش بۆی دەرکەوت کەوا ئەو ئاشوورییانەی لە باکوورەوە داڕژاونە عیلام، خەریکی کێومالْکردنی ئەوبەرەوبەری شانی ڕووباری دیجلەن، بۆیە خێرایەکی لەو هەرایە بۆی دەرباز بوو. پەلاماردەران گەیشتنە دەروازەکانی ماداکتوو و بێل- ئیبنی ڕووی کردە باڵی باکوور و فەرمانی دا هەتا تەواوی خەزێنەکانی خۆی بەرن بۆ نەینەوا و کردی بە گرمە و گوتی ئەگەر لە ئاشوورەوە نان و پێخۆر و بژیو نەهێنن، ئەو هەزار دیلەی کە گرتوونی لە برسان دەمرن(٥١). هەر ئەم دیلانە بوونە بابەتی نامەیەکی دیکەی و بێل- ئیبنی نووسیبووی کە بە دڵ پێی خۆشە دەست لە سەرکردایەتیی سپا هەڵبگرێ. هەروەها لە «هووبان- شیبار»ی بیست کە گەورەپیاوان و مەزن و ماقووڵانی عیلام پەژیوان بوونەوە و نووکە پێیان خۆشە کە نابوو- بێل - شووماتێ بەدەستەوە بدەن؛ ڕاسپاردەکانیان لە ماداکتوو گەیشتنە لای و سەبارەت بە خاپوورکرانی عیلام لەبەر کەسێکی کەلدانی کەوتنە گلە و گازندە و دەربڕینی ناڕەزامەندی(٥٢).

ئەم پێشنیاری سازانە هیچ ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە و بێل- ئیبنی بەپێی چەند فەرمانێکی سەربەمۆر کە ئاشووربانیپاڵ بۆی ناردبوو(٥٣)، لە ماداکتۆوە بە دۆڵی کەرخەدا سپای ئاژاوت و لە بەرەوپێشچوونی ڕانەوەستا. لیزگەی ناوی شارە گیراوەکان لە دەقە هەڵکەندراوەکانی میریدا ناوی تەواوی ئەو شوێنە گرینگانەش لە خۆ دەگرن کە لەم هێرشەدا هەردوو باڵی پەلامارەدەر گرتبوویانن(٥٤). گرینگترینیان لە خاکی ڕاشیدا بریتین لە: هامانوو، بیت ئیمبی، بووبێ، بیت بووناککی و بیت ئەررابی. تاقمی دووهەم بریتی بوون لەوانەی کەوا کەوتبوونە دۆڵی کەرخە، یانی ماداکتوو، دوور ئووونداسی، تووبا و تێل تووبا، کە شەڕی چارەنووس‌ساز لەگەڵ تێپتی- هووبان- ئینشووشیناک لەوێ ڕووی دا؛ هەروەها شووش و دین شارری، کە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتیی «هووتێلوودووش- ئینشووشیناک»دا، لەم شوێنەی دوایی ئیزەد «ڕیا»یان دەپەرست. دەستەی سێهەم بریتی بوون لە جێژیانی ئارامییەکان، واتە هایائووسی(٥٥)، گاتوودوو، دائێبا و چەند جێگای دیکەش.

یەکێک لەو ڕێورەسمانەی کە ئاشووربانیپاڵ دڵی پێی دەپشکووت، لە شووش بەڕێوە دەچوو. لەم ڕێورەسمەدا تامماریتووی کوڕی هووبان- نووگاش سەرلەنوێ کرایەوە شای بەشێک لە خاکی عیلام(٥٦). هەروەها پادشای جێچۆڵی ئاشوور کە خۆی لەوێ نەبوو، وەکوو پادشایەک لەگەڵ پادشایەکی دیکە جووڵایەوە و لە یادداشتێکدا باسی هەڵسوکەوتی چاکی خۆی کردبوو لەگەڵی لە ڕابردوودا و بەڵێنی دابوو ئەگەر تامماریتوو هەروا پێی وەفادار بێ، پشتیوانی لە نابوو- بێل- شووماتێ ناکا و خۆی لە هاوپەیمانیی هووبان - هاڵتاش دەپارێزێ و لە داهاتوودا باشتری لەگەڵ دەجووڵێتەوە(٥٧).

پادشای ئاشوور ئاوڕێکیش لە خەڵکی ڕاشی دەداتەوە. کاتێک قسەکانی دەگاتە ئەو جێیەی کە چۆن لە جەنگەی قاتیوقڕیی عیلام و سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ئووورتاکیدا بژێوی ناردووە بۆ ئەو سەرزەمینە، خەڵکی ڕاشی دێنێتەوە یاد و داوایان لێ دەکا کە ئاوا بجووڵێنەوە. بەڵا ئەوان ئێستا گوێ بۆ فەرمانەکانی تامماریتووی پادشای تازەیان کلۆر بکەن(٥٨)؛ بەڵام چونکە خەڵکی «بیت ئیمبی»

کە تازە پایتەختیان تالان کرابوو، ئەم قسانەیان بە گوێدا نەدەچوو، ئاشووربانیپاڵ «ئیمباپپی»ی سەرکردەی بردەوە سەر دۆخی جارانی و جڵەوی دەسەڵاتی دایەوە دەستی. ڕستەکانی فەرمانڕەوای ئاشوور کە پڕن لە خوارەکەوپێچەکەی زمانی سیاسی، لەم بوارەدا هیچ داناشکێ و بڕشتی خۆی لە دەست نادا. بڵا با خەڵکی ڕاشی چارەنووسی هووبان- هاڵتاش وەبیر خۆیان بێننەوە و سەر وەبەر تامماریتوو بێنن یان با ئاکامی کار و کردەی خۆیان بچننەوە(٥٩).

تامماریتوو کە داندرابوو بە حوکمڕانی نیشتمانی خۆی و لەوێ زۆر بەزەحمەت دەیتوانی چەند سەرێک ئەسپی سپیی نیسایی وەچنگ بێنێ، ئەو خاتوونەخوا بێگانەیەی هاتەوەبیر کە لە غەریبایەتی دڵخۆشیی دەدایەوە، هەر بۆیە سێ سەر لەم یەکسمانەی نارد بۆ ئیشتاری شاری ئوورووک. پاش ماوەیەک وەدرەنگکەوتن ئەم ئەسپانەیان لەو شارەوە ناردن بۆ لای ئاشووربانیپاڵ لە نەینەوا و لەوێ چیرۆکی ئەم پێشکەشییانەیان بەم شێوەیە لەسەر ڕەخت و زینیان نووسین: لە تامماریتووی شای عیلامەوە پێشکەش بە ئیشتاری ئیزەدی ئووورووک(٦٠).

هووبان- هاڵتاش کیسی لەم دەرفەتە هێنا تاکوو لە قەڵاکانی ناوەندی بگەڕێتەوە و فەرمانڕەوای دەسنێژی ئاشوور بەهەشتاو ڕایکردە ئاشوور. لە دەقە هەڵکەندراوەکانی میریدا ئەم نەهامەتییەی کە هەنگاوی بەپارێز خوڵقاندوویەتی، بەپێچەوانە لێکدراوەتەوە؛ بەڵام بێل- ئیبنی دەیزانی کە هووبان- هاڵتاش لە ماداکتوو جارێکی دیکە لەخۆڕا پێ لە جەماوەری بەردەسەڵاتی دادەگرێ هەتا نابوو- بێل- شووماتێ بەدەستەوە بدەن(٦١)؛ جا چونکە گوێ لە پەند و ئامۆژگارییەکانی وی ڕانەگیرا، تالانی عیلامییەکان و ئارامییەکان هەروا درێژەی کێشا. لەو کاتەدا مەنجەڵی سەبری ئاشوور وەکوڵ هات و بەجارێک هەڵچوو و هەلی وەشانی دوایین زەبر بۆ تێکەوەپێچانی تۆماری تەمەنی سەربەخۆیی پادشایەتیی عیلام ڕەخسا. بەڕاستی لە چارەڕەشیی چارەنووس بوو کە ئاشووری بەرەو نەمان دەیتوانی دواهەمین هەنگاوی سەرکەوتووانەی باوێ و لاپەڕەی هەبوونی وڵاتێک داکووژێنێ کە لە بەرەبەیانی مێژووڕا خەنیمی خاکی پێدەشتی بابل بووە.

بێل- ئیبنی کە جارێکی دیکە ببۆوە پێشەنگی پەلاماردەران، سەرەتا دەستی گەیاندە هەرێمی ڕاشی لە باکوور، کە «ئیمباپپی»ی فەرمانڕەوای نیشانی دابوو چی وا لە زۆر کەسی دیکە وەفادارتر نییە. لەشکر بە سەرکەوتوویی خۆیان گەیاندە بیت ئیمبی و هامانوو و بەجارێک خاپووریان کردن. هووبان- هاڵتاش ماداکتووی چۆڵ کرد و لەگەڵ دایک و هاوسەر و بنەماڵەی بە مەبەستی چوونە تالاهـ لە ڕووباری ئوولای پەڕییەوە. دوو کەس لە کاربەدەستانی کە بەجوێ پەیوەندییان هەبوو لەگەڵ بێل- ئیبنی، هووبان- شیبار و ئووندادوو، بە مەبەستی کۆکردنەوەی چەند هاوپەیمانێک چوونە مەڵبەندی هیدالوو(٦٢). بەپێی دەقی نووسراوی سەر سێپاڵەکەی ئاشووربانیپاڵ، خۆی سەرکردایەتیی پەلامارەکە دەکا؛ بیت ئیمبی دەگرێ و تەنگ بە عیلامییەکان هەڵدەچنێ و تینیان بۆ دێنێ هەتا پاشەکشە بکەنە دوور ئووندازی و ڕووباری ئیدیدێ ببڕن(٦٣). لێدانی نوقڵانە و بڕوا کردن بەوەی کە داخوا ئاشووربانیپاڵ لە مەیدانی شەڕدا فەرماندەی سپا بووە و لە نەینەوا پادشا، کارێکی دژوار نییە.

پەلاماردەران بە شوێن گرتنی «بیت ئیمبی»دا تەواوی خاکی «ڕاشی»یان تاڵان کرد و بیت بووناککوو، هارتابانوو و «تووبا»ش گیران و جارێکی دیکە بە دۆڵی کەرخەدا ئەسپیان لینگ دا. ماداکتوو و هاڵتێماراش کەوتنە بەردەستیان و بە شاری بێ‌پارێزەری شووش و شارەکانی دەوروبەری، واتە دین شارری، سوموونتووناش، پیدیلما، بووبیلوو و کابیناک وەربوون. لەم کاتەدا پەلامارەکە لایەنی بەرزەفرانەتری بەخۆیەوە گرت. هووبان- هاڵتاش چاوی لە کوشتنی ڕاکردوویەک پۆشی و جێ و شوێنەکەی قەراخ ڕووباری «ئیدیدێ»ی دایەوە دەستی و گەڕایەوە هیدالوو. بە دوای ئەودا «ئیبنی»ش خۆی گەیاندە وێ، چونکە دەیزانی ئەو ناوچەیە لە پادشای خۆی ڕاپەڕیوە. بانوونوو و مەڵبەندێکی شاری باشیموو بەدەست ئاشوورییەکان تالان کران کە ئێستا گەیشتبوونە تەنیشت دەروازەی پارسووماش و مەودایان لەگەڵ ناوچەی کۆساران بریتی بوو لە ٢٥٠ مایل، واتە ١٢٠ سەعاتەڕێ لە «دێر»ەوە دوور و لێرە بوو کە پەیکەردەی عیلامییەکان بڕایەوە(٦٤).

ئـــەم لەشکرکێشـــانە بێئاکـــام نـــەبووە و چەنـــد دەســـکەوتێکی بەڕاســـتی چاوەڕواننەکراوی لێکەوتۆتەوە. کووڕووشی یەکەمی کوڕی تیسپێس کە ئێستا فەرمانڕەوای پارسووماش بوو، لە نیزیک هیدالوو تووشی ئاشوورییەکان هات و پێی لێنا کە دەروەستی سپای بەهێزی بەرەوڕووی نایە و بە مەبەستی سەلماندنی ملکەچیی میرانـەی، «ئـارووککوو»ی کوڕی خـۆی وەک بارمتـە نـاردە ئاشـوور. «پیزلـوومێ»ی شـای دەوڵـەت- شـاری «هـوودیمیری»ش کـە لـەو نیزیکانـە بـوو، کۆمەڵە دیارییەکی نارد بۆ پادشای ئاشوور(٦٥).

لەم بەینانەدا عیلامی باشووریش لـە پادشـای ڕاکردووی خـۆی هەڵگەڕایـەوە. ئارامییەکانی خێڵاتی تاخاشاروا و شاللووکێئا تۆماتی کوشتنی «ئوومهولووما»یان بە ئەستۆیدا هێنا و گوتیان زەمـانێکی خـەریکی نامـەگـۆڕینـەوە بـووە لـەگـەڵ بێل- ئیبنی و هەوڵی داوە هـەتا بـە برسـیکوژی تـەواو بـە چۆکیـاندا بێنێ. ئێستا ئەوانیش لە کار و کردەی نابوو- بێل- شـووماتێ وەگیـان هـاتبوون و بێل- ئیبنی ڕایگەیاند ئەگەر فەرمانێکی مۆرکراوی سەبارەت بە لێبووردنی پادشای عیلام بگاتە دەستی، زۆر ڕێی تێدەچێ کە «هووبان- هاڵتاش»ی ڕێگری ڕەشبووی بەرچاوان بگرێ و بینێرێتە لای ئاشووربانیپاڵ(٦٦).

لەم ماوەیەدا کە بێل- ئیبنی چاوەڕوانی هاتنی ئەم فەرمانە بـوو، فـەرمانڕەوای ئاشـووریش دەسـتی نەخسـتە سـەر دەسـتی و گەڕایـەوە شـووش و دەروازەکـانی شارەکەی بۆ سەربازانی شرەخۆری خستە سەر گازەرای پشت و پادشا بە دیتنی ئەو گشتە خەزێنەیەی کە وەچنگیان هێنـابـوو، کـەیفی گوڵی کردبوو. ئـەو زێڕ و زێو و کەلوپەلـە بەقیمەتگرانانـەی کـە پادشـاکانی عـیلام ڕۆژگـارانی لـەمێژین لـە سوومێر و ئەکەدەوە هێنابوویانن و لێرە وەسـەریەکیان نـابوون، تێکڕایـان کەوتنـە چنگ چاونەزێرانی ئاشـووری کـە بریتـی بـوون لـە: بـەردی گرانبـایی، جلوبـەرگ، چەکوچۆڵ، نێوماڵ و کەلوپەلی هەرە هێژای ماڵەمیران کە فەرمانڕەوایانی عیلام لەســەریان ڕۆدەنیشــتن، تێیــاندا دەخــواردن و پێیــان دەخواردنـەوە یـان پێیـان دەخەوتـن و تێیـاندا ڕادەکشـان و دەهەنوێنـدران. هـەروەها درۆشـکە و ئەسـپ و یەستر بە ترینگەوپرینگە و تلیسقەوفلاسقەی نەخشینی زێـوینــەوە دەسکــەوتی ئەم ڕاووڕووتە بوون.

پەرستگای گەورەی ئینشووشیناک کە ساز کرابوو لە خشتەی سوورەوەکراوی لینجاودراو و چەند کڵاوقووچەیەکی هەبوو لە مەفرەقی بریقەدار، خاپوور کرا و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئینشووشیناک ملی ڕێی پێدەشتەکانی بابلی گرت. کۆمەڵێک ئیزەدی دیکەش کە عیلامی لەم ڕۆژگارە داڕماوەدا ڕێزیان لێ دەگرتن، لە پەرستگاکانیان کۆکرانەوە. ئەوانەی کە بەتایبەت پادشاکانی عیلام دەیانپەرستن ناوبانگیان دەنگی دابۆوە و بریتی بوون لە: شوموودوو (وێنە لەبەرگیراوەی ئاشووریی ناوی ئیزەدێک کە بە شیمووت دەیناسین)، لاگامار، پارتیکیرا، ئەممان- کاسیبار (کە هێندێک لایان وایە هەمان هووبانە)، ئوودوران (هووتران)، ساپاک (کە ڕەنگە هەمان شیپاکی کاسییەکان بێ)، ڕاجیبا، سونگورسارا(٦٧)، کارسا و کیرساماس ( کە ڕەنگە یەکیان کیریریشا بێ)، شودانوو، ئاياپاكسينا، بێلالا، پانینتیمری (پانیکیر)، ناپیرتوو (ناپیر، «یەزدان»)، کینداکاربوو، سیلاگارا و ناپسا(٦٨). لەمەودوا تێکڕای ئەمانەیان لە خاکی ئاشوور دەپەرستن کە دارایی و دەفر و کاهینەکانیشیان ڕاگواستبوونە وێ. وەکوو دیارە هەمووی ئەمانە کۆمەڵێک یادگاری شکۆمەندی سەرکەوتن بوون. ئیزەدێکی دیکە، واتە تانائوورووک ڕێزێکی زیاتری هەڵدەگرت و زۆریشیان ڕێز بۆ دادەنا. پەیکەرەی ئەم خاتوونەخوایە کە زیاتر لە هەزار ساڵ بوو کووتیر- ناخوونتێ ئەستاندبووی لە نیشتمانەکەی، ئێستا لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا گەڕێندرایەوە هەرێمی پێدەشتان. ئەم پەیکەرە بە لای ئاشووربانیپاڵەوە کە خولێکی هەزار ساڵەی دیکەی خستە سەر ڕۆژگاری دیل بوونی، بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو(٦٩).

سیودوو پەیکەرەی سازکراو لە زێڕ، زێو، مزقەلایی و بەردەقسڵی شاهانی پێشووی عیلامیان لە میحرابی پەرستگاکانی شووش، ماداکتوو و هوورادی هێنانەدەر و بردیانن بۆ ئاشوور و لەوێ لاق و دەست و سەروگوێلاکیان شکاندن. پەیکەرەکانی یەکەمین پادشای عیلامی نوێ، هووبان- نووگاشی کوڕی هووبان- تاهراهـ لەگەڵ پەیکەرەی جێنشینانی «شووترووک- ناخوونتێ»ی دووهەم و هاللووشوو و «تامماریتوو»، کە سەیریشە ئێستا وا لە نەینەوا بوو، ڕاگوێزرانە ئاشوور. بێل- ئیبنی ئەو پەیکەرە یەکجار گەورانەی کۆکردنەوە کە

پارێزەری پەرستگاکان بوون. پەیکەرەی ئەو گاکێوییە تۆسنانەی لە جێی خۆیان لابردن، کە دەروازەی پەرستگاکانیان ڕازاندبوونەوە و فەرمووی سەری هەموویان تێدابەرن. سەربازەکانی بەو ڕەوگە پیرۆزانەدا ڕۆیشتن کە هەتا ئەو کات هیچ بێگانەیەک نەیتوانیبوو پێی لێ دابنێ و یەکسەر هەموویان ئاوردان. بێڕێزی بە گۆڕی پادشایانی پێشوو کرا و هەر پێشکەشی و نەزرینەیەکی کە تێیاندا بوو بە تالآن چوون.

سەربازانی ئاشووری بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژ خاکی عیلامیان تەقاندەوە و خوێیان بە سەر قەڵا وێرانەکانیان وەرکردن. بنەماڵەی شاهانە، بەتایبەت ئەو ژنانەی کە پاتشاکانیان لە داوێنی بەردەبۆوە، لەگەڵ مەزنان و سەرۆکانی شارە گیراوەکان بردرانە ئاشوور و سەدان لەشکرچیی دیل کە بریتی بوون لە کۆمەڵی سوارە و پیادە و کەواندار و درۆشکەچیش وێڕای سەرکردەکانیان ڕادرانە ئاشوور. ئاشووربانیپاڵ ڕایگەیاند لەوەی بەولاوە دەبێ کاولەکانیان ببنە کون و کەلەبەر و جێحاوانەوەی ئاسک و کەرەکێوی و بوونەوەرانی دیکە. داڕشتنی ئەم ڕستەیە ئەو پێشگۆتنانەمان دەخاتەوە یاد کە دەبوو ماوەیەکی کورتی دواتر بە زمان ئەو جوولەکانەدا هاتبا کە بە دیلی لە بابل دەژیان. بێجگە لەمەش بەپێی گێڕانەوەی نووسەری تەورات، عیلامییەکان و خەڵکی شووش و خێڵی تاخە، واتە یەکێک لە خێڵاتی ئارامی، لە ساماریا[1] نیشتەجێ کرابوون(٧٠). بۆ ئەو کەسانەی کە ئاگاداری ڕابردووی شکۆداری خۆیانن، هیچ پەژارەیەک قورستر نییە لە تێداچوون و ڕۆژهەڵگەڕانەوە.

هەتا ئێرە پشتمان بە دەقی ساڵنامەکانی شاهانەی ئاشووری بەستووە. سەدان کۆشک و تەلار و خانووبەرەی تێکڕووخاو کە کەندەوکۆژەکەران لە شووش دۆزیویانەوە و گڵ و خۆڵیان لەسەر لاداون، لەگەڵ کۆمەڵی شێواو و ناڕێکوپێکی

---

١- سامەڕا، سامەڕێ؛ ئەو ڕێگایەی کە سامی کوڕی نووح هاتوچۆی پێداکردووە و لە باکووری خۆرنشینی «نابلۆس»ە و بە شانی باکووری خۆرنشیندا ٥٨ کیلۆمیتر لە «ئوورشەلیم»ەوە دوورە و بە سەر وێرانیدا کەوتووە و گۆیا ئێستا گوندێکی لە جێی ساز کراوە.و.

گرد و تەپۆڵکان، شتێکی زۆرمان لەو بەسەرهاتانە بۆ دەگێڕنەوە(۷۱). پێویست ناکا لەو قسەیەی فەرمانڕەوای ئاشوور دوودڵ بین کە دەڵێ لە حەوشەی پەرستگای ئینشووشیناک سامانێکی ڕاووڕووتی وەچنگ هێناوە، بەڵام هەژماردنی ئەو شتانەش کە ئەوان لە پاش خۆیان بەجێیانهێشتوون جێی سەرنجی تایبەتن(۷۲).

پادشایانی عیلامی نوێ، هەروا درێژەیان دا بە کەلک وەرگرتن لەو شمەک و کەلوپەلانەی کە باب و باپیرانیان لە پەرستگا کۆیان کردبوونەوە، چەشنی ئەو پەڕە زێڕانەی کە لەسەریان نووسیبوون، وێڕای مۆرەکان و پەیکەرەکانی «شووڵگی»ی ئیزەدی ئوور. جگە لەمانە، ئەوانیش کۆمەڵێک نەزرینەیان پێشکەشی ئیزەدی خۆیان کردن کە بریتی بوون لە زێڕ و زێو و خرینگە و زریزەی قورقوشم، تێل، پەڕەی بەگەوەڕی ئاسن و بازنە؛ بەڵام خۆ نەزرینەکان هەر ئەم جۆرە شتانە نەبوون. سەرەماری سازکراو لە قورقوشم، زێوی ئاوەزێڕکراو و مزقەڵایی دەریدەخەن کە پەرستندەی عیلامی خۆی لە ڕێزدانان بۆ یایەخوای مار نەپاراستبوو(۷۳). گەلێک پەیکەرۆکەی مەفرەقیی پیاوانی ڕیش‌تاشراو و ژنانی یەکجار خۆ لە گوڵداو بە بەرگی ئاودامێنەوە کە هەتا سەر گوێزینگیان هاتبوون، وەبەرچاو دەهاتن. کۆمەڵێک مۆری گەورە، بازنە، باڵندە، تەشوێ، مکارە و بزماری نەزرکراو کە هەموویان لە مزقەڵایی ساز کراون، چەشنی سەدان مۆر و هێمای گرۆڤەری کە لە هەر قۆناخێکی مێژوودا هەبوون، بۆ پاشەکەوت کران و هەڵگیران لە پەرستگادا جێیەکی زۆر چاکیان بە خۆیان تایبەت داوە؛ بەڵام میدالیاکان و ئاوێزە مەفرەقییەکان، هەروەک ئەوانەن کە لە زێڕ و زێو ساز کراون و ئەو پەڕە مەفرەقییانەی کە وەکوو ئەوانە دەچن وا لە کانزای گرانبایتر دروست کراون، دەقی نەزرکرانی شاهانی ڕابردوویان لەسەر نووسراوە. ڕەنگە ژمارەیەک خرتەوپرتەی عاجینە، پەیکەرۆکە، پەڕەی بەگەوەڕی کانزایی و درۆشم یان هێماکان بۆیە ڕاگیرابن کە لە ڕێوڕەسمی دینیدا کاریان پێکراوە. ئەو شتانەی کە لە عاج ساز کراون و بە بەردی لاژوەرد وێنەیان لێ هەڵگیراوەتەوە، نیشانەی بازرگانییەکی ئارام و بێقرەن لەگەڵ هیند و نێوخۆی ئێران؛ هەروەک ئەو کاڵا فرەچەشنانەی وا لە گوێماسیلکە و سەدەفی دەریایی ساز کراون، نیشانەی بازرگانین لەگەڵ جەماوەری دانیشتووی کەنداوی

فارس یان زاڵبوونە بە سەر ئەم مەڵبەندەدا. خشتە لینجاودراوەکان، هێماکان و دیمەنە هەڵکەندراوە هەڵزەقیوە گچکەکان، بە باشترین شێوە پەنجەنەخشینیی وەستاکارانی ئەو سەردەمە دەخەنە بەرچاو.

ئەو وێرانییەی چەکدارانی ئاشووربانیپاڵ بەدییان هێنان، تەنانەت بە سەرزارەکیش بوارمان پێ نادەن تا باسی ئەو کۆشک و تەلار و پەرستگایانە بکەین کە عیلامییەکانی پاشین بناغەیان دانابوون و ڕازاندبوویاننەوە؛ بەڵام نابێ لامان وابێ کە ڕووکار و ڕواڵەتیان زۆریان جیاوازی بووە لەگەڵ ئەو بینایانەی کە شیلهاک - ئینشووشیناکی گەورە سازی کردبوون. ئێستا هەموو تیکڕووخابوون، پەرستگاکانیان کاولاندبوون و هەرچی تێیاندا بوو، بە تاڵانیان بردبوون.

بێل- ئیبنی لە نامەکانی خۆیدا باسی ئەو دەسکەوت و خەنیمەتانە دەکا کە لە شووش وەچنگ کەوتن و دەچێتە سەر باسی گەشت و گەڕانی سەرکەوتووانەی «نانا» و داندرانی مەردووک- شار- ئووسوور وەکوو حوکمڕانی کاتیی شووش. هەروەها دەگێڕێتەوە کە ئەفسەرانی خۆیان بە سەرکەوتوویی ناردوونە بیت بووناککی لە خاکی ڕاشی لە باڵی باکوور و بەڕێیان کردوونە نێو هیلمووەکان و پیللاتووەکان لە باشوور(٧٤).

هەموو ئەم کارانە لە ڕوانگەی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتیی ئاشوورەوە زۆر چاک بوون، بەڵام کەم بوون ئەوانەی لە بیریان چووبۆوە کە هووبان- هاڵتاش هێشتاش بەناو پادشای ئەم خاکەیە. هووبان- هاڵتاش کە بەم لاوازییەی دەزانی، بە پشوویەکی تەواو لەسەرەخۆوە گەڕایەوە ماداکتووی وێران و ڕایگەیاند ئامادەیە نابوو- بێل- شووماتێ بدا بەدەستەوە(٧٥). سەرداری ئاشوور تێما و نەیدەزانی چ بکا، بۆیە پێی ڕاگەیاند کە وا باشە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاشووربانیپاڵەوە بکا و ئەویش ئەم پێشنیارەی سەلماند. هیچ شتێک نەیدەتوانی ڕوونتر لە هەنگاوی وی لە دیاریکرانی ڕێکەوتی نامەکەیدا کە ڕۆژی ٢٦ی مانگی ژووئییە نووسراوە و بەناوی نابوو- شار- ئاهێشوو ناودێر کراوە، ئاوا مەرایی و جامەلووسکەی نیشان بدا. هووبان- هاڵتاش نووسیویەتی مەیلی لێیە کە کابرای کەلدانی بەدەستەوە بدا و پێشنیار دەکا تا ئاشوور و عیلام پێکەوە هێرش بەرنە سەر «مارتێنای» کە لە لاهیروو شکابوو(٧٦).

ئاشووربانیپاڵ وا بە دلۆوانی و مەند و ماقووڵانە ئەم پێشنیارەی سەلماند کە بە سەرسوڕمانەوە لە نێو ئارامییەکاندا ڕاگەیەندرا «پادشاکان کەوتوونە سەر باری ئاشتی و پێکەوەسازان»(٧٧). ئەوسا چەند ڕاسپاردەیەکی ئاشوور بۆ وەچنگ‌هێنانی نابوو- بێل- شووماتێ ئەسپیان بەرەو عیلام تاو دا؛ بەڵام بە کاوی دڵی خۆیان نەگەیشتن، چونکە پێش ئەوەی ئەوان بگەنێ، ئەم کەلدانییە کە تازە دەستی لە گیانی شۆردبوو، خۆی کوشت. بێل- ئیبنی دە خوێی گرت و ناردی بۆ ئاشوور و ڕایسپارد کە شارەکانی عیلام، وەکوو شووش، ئارامن و لە ژێر دەسەڵاتی‌دان(٧٨). ناوبراو لەم بابەتەدا هێندێک بە گەشبینییەوە ڕوانیبووی، چونکە هەرێمی ڕاشی و شارەکانی لە «پائێ»ی فەرمانڕەوای ئارامیی خۆیان ڕاپەڕیبوون کە ئاشووربانیپاڵ بە سەرۆکیانی دانابوو(٧٩). بیت ئیمبی، هامانوو، ئارانزیاشوو و شارەکانی دەوروبەر بە زەبری چەک سەرلەنوێ پێمل بوونەوە و سەربازەکانیان ناچار کران هەتا بچنە بەرڕکێفی دامودەزگای سەرکردایەتیی ئاشوور. لەمەودوا زۆربەی خاکی عیلام خرابوویە سەر ئیمپراتۆریی ئاشوور.

هێندەی پێنەچوو کە هەرا و ئاژاوەکانی نێوخۆیی، جارێکی دیکە «هووبان- هاڵتاش»یان لە قەڵەمڕەوی بەرتەسککراوی دەرپەڕاند و قەڵەمدارانی ئاشووری خەریکی دوایین دەستێوەبردنی دەقی گلیلی ڕەسسام بوون. لایەنگرانی ئاشووربانیپاڵ «هووبان- هاڵتاش»یان لە درۆشکەیەکی ئاشووری شەتەک دا و لە «ماروبیشتی»ی «ئێللیپی»یەوە هێنایانە نەینەوا و خستیانە پاڵ یەخسیرەکانی دیکەی عیلامی(٨٠). ئەوسا بە تەواو بوونی دەقی سەر گلیلەکە لە دەوروبەری ٦٣٦ی پێش‌زایین‌دا، سەرچاوەکانی ئێمە تازە دەست لە مێژووی داڵبەداڵی دانەبڕاو هەڵدەگرن. لە چەند پێرستێکی پرش‌وبڵاو و ناتەواودا باسی سەرۆکی شاری سووزانوو، کە ڕەنگە هەمان شووش بێ کراوە و ناوی «ماننوا- کی- ئاشوور»ە کە بەئاشکرا ناوێکی ئاشوورییە. هەروەها باسی حوکمڕانێکی دیکە کراوە بەناوی پودیوو کە بۆتە فەرمانڕەوای عیلامییەکان و کاربەدەستێکی دیکەی عیلامیش ناوی دیارە(٨١). ئەم ناوانە شیمانەی ئەوەیان لێ دەکرێ کە عیلام یان لانیکەم شووش، وەکوو هەرێمێکی ئاشووری ماوەتەوە، بەڵام لەمەودوا تا سەردەمی بابلی نوێ، سەرچاوەکانی ئێمە هیچیان نەدرکاندووە.

بەشی ١٢

# مـادەكـان و پـارسـەكـان

ئـەو زەمانـە كـە سـەكايی‌يەكان خـەريكی غـار و ڕمبـازێن و تـراتێن بـوون لـەو شانشينەدا كە خشەتريتەی مەزنی شاری كار كاشی لە نێوان ساڵانی ٦٧٥ و ٦٥٣ی پێش‌زايیــــندا ســــازی كـردبــــوو، پـادشـــــای پـارسـوومــــاش چيش‌پـيش (دەوروبـەری ٦٧٥-٦٤٠ی پ.ز) خەريكی كـەلك وەرگرتن لەو هـەلە ڕەخسـاوەی دەسـتێوەردان بـوو. ئـەو كـە توانيبـووی بـە سـەر ئـەنزانی عـيلامدا زاڵ بـێ و لە ڕاووڕووتی سەكايی‌يەكان بۆ سەر ماد پارێزراو بێ، لەو جەنگەيەدا بەرەو شيو و دۆڵی ئەو كێو و تەلان و كۆسارانە بە ناوچەيەكدا ئەسپی ئاژاوت كە دوو كەس لە نەوەكانی ناوبانگيان بەرز درەوشاندەوە. ئەم دووانە بريتی بوون لە كووروشـی گەورە كە «پاسارگاد»ی ساز كرد و داريووش كە حەوشە و سـەكۆی كۆشـكێكی لەوێ هەڵچنی. كەوايە چيش‌پيش لە جەنگەی مردنی‌دا خودانی دوو ناوچەی جياواز بوو، يەكيان پارسووماشی نيشتمانی كە ئەنزانی خرابوويە سـەری و ئـەوی ديكـه هەرێمی تازەدۆزراوەی پارسە يان پارس. زۆر سروشـتی بـوو كـە دوای نـەمانی، ئيمپراتۆرييەكـەی لـە نێـوان دوو كوڕەكـانی‌دا بـەش بكـرێ. ئاريارەمنـە يـــان ئـاريـارامنێس وەک يـەكەم كوڕی كە پاش سەربەخۆبوونی باوكی پێی نايە دنيـا، بوو بە «شای گەورە، شاهانشا و شـای سـەرزەمينـی پـارسـە»؛ كـووروش يـــان سيرووسی يـەكـەم (دەوروبەری ٦٤٠-٦٠٠ی پ.ز)، ئەگەرچی بـە تـەمــەن گەورەتر بوو، سەری وەبەر براكەی هێنا و وەكوو «شای گەورە» تـەنيا بوو بـە دەسەڵاتداری كەونەنيشتمانی خۆيان.

کارەکـانی ئاریارەمنـە هـەتا ماوەیـەک هـیچ گرێیـان وەبـەر نـەهات. لەسـەر تەتەڵەیـەکی زێـوین دەقێکـی نووسـی و بـە خـۆی نـازی کـە یـەزدانی مـەزن، ئەهوورامەزدا خاکی پارسەی پێ بەخشیوە و پڕە لە ئەسپی چاک و پیاوی بەهێز و «چیش‌پیش»ی باوکی پێش وی شا بووە(١). براکەی پاش ئەوەی لە پارسووماش لەسەر تەختی دەسەڵات پاڵی دایەوە، ئەوەندەی بڵێی یەکودوو کەند و کۆسپی وەبەرهـات. لـە ڕوانگـەی ئـەوڕا هێرشـی ئاشـوور بـۆ سـەر عـیلام دەسکەوتێکی بێوێنەی شیاوی سەرنج بوو کە دەبوو لای لێ بکرێتەوە. «ئـاروککوو»ی کوڕە گەورەی وەکوو بارمتە نێردرایە نەینەوا، هەتا ئاوا ئاشووربانیپاڵ دڵنیا بێ کە پارسووماش هیچ پیلانێکی بۆ عیلام دانەڕشتووە(٢). لەمەودوا هەتا چەند ساڵێک زانیارییەکانی ئێمە سەبارەت بە ڕووداوەکانی پارسووماش، بۆ وێنە ڕووداوەکانی پارسە تەماوین.

سـاڵی ٦٢٥ی پ.ز. هووەخشـتەرە (کیاکسـارێس)، جـارێکی تـر ئـارامی و ڕێکوپێکیی گێڕایەوە بۆ بەرزاییەکانی ماد. ئێمە نازانین چ ڕەوت و ڕێبازێکی بۆ ئـەم کـارە وەبـەرچاو گرتـووە. هێرۆدۆت دەڵـێ سـەرکردە سـەکاییەکانی مەسـت کردوون و ئاوا مشووری خواردوون و تێکییەوەپێچاون(٣)؛ بەڵام بێگومان لەپێناو گەڕانەوەیدا بۆ دەسەڵات گەلێک کەند و کڵۆی دیکەی وەبەرهاتووە. هەروەها دەبێ پێی لێ بنێین کە سەبارەت بە زۆربەی سەرکەوتنەکانی داهاتووی هیچ نازانین؛ بـەڵام ئـەزموون فێری کردبـوو کـە بـۆ وەدەسـتهێنانی سـەرکەوتن، پێویسـتی بـە سـپایەکی ڕێکوپێکـە. جـەماوەری بەرفـەرمانی بـە هاوکـاریی سـەکاییەکانی ژێردەستەی، لە تیروکەوان ڕاهاتن و هێزی چەکداری کرانـە سـێ بـەش کە بریتی بوون لە سەربازانی سووکەڵەچەک، واتە نێزەداران، کەوانداران و سواران(٤). بەم شێوەیە هووەخشتەرە بوو بە خاوەنی سپایەکی تەیار و ڕەنگە هەر ئەویش بووبێ کـە لـە پارسـە خاشـەی پادشـایەتیی ئاریارەمنـەی «شاهانشـا»ی کێشـابێ و بـەم چەشنە ویشکاوی بە سەرناوی شا هێنابێ و نەیهێشتبێ نەوەی پاتشا، واتە ئارشام یان ئارسامێس و ویشتاسب یان «هیستاسپێس»یش بە خۆیان بڵێن «شـا». ئـەو تەتەڵـە زێوینـەی کـە ئاریارەمنـە بـە فیزێکـەوە نـاوی بنەچەکـەی خـۆی لەسـەر

هەڵگەندبوو، برایە ئیکباتان. هووەخشتەرە کە ئاشوور هیچ کۆسپێکی نەدێنایە سەر ڕێگای، ڕەنگە زۆربەی خاکی باشوور و خۆرنشینی «ورمێ»شی گرتبێ. گویا پارسووای هەرێمی پێشووی ئاشوور لەم ڕۆژگارەدا کەوتە ژێر ڕکێفی و ماننایی‌یەکان وەکوو پادشا دانیان بە دەسەڵاتی‌دا هێنا؛ بەڵام زۆربەیان بە مەبەستی خۆپاراستن ڕایانکردە لای سین - شار - ئیشکون لە نەینەوا. دوابەدوای گرتنی هەرێمی هەرهەر لە نیشتمانی لەمێژینی لوولووبییەکان، ڕێگای هێرشی بۆ سەر ئاشوور لە ٦١٥ی پێش‌زایین‌دا تەخت کرا.

لەم کاتەدا مەترسییەک لە خاکی بابل ئاسۆگی دا کە هەڕەشە بوو بۆ سەر ئیمپراتۆریی ئاشوور. نەبۆپۆلەسسەر، وەکوو بێل- ئیبنی کە پیش وی دەژیا، ژینی سیاسیی خۆی وەک کاربەدەستێکی ئاشوور لە بەتایح دەست پێکرد. بەپێی تێپەڕینی زەمان وردەوردە هەڵکشا و گەیشتە جێگە و پێگەیەک کە بوو بە خاوەنی شانشینێکی سەربەخۆ. ئەو لە پلەی پادشای بەتایح‌دا بەڵگەنامەکانی سەبارەت بە ڕێورەسمی پەسن و پاڕانەوەی پەرستگای ئووروکی بردە شووش، کە لە «بێل- ئیبنی»یەوە حکوومەتی ئەو شوێنەی بە میرات پێ گەیشتبوو(٥). ساڵی ٦١٦ی پ.ز، تەواوی خاکی بابل کەوتبوویە ژێر دەسەڵاتی و خۆی هەڵیکوتایە سەر ئاشوور(٦). لە قابلینوو، سین - شار - ئیشکون و ڕاکردووانی ماننایی چوونە باڵ پەلامارەکەی. تەنیا پەیدابوونی سەروسۆراغی سپایەکی میسر کە هاتبوویە هانای ئاشوور، توانی بەرەو باشوور پاشەکشەی پێ بکا، چونکە دەریخستبوو کە ڕقەبەرێکی بەهێزە بۆ دوژمنانی باڵی باکووری خۆی. مانگی مارسی ٦١٥ی پ.ز، هەر بۆ بەتاقی‌کردنەوە بە لای دیجلەدا هرووژمی کرد و توانی لە هەرێمی ئەررافە شاری مادانوو بگرێ. هەر لە ژووەنی ئەم ساڵەدا جارێکی دیکەش هەڵیکوتایەوە سەر ئاشوور، بەڵام قۆشەنی ئاشوور لێی وەدەست هات و پاشەکشەی پێکرد.

لەم هات‌وباتەدا هووەخشتەرە کە زۆر دژوارە بە هاوپەیمانی نەبۆپۆلەسسەر دابندرێ، لەسەر شانۆی ڕۆژگار خۆی نواند و ساڵی ٦١٥ی پ.ز، هێرشی کردە سەر شارێک لە هەرێمی ئەررافە. مانگی ئووتی ساڵی دواتر، بێ‌گومان پاش گرتنی ناوچەکانی باکووری ئاشوور، خۆی گەیاندە لێواری ڕووباری دیجلە و «نەینەوا»ی

گەمارۆ دا، بەڵام چونکە چی لەگەڵ شوورەی شارەکە بۆ نەکرا، بە گرتنی تاربیسوو وازی هێنا و بە شانی ڕەوگەی ئاژوانی ئاوی دیجلەدا خۆی گەیاندە ئاشوور و دوای پەلامارێک گرتی. نەبۆپۆلەسسەر کە نەیدەویست ئیمپراتۆریی ئاشوور بکەویتە دەست ڕقەبەرێکی ئێرانی(٧)، ماوەیەکی کەم دوای گیرانی ئاشوور، خۆی گەیاندە ئەو شوێنە. لە هەویێلی دوو سپای بەهێزدا، دوو پادشاکە پێکەوە ڕێککەوتن و ڕەزامەندی و هاوپەیمانی لە نێوانیاندا باڵی ئەنگاوت(٨)؛ ئەوسا «ئامیتیس»ی کچۆلەی کاڵ و مناڵی «ئاستیاگ»ی کوڕی «هووەخشتەرە»یان کردە دەزگیرانی کوڕەی گەنجی نەبۆپۆلەسسەر، یانی نێبووکەدنێسسەر(٩). لەمەودوا دوو قۆشەنەکە وەکوو یەک هێز دەجووڵانەوە.

ساڵگاری ساڵی ٦١٣ی پ.ز. هێزە چەکدارەکانی ماد لە شوێنێکی دیکە سەرقاڵ بوون. لەم کاتەدایە کە هێرۆدۆت ٢٨ ساڵ زاڵبوونی سەکاییەکان دێنێتە نێو مێژووی مادەوە. ئەمە ڕەنگە تەنیا ئاڵوگۆڕ پێکردنی زەمانی ڕووداوەکان بێ یان ڕەنگە ئاماژە بێ بە مەبەستێکی دیکە؛ چونکە سپای هووەخشتەرە لە جەنگەی گەڕانەوەیدا بۆ پێدەشتەکانی ئووممان- ماندا، پێی دەگوترێ «سپای ماندا». ڕەنگە ئەمە ئاماژەیەک بێ کە لە ماوەی ساڵی ٦١٣ی پێشزاییندا، مادەکان توانیویانە زاڵ بن بە سەر زۆربەی ئاوارەکانی سەکاییدا لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری ئاشوور؛ بەڵام خۆ ڕەنگە ساڵی ٦١٢ی پ.ز. هەم هووەخشتەرە و هەم نەبۆپۆلەسسەر ئامادە بووبن هەتا هێرش بکەنە سەر نەینەوا. ئەو سێ شەڕەی کە لە نێوان مانگی ژووەن و ئووتدا کردوویانن، لە ڕووداونامەدا تۆمار کراون و بەرامبەری ئەو سێ شکانەن کە «ئارپاکێس»ی مادی و «بێلێسیس»ی بابلی تووشی دوژمنیان کردوون و کتێسیاس [کتێزیاس] دەیگێڕێتەوە(١٠)؛ بەڵام دوایین پەلامار کە لە مانگی ئووتدا ئەنجام درا، سەرکەوتنی یەکجارەکیی لێکەوتەوە. کلکەی مانگی سێپتامبر هووەخشتەرە بە خۆی و بەشە دەسکەوتی شەڕی گەڕایەوە ماد، کەچی هێشتا جەنگەی برانەوەی دەستێوەردانی لە کاروباری بابلدا نەهاتبوو. لەم کاتەدا شانشینێکی تازەی ئاشووری لە باکووری هەرێمی دووچۆمان چەقەرەی دەرکرد و نەبۆپۆلەسسەر سەروبەندی سەرەتای ساڵی ٦١٠ی پ.ز. بۆ وەرگرتنی

یارمەتی ڕووی کردە ماد. نوامبری ئەو ساڵە هووەخشتەرە و لەشکرەکەی گەیشتنە بابل و چوونە پاڵ هێزەکانی نەبۆپۆلەسسەر. بزووتنی ئەم هاوپەیمانانە بەرەو حەرران ئەوەندە گرینگ بوو کە جێی خۆی بوو هەتا سەرنجی «نێبووکەدنێسسەر»ی شازادەی جێگرەوەی پادشای بابل بە لای خۆیدا ڕابکێشێ(١١). تەنیا یاد و بیرەوەریی کاول و هەرەسەکانی حەرران بە چنگ هووەخشتەرە و مادەکان بەس بوو هەتا نیوسەدە دواتر هەستی ترسان و ڕێزدانان بۆ ئێرانییەکان باوێتە دڵ و دەروونی پادشای بابل(١٢). پاش چەند ساڵێک شەڕوشووڕ و دڵەڕاوکێ شارەکە هەروا لە ژێر دەستی مادەکاندا مایەوە.

پاش ئەو سەرکەوتنانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، جارێکی دیکە مێژووی ماد بە تاریکیدا ڕۆدەچێ و دەبێ پەنا بەرینە بەر بۆچوونی خۆمان. بە دڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین کە سنوورە سەرەکییەکانی شانشینی هووەخشتەرە لە باڵی ڕۆژهەڵاتەوە گەیوەتە شاری تازەی «ڕێی»[١]لە باشووری تاران و لە باشوورەوە هەتا ئیسفەهان چووە و لە باکووری خۆرنشینەوە تاکوو ئاترۆپاتێن یان ئازەربایجانی ئەمڕۆی لە خۆوە گرتووە و ئیکباتانا یان هەمەدانی ئێستا پایتەختی بووە(١٣). واوێدەچێ کە خاکی پارسەی خستبێتە سەر قەڵەمڕەوی خۆی و لەو کاتەدا پارسووماش سەری وەبەر مەزنایەتیی وی هێنابێ. بەڕێوەبردنی ئەم دوو هەرێمە درانە دەست کەنبووجییە یان «کامبیسێس»ی[٢]یەکەم (دەورووبەری ٦٠٠-٥٥٩ی پ.ز)، کە دوابەدوای مردنی کووروووشی یەکەمی باوکی بەناوی «شای شاری ئەنشان» گەیبوویە سەر تەختی دەسەڵات.

بەم پێیە زۆربەی خاکی ئێران ببوویە قەڵەمڕەوی بەرفەرمانی هووەخشتەرە، بەڵام کادووسییەکان کە لە مەڵبەندی باریکەی گەرمی نێوان چیاکانی ئەلبورز و دەریای خەزەردا دەژیان، سەریان بۆ مەزنایەتیی وی نەوی نەکرد(١٤). کتێسیاس تەنیا ژێدەرێکە کە دەڵێ پارتەکان لە شانشینی «ئاستیاباراس»دا، کە بە زمانی خەڵکی کنیدوس [کنیدۆس] هەمان هووەخشتەرە بوو، لە مادەکان ڕاپەڕین. پاش

---

١- ڕەی، ڕاگا، ڕێگا.و.

٢- هەمان کەمبووجییە، کەبووجییە یان «کامبیز»ە.و.

چەند جار شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوانیان، سەرەنجام پێکەوە سازان، بەو مەرجە کە ڕاپەڕیوان سەر وەبەر دەسەڵاتی مادەکان بێنن و بۆ هەتاهەتایە هاوپەیمانیان بن(١٥). ئەم گێڕانەوەیە دوور نییە وابێ و ڕەنگە لەمەودوا پارت بووبێتە بەرفەرمانی دەوڵەتی ماد، هەروەک چۆن زۆر دواتر ناوچە دوورەدەستەکان سەریان وەبەر دەسەڵاتی ئەشکانییەکان [پارتەکان] هێنابوو(١٦).

بەربڵاویی سەرکەوتنەکانی هووەخشتەرە لە باکووری خۆرنشین تەنانەت پەرەگرتووتر بوو. لێرە چەند ناوچەیەک کە ڕۆژگارێک بەشێک بوون لە شانشینی هاڵدیا و ئێستا کەوتبوونە ژێر دەستی پەلامارادەرانی بێگانە، واتە ئارامییەکان، هووەخشتەرە گرتنی. هێرۆدۆت بە ڕوون و ڕەوانی دەڵێ کە سەرتاسەری کاپادۆکیە هەتا ڕووباری هالیس (قزڵئیرماق) تاکوو بەرلە دامەزرانی ئیمپراتۆریی پارسەکان، ژێردەستەی مادەکان بوون(١٧). ساڵی ٥٩٠ی پ.ز، هووەخشتەرە گەیشتە قەراخ ڕووباری هالیس و لەوێ لەگەڵ «ئالیاتتێس»ی پادشای لیدیا تووشی شەڕ هات. لە ماوەی شەڕێکی درێژخایەنی پێنج ساڵەدا کە لەو کاتەوە هەڵگیرسا هیچکام لە خەنیمەکان یەکتریان بۆ نەبەزی، بەڵام لە ساڵی شەشەمدا، یانی ٥٨٥ی پ.ز، ڕۆژ گیرا و بە نیشانەی نەهامەتی لێکدرایەوە و دەستیان لە شەڕ کێشاوە. کار گەیشتە کەیخودایەتی و «نەبوونەید»ی فەرمانڕەوای بابل، کە ڕەنگە کەیخودای هەڵبژاردەی ئالیاتتێس بووبێ، لەگەڵ «سوئێننێسیس»ی پادشای کیلیکیە، کە بە کەیخودای هووەخشتەرە داندرابوو، پێکەوە ڕێککەوتن تا لەوەی بەولاوە ڕووباری هالیس سنووری نێوان ماد و لیدیا بێ. بۆ دڵنیابوون لەو سنوورەی کە دیاری کرابوو، «ئاریەنیس»ی کچی ئالیاتتێس درا بە ئاستیاگ [ئیشتووڤیگوو]ی کوڕی هووەخشتەرە و ساڵێکی پێنەچوو کە ئەم شازادەیە جێی باوکی گرتەوە(١٨).

لەم سەروبەندەدا نێبووکەدنێسسەر (٦٠٤-٥٦٢ی پ.ز) لە بابل بوو بە جێنشینی باوکی. ئەم پادشایە جگە لە خاکی پانوبەرینی بەرفەرمانی لە باکووری سووریا، دەسەڵاتی بە سەر بەتایبەت لە باشوور و شووش لە ڕۆژهەڵاتیشدا شکابۆوە. ئەو خشتانەی کە ناوی ئەویان لەسەر شەقڵ کراوە، دیواری خانووبەرەی شارەکەیان

پێ ساز دەكرا. گوڵدانێكی بەردەمەڕمەڕ كە دەقێكی ئەوی لەسەر هەڵكەندراوە و بەردەتەرازوویەک كە درۆشمی ئەوی پێوەیە، دوو نیشانەی دیكەن بۆ سەلماندنی شكانەوەی دەسەڵاتی بە سەر ئەم شارەدا(١٩). یەكێک لە بەردەنووسە بەراییەكانی كە باسی خێڵی «فوقوودوو»ی ئارامی دەكا لە لاهیروو و ئەررافە، پەرپیوەی ڕۆژهەڵاتی شارەكە بووە(٢٠).

چونكە لەشكركێشان و پەلامارەكانی نێبووكەدنێسسەر بەرەو باڵی خۆرنشین بوو بە كەمەندكێشی توێژەرانی مێژووی كتێبی پیرۆز بە شوێن خۆیدا، گەلێك لێكدانەوە و ڕاڤەیان دەربارەی نووسراوە. بەپێی دەقێكی یۆنانی، جارێكی كە لەشكری دەنگ داوە و ساڵی ٥٩٧ی پ.ز، توانیویەتی «یۆهاكین» [واتە یوواخین]ی پادشای ئوورشەلیم بە دیل بگرێ(٢١)، داوای هاوكاریی لە ئاستیباراس یان هووەخشتەرەی پادشای ماد كردووە. بەگوێرەی گێڕانەوەیەكی دیكە ناوبراو باغە هەڵاوەسراوە ناوبەدەرەوەكانی بابلی بۆ دڵخۆشكردنی شاژنی مادیی خۆی لێداون، كە كیژی ئاستیاگ [ئیشتووڤیگوو] بووە(٢٢). لە ڕووی ئەم ڕاستییەڕا كە بابل لە ڕۆژگاری حكوومەتی «نێبووكەنێسسەر»دا بوو بە خاوەنی پتەوترین شووره و قەڵاتی شارەكانی ڕۆژهەڵاتی كەونارا(٢٣)، بەڕوونی نیشانەی چۆنیەتیی بارودۆخی سیاسی و ترسانی بابلە لە دراوسێیانی ڕۆژهەڵاتی.

هەتا زەمانێكی كە نێبووكەدنێسسەر مابوو، تای تەرازووی هێزی ماد و بابل ئەوەندە یەكسان بوون كە خۆیان لە قەرەی بەتاقیكردنەوەی شەڕێكی نێوانیان نەدەدا و بە قازانجیان نەدەزانی؛ بەڵام پاش مردنی وی، بارودۆخی نێوخۆی بابل، هەلێكی چاوەڕواننەكراوی بۆ ئاستیاگ [ئیشتووڤیگوو] ڕەخساند. ئەمێل- مەردووک (٥٦٢-٥٦٠ی پ.ز)، هەڵوێست و سیاسەتی باوكی وەلانا و «یۆهاكین»ی پادشای یەخسیری جوولەكانی لە بەندیخانە ئازاد كرد و بوو بە پەیرەوی ڕێبازی كاهینان. سەرەنجام سپاسالاران لەسەر تەختی دەسەڵات لایانبرد و «نێرگال- شار- ئووسوور»یان لە جێی دانا، بەڵام دوای چوار ساڵ ئەویش جێی خۆی دا بە لاباشی- مەردووک. ساڵی ٥٥٦ی پ.ز، ئەمەشیان سپاسالاران لێی وەخۆكەوتن و كوشتیان و «نەبوونەید»یان بردە سەر ئەو تەختە خۆنەگرە(٢٤).

لە دەس‌چوونی عیلام و شووش پەرەیان دا بەم قەیرانە سیاسییە. ئەم دوو شانشینە لە ماوەی پادشایەتیی کورتی «ئەمێل- مەردووک» و «نێرگال- شار- ئووسوور»دا هەروا درێژەیان دا بە هاوپەیمانیی بەناچاری لەگەڵ بابل، بەڵام کاتێک نەبوونەید هاتە سەر دەسەڵات، تازە بەشێک نەبوون لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی بابل(٢٥). ڕەنگە ئەو دوو شوێنە بووبنە بەشێک لە ئیمپراتۆریی بەرەو پەرەگرتنی ئاستیاگ؛ هەروەک لە سەرانسەری خاکی بابل‌دا ئەم بڕوایە سەری هەڵدابوو کە دوژمنانی مادی بێ‌وچان درێژە بە پێشڕەویی خۆیان دەدەن و سەرەنجام ڕۆژێکی دەستیان دەگاتە ناوەندی ئەم شانشینە و وەژێر چۆکی خۆیانی دەدەن.

پێغەمبەر حێزقیال، هەمیشە هانی یاران و پەیڕەوانی خۆی دەدا کە بە چارەنووسی خۆیان ڕازی بن و بسازێن و لەگەڵ خوداوەندانی تازەیان لە ئاشتی و ئارامی‌دا بژین. جوولەکەیەکی دیکە کە لەبەر شکست‌هێنانی گەلاڵەی ڕزگارکردنی یۆهاکین تووڕە ببوو، پێشگۆتنەکانی «ئێرمیا»ی بە پووچەڵ و دوورەفام دەزانی کە دەیگوت دوژمنێک لە باکوورەوە دێتە فەلەستین و مەترسیی هێرشی مادەکانی تەنیا بە تۆڵەی دادپەروەرانەی یەهوە دادەنا لە بابلی لەخۆبایی(٢٦). پاشان گوتی: ئەو مادییە بەهێزانەی کە دیلەکرانی ئاوا بە دڵەڕاوکەوە لێی دەڕوانن و لەشکرچییانی ئوورارتوویی، هاڵدیایی، ماننایی و سەکایی هەر ئەوانە بوون کە تەنیا چەند ساڵێک لەمەوبەر هووەخشتەرە بەزاندبوونی، ئێستا داردەستێکن کە یەهوە بابلیان پێ کاول دەکا(٢٧). ئەو بە خۆشی و شادمانییەکی زۆرەوە ئاوری ترسێک سەبارەت بە دڵڕەقی و زۆرەملیی مادەکان لە ناخی خەڵکدا دەبووژێنێتەوە و دەیگەشێنێتەوە، کە کەوان لە دەستیان‌دا بۆتە کوشندەترین چەک(٢٨). پاشان لە درێژەی قسەکانی‌دا ڕووخەک‌بوونی دەروونی بابلی هێنایەوە بەرباس و ڕوونی کردەوە کە پۆلی پێشەوایانی دینی و تاقمی سپاسالاران چۆن لە ماوەیەکی کورتی شەش ساڵەدا چوار پادشایان گۆڕیون و بە گوێی بیسەرانی خۆی‌دا دا کە: زەوی زوڵم هەڵیدەگرێ و فەرمانڕەوا دژی فەرمانڕەوا ڕادەوەستێ(٢٩). ئەو تەواوی شوورە و دیوارەکانی بابلی لە پێش چاوی بوو کە باوەشیان پێداهێنابوو(٣٠)؛

بەڵام ڕایگەیاند کە مادەکان شووره و دیوارەکانی دەڕووخێنن و کاتێک بگەنێ فوقوودووەکانی ئارامی و دانیشتووانی بەتایخ تێدادەبەن(٣١). سەرەنجام گوتی نە خەڵکی بابل و تەنانەت نە دیلێکی جوولەکە نابێ هیوادار بن کە مادەکان بە دڵۆوانی و نەرمونیانی لەگەڵیان بجووڵێنەوە، چونکە هەموویان قەڵتوبڕ دەکرێن. ئەو کە بە لای خۆیەوە کەیفساز بوو بە کاولکرانی خێرای شارەکە، گەلێکجاران ئەم وەرگێڕانەی بە دەمیدا دەهات کە دەڵێ:

*ڕاکەن لە بابل و لە خاکی کەلدانییەکان دەرباز بن(٣٢).*

لە بەختی بەدی ئەو کەسەی کە ئێمە باسی دەکەین و خۆی بە پێغەمبەر دەزانی، هێرشی ماد سەری نەگرت. نەبوونەید (٥٥٦-٥٣٨ی پ.ز) توانی تاج و تەختی خۆی بپارێزێ و مەترسی ڕەوییەوە. لەمەودوا ئاستیاگ وەها گیرۆدەی گیروگرفتەکانی خۆی ببوو کە دەرفەتی نەبوو هەتا بیر لە پەلاماردانی پێدەشتان بکاتەوە.

لە پارسووماش کە ئێستا هاوتا بوو لەگەڵ ئەنزان، وادیارە کەنبووجییەی یەکەم ژیانێکی ئارام و بێدڵەڕاوکە و خوتخوتەی ڕابواردووە. ئەگەرچی بەناو شا بوو، بەڵام ژێردەستەی مادەکان بوو کە پاش مردنی ئاریارەمنە نابوویانە بان تەختی دەسەڵاتی خاکی پارسە. زەماوەندی لەگەڵ «ماندانا»ی[1]کچی ئاستیاگ [ئیشتووڤیگوو]، پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەوی کە لە ڕوانگەی مادەکانەوە بەرز نەبووە، زۆر هەوراز بردووە. ئەم زەماوەندە کووروושی گەورەی لێکەوتەوە(٣٣). ساڵی ٥٥٩ی پ.ز. کاتێک کووروושی دووهەم جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، لە پارسە، لە شوێنێک کە ناسراوە بە پاسارگاد کۆمەڵێک کۆشک و تەلاری وای سازکردن هەتا بیسەلمێنێ کە بەڕاستی لە ڕەسەن و ڕەچەڵاکی میرانە. ئەو دەقەی کە لە ژێر بەردەتاشەکەی خۆی هەڵکەندراوە تێیدا نووسراوە «شای مەزن، هەخامەنشی»، ئەم مەبەستە ڕوونی دەکاتەوە کە تازە بە هیچ شێوەیەک سەری وەبەر ئاستیاگ[ی باپیری] نەهێناوە و بە «شاهانشا»ی خۆی نەناسیوە(٣٤).

---

١- لە دەقە فارسییەکەدا نووسراوە ماندان و لە ئینگلیسییەکەدا بە ماندانێ هاتووە.و.

وەکوو ئاشکرایە کووررووش لێبڕا هەتا بیسەلمێنێ کە شیاوی ئەوەیە تاکوو دەست بە سەر تەختی دەسەڵاتی ماددا بگرێ. بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجە پێی نایە ڕکێف و بە نێو تیرە و خێڵاتی فرەچەشنی ئێرانیدا گەڕا هەتا لە قەڵەمڕەوی خۆیدا هێز کۆ بکاتەوە(٣٥)؛ لە هەمان کاتدا پێشنیاری نەبوونەیدی قبووڵ کرد بۆ دارشتنی بناغەی هاوپەیمانی. فەرمانڕەوای بابل هیوادار بوو کە ئیمپراتۆریی خۆی لە مەترسیی مادەکان بپارێزێ، چونکە لە حەررانی ژێر دەسەڵاتیانەوە دەیانتوانی ڕێگای نێوان بابل و سووریا هەڵبڕن. ئەم پادشایەش دەستی کرد بە کۆکردنەوە هێز لە «غەززە»ی سەر سنووری میسر و «بەتایح»ی نیزیک کلکەی کەنداوی فارس.

ساڵی ٥٥٣ی پ.ز. پیلانەکەی کووررووش لە قاودرا و ئاستیاگ گازی کردە بارگا. کووررووش ملی نەدا و بەئاشکرا ئاڵای ڕاپەڕینی هەڵدا(٣٦). ڕەنگە ئەم ڕاپەڕینە نیشانەی گەڵاڵەیەکی پێشتر دارێژراو بووبێ، چونکە لەگەڵ دەستپێکردنی، نەبوونەید بە مەبەستی گرتنی سووریا لەشکری دەنگ دا. لەم ساڵەدا حەرران لە چنگ سەربازگەی مادی دەرکێشرا و فەرمانڕەوای بابل بەڕاستی پێی گەشایەوە(٣٧)؛ بەڵام ئاستیاگیش بەدەستەوستانی نەوەستا و هێزێکی بە مەبەستی چێوەچزەدانی ژێردەستەی سەربزێوی بەرێکرد.

سەبارەت بەو شەڕەی کە بە شوێنیدا قەوما دوو گێڕانەوەی جیاوازمان لە مێژوونووسانی یۆنانی بەدەستەوەیە، لەگەڵ گێڕانەوەیەکی ویشک و بێلکوپۆ کە لە ساڵژمێرێکی بابلیدا تۆمار کراوە. سەرچاوەی یەکێک لەم دووانەی یۆنانی نووسینەکانی «نیکۆلائووس»ی دەمیشقییە، کە زانیارییەکانی خۆی لە کتێسیاس وەرگرتووە و بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە کە هەتا ڕادەیەکی زۆر بە تاموبۆنی ڕۆژهەڵاتی دەستاودراوەتەوە و خۆش کراوە. بەپێی ئەم سەرچاوەیە شەڕی یەکەم دوو ڕۆژی درێژە کێشاوە و لە کۆتاییدا ئاستیاگ سەرکەوتنی گەورەی وەچنگ هێناوە. پارسەکان، واتە جەماوەری خەڵکی پارسە کە لە نیزیک سنووری خاکی خۆیان لەگەڵ ماد تێکهەڵچووبوون، ڕایانکردە پاسارگاد. شەڕی دووهەم کە ئەویش هەر دوو ڕۆژی خایاندووە، لە نیزیک ئەم شارە قەوماوە. گەرچی مادەکان ڕۆژی

یه‌كه‌م باڵاده‌ستی مه‌یدان بوون، به‌ڵام له‌ ڕۆژی دووهه‌مدا پارسه‌كان كه‌ ژنه‌كانیان تینیان ده‌دان بۆ به‌ربه‌ره‌كانی، سه‌ركه‌وتنێكی قرچۆكیان وه‌چنگ هێنا(٣٨). ئاستیاگ هه‌روا ده‌خوری و په‌لاماری دێنا، به‌ڵام سه‌ری سێ جاره‌ شه‌ڕه‌كه‌ ته‌واو به‌ قازانجی كووررووش یه‌كلایی بۆوه‌(٣٩). پاشماوه‌ی سپای ئاستیاگ كه‌وته‌ ڕاكه‌ڕاكه‌ و بازره‌ بوون و چی وای پێنه‌چوو كه‌ [پادشای ماد] گیرا.

دووهه‌م سه‌رچاوه‌ی یۆنانی ده‌قی هێرۆدۆته‌ كه‌ قسه‌كانی زۆر كه‌میان جێی گومانن. باوكی مێژوو به‌ قه‌ومانی دوو شه‌ڕه‌كه‌ی زانیوه‌. له‌ شه‌ڕی یه‌كه‌مدا كه‌ خودی ئاستیاگ تێیدا به‌شدار نه‌بووه‌، «هارپاگووس»ی سپاسالاری - كه‌ هێرۆدۆت زۆربه‌ی زانیارییه‌كانی خۆی سه‌باره‌ت به‌ دیرۆكی مادی له‌ نه‌وه‌كانی وی وه‌رگرتووه‌- وێڕای زۆربه‌ی چه‌كدارانی به‌رفه‌رمانی، پشتیان له‌ پادشای ماد كردووه‌ و ڕه‌گه‌ڵ كووررووش كه‌وتوون. له‌ شه‌ڕی دووهه‌مدا خودی ئاستیاگی پیر كه‌وڵی سه‌ركردایه‌تیی سپای مادی خستۆته‌ سه‌ر شانی و گیراوه‌(٤٠).

ده‌قی ویشك و بێگیانی بابلی له‌گه‌ڵ ئه‌م به‌سه‌رهاته‌ی هێرۆدۆت یه‌كتر ده‌گرێته‌وه‌(٤١). به‌پێی نووسینی ئه‌م ساڵژمێره‌ ئاستیاگ [ئیشتووڤیگووی باپیری كووررووش] سپایه‌كی كۆكردۆته‌وه‌ و به‌ مه‌به‌ستی ڕاماڵینی كووررووشی شای ئه‌نشان، ڕێی داگرتووه‌، به‌ڵام سپای ماد هه‌ڵگه‌ڕاوه‌ته‌وه‌ و پادشای خۆی داوه‌ته‌ ده‌ست كووررووش و ئه‌ویش له‌ڕێوه‌ به‌ره‌و ئیكباتانای پایته‌ختی ماد ئه‌سپی تاو داوه‌ و خه‌زێنه‌كانی تالان كردووه‌.

به‌م شێوه‌یه‌ ئیمپراتۆریی ماد ڕووخاوه‌ و فه‌رمانڕه‌وایه‌تیی پارسه‌كان ده‌ستی پێكردووه‌. عیلام كه‌ ڕۆژێك له‌ ڕۆژان سه‌رزه‌مینێكی به‌رباڵو بوو، له‌ پله‌ و پێگه‌ی خۆی دابه‌زی بۆ سێهه‌مین میرنشینی[1] ده‌وڵه‌تی هه‌خامه‌نشی؛ به‌ڵام دابی جێنشینایه‌تی له‌و حكوومه‌ته‌دا كه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای وه‌چه‌ و به‌ره‌ی دایكه‌وه‌ دامه‌زراوه‌، خه‌سارێكی زۆری گه‌یاندۆته‌ بارگای پاتشاكانی هه‌خامه‌نشی. ماد كه‌ خۆی ڕۆژگارێك ناوه‌ندی پادشایه‌تییه‌كی به‌هێز بوو، تلی دا بۆ پله‌ی دووهه‌مین

١- ساتراپنشین. هه‌رێمێكی نیمچه‌ سه‌ربه‌خۆی سه‌ر به‌ حكوومه‌تی ناوه‌ندی له‌ سه‌رده‌می هه‌خامه‌نشی‌دا. میرساتراپ ده‌بێته‌ میرهه‌رێم.و.

میرنشین، بەڵام مادەکانیش بە ڕادەی پارسەکان ڕێزیان بۆ داندراوە و جەماوەری بێگانە وەکوو هاوپەیمانی پارسەکانیان باس کردوون. پارس کە لەمەودوا وەکوو دڵی ئیمپراتۆری چاوی لێ دەکرا، میرنشینێکی بەرز و تاقانە بوو کە جێنشینانی بەهێزی پادشاکانی هەخامەنشی لەوێوە گەشەیان دەکرد. لەگەڵ پەیدابوونی ئەم جێنشینانە ڕۆژهەڵاتی نیزیک پێی نایە قۆناخێکی تازەی مێژوو.

## خشتەی یەکەم

| ئاوان | بابل |
| --- | --- |
| پێلی (دەوروبەری ٢٦٧٠ی پ.ز) | |
| تاتا | |
| ئووککوو- تاهێش | |
| هیشوور | |
| شووشوون- تارانا | |
| ناپی- ئیلهووش | |
| کیککوو- سیمێ - تێمتی | |
| *لووخی - ئیششان* | |
| | *سارگۆن (دەوروبەری ٢٥٣٠ی پ.ز)* |
| *هیشێپ - ڕاتێپ* | |
| | ڕیمووش |
| هێلوو | |
| | مانیشتووسوو |
| هیتا | |
| | نارام - سین |
| پووزوور- ئینشووشیناک | |
| | شارکەلیشەرری |
| گووتی | گووتی |
| سیماش | زنجیرەی سێهەمی ئوور |
| گیرنامێ | ئوور - نامموو (٢٢٩٠-٢٢٧٣ی پ.ز) |
| تازیتتای یەکەم | شوولگی (٢٢٧٢-٢٢٢٦ی پ.ز) |
| «ئێبارتی»ی یەکەم | بوور - سین (٢٢٢٥-٢٢١٧ی پ.ز) |
| تازیتتای دووهەم | گیمیل - سین (٢٢١٦-٢٢٠٨ی پ.ز) |
| ئینبی‌لووههان | ئیبی - سین (٢٢٠٧-٢١٨٣ی پ.ز) |
| کینداتتوو | |
| ئیداددووی یەکەم (ئیداددوو- ئینشووشیناک) | |
| تان- ڕووخووڕاتیر | |
| «ئێبارتی»ی دووهەم | |
| ئیداددووی دووهەم | گوونگوونووم (٢٠٨٧-٢٠٦١ی پ.ز) |

***تێبینی: ئەم ناوانەی کە لە خشتەی یەکەم تا سێهەمدا بە شێوەی لار نووسراون، سەلماوە کە هاوچەرخی فەرمانڕەوای بەرەوڕووی خۆیان بوون.**

## خشتـەی دووهـەم

| عیلام | | | بابل |
|---|---|---|---|
| سوککەڵماهـ | سوککەلی عیلام و سیماش | سوککەلی شووش | |
| ئێبارتی<br>(دەوروبەری ٢٠٢٠-٢٠٠١ی پ.ز) | | | |
| شیلهاها (تێمتی شیلهاک)<br>(دەوروبەری ٢٠٠٠-١٩٨٦ی پ.ز) | شیرووکدوه | شیمووت - وارتاش | کودوور - مابووک<br>واراد - سین<br>(١٩٨٩ـ ١٩٧٨ی پ.ز) |
| شیرووکدوه<br>(دەوروبەری ١٩٨٥-١٩٦٦ی پ.ز) | شیمووت - وارتاش | سیوێپالارهووپپاک | |
| | سیوێپالارهووپپاک | کودووزولووشی یەکەم | ڕیم - سین<br>(١٩٧٧٠١٩١٧ی پ.ز) |
| سیوێپالارهووپپاک<br>(دەوروبەری ١٩٦٥- ١٩٤٦ی پ.ز) | کودووزولووشی یەکەم | کووتیر - ناخوونتێ | |
| کودووزولووشی یەکەم<br>(دەوروبەری ١٩٤٥- ١٩١٨ی پ.ز) | کووتیر - ناخوونتێ | | |
| | | | حەموورابی<br>(١٩٤٧-١٩٠٥ی پ.ز) |
| | | ئەدداهووشوو | |
| کووتیر- ناخوونتێ | تاتا(ئاتتامێررا - هالکی) | تێمتی - ئاگوون | |
| | تێمتی - ئاگوون | کووتیر - شیلهاها | |
| تێمتی - ئاگوون<br>(دەوروبەری ١٨٤٠- ١٨٢٦ی پ.ز) | کووتیر - شیلهاها | کووک - ناشووری یەکەم | |
| کووتیر - شیلهاها | | شیرتووهـ | |
| *کووک - ناشووری یەکەم*<br>(١٨١٠-١٨٠٠ی پ.ز) | کووک - ناشووری یەکەم | کودووزولووشی دووهەم | |
| | تێمتی - ڕاپتاش | | |
| تمیتی - ڕاپتاش<br>(دەوروبەری ١٧٩٩-١٧٩١ی پ.ز) | کودووزولووشی دووهەم | تان - ئوولی | *ئاممیزادووگا*<br>(١٨٠١-١٧٨١ی پ.ز) |
| کودووزولووشی دووهەم<br>(دەوروبەری ١٧٩٠-١٧٨١ی پ.ز) | تان - ئوولی | تێمتی - هالکی | |
| تان - ئوولی<br>(دەوروبەری ١٧٨٠-١٧٧١ی پ.ز) | تێمتی - هالکی | کووک - ناشووری دووهەم | |
| تێمتی - هالکی<br>(دەوروبەری ١٧٧٠-١٧٦١ی پ.ز) | کووک - ناشووری دووهەم | | |
| | بالا - ئیششان | کووک - کیرواش | |
| | کووک - کیرواش | تێم - سانیت | |
| | | کووک - ناخوونتێ | |
| کووک - کیرواش | کووک - ناخوونتێ<br>کاسییەکان | کووک - ناشووری سێیهەم | |
| | | | کاسییەکان<br>(لە ١٧٤٩ی<br>پێش زایینەوە) |

## خشتەی سێهەم

| ئەنزان و شووش | بابل | ئاشوور |
|---|---|---|
| پاهیر ـ ئیششان<br>(دەوروبەری ۱۳۱۰ی پ.ز) | نازی ـ مارووتتاش<br>(۱۳۱۹ـ۱۲۹٤ی پ.ز) | |
| ئاتتار ـ کیتتاهـ<br>(دەوروبەری ۱۲۹۵ـ۱۲۸٦ی پ.ز) | | |
| هووبان ـ نوومێنا<br>(دەوروبەری ۱۲۸۵ـ۱۲٦٦ی پ.ز) | | |
| *ئوونتاش ـ هووبان*<br>(دەوروبەری ۱۲٦٥ـ۱۲٤٥ی پ.ز) | کاشتیلیاشی سێهەم<br>(۱۲٤۹ـ۱۲٤۲ی پ.ز) | *تووکولتی ـ نینوورتای یەکەم*<br>(۱۲٥٥ـ۱۲۱۸ی پ.ز) |
| ئوونپاتار ـ هووبان<br>(دەوروبەری ۱۲٤٤ـ۱۲٤۳ی پ.ز) | | |
| *کیدین ـ هووتران*<br>(۱۲٤۲ـ۱۲۲۲ی پ.ز) | *ئێنلیل ـ نەدین ـ شوومی*<br>(۱۲٤۱ـ۱۲٤۰ی پ.ز) | |
| | هاداشمان ـ هاربێ | |
| | *ئەدەد ـ شووم ـ ئیددینا*<br>(۱۲۳۸ـ۱۲۳۳ی پ.ز) | |
| هاللودووش ـ ئینشووشیناک<br>(دەوروبەری ۱۲۲۱ـ ۱۲۰۸ی پ.ز) | | |
| *شووترووک ـ ناخوونتێ*<br>(دەوروبەری ۱۲۰۷ـ۱۱۷۱ی پ.ز) | *زەماما ـ شووم ـ ئیددینا*<br>(۱۱۷٤ی پ.ز) | *ئاشوور ـ دانی یەکەم*<br>(۱۱۸۹ـ۱۱٥٤ی پ.ز) |
| | *ئێنلیل ـ نەدین ـ ئاخێ*<br>(۱۱۷۳ـ۱۱۷۱ی پ.ز) | |
| کووتیرـ ناخوونتێ<br>(۱۱۷۰ـ۱۱٦٦ی پ.ز) | | |
| | مەردووک ـ شاپیک ـ زێری<br>(۱۱۷۰ـ۱۱٥۳ی پ.ز) | |
| شیلهاک ـ ئینشووشیناک<br>(دەوروبەری ۱۱٦٥ـ۱۱٥۱ی پ.ز) | | |
| *هووتێلوودووش ـ ئینشووشیناک*<br>(۱۱٥۰ـ۱۱٤۰ی پ.ز) | *نێبووکەدنێسسەری یەکەم*<br>(۱۱٤٦ـ۱۱۲۳ی پ.ز) | ئاشوور ـ ڕێش ـ ئیشی<br>(۱۱٤۹ـ۱۱۱۷ی پ.ز) |
| شیلهینا ـ هامروو ـ لاگامار | ئێنلیل ـ نەدین ـ ئاپلی | |
| | مەردووک ـ نەدین ـ ئاخێ<br>(۱۱۱٦ـ۱۱۰۱ی پ.ز) | تیگلات پیلێسێری یەکەم<br>(۱۱۱٦ـ۱۰۹۰ی پ.ز) |

## خشتەی چوارەم

| ئەنزان و شووش | شووش | ئاشوور |
|---|---|---|
| | | ئەدەد- نیراری دووهەم (٩١١-٨٩٠ی پ.ز) |
| | | تووکولتی- نینوورتای دووهەم (٨٩٠-٨٨٥ی پ.ز) |
| | | ئاشوورنەسیرپاڵ (٨٨٥-٨٦٠ی پ.ز) |
| | | شەلمانێسێری سێهەم (٨٦٠-٨٢٥ی پ.ز) |
| | | شەمەشی- ئەدەدی پێنجەم (٨٢٥-٨١٢ی پ.ز) |
| | | ئەدەد- نیراری سێهەم (٨١٢-٧٨٢ی پ.ز) |
| | | شەلمانێسێری چوارەم (٧٨٢-٧٧٢ی پ.ز) |
| | | ئاشوور- دانی سێهەم (٧٧٢-٧٥٥ی پ.ز) |
| | | ئاشوور- نیراری پێنجەم (٧٥٥-٧٤٦ی پ.ز) |
| | هووبان - تاهراهـ | |
| هووبان - ئیممێنە — دائوو | هووبان - نووگاش (٧٤٢-٧١٧ی پ.ز) | تیگلات پیلێسێری سێهەم (٧٤٦-٧٢٨ی پ.ز) |
| | | شەلمانێسێری پێنجەم (٧٢٨-٧٢٢ی پ.ز) |
| شووترووک - ناخوونتێ (٧١٧-٦٩٩ی پ.ز) | | سارگۆن (٧٢٢-٧٠٥ی پ.ز) |
| | هاللووشوو - ئینشووشیناک (٦٩٩-٦٩٣ی پ.ز) | سێنناخریب (٧٠٥-٦٨١ی پ.ز) |
| ماداکتوو | | |
| هووبان - ئیممێنە (٦٩٢-٦٨٨ی پ.ز) | کودوور - ناخوونتێ (٦٩٣-٦٩٢ی پ.ز) | |
| هووبان - هاڵتاشی یەکەم (٦٨٨-٦٨١ی پ.ز) | | |
| | شیلهاک - ئینشووشیناک | ئێسارحاددۆن (٦٨١-٦٦٨ی پ.ز) |
| هووبان- هاڵتاشی دووهەم (٦٨١-٦٧٥ی پ.ز) | | |
| ئـوورتـاکـی (٦٧٥-٦٦٣ی پ.ز) | | |
| هووبان - نووگاش | تێمتی - هووبان - ئینشووشیناک (دەوروبەری٦٦٣-٦٥٣ی پ.ز) | ئاشووربانیپاڵ (٦٦٨-٦٢٦ی پ.ز) |
| هووبان - نووگاش (٦٥٣-٦٥١ی پ.ز) — تامماریتوو (لە هیدالوو، ٦٥٣ی پ.ز) | هووتران- تێپتی | |
| تامماریتوو (٦٥١-٦٤٩ی پ.ز) | ئەددا - هامیتی- ئینشووشیناک (٦٥٣-٦٤٨ی پ.ز) | |
| ئیندابیگاش (٦٤٩-٦٤٨ی پ.ز) | هووبان - هاڵتاشی سێهەم (٦٤٨-٦٣٦ی؟ پ.ز) | ئاشوور - ئێتیل - ئیلانی (٦٢٦-٦٢٢ی پ.ز) |
| | | سین - شار - ئیشکون (٦٢٢-٦١٢ی پ.ز) |
| | | ئاشوور - ئووباللیت (٦١٢-٦٠٨ی پ.ز) |

## خشتەی پێنجەم

| ماد | پارسووماش | پارسە | بابل |
|---|---|---|---|
| دیاکۆ (٧١٥ی پ.ز) | هەخامەنش (٧٠٠_٦٧٥ی پ.ز) | | |
| خەشەتریتە (فرەوەرتیش) (٦٧٥_٦٥٣) | چیش‌پیش (تیس‌پێس) (٦٧٥_٦٤٠ی پ.ز) | | |
| سەکاییەکان (٦٥٣_٦٢٥ی پ.ز) | کوورووشی یەکەم (سیرووس) (٦٤٠_٦٠٠ی پ.ز) | ئاریارەمنە (ئاریارامنێس) (٦٤٠_٦١٥ی پ.ز) | |
| هووەخشتەرە (کیاکسار) (٦٢٥_٥٨٥ی پ.ز) | [ئارووککوو]<br>کەنبووجییەی یەکەم (کامبیسێس) (٦٠٠_ ٥٥٩ی پ.ز، لە پارسووماش و پارسە حکوومەتی کردووە.) | [ئارشام] (ئارشاما)<br>[هیستاسپێس] (ویشتاسپە) | نەبۆپۆلەسسەر (٦٢٦_٦٠٤ی پ.ز)<br>نێبووکەدنێسسەر (٦٠٤_٥٦٢ی پ.ز) |
| ئاستیاگ (ئیشتووڤیگوو) (٥٨٥_٥٥٠ی پ.ز) | کوورووشی دووهەم (سیرووس) (٥٥٩_ ٥٢٩ی پ.ز، لە ماد و پارسووماش و پارسە حکوومەتی کردووە.) | | ئەمێل - مەردووک (٥٦٢_٥٦٠ی پ.ز)<br>نێرگال_شوور_ئووسوور (٥٦٠_ ٥٥٦ی پ.ز)<br>لاباشی_مەردووک (٥٥٦ی پ.ز)<br>نەبوونەید (٥٥٦_ ٥٣٨ی پ.ز) |
| | کەنبووجییەی دووهەم (کامبیز) (٥٢٩_٥٢١ی پ.ز) | داریووشی یەکەم (دارایاڤئووش) (٥٢١_٤٨٦ی پ.ز) | |

***تێبینی: ئەو ناوانەی کەوتوونە نێو دوو قولاپەوە[ ]، ئەوانەن کە میراتگری تەختی پادشایەتی بوون، بەڵام پادشایەتییان نەکردووە.**

# سەرچاوەکان

## بەشی (1)


[1] Henry Field in *AJSL*, LI (1934/35), 208 f.

[2] D. A. E. Garrod, "The Palaeolithic of Southern Kurdistan," *Bulletin of the American School of Prehistoric Research*, No. 6 (March, 1930).

[3] E. Herzfeld in the *Illustrated London News*, May 25, 1929, pp. 892 f., and *Iranische Denkmäler*, Lfgn. 1 and 2 (Berlin, 1932), pp. 3–18, Pls. 1–30.

[4] H. Field in the *American Anthropologist*, XXXIV (1932), 303–9.

[5] Pumpelly, *Explorations in Turkestan, Expedition of 1904* (Washington, D.C., 1908), pp. 38 f., 67, and 72; cf. Schellenberg, *ibid.*, pp. 469–73.

[6] A. Schulz in *Berichte der deutschen botanischen Gesellschaft*, XXXI (1913), 226–30, and *Die Geschichte der kultivierten Getreide* (Halle, 1913), pp. 13 f.

[7] De Morgan, *Mém.*, I, 184–88; De Morgan, Pottier, and De Mecquenem, *Mém.*, Vol. XIII.

[8] Herzfeld in the *Illustrated London News*, June 1, 1929, pp. 942–45; *AMI*, I (1929–30), 65–71; *Iranische Denkmäler*, Lfg. 3/4 (Berlin, 1933), pp. 19–26, Pls. 1–27. See also Contenau and Ghirshman in *Syria*, XIV (1933), 1–11.

[9] De Mecquenem, *Mém.*, XX, 126 f.

[10] Pézard, *Mém.*, XV, 13–19.

[11] De Mecquenem, *Mém.*, XX, 115–25.

[12] H. Field in *AJSL*, LI (1934/35), 208.

[13] A. U. Pope in the *Illustrated London News*, December 15, 1934, p. 1005; R. Ghirshman, *ibid.*, March 16, 1935, pp. 416 f.

[14] Aurel Stein, *An Archaeological Tour in Gedrosia*, "Memoirs of the Archaeological Survey of India," No. 43 (Calcutta, 1931); *Innermost Asia* (Oxford, 1928), II, 949–58, and Vol. III, Pls. 113 f.; "The Indo-Iranian Borderlands" (Huxley Memorial Lecture for 1934), *Journal of the Royal Anthropological Institute*, LXIV (1934), 179–202.

[15] Aurel Stein, *An Archaeological Tour in Waziristān and Northern Balūchistān*, "Memoirs of the Archaeological Survey of India," No. 37 (Calcutta, 1929).

[16] De Mecquenem, *Mém.*, XX, 99–112 and 128–32.

[17] With some of the pottery published by Aurel Stein in "Memoirs of the Archaeological Survey of India," Nos. 37 and 43.

[18] H. Frankfort, *Archeology and the Sumerian Problem* (*SAOC*, No. 4 [1932]), pp. 65–72.

[19] De Mecquenem, *Mém.*, XXV, 189–91 and 205.

[20] See now A. Nöldeke, E. Heinrich, and E. Schott, "Fünfter vorläufiger Bericht über die von der Notgemeinschaft der deutschen Wissenschaft in Uruk unternommenen Ausgrabungen," *Abhandlungen der Preussischen Akademie der Wissenschaften*, phil.-hist. Klasse, 1933, No. 5, esp. pp. 9 and 14.

[21] Langdon, *Pictographic Inscriptions from Jemdet Nasr* ("Oxford Editions of Cuneiform Texts," Vol. VII [Oxford, 1928]); cf. Meissner in *AOF*, VI (1930–31), 303 f.

[22] Scheil, *Mém.*, VI, 59 ff., and Vol. XVII.

[23] Ghirshman, "Une tablette proto-élamite du plateau iranien," *RA*, XXXI (1934), 115–19.

[24] For discussions of the proto-Elamite texts see Scheil, *loc. cit.;* Weidner, *AOF*, III (1926), 84; Langdon in *JRAS*, 1925, pp. 169–73.

[25] François Lenormant, *Choix de textes cunéiformes* (Paris, 1873), p. 127, No. 41; cf. Hüsing, *Quellen*, No. 1.

[26] For discussions on Elamite phonetics and grammar see F. Bork, "Elam. *B.* Sprache," *Reallexikon der Vorgeschichte*, III (1925), 70–83, with the bibliography there cited; R. Bleichsteiner, "Beiträge zur Kenntnis der elamischen Sprache," *Anthropos*, XXIII (1928), 167–98; Th. Kluge, "Das Elamische," *Le Muséon*, XLVI (1933), 111–56; Bork, "Elamische Studien," *MAOG*, VII, Heft 3 (1933), 3–31.

[27] Thus arose such dual forms as *kudur* and *kutur* or *kutir*, as in Kudur-Nahhunte; Lagamar and Lakamar, the name of a deity; Anzan and Anshan, the name of a land. Throughout this work, attempt has been

[28] Cf. G. W. Brown, "The Possibility of a Connection between Mitanni and the Dravidian Languages," *JAOS*, L (1930), 273–305.

[29] Friedrich Delitzsch, *Die Sprache der Kossäer* (Leipzig, 1884); T. G. Pinches, "The Language of the Kassites," *JRAS*, 1917, pp. 101–14.

[30] Cf. E. A. Speiser, *Mesopotamian Origins* (Philadelphia, 1930), pp. 88–96.

[31] *Ibid.*, pp. 96–119.

[32] A. H. Sayce, "The Cuneiform Inscriptions of Van, Deciphered and

Translated," *JRAS*, 1882, pp. 377–732; Tseretheli, "Die neuen ḫaldischen Inschriften König Sardurs von Urarṭu," *Sitzungsberichte der Heidelberger Akademie der Wissenschaften*," phil.-hist. Klasse, Vol. XVIII (1927/28), No. 5; J. Friedrich, "Beiträge zu Grammatik und Lexikon des Chaldischen," *Caucasica*, VII (1931), 53–86, and VIII (1931), 114–50; "Zur urartäischen Nominalflexion," *ZA*, XL (1931), 264–88; cf. also Th. Kluge, "Die Sprache der urartäischen Inschriften und ihre Stellung im kaukasischen Sprachenkreise," *MVAG*, XII, Heft 5 (1907), 176–224.

[33] L. Messerschmidt, "Mitanni-Studien," *MVAG*, IV, Heft 4 (1899), 175–308; Bork, "Die Mitannisprache," *MVAG*, XIV, Heft 1/2 (1909), 1–126; A. Gustavs, "Verbindungs-Linien zwischen dem Mitannischen, dem Elamischen, und dem Lykischen," *Memnon*, VII (1915), 228–32; A. Gustavs, "Mitanni. *B*. Sprache," *Reallexikon der Vorgeschichte*, VIII (1926), 218–26; E. Forrer, "Die Inschriften und Sprachen des Ḫatti-Reiches," *ZDMG*, LXXVI (1922), 224–28; Bork, "Studien zum Mitani," *AOF*, VIII (1932/33), 308–14.

[34] Forrer, "Die acht Sprachen der Boghazköi-Inschriften," *Sitzungsberichte der Preussischen Akademie der Wissenschaften*, phil.-hist. Klasse, 1919, pp. 1032–34, and "Die Inschriften und Sprachen des Ḫatti-Reiches," *ZDMG*, LXXVI (1922), 228–41; Bleichsteiner, "Zum Protochattischen," *Berichte des Forschungs-Institutes für Osten und Orient*, III (Wien, 1923), 102–6.

[35] Kluge, "Die lykischen Inschriften," *MVAG*, XV, Heft 1 (1910), 1–135; Bork, *Skizze des Lükischen* (Königsberg i. Pr., 1926); Deeters, "Lykia. *VII*. Sprache," Pauly-Wissowa, *Real Encyclopädie der classischen Altertumswissenschaft*, XXVI (1927), 2282–91; P. Meriggi, "Über einige lykische Pronominal- und Verbalformen," *Indogermanische Forschungen*, XLVI (1928), 151–82, and "Beiträge zur lykischen Syntax," *Kleinasiatische Forschungen*, I, Heft 3 (1930), 414–61.

[36] Deeters, "Lydia. Sprache und Schrift," Pauly-Wissowa, *op. cit.*, XXVI (1927), 2153–61; W. Brandenstein, "Die lydische Sprache," *WZKM*, XXXVI (1929), 263–304, and XXXVIII (1932), 1–67; "Die Nominalformen des Lydischen," *Caucasica*, IX (1931), 25–40; "Die lydische Nominalflexion," *ibid.*, X (1932), 67–94.

[37] G. Herbig, "Etrusker. *B*. Sprache," *Reallexikon der Vorgeschichte*, III (1925), 138–47; cf. F. Sommer, "Das lydische und etruskische F-Zeichen," *Sitzungsberichte der Bayerischen Akademie der Wissenschaften*, phil.-hist. Abt., 1930, Heft 1, pp. 1–23.

[38] Cf. the upper register of the Ashurbanipal relief in E. Pottier, *Les Antiquités assyriennes* (du Musée du Louvre) (Paris, 1917), Pl. 23; for details cf. Victor Place, *Ninive et l'Assyrie*, Vol. III (Paris, 1867), Pl. 59, No. 1. Or see H. R. Hall, *Babylonian and Assyrian Sculpture in the British*

*Museum* (Paris and Brussels, 1928), Pl. XLIV. Finally, cf. the Achaemenian reliefs from Susa in M. Dieulafoy, *L'acropole de Suse* (Paris, 1893), Pls. V and VI.

[39] Herodotus vii. 70; Strabo xv, 1, 13, and 24.

[40] Dieulafoy, *L'acropole de Suse*, p. 28.

[41] Buxton in L. H. Dudley Buxton and D. Talbot Rice, "Report on the Human Remains Found at Kish," *Journal of the Royal Anthropological Institute*, LXI (1931), 57–119, esp. pp. 84 ff.

[42] Sir Arthur Keith in Hall and Woolley, *Al-ᶜUbaid* ("Ur Excavations," Vol. I [Oxford, 1927]), p. 216. On this question cf. H. Frankfort, *Archeology and the Sumerian Problem* (*SAOC*, No. 4), pp. 40–47.

[43] Cf. Buxton, *The Peoples of Asia* (New York, 1925), pp. 112 f.; W. Z. Ripley, *The Races of Europe* (New York, 1919), pp. 450 f.; R. B. Dixon, *The Racial History of Man* (New York, 1923), pp. 309–12.

[44] Cf. Dixon, *op. cit.*, p. 263.

[45] G. Elliot Smith, *Human History* (London, 1930), pp. 167 f., and *The Ancient Egyptians* (new and rev. ed.; London, 1923), pp. 102–5; Buxton, *op. cit.*, pp. 107–13.

[46] The Elamite name form Inshushinak (also spelled Insushnak and Inshushnak) developed from the Sumerian name Nin-shushin-ak. The Akkadian form is Shushinak. Cf. Poebel in *AJSL*, XLIX (1932/33), 136, and LI (1934/35), 171.

## بەشی (٢)

[1] S. Langdon, "Oxford Editions of Cuneiform Texts," II (Oxford, 1923), 11.

[2] *Ibid.*; P. Dhorme in *Revue biblique*, XXXV (1926), 72 n., interprets the phrase to mean the death of Meskengasher.

[3] A. Poebel, *Historical and Grammatical Texts* (*PBS*, Vol. V), No. 20 rev. 14 ff.; cf. Poebel, *Historical Texts* (*PBS*, Vol. IV, Part 1), pp. 117 and 122.

[4] Langdon, *op. cit.*, pp. 13 f.; cf. Poebel, *Historical Texts*, p. 128; E. A. Speiser, *Mesopotamian Origins* (Philadelphia, 1930), pp. 35 f. and 43.

[5] H. V. Hilprecht, *Old Babylonian Inscriptions* (*BE*, Series A, Vol. I), Part 2, Nos. 108 f.; cf. F. Thureau-Dangin, *Die sumerischen und akkadi-*

*schen Königsinschriften* (Leipzig, 1907; hereafter abbreviated *SAK*), pp. 160 f.

[6] Poebel, *Historical and Grammatical Texts*, No. 75 iii 29 ff., and iv 27 ff. See H.-G. Güterbock in *ZA*, XLII (1934), 42 ff. Marhashi (in its Akkadian form, Barahshi) is doubtless to be located north of Elam; cf. W. F. Albright in *JAOS*, XLV (1925), 232; Speiser, *op. cit.*, p. 31.

[7] *SAK*, pp. 2 ff.

[8] The names of these cities are written URU+A and URU.AZ. The former is mentioned in Susian documents of the Agade period, *Mém.*, Vol. XIV, Nos. 19 and 21; it is named by Sargon, and together with URU.AZ appears in Third Ur Dynasty texts from Babylonia; see below, pp. 28 and 52 ff. A city Uruaz appears in documents of the Hammurabi period from Susa, *Mém.*, Vol. XXII, No. 144.

[9] *SAK*, pp. 20 ff.

[10] E. de Sarzec, *Découvertes en Chaldée* (Paris, 1884–1912), Vol. II, Pl. 5 *bis;* cf. *SAK*, pp. 34 f.

[11] Thureau-Dangin, "Une incursion élamite en territoire sumérien," *RA*, VI (1907), 139–42, now in Barton, *RISA*, pp. 66 ff.

[12] Scheil, *Mém.*, VI, 59 ff., and Vol. XVII. For the seal imprints cf. L. Legrain, *Mém.*, Vol. XVI.

[13] Scheil, "Dynasties élamites d'Awan et de Simaš," *RA*, XXVIII (1931), 1–8, now definitive in *Mém.*, XXIII, iv. In an old Hurrian text discovered at Boghazköy a certain Autalummash is named as a king of kings of Elam preceding Manishtusu; cf. E. Forrer, *Die Boghazköi-Texte in Umschrift*, Band II, Heft 2 ("Wissenschaftliche Veröffentlichungen der Deutschen Orient-Gesellschaft," Band XLII, Heft 2 [Leipzig, 1926]), 25*, now in Brandenstein, *Keilschrifturkunden aus Boghazköi*, Vol. XXVIII (Berlin, 1934), No. 38 iv 8 ff. From our present data we are unable to verify or to deny the truth of this statement.

[14] The last signs of the names Peli and Tata are doubtful.

[15] Text from the papers of L. K. Tavernier, published by François Lenormant, *Choix de textes cunéiformes*, p. 127, No. 41; cf. Hüsing, *Quellen*, No. 1.

[16] Omens in L. W. King, *Chronicles Concerning Early Babylonian Kings* (London, 1907), I, 41 f.; cf. the chronicle, *ibid.*, II, 5.

[17] Conquest of Der by Sargon is mentioned only in the geographical treatise which may describe his empire, published by O. Schroeder, *Keilschrifttexte aus Assur verschiedenen Inhalts*, No. 92; cf. W. F. Albright, "A Babylonian Geographical Treatise on Sargon of Akkad's Empire,"

*JAOS*, XLV (1925), 193–245, and XLVI (1926), 220–30. For the location of Der see E. Forrer, *Die Provinzeinteilung des assyrischen Reiches* (Leipzig, 1920), p. 97; Sidney Smith in *Journal of Egyptian Archaeology*, XVIII (1932), 28–32.

18 The text is a composite of L. Legrain, *Royal Inscriptions and Fragments from Nippur and Babylon* (*PBS*, Vol. XV), No. 41 and pp. 12 ff., and Poebel, *Historical and Grammatical Texts*, No. 34 (cf. Poebel, *Historical Texts*, pp. 184 ff.); both now complete in Barton, *RISA*, pp. 110 ff.

19 So perhaps with sign traces.

20 Two dots are used to indicate loss of a single sign; four dots represent loss of more than one or of an uncertain number of signs.

21 Also URU+A.

22 Text cited above, p. 26, n. 13. For Legrain's Hisibrasini read Hiship-rashir; the *si* may be read *ši* in this period, and the ending *-r* is the Elamite masculine singular, while *-p* (as in *ratep*) is plural.

23 Scheil, *Mém.*, X, 4 ff.; J.-Et. Gautier, "Note sur une stèle de Sargon l'ancien," *RT*, XXVII (1905), 176–79; Essad Nassouhi, "La stèle de Sargon l'ancien," *RA*, XXI (1924), 65–74.

24 Text cited above, p. 27, n. 17. In the old Hurrian text from Boghazköy referred to above, an Immashkush as king of kings of Lullubium and a Kiklipatallish of Tukrish are included among predecessors of Manishtusu.

25 This inscription is a continuation of that cited above, p. 27, n. 18; on the name Abalgamash cf. Speiser, *op. cit.*, p. 44, n. 66.

26 Hilprecht, *Old Babylonian Inscriptions*, Part 1, Nos. 5 and 10, and cf. pp. 20 f.; Gadd and Legrain, *Royal Inscriptions*, Nos. 9 f. and 273.

27 *Mém.*, X, 1, and XIV, 4; the reading of the name Uba is doubtful.

28 For the division of troops see the Constantinople inscription published by Thureau-Dangin in "Notes assyriologiques," *RA*, VII (1910), 179–84; see also the "Cruciform Monument" in *CT*, Vol. XXXII, Pls. 1–4; cf. L. W. King, "The Cruciform Monument of Manishtusu," *RA*, IX (1912), 91–105. For claims of wider conquest cf. the broken statue from Susa published by Scheil, "Inscription de Maništusu," *RA*, VII, 103–6, now in *Mém.*, XIV, 1–3; the Nippur text, Poebel, *Historical Texts*, pp. 205 ff.; and the document from Ur, Gadd and Legrain, *Royal Inscriptions*, No. 274.

